# بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان

**نووسەر : برنهارد شێفەرس**

**وەرگێڕ: یووسف فەقیهی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

xaneywergeran@hotmail.com

- ناوی کتێب: بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان
- نووسەر: برنهارد شێفەرس
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: یووسف فەقێهی
- پیتچنین: یووسف فەقێهی
- دیزاینی ناوەرۆک: زانا کەمال
- بەرگ: ئارام عەلی
- تیراژ: ١٠٠٠
- زنجیرە: ٢١٧
- چاپخانە: شڤان
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٢١٨٣) ساڵی (٢٠٠٨)

## پێشەکی وەرگێر

ئەمڕۆ لە نێو زۆربەی نەتەوەو وڵاتانی جیهاندا، ویستو داخواز، كێشەو گرفت، حەزو خۆزگەی لاوان بووەتە بابەتی لێكۆڵینەوەو بەدواداچوونە زانستییەكان. لەلایەكی دیكەوە بەڕێوەبەرانی حكومەتەكان بەشێك لە كارەكانیان بۆ دابینكردنی داخوازییەكانی ئەوان تەرخان كردووە. سیاسەتڤانانیش لە ململانێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەوڵ ئەدەن سەرنجی لاوان بۆ لای خۆیان ڕابكێشنو لە بەر چاوگرتنی كارو چالاكییەكانی ئەوان بخەنە نێو بەرنامەكانیانەوە. لە نێو بنەماڵەیشدا لاوان گرنگترین بەش لە كێشەو ئەركەكانی بنەماڵە پێك دێنن. چاودێری كردنو ئاگادار بوون لە هەڵسوكەوتو پێوەندییەكانی لاوان لە دەرەوەی ماڵو كاریگەری هاوڕێو هاوتەمەنەكانیان بە كێشە سەرەكییەكانی باوكو دایك دادەنرێن. وێرای ئەوەیش دابینكردنی پێداویستی خۆشگوزەرانیو پەروەردەی لاوان، ئەركی ئەوانە. هەروەها ناوەندەكانی خوێندنو ڕاهێنانیش هەركامیان





بە ڕادەیەك لە گەشە پێدانو پەروەردەكردنی لاوان بەرپرسیارن. بێگومان كۆمەڵگا بارودۆخی سیاسیو ئابووریو شوێنی ژیان كاریگەری تایبەت لە سەر لاوانو شێوەی بیركردنەوەو هەڵسوكەوتی ئەوان دادەنێن. لاوان سەرەڕای ئەوەی وەك سەرجەم خەڵكی كۆمەڵگا و وڵاتەكەیان خاوەنی گرفتە گشتییەكانن، كێشەی تایبەت بە خۆیشیان هەیە. هەر بڕیارێك كە لەو تەمەنەدا ئەیدەن، شوێنەواری هەتا كۆتایی ژیانیان دەمێنێتەوە. دۆزینەوەی كاری باش ، پێك هێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ كەسێكی هاوشان، دابینكردنی شوێنێكی گونجاو بۆ ژیان بەسەر بردنو دەیان كێشەو گرفتی دیكە لەسەر ڕێیاندان كە دەبنە هۆی دروستبوونی گوشاری دەروونی بۆ ئەوان. بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو كێشانە پێویستی بە وزەو بیركردنەوەی زۆرەو ڕەنگە هەندێك جار ڕوانینی سەرسەریانەو بڕیاری لە ناكاو ببنە هۆی تێكچوونی داهاتووی ئەوانو ژیانیان بخەنە مەترسییەوە.

لێكۆڵینەوە سەبارەت بە گرفتەكانی لاوانو هەڵسەنگاندنی بنەما كۆمەڵناسییەكانیان كارێكی گرنگو بە سوودە. هەرچەند بەشێك لە چوارچێوەی بابەتەكانی ئەم كتێبە لە سەر لاوانی وڵاتی ئاڵمانە، بەڵام زۆر شتی لە سەر كۆمەڵناسی لاوان دەرخستووە كە خوێندنەوەو زانینیان بەكەڵكە.

نووسەری ئەم كتێبە " برنهارد شێفەرس"ەو "كرامت الله راسخ" لە ئەڵمانیایەوە وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسیو منیش كردوو مە بە كوردی . بەو هیوایەی لاوانو خوێنەرانی كورد سوودی لێوەرگرن.

بێ گومان لاوانی كوردیش گیرو گرفتی تایبەت بە خۆیان هەیەو هەر لە كۆنەوە جگە لە بەربەرەكان لەگەڵ ئەو كێشە گشتییانەدا، ناچار بوون بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافەكانی نەتەوەكەیان لە سەنگەری

پێشەوەی خەباتدا بنو بەشی زۆری قورسایی ئەو ئەرکە لەسەر شانی ئەوان بووە. وێرای ئەوەیش لاوانی کورد پێویستە لەگەڵ هەندێك دابونەریتی کۆنو دواکەوتووانەدا ململانێ بکەنو بە بردنە سەرێی پلەی زانیاری خۆیان کۆمەڵگەیەکی خاوەن بەهەرەو گەشە کردوو بنیات بنێن.

**بە هیوای وەدیهاتنی ئاواتەکانی لاوان**

**یوسف فەقیهی**





## پێشەکی چاپی شەشەم

بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان کە بە هەڵسەنگاندنو پێداچوونەوەی هەندێك لە بابەتەکانی بۆ جاری شەشەم چاپ کراوەو لە بەردەستاندایە، هەوڵێکە بۆ باشتر تێگەیشتن لە کێشەکانی ئەمڕۆی لاوان، بۆ تێگەیشتنی "لاوێتی" بە شێوەی پرۆسەیەکی سەربەخۆ لە ژیانداو لە کۆتاییدا بۆ وەرگرتنی لاوانوەك گروپێکی کۆمەڵایەتی.

بابەتەکانی ئەم پەرتووکە، بە زۆری بۆ لاوانی ١٢ هەتا ١٨ساڵ تەرخان کراوە ئەو قۆناغەی کە هاوکات لەگەڵ قۆناغی "سەرەوەی باڵغبوون" ڕەوتێکی سەربەخۆ لە ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆییدا پێکدێنێت. ئێمە مەبەستمان نییە قۆناغی " سەرەوەی باڵغبوون" بێنینە بەرباس، چونکە ئەو سەردەمە دەبێ لێکۆڵینەوەی جیاوازی لە سەر پێکبێت.

تیۆری جۆراوجۆر سەبارەت بە سەردەمی لاوێتی لە ئارادایە، بۆ وێنە تیۆرییەك پێی وایە کە ناکرێ قۆناغی لاوێتی وەك سەردەمێکی سەربەخۆ لە ژیانی مرۆڤدا ببێتە بابەتێکی لێکۆڵینەوە، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لاوان پێکهاتەیەکە وەك پێکهاتەی هەموو کۆمەڵگا. کەواتە لێکۆڵینەوە لە لاوان دەبێت لە چوارچێوەی بەدوادا چوونەکانی سەرجەم کۆمەڵگادا بێت. ئەم بیردۆزییە، لێکۆڵینەوی لە

سەر لاوان تا ڕادەیەك سنووردار کردووە، بەڵام ئێمە لێرەدا بە پێچەوانەی ئەو تیۆرییەی سەرەوە، لاوان وەك گروپێکی تایبەت (سەربەخۆ) دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە، بەوشێوەیەی کە پەرتووکێکی بنەمایی پێویستیەتی، زاراوەکانمان لە زاراوە نامەو نێوەرۆکدا شیکردوەتەوە و کەڵك لە سەرچاوە وەرگیراوە.

بۆ پێداچوونەوەی ئەم کتێبە لە یارمەتی روجر هیسلینگ سوودم وەرگرتووەو هەر بەو هۆیەوە سوپاسی دەکەم.

برنهارد شێفەرس

کارلس رووە، ژانویە ١٩٩٨

## ١

## پرسیارە بنەڕەتییەکان لە کۆمەڵناسیداو لاوان وەك بابەتی کۆمەڵناسی

### ١_١_ پرسیارە بنەڕەتییەکان لە کۆمەڵناسیدا

کۆمەڵناسی زانستێکی ئەزموونییە کە بابەتەکەی "هەموو جۆرە" پێکهاتەکانی کردەوەی کۆمەڵایەتی، پرۆسەکان، دامەزراوەکان، دیاردەکان وەك جیاوازی کۆمەڵایەتی، دەسەڵات و قەیرانە.

لە چاخە کۆنەکانەوەو لە نێوان هەموو کولتورو کۆمەڵگاکاندا ، تەمەن و رەگەز لە پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتین کە بوونەتە بابەتێك بۆ بەدواداچوونە کۆمەڵناسییەکان. هەندێك بابەتی دیکە کە بەشێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ تەمەن و رەگەز پێوەندیان هەیە، وەك دابەشکردنی دەسەڵات، چینی خاوەن دەسەڵات و دابەشکردنی سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ تەمەندا پێوەندی نزیکیان هەیەو بابەت گەلێك بوون بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان.

بە گشتی سەبارەت بە کۆمەڵناسی پێویستە بوترێ کە ئەم زانستە دەکرێتە دوو بەشی گرنگ: یەکەمیان کۆمەڵناسی "ورد"[1]ـە کە بابەتەکەی کردەوەی تاکەکان و گروپە بچووکەکان لە خۆ دەگرێت. ئەوەی دیکەیان کۆمەڵناسی "کەلان"[2]ـە کە بابەتەکەی بەدواداچوونە سەبارەت بە "یەکەمین پێکهاتەکان" و کاریگەری ئەم پێکهاتانە بەسەر هەڵسوکەوت، داخوازییەکان و تێڕوانینی کەسایەتییەکاندا. هەڵبەت

[1]_ Mikrosoziologie
[2]_ Makrosoziologie





هەندێك جار باس لە کۆمەڵناسی " مام ناوەندی"[1] دەکرێت. کە بابەتەکەی هەڵگری دامەزراوەکان، رێکخراوەکان، یەکیتییەکان، کۆمەڵەکان، ئەنستیتوکان و ئەو تۆڕانەیە کە بە شێوەی مام ناوەندی لە نێوان دوو ئاستی وردوکەلاندا چالاکی دەکەن.

### ١. ٢. ناسینی هەندێك تیۆری لە گۆڕپانی کۆمەڵناسی لاواندا.

لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا، دەچینە سەر هەندێك بیردۆزی جۆراوجۆر سەبارەت بە کۆمەڵناسی لاوان. لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو دەربڕینانە دەکەین کە لە دوو گۆڕەپانی تایبەتی و گشتیدا سەبارەت بە لاوان پرسیار دەکەن. دەتوانین ئەوان لە تەواوترین شێوازی خۆیاندا بەم شێوەی خوارەوە ڕیزبەندی بکەین:

___ لاوان خاوەنی چ تایبەتمەندییەکن (تایبەتمەندییەکان، شێوەی هەڵسوکەوت و...)؟

___ چۆن دەتوانین بابەتی لاوان هەڵسەنگێنین ( سنوورەکان، هاوبەشییەکان، جیاوازییەکان لەگەڵ هەموو گروپەکانی دیکەی تەمەندا)؟

____ لە سەر چ لیەکی جیاوازییە کۆمەلایەتییەکان پێدابگیرێت، هەتا لە رێکەوتێکی دیاریکراودا کێشەی لاوان روون بێتەوەو بکەوێتە بەرباس؟

___ بابەتی لاوان بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو، لەگەڵ کام پرۆسەو پێکهاتەدا پێوەند دەدرێت؟ بێ جێ نییە سەرنج بدرێتە ئەو دابەشبوونانەی کە لە رابردوودا سەبارەت بە پێوەندی کۆمەڵناسی

[1]_ Mesosoziologie

لاوان کراوە وەك: لاوانو بنەماڵە، لاوانو کار، لاوانو تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا، لاوانو سیاسەت، لاوانو ئایین، لاوانو خوێندنگا، لاوانو خەرجی، هتد.

__ لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسی ورد، واتە هەڵسەنگاندنی مەسەلەی کردەوە، بابەتی تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان، پرۆسەی پێکەوە هەڵکردنو پێوەندی لاوانەو ئەو خاڵانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت: لاوان لە نێو خۆیاندا ( بۆ وینە گروپە هاوتەمەنەکان)، هەڵسوکەوتی لاوان لە نێو بنەماڵەدا، لە شوێنی کار، لە خوێندنگاو کۆمەڵگاو هتد. هەروەها هەڵسوکەوتی نائاسایی، بە لاڕێداچوون، دڵ ئێشانو بێزاریی لاوان بابەتی ئەم جۆرە بەدوادا چوونانەن. خراپ نییە لێرەدا لە سەر پێوەندی داهێنەری کۆمەڵناسی وردو کەلاّن پیٚ داگریین.

دەبیٚ ئاگادار بین کە ئەو خاڵانەی سەرەوە هەموو گۆڕەپانەکانی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانی لاوان نین، بەڵکو لێرەدا تەنیا بابەتە گرنگەکانمان هێناوەتە بەر باس.

هەتا سەرەتای دەهەی ٦٠ی زایینی تەنیا لاوانی چینی مام ناوەندی بابەتی بەدواداچوونەکانی کۆمەڵناسی بوون.[1] لێکۆڵەرەوان زۆر بە کەمی سەرنجیان ئەدایە چینی کرێکار چونکە تەنیا لاوانی چینی مام ناوەندیو سەرەوە خاوەنی پێداویستییەکانی ژیانی لاوی بوونو لە نێوان ئەواندا شێوازی هەڵسوکەوتی تایبەت بەو تەمەنە دەبینرا. بەلاّم لەم دەیانەی دواییدا هەڵسوکەوتی تایبەت بە لاوان پەرەی سەندووەو بەربلاّوتر بووە. پێکهاتنی دەرفەتی پەروەردە، خەرجیو دەستەبەربوونی کاتی پشوو بۆ هەموو چینو توێژەکانی

[1]_ Allerbeck / Rosenmayr 1978 : 128.





کۆمەڵگا بۆ وێنە لاوانی چینی خواریٚ، هۆکارێکە بۆ ئەوەی شایەتی ئەو هەڵسوکەوتانە بین کە پێشتر بۆ لاوانی چینی مام ناوەندیو سەرەوەمان لە بەر چاو دەگرت.

وامەزندە دەکرێت کە سەردەمی پێکەوەلکانی پێگەی چینایەتی لاوانو شێوازی هەڵسوکەوتی ئەوان تێپەریوەو ئێستا ئێمە ئاگاداری جۆرە لێکچوونێك لە کردەوەی ئەواندایین. لاوانی چینە جۆراوجۆرەکان بە ئاڕاستەیەکی یەکسان بۆ بە کار هێنانی پێداویستییەکانی وەك یەك، شێوەی ژیانی وەك یەكو کەڵك وەرگرتنی بەرانبەر لە کاتی پشوو رادەکێشرێن. هەڵبەت ناکرێت دژایەتیو جیاوازییەکانی ڕابردووو ڕووخسارە نوێیەکانی ئەوان لە بەر چاو نەگیرێن.

## ١. ٣. گوماندراری سەبارەت بە چەمکی "لاوان"

ئەم پرسیارە لە تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانەوە دێتە ئاراوە کە ئایا لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسیدا چەمکی لاوان وەك دیاردەیەك دەناسرێت؟ کەسانێك وەك "ئێرڤین شۆیش"[1] وەلاّمێکی توند بەو پرسیارە ئەدەنەوە: "لاو بوونی نییە". بەو تێگەیشتنەی کە ئەو لەجیاوازییە کولتوری _ کۆمەلاّیەتییەکان هەیەتی ناکریٚ بە شێوەیەکی جیاواز لاوان بخرێنە بابەتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان. سروشتییە لە کاتی پێداچوونەوە بە بابەتی لاواندا لەگەڵ هەمان جیاوازییە چینایەتییانە رووبەروو دەبینەوە کە لە سەرجەم کۆمەڵگادا دەیان بینین. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەویٚ کە دەبیٚ هەر لە چوار چێوەی گشتی جیاوازییە کۆمەلایەتییەکاندا لێکۆڵینەوە لە گرفتی لاوان بکەین.

[1]_ Erwink. Scheuch 1975

بۆ گەیشتن  بەو باوەڕەی کە تەمەن ناتوانێ وەك "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی" بکرێتە بابەتی بەدواداچوونە کۆمەڵناسییەکان، ئەو هۆیانەی سەرەوە بەس نین. ئەو ئیدیعایە نەك هەر لە بواری زانستییەوە هەڵەیە، بەڵکو لە بۆچوونی سیاسەتەکانی دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییەوە مەترسیدارە. چونکە بەشێکی گەورەو زۆر گرنگی کۆمەڵگا دەتوێتەوە. لەو حاڵەتەدا ئەگەری لە بەرچاو نەگرتنی ئەوان زۆرە.

لە سەرەتای دەیەکانی (٨٠)دا بۆچوونە کۆنەکان سەبارەت بە لاوان، بوونە بابەتی رەخنە بنەڕەتیەکان. لە پرۆسەی ئەو رەخنانەدا، کۆمەڵێك بۆچوونی نوێ سەبارەت بە لاوان هاتنە ئاراوە. هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوونانە کاتی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە لاوان گرنگە. لە خوارەوە بە شێوەیەکی زۆر کورت ئاماژەیەك بەو بۆچوونانە دەکەین:

### ١. ٣. ١ گریمانەی "بێ قەوارەیی" سەردەمی لاوێتی

گریمانەی " گۆڕانی پێکهاتەی سەردەمی لاوێتی"و شێوازێکی دیکەی واتە "بێقەوارەیی سەردەمی لاوی"[١] لە نێوەراستی دەیەی ٨٠ی سەدەی بیستەم لە لایەن کەسانێك وەك "فێرش هۆف"، "هۆر نشتاین"، "هورلمان"و "ئولك"[٢] هاتە ئاراوە. دەتوانین بنەمای بیردۆزی ئەوان بەو شێوەی خوارەوە لێکدەینەوە.

جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا (سیستمە کۆمەڵایەتییەکان) لە پەرەگرتندایە. ئەم جیاییانە بە شێوەی

1 _ Entstrukturieruny
2 _ Ferchhoff 1985; Hornstein 1985; Hurrelmann 1985; Olk 1985.





جۆراوجۆرخوازی[1] لە بارودۆخی ژیانو فرەخوازی[2] لە شێوازی ژیاندا دەبینرێ. ئەم گۆڕانکاریانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی لاوان نەتوانن بەو شێوەی کە لە ڕابردوودا باو بووە گوزەران بکەن. بەدواداچوونەکانی ئەو دواییانە سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانی لاوان یان بە واتایەك "ژیاننامەی" ئەوان هەڵگری ئەم بۆچوونانەیە[3]. هەموو قۆناغەکانی ژیان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بەرچاو بوونی دیاردەی پێکهاتە نوێکانو بەربلاوبوونەوەی تاك خوازی لە نێوان لاواندا ئەو راستیە دەسەلمێنن. هەر ئەو ئاڵووگۆڕانەیە کە هەلومەرجی بۆ بڕیاردانو هەڵبژاردنی باوەڕی تاك بۆ هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا لە لاوان، مام ناوەندییەکان هەتا بە ساڵا چووواندا دەستەبەر کردووە. بە بەردەوامی لە پاڵپشتی بڕیاردانو هەڵبژاردنی باوەڕی تاك بە "پێکهاتە کۆنەکان"کەم دەبێتەوە.

گۆڕانکاری لە پرۆسەی بەرهەمهێنانو شێوازی پەروەردەو فێرکردنو کۆنە بوونی چینو توێژەکانی کۆمەڵگا لە قەوارەیەکدا لەو ڕەوتانەن، کە دەبنە هۆی بێنرخکردنی نەریتەکان. ئەو نەریتانەی کە خەڵك لە سەر بنەمای ئەوان ژیانی خۆیان بەرێوە دەبرد. بە وتەی "ئولك"[٤] تیۆری "بێقەوارەیی" بەو مانایەیە کە قوناغو سەردەمی لاوێتی لەت لەت بووەو چاوەروانییەکان لە لاوان لە سەر بنەمای نەریتە باوەکان، کەم متمانەو هەندێك جار بێ متمانە بووە.

بە سەرنجدان بۆ "بێقەوارەیی"و "ستاندارد نەبوونی" سەردەمی لاوی "ڤالتەر هۆرنشتاین" لەو باوەڕەدایە کە بە گشتی چەمکی قۆناغی

1 _ Diversi fizieruny
2 _ Pluralisieruny
3 _ Kohli 1985
4 _ Olk 1985

لاوی تووشی دژایەتی بووە ئەو دەڵێت: "لە رووی مێژووییەوە لاوان چیدی تەنیا بە هێندێ پێوەری وەك دابەشكردنی كار، جیاوازی پێویست لە بازاری كار، پەرەپێدانی زیاتری پسپۆری لە بەرهەمهێنانو ئامادەیی بۆ ژیانی داهاتوو بە شێوەیەكی بەربڵاو بە سەر گروپە جیاوازەكاندا دابەش ناكرێن، بەڵكو لە پەنای پێكهاتەو هۆكارەكانی سەرەوە ئاگاداری پرۆسەیەكی دیكەین. سەردەمی لاوی بۆ گەنجان بووەتە خاوەنی مانایەكی تایبەت. هەر لەسەر ئەم تەكتیكە، سەردەمی لاوی چیدی قۆناغی لە بەرچاو نەگرتنی ویستو داخوازە كاتیەكانو خۆ تەرخانكردن بۆ پەروەردەو خۆ تەیاركردن بۆ ژیانێكی دڵنیا لە داهاتوودا نییە. بە هۆی ئەو میكانیزمەوەیە كە سەردەمی لاوی بە سەردەمێكی تایبەت لە ژیانی مرۆۋ دەزانرێ. ئەم بارودۆخە بووەتە هۆی گۆڕان لە تەكتیكی پەروەردەی لاواندا. ئەو تەكتیكە بە چەمكی دەرەتانی كۆمەڵایەتی پێناسە دەكرێت. دەرەتانی كۆمەڵایەتی بە مانای دابینكردنی دۆخێك بۆ لاوانە هەتا بتوانن خۆیان تاقیكەنەوە بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆیان دیاری بكەنو مانا بە "جیهانی لاوێتی"خۆیان ببەخشن. بەڵام جیهانی راستەقینە لەگەڵ ئەو هەلو مەرجەی ئەم تاكتیكە دەیهێنێتە بەرچاو جیاوازە. هەلومەرجی راستەقینەی فەرمی، دڵ ئێشێنەرو لە بۆچوونی كۆمەڵایەتییەو زۆرەملێیە. بە بۆچوونی لاوان ئەو بارودۆخانە بێ نێوەرۆكو تێكدەری سەردەمی لاویانن، كەواتە لە ئەزموونی زۆربەی لاواندا راستیەكانی ژیان وەڵامدەری ویستەكانی ئەوان لە داهاتوودا نین."[1]

[1] _ Walter Hornstein 1990





## ١. ٣. ٢. تیۆری گۆڕانكاریی مێژوویو ونبوونی هۆكاری كۆمەڵایەتی بە ناوی لاوانەوە

لە كتێبی كورتە مێژووی كۆمەڵایەتی لاواندا هاتووە كە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە هۆی خوێندنیان وەك فەرمانبەر لە دامودەزگا پەروەردەییەكانو تووشبوونیان بە سیاسەتو كار كردن لەگەڵ دامەزراوە حكومییەكاندا، لە چوارچێوەی یەكێتییەكانو ناوچە ئیدارییەكانی وڵاتەكەیانەوە شێوەیان گرت.

میشێل فۆكۆ(١٩٢٦ _ ١٩٨٤) تیۆرییەكی تایبەت سەبارەت بە پرۆسەی بە گەڵاڵە بوونی تایبەتمەندییەكانی لاوان پێشكەش دەكات. بە بۆچوونی فۆكۆ لە كۆمەڵگای پیشەسازی ئەم سەردەمەدا زەبتو رەبتی كۆمەڵایەتی زیاتر پەرەی گرتووە. كەواتە پرۆسەی گەڵاڵە بوونی تایبەتمەندییەكانی لاوان كە لە كۆتایی سەدەی نوزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستی پێكردووە، لە راستیدا بیرۆكەیەكە لە چوارچێوەی ڕەوتی گشتی پەرەپێدانی توندی كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵایەتی كە لە كۆمەڵگای سەردەمدا لە حاڵی ڕسكاندندایە: "وەك بەشێك لە بیرۆكە بنەڕەتییەكان بۆ چوارچێوەدانی زیاتر بە كۆمەڵگا پیشەسازییە پێشكەوتووەكان"[1].

بە بۆچوونی "تروتا" گەڵاڵەكردنی تایبەتمەندییەكانی لاوان لە سنوورە یاساییەكان تێپەریوە. ئەو بە ئاماژە بۆ بۆچوونو بەدواداچوونەكانی گیلیس[2] دەڵێت: لە سەرەتای دەیەی شەستەوە شایەتی زۆر ئاڵوگۆڕی گەورە لە شێوازی هەڵسوكەوتو پێكهاتەكانی

[1] _ Von Trotha 1982

[2] _ Vgl. Dudek 1990

ڕێکخراوەیی لاوان بووین. گرنگترین گۆڕانکارییەکان بریتین لە: گۆڕان لە کردەوەی جنسیو دەستپێکی خێرایی پێوەندییە جنسییەکان لە بەرانبەر خۆڕاگرییەکانی نەوەی ڕابردوودا، بەربڵاوبوونی ویستی هاوبەشی سیاسیو هەوڵدان بۆ خۆ ڕێکخستن، سەرهەڵدانی شێوازە جۆراوجۆرەکان لە خوێندنی سەرەتایو دواناوەندیداو بەهێز بوونی پرۆسەی لاوان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. هەموو ئەوانە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە خۆنوێنی بە کۆمەڵی لاوان شێوازەکانی چوارچێوە پێدانی دیسیپلینی کۆمەڵایەتی ئێستای تێکداوەو لە ڕوونی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی کەمکردوەتەوە.

لە بەشەکانی دیکەدا دەریدەخەین کە ئێمە شایەتی گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لاواندا دەبین نەك ونبوونی ئەوان بە شێوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی. کەواتە هەر بەو هۆیە ئاسانەی کە لە کۆمەڵگادا گروپێك کە خاوەنی تەمەنێکی تایبەتن، دەژین کە لە لایەن خۆیانو خەڵکی دیکەوە "لاو"یان پێدەوترێت، لە کۆمەڵناسیدا (هەروەها دەروونناسیو پەروەردەو فێرکردندا) بابەتێك هەیە بۆ لێکۆڵینەوە بە ناوی لاوان. سەرەتای پرۆژەی لاوان وەك بابەتێك بۆ بەدواداچوونە زانستییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەد ساڵ لەوەپێش. ئەم ڕەوتە لە سەرەتادا لە زانستی پەروەردەو فێرکاری بە تایبەت لە بەرهەمەکانی ژان ژاك ڕوسو(١٧١٢ – ١٧٧٨) پاشان لە گۆڕەپانی دەروونناسیدا لە سەدەیەك لەوە پێشەوە بووەتە بابەتی کۆمەڵناسیو زانستەکانی دیکە.[١]

[1]_ Gillis 1980





## ٢

## چەمك، جیاوازیو گەڵاڵە بوونی تایبەتمەندییەکانی لاوان

### ٢ .١ . چەمکی لاو

نە لە زاراوەی خەڵکی ئاساییو نە لە زاراوەی تایبەت بە کۆمەڵناسی، دەروونناسیو زانستی پەروەردەو فێرکردندا پێکهاتنێکی گشتی لە سەر چەمکی لاو لە ئارادا نییە. بۆ زیاتر شارەزا بوون سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی لاو بەرهەمی مارکفکا[1] بخوێننەوە. لە بۆچوونی کۆمەڵناسی سەردەمدا بۆ پێناسە کردنی چەمکی لاو لەو ڕوونکردنانەوەی خوارەوە کەڵك وەردەگیرێت:

_ قۆناغی لاوی لە ژیانی هەر کەسێکدا بەباڵغبوونی جەستەیی لە نزیکی سێزدە ساڵیدا دەست پێدەکات. قۆناغی لاوی بە دوای قۆناغی منداڵیدا دێت پاش لاوی قۆناغی مام ناوەندیو پاشان پیری بە سەردادێن، ئەم پۆلێن کردنە هەر لە کۆنەوە باو بووە.

_ لاوێتی ماوەی تەمەنی نێوان ١٣ هەتا ٢٥ساڵی لە خۆ دەگرێت. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی لە بەر ئەوەی ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ شێوازی هەڵسوکەوتو تێڕوانینی تایبەت بۆیە خاوەنی گرنگییە.

_ لاوێتی چەمکی بوونەوەرناسییە، بەڵام سەردەمێکی کۆمەڵایەتیو کولتوریشە. سەردەمێکە کە کەسەکە مەرجی پێویست بۆ کردەوەی سەربەخۆ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەدەست دێنێت.

_ لاوێتی وردە کولتورە یان بەشێکە لە کولتوری کۆمەڵایەتی.

[1]_ M. Markefka 1967

_ لاوێتی چەمکێکی دڵخوازی بەهادارە کە لە نێوان زۆربەی گەلان و کولتورەکانی جیهاندا بە "باش" لێکدەدرێتەوەو ئاماژە بە نوێی دەکات.

دیاریکردنی کۆتایی سەردەمی لاوی، دژوارترە لە دیاریکردنی دەستپێکی کە لەگەڵ باڵغبوونی جنسیدا هاوکاتە. تەنیا لە سەر ئەو بابەتە پێکهاتن هەیە کە لە کۆتایی سەردەمی گەنجیەتیدا کەسەکە دەبێتە خاوەنی پێناسەی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی خۆی. پێوەری ئەو پێناسەیە، سەربەخۆیی ئابووری، دۆزینەوەی کارو بەدەستهێنانی گوزەرانیە. کەواتە پێوەری سەرەکی گەیشتنە بە سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی و توانای هەڵسوراندنی ژیان و رەنگە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیشە. لە گرنگی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش وەك پێوەری دیاریکردنی کۆتایی سەردەمی لاوی کەمکراوتەوە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە کەسانێك بکەین کە ژیانی هاوبەش پێکدێنن و دەبنە خاوەن منداڵ، بەڵام هێشتا لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ نین و خەریکی خوێندنن و بە هۆی بارودۆخی ژیانی خوێندکاری هەروا خاوەنی وردە کولتوری لاوانن. لە حاڵەتێکی ئاوادا قۆناغی لاوی لەگەڵ سەردەمی " قۆناغی باڵغبوون"[1] تێکەڵ دەبێت.

مارگارت مید (١٩٧٨ – ١٩٠١) مرۆڤناسی ناوداری ئەمریکی قۆناغی لاوی بەو شێوەیەی خوارەوە دەناسێنێ: "دەتوانین سەردەمی لاوی بە سەردەمی _ ئەگەر _ ئایا، ناو بەرین، سەردەمێك کە لەگەڵ دوو تایبەتمەندی بەرچاو دیاری دەکرێت، چاوەروانییە بەربلاوەکان لە لایەك و بە ئاکام نەگەیشتنەکان لە لایەکی دیکەوە. سەردەمێك کە تێیدا

[1] Post _ Adolesezenz





دەستکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی کامڵ نەبوون."[1]
لەوەدا کە سەردەمی لاوێتی "سەردەمی _ ئەگەر_ ئایا"کانە یان "تێپەراندنی" ژیانە، پێوەندی بە هەڵسوکەوتی راستەقینەو تێڕوانینی کەسەکان و گروپە ژێدەرەکانەوە هەیە. سەلماندنی ئەو باوەڕە کە ئایا قۆناغی لاوی سەردەمی "تێپەراندنی" ژیانە یان قۆناغیکی هاوکات لەگەڵ گوشارە جۆراوجۆرەکان، بە کەرەستەی ئەزموونی زۆر دژوارە. لەم بوارەدا بە قووڵی بۆچوونی دژ بە یەك لە نێوان نەوەکانی رابردوو ئێستادا هەیە، بەو هۆیەی نەوەکانی رابردوو سەردەمی لاوییان بە شێوەی ئێستا تاقی نەکردووەتەوە. تێگەیشتن لە گەنجانی ئەم سەردەمە بۆ ئەو نەوە زۆر دژوارە، چونکە نەوەکانی رابردوو ئەزموونیان لە قۆناغی لاوی بە شێوەی سەردەمێکی کورتی فێربوون و ژیانی قورس ئەزموونیان وەرگرتووە.

### ٢,٢ دابەشکردنی سەردەمی لاوی

بەسەرنجدان بەو هۆیەی کە لە دەیەکانی رابردووەوە قۆناغی لاوێتی بۆ زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ سەبارەت بەدرێژبوونەوەی ماوەی خوێندن و پەروەردە، بووەتە راستییەکی کۆمەڵایەتی، پێدەچێت باشتر وابێت ئەم قۆناغە بە پێی تایبەتمەندییە دەروونی و جەستەییەکان بەو قۆناغانەی خوارەوە دابەش بکەین:

_قۆناغی سێزدە هەتا هەژدە ساڵی (قۆناغی باڵغبوونی جنسی). قۆناغی لاوی بە واتای سنووردار،

_ قۆناغی هەژدە هەتا بیست و یەك ساڵی (قۆناغی پاش باڵغبوونی

[1] _Zir. Bei Rosenmayr 1976

جنسی): قۆناغی پێگەیشتنی لاوان،

_ قۆناغی بیست و یەك هەتا بیست و پێنجساڵی (ڕەنگە هەندێك زیاتر) قۆناغی باڵغبوون، قۆناغێك کە هێشتا تاکەکەس لە بۆچوونی شوێن و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا لاوە.

بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان هەژدە هەتا بیست و پێنج ساڵ و زیاترە، چەمکی "سەرەوەی باڵغبوون" هاتووەتە ئاراوە. ":ج. ر. گیلیس" لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "مێژووی لاوان" ئەم قۆناغەی لە ژیانی لاواندا بە قۆناغی "باڵغبوونی بێ بنەمای ئابووری"[1] دەناسێنێ.

وامەزەندە دەکرێت لاوانی ئێستا، وەلامێکیان بۆ دژوارییەکانی قۆناغی "سەرەوەی باڵغبوون" دۆزیبێتەوە. لاوان دژایەتی نێوان گەشەکردنی جنسی و پەرەگرتنی چاوەڕوانییە سیاسییەکان لە لایەك و گەیشتن بە قۆناغەکانی کۆتایی خوێندن لە لایەکی دیکە، بە شێوەی درێژکردنەوەی قۆناغی لاوی "وەڵام" ئەدەنەوە.[2]

لە کۆتایی دەیەی حەفتادا دەرکەوت کە لە لایەك بە درێژ بوونەوەی قۆناغی لاوی و درێژ بوونەوەی تەمەن و لە لایەکی دیکەوە لە ئاکامی چوونە سەرێی ڕێژەی کەسانی بە تەمەن و زۆر پیر لە پێکهاتەی حەشیمەتدا ، شایەتی هەندێك ئالوگۆر لە چۆنیەتی ژیانی خەڵکدا دەبین. لە زنجیرە لێکۆڵینەوەکانی لاوانی (٨١)دا هاتووە: "ئێمە شایەدانی مێژووی ڕەوتێکی گرنگین، ڕەوتێك کە لە چوارچێوەی ئەودا، پێکهاتەی ئێستای خشتەی داڕیژراوی تەمەن لە وڵاتانی پیشەسازیدا ئالوگۆری بەسەردا دێت. دابەشکردنە باوەکەی ساڵانی ژیان جیاوازتر دەبێت، قۆناغی لاوێتی پێشوو بەرەبەرە لە پانتایی کۆمەڵگادا ون

[1] J.R. Gillis 1980
[2] Rosenmayr





دەبێت. قۆناغێکی دیار و ڕێکخراو دەکەوێتە نێوان گەنجێتی و باڵغبوونی کۆمەڵایەتییەوە. ئەمە بەو مانایە دەبێ کە بەشێکی زۆر لە لاوان بە دوای کۆتایی سەردەمی خوێندن لە دواناوەندیدا ڕاستەوخۆ ناچنە جیهانی گەورەکانەوە، بەڵکو ئەزموونی سەردەمی پاش لاوی وەردەگرن. ئەوان لە بواری کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، هزری، ڕامیاری، جنسی و بە کورتی کولتوری _ کۆمەڵایەتی سەربەخۆ دەبن. ئەم لێکۆڵینەوەیە پێش بینی دەکات کە سەرەڕای سەربەخۆیی کولتوری _ کۆمەڵایەتی، لاوان ناتوانن لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ بن، ژیانی پاش لاوی دەیەی سێهەمی ژیانی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت. لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەم قۆناغە نوێیە مێژووییە لە ژیانی مرۆڤدا قۆناغی دواماوی لاوێتی یان قۆناغی "پاش باڵغبوون" دەوترێت.[1]

هەتا ئێستا قۆناغی لاوی وەك کاتی خۆ تەیار کردن بۆ سەردەمی باڵغبوونی تەواو پێناسە کراوە، ئەو تێڕوانینینە لە سەردەمەکانی ژیان بەو هۆیانەی خوارەوە بێ هەڵە نییە:

_لە سەر بنەمای ئەم تێڕوانینە لە لایەکەوە پێویستە بە خێرایی سەردەمی باڵغبوون تێپەربێت و بگاتە سەردەمی "کامڵبوون" بە تایبەت کامڵبوونی کۆمەڵایەتی. لە لایەکی دیکەوە ئەم تیۆرییە وەڵامدەری ئەو پرسیارە نییە کە بۆچی هەر ئەو "کامڵ نەبوونە"و "کراوە بوونە"ی شێوەی هەڵسوکەوتی لاوان کە لە تایبەتمەندی ئەم قۆناغی ژیانەیە، هەر بەو شێوەیە ناکرێتە بەشێك لە ژیانی مرۆڤ ؟

_ئەم گریمانەیە ئەوەی لە بەرچاو نییە کە تەمەنی مام ناوەندیش "کامڵ" نییە. بۆ ئەم تیۆرییە ئەو گریمانە سەرەکییە روونە کە مرۆڤ بە

[1] _ Vgl. K. Keniston: Young Radicals. New Pork 1968

"کامڵبوونی" تەمەنی خۆی و تێپەر کردنی قۆناغی لاوی گەیشتووەتە نێعمەتێك کە بۆ "هەموو تەمەنی" دەمێنێتەوەو ئالوگۆری بەسەردا نایەت.

## ۲. ۳. چەمکە تەواوکەرەکان: نەوە، هاوتەمەنەکان، هاوتایان

لە پێوەندی لەگەڵ لاواندا لە پەنای چەمکی لاودا هەندێك چەمکی دیکە وەك نەوە، هاوتەمەنەکان و هاوتایان لە ئارادان کە بە کورتی باسیان لە سەر دەکەین:

نەوە[1]: بە کۆی ئەو کەسانە دەوترێت کە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ وێنە لە وڵاتێکدا دەژین و خاوەنی بەهای یەکسان و وێناکردنێکی نزیکیان لە ژیان هەیە لە بواری تەمەنەوە لە چاو گروپەکانی دیکە وەك ئەوانەی کە لە خۆیان گەنجتر یان پیرترن، لە سنوورێکی دیاریکراودان. نەوە بە پێی پێناسە کۆمەڵناسییەکەی مەرج نییە لەگەڵ گرووپێکی دیاریکراوی هاوتەمەنی یەکسان بێت (ئەو گرووپانەی بە پێی تەمەن بەدوای یەکدا دێن).

گرووپی هاوتایان[2]: بەو کەسانە دەوترێ کە لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا لەدایك بوون و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی وەك ساڵی دەستپێکردنی خوێندن لەگەڵ یەکدا گرێ دەدرێن. ڕادەی گرووپی هاوتایان پاڵپشتی بە هەندێك هۆکارەوە وەك مەرگ، دەرچوون لە بازنەی کۆمەڵێکی تایبەت، جووڵەی کۆمەڵایەتی و هتد هەیە. گرووپی هاوتایان لە سەرەتادا خاوەنی زۆرینەی حەشیمەت(خەڵك)ە. لێکۆڵینەوە لە سەر گروپەکانی هاوتا لە کۆمەڵناسی لاواندا خاوەنی

1 _ Generation
2 _ Kohorte





گرنگیەکی زۆرە.

گرووپی هاوتەمەنەکان[1]: گرووپێك لە لاوانی هاوتەمەنن. دەتوانین بە کەڵك وەرگرتن لە واتا فەرەنسییەکەی گرووپی هاوتەمەنەکان بە "باند" ناو بەرین، هەڵبەت ئەگەر مەبەستمان تێگەیشتنە نیگەتیڤەکە نەبێت کە هەندێك جار لە دەربڕینی ئەم وشەیە دەردەکەوێت. ئەگەر لە زاراوەی "باند" تێگەیشتنی نیگەتیڤ بکەین، تایبەتمەندی سەرەکی ئەندامانی "باند" هەڵسووکەوتە چەوتەکان و تەنانەت هەندێك جار تاوانکارییە.

## ۲. ٤. گەڵاڵە کردنی تایبەتمەندییەکان و گونجاو کردنی قۆناغی لاوێتی

هەندێك دیسیپلین، یاسا، بەرگریکاری و دامەزراو هەن کە بە شێوەی تایبەتی ئەرکیان پێڕاگەیشتنە بە کارو باری لاوان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. بەشێك لەو دامەزراوانە بریتین لە: وەزارەتی تەندروستی بنەماڵەو لاوان، ڕێکخراوە پێوەندییدارەکان لە ئاستی وڵات و ناوچەدا، ڕێکخراوە وەرزشی و یەکێتییەکان، ڕاگەیەنە گشتییەکان، ڕێکخراوەکانی لێکۆڵینەوەی شێوەی بە کار هێنانی پێداویستییەکانی لاوان، ڕێکخراوە تایبەتییەکان بۆ کاتی پشووی لاوان، کۆ کراوەیەك لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بۆ وێنە تۆڕێك لە دامەزراوەکان، کۆنفرانسەکان و کۆرەکان گیرۆدەی چارەسەرکردنی کێشەی تایبەت بە لاوان.

لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیای فیدراڵ کە بە شێوەی یاسایی بەرێوە

1 _ Peer _ groups

دەچێت، مافو ئەرکی لاوان لە چوارچێوەی ئەو یاساو ڕێسایانەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە پێوەندی لەگەڵ لاواندا پەسند کراونو بەڕێوە دەچن. ئەو یاساو ڕێسایانە پێکهاتەیان بە شێوەیەك دارێژراوە کە لاوان بە وردیو لەگەڵ تێپەرکردنی کاتدا دەبنە خاوەنی "وردە ماف". بۆ وێنە لە دوازدە ساڵیدا ئازادییەکی سنوورداری ئایینی وەدەست دێنن، لە چواردە ساڵیدا دەبنە خاوەنی ئازادی تەواوی ئایینی، ڕێگەیان پێ دەدرێت هەتا سەعاتی دەی شەو بچنە سینەماو دیتنی شانۆگەری، هەندێك ماف بۆ هەڵبژاردنی کار وەدەست دێنن. هەروەها هەندێك "وردە مافی" دیکەیش وەردەگرن. "وردە ماف" هەروا پەرەی پێدەدرێت هەتا لە تەمەنی باڵغبوونی تەواودا، کە بە زۆری لە هەژدە ساڵیدایە، تا ڕادەیەك هەموو مافەکانی هاووڵاتییەك دەستەبەر دەکەن.





## ٣
## بەراوردی زەینی: ڕێورەسمی بەخێرهێنان( تشرف) "لاوان"و کولتوری خۆجێی

### ٣. ١. بەخێرهێنان لە جێی بەدەستهێنانی وردە ماف

سەردەمی لاوی بە شێوەی فەرمی بە "پێبەخشینی وردە ماف" یان "شانازی بەخێرهێنان" دەست پێدەکات بەو شێوەیە وردەوردە ڕێگا خۆش دەبێت بۆ تێکەڵبوونی لاوان لە کۆمەڵگادا. دامەزراوە کولتوریو ئایینییەکان، پێکەوەلکێنەری ئەم حاڵەتە یاساییەن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە کۆتایی خولێکی خوێندن، وەك قۆناغی سەرەتای یان ئیزن وەرگرتن بۆ بەشداری لە ڕاهاتنەکانی سەما.

لە گۆڕانی کولتوری ڕۆژئاواییدا قۆناغی لاوێتی هاوکات بووە لەگەڵ هەندێك ڕێورەسم، بۆ وێنە دەتوانین باس لەو ڕێورەسمانە بکەین کە بۆ وەرگرتنی کەسێك وەك "شوالیە" بەرێوە دەچوو یان ڕێورەسمێك کە بۆ وەرگرتنی کەسانی چواردە ساڵان لە کۆمەڵگادا کە لە هەندێك شوێن لە رابردوودا بەرێوە دەچوو یان ئێستایش بەرێوە دەچێ. چەمك گەلێك وەك "بەخێرهێنان"، "قۆناغی تێپەر"و "شوالیەی قۆناغی تێپەر" گرنگی ئەم قۆناغەو چۆنیەتی وەرگێرانی کەس لە کولتوری کۆمەڵگای خۆجێیدا دەردەخەن.

ئەگەر سەرنج بدەینە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەك "لاوێتی" لە بەراورد لەگەڵ دیاردەکانی دیکەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە کولتورە جیاوازەکان لە هەر قۆناغێکدا تێگەیشتنی تایبەتیان لە لاوانو قۆناغی لاوێتی هەبووە. لێرەدا مەبەست لە بەراورد، بەراوردی نێوان کولتورو مێژووە.

## ٣. ٢. کولتورە خۆجێیەکان و گرنگی بەخێرهێنان

لێرەدا مەبەست لە کولتوری خۆجێی و خەڵکانی خۆجێی جۆرە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە کە هەتا ئێستا لەواندا پێکهاتەکانی پێوەندی و خەیاڵی پێکەوە هەڵکردن بە واتای گەشەسەندو (تەواو کراو) جێگیر نەبوون. چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سادەو یەك لایەنەیە. ئەگەر لە چەمکەکانی "فردیناند تونیس" کەڵك وەربگرین، کولتور بە واتای "کۆمەڵ" لە بەرانبەر کولتوری "کۆمەڵگە"دایە. لەو کۆمەڵگایانەدا وەڵامی بێ‌عاقلانە بە دژوارییەکانی ژیان بەشێکی بەرچاوی ژیانی خەڵك پێکدێنن. تێنەگەیشتووانە ژیان لێکدەدرێتەوە. نەریت، ئەفسوون و ئایین ژیانی خەڵکیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەو کۆمەڵگایانە یان لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان وەك قوتابخانە، سوپا، زانست، ئایین، دام و دەزگا و سیستمی تەندروستی بێبەرین یان ئەو شتانە پێکەوە یەکناگرنەوە و جیاوازیان هەیە.

پێشترو بە کەڵك وەرگرتن لە چەمکێکی "ئێمیل دورکیم" (١٩١٧ – ١٨٥٨) ئەم کولتورو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییانە لە بەراورد لەگەڵ کولتوری ئاڵۆزی وڵاتە پیشەسازییەکان بە "کولتوری سەرەتای" ناو دەبران. هەڵبەت بە "گەلە سروشتییەکان"و "کۆمەڵگا سەرەتای"یەکانیش دەناسران.

لەو کۆمەڵگایانەدا پێوەندییەکی نزیکتر هەبوو لە نێوان تەمەنی خەڵك، ئەرك و مافەکانیان بەنیسبەت کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانەوە. بە زۆری لە کۆتایی قۆناغی منداڵیدا جۆرە"ڕێورەسمێکی بەخێرهێنان" هەبوو کە پیشاندەری کۆتایی قۆناغی منداڵی کەسەکەو سەرەتای





وەرگێرانی لە کولتوری خۆجێیدا بوو.

بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمە، لە نێو خۆجێیەکاندا یاسا و ئەرکێك کە لەگەڵ ڕێورەسمی بە خێر هینان دەبەخشران، جێگیر نەگۆڕو کوتوپڕبوون. مرۆڤ لە ناکاو بە ڕێورەسمێك، بۆ وێنە "خەتەنە" قۆناغی منداڵی تێپەر دەکرد و باڵغ دەبوو هەڵبەت هەندێك کۆمەڵگایش هەبوون کە لە نێوان قۆناغی منداڵی و باڵغ بوون قۆناغێکی دیکەیان دانا بوو. بەڵام ئەو کۆمەڵگایانە وەك کۆمەڵەکانی کەناری دەریای باشوور کە ماوەیەکیان لە نێوان منداڵی و گەورەییدا لەبەر چاو دەگرت زۆر کەم بوون.

ڕێورەسمی بەخێرهێنان بەشێوەی دیاریکراو لە تەمەنێکی تایبەت دا بەرێوە نەدەچوو، بەڵکو زیاتر گۆڕانی جەستەیی و باڵغبوونی جنسی، دەبوونە سنووری نێوان منداڵی و گەورەیی. لە زۆربەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا قۆناغێکی دیاریکر بە واتای قۆناغی تاقیکاری، لە نێوان قۆناغی منداڵی و باڵغبووندا بەرێوە دەچوو. خولی "تاقیکاری" هەندێك جار بۆ کچان و کوڕان چەندین مانگ درێژەی دەکێشا، بەڵام هەموو کات کەمتر لەو ماوەیە بوو کە لاوان بە تەواوی باڵغ دەبوون.

بە گشتی پێوەندییەکی نزیك هەیە لە نێوان چۆنیەتی بەرێوەچوونی "ڕێورەسمی بەخێرهێنان"و بوارەکانی کۆمەڵایەتی کولتوری خۆجێیدا. بۆ خێڵە شەرکەرەکان وەك "دانا کیل"[1] لە ئەفریقا بە شێك لە ڕێورەسمەکە بۆ تاقیکردنەوەی "وره" تەرخان دەکرا. خێڵەکانی دیکە لە قۆناغی بەخێرهێناندا گرنگییان ئەدا بە لێهاتووییە پێویستەکان بۆ ژیانی خێڵەکی و سوود وەرگرتن لەو لێهاتووییانە.

1_ Danakil

سەرەڕای ئەوەیش پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان چۆنیەتی باوەڕی ئایینی کولتوری خۆجێیو ڕێورەسمی بەخێرهێنان لەئارادا بوو. هەر وەك بە زۆری باسی لێوە دەکرێت لەراستیدا، رێورەسمی بەخێرهێنان پیشاندەری باوەڕو ئایینی کولتوری خۆجێی بوو.

لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، بەتایبەت کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، ڕێورەسمی بەخێرهێنان لەگەڵ رێورەسمی "خەتەنە"ی کوڕانو کچان بەڕێوە چووە، هەڵبەت ئەگەر ئەو کارە پێش باڵغبوونی کەسەکە نەکرابێت، وەك ئەوەی کە لە نێوان موسوڵمانانی سۆمالی، کنیاو ئتیووپیدا باوە. ئەم کۆمەڵگایانە لە بنەڕەتدا لەگەل ڕێورەسمی بەخێرهێنان ئاشنا نین[1].

"مارگارت مید"[2] ئاماژە بە گرنگی ڕێورەسمی بەخێرهێنان بۆ لاوانی کوڕ دەکات. بەپێچەوانەی کچان کە قۆناغی باڵغبوون گۆڕانکاری بەرچاو لە پێکهاتەی بیۆلۆژیکی ئەواندا دەردەخات، بۆ کوڕان هیچ کاتێکی دیاریکراو نییە کە بتوانن بڵێن "ئێستا من پیاوم". لێرەدایە کە کۆمەڵگا هەنگاو هەڵدێنێتەوەو بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێك پیاو بوونی ئەوان رادەگەیەنێت.

### ٣. ٣ چەند نموونەیەك لە ڕێورەسمی بەخێرهێنان

لێرەدا هەوڵ ئەدەین، بە کورتی ئاماژە بکەین بە هەندێك ڕێورەسمی بەخێرهێنان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا:

ئەفریقا: نموونەیەکی ئالۆز بۆ ڕێورەسمی بەخێرهێنان لە نێو

1. Vgl “Bild der Volker”
2. Margaret Mead 1958





خێڵەکانی "نوبا"[1] لە سودان دەبینرێ. هەرکام لەو خێڵانە بە سەرنجدان بە پۆزیشنی خۆیان لاوانی کوڕ بە سێ هەتا چوار گرووپی تەمەنیدا دابەش دەکات. وەك دابەشکردنی کەسانی یازدە هەتا بیستو پێنج ساڵ. هەتا ئەو جێگایەی من زانیاریم لە سەری هەیە ئەو شێوەیە لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان نابینرێ. هەر کام لە گروپەکان ئەرکێکی تایبەتیان لە سەرشانە. بۆ وێنە یەکێك لە خێڵەکانی نوبا بە ناوی "تیرا"[2] ئەرکی لاوان بۆ سەردەمە جیاوازەکانی لاوی بەو شێوەی خوارەوە دیاری دەکات. ئەرکی لاوان لە قۆناغی یەکەمدا واتە پازدە هەتا هەژدە ساڵان: یارمەتی بنە ماڵە لە کێڵگەکانو چاوەدێریکردن لە مەرو ماڵات، بەشداری لە زۆرانو ڕێورەسمی دیاریکردندا. قۆناغی دووهەم واتە هەژدە هەتا بیستو یەك ساڵی: لاو دەبێت ژیانی هاوبەش پێك خانوو، بەڵام ڕێگای پێنادرێ خانوو دروست کات. لە قۆناغی سێهەمدا واتە بیستو یەك هەتا بیستو سێ ساڵی: لاو ئیزنی سازکردنی خانوو بۆ هاوسەرو منداڵەکانی وەدەست دێنێت. لە قۆناغی چوارەمدا کە هەتا بیستو شەش ساڵی درێژەی هەیەو دەگاتە سنوورەکانی کۆتایی قۆناغی لاوێتی لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی ئەم سەردەمەدا. بۆ هەر کام لە قۆناغەکانی تەمەن ناوێکی تایبەت دیاریکراوە کە پێشاندەری گرنگی ئەو گروپە لە پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگادان. تەنانەت کچانیش لە خێڵەکانی نوبادا بەسەر گروپە تەمەنییەکاندا دابەش کراون. لە رابردوودا ڕێورەسمی خەتەنەی لاوانی کوڕ لە دوو قۆناغی کۆتاییدا بوو، بەڵام ئێستا زووتر دەکرێت، ئەویش یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم خێڵانەیە.

1. Nuba
2. Tira

لە نێوان لێرەوارەکانی باشووری وشکارۆی "ماداگاسکار"، "زافی مانیری"[1] یەکان دەژین. ئەو ڕاپۆرتانە سەبارەت بەو خێڵە دراون کە ڕێورەسمی خەتەنە بۆ ئەوان بە مانای تێپەراندنی ژیان لە ماڵی دایكو چوونە نێو جیهانی پیاوانەیە کە بە شێوەی کۆمەڵە سروشتییەکان پێکەوە بەستراونو بە هەندێك نیشانەی وەك هێزی بەرچاوی ئاو یان گیانلەبەرە بەهێزەکانوەك گامێش دیاریدەکرێت.[٢]

ڕێورەسمی بەخێرهێنان لە نێوان خێڵەکانی "ئابلام"لە "گینەی نوێ" سەرسوڕهێنەرە. کاتێك بۆ جاری یەکەم کچان تووشی سووری مانگانە دەبن، هەندێك برین دەخرێنە سەر مەمك، سكو باڵیان کە بە شێوەیەکی ترسێنەر دەبێ چاك ببنەوە. ئەگەر لەو ئازارە تێپەرین، بارودۆخەکە بەرەو باشی دەروات. کچان لە دوای ئەو روداوە دەتوانن لە قۆناغی شەش مانگەی بەخێرهێنان چێژوەرگرن: "لەو ماوەیەدا پێویست نییە کچان کار بکەن. ئەوان بە میوانی دەچنە ماڵی خەڵکی گوندی خۆیانو گوندەکانی دەوروبەریان، بە گەرمی پێشوازییان لێدەکرێتو خواردنی بەچێژیان بۆ لێدەنرێت." بەخێرهێنانی کوڕان لە هەشت قۆناغدا بەڕێوە دەچێت. هەر قۆناغێك بە دروست کردنی شتێکی هونەری کۆتایی پێدێت کە بۆ کولتورو باوەڕە ئاینییەکانی خێڵەکە جێی بایەخە.[٣]

"مارگارێت مید" ئامارژە دەکات بە نموونەیەکی دیکە لە چۆنیەتی بەخێرهێنانی خێڵی شاخاوی "ئاراپش"[٤] لە "گینەی نوێ". بە دەرکەوتنی یەکەمین دیاردەکانی باڵغبوونی جنسی (لە کچاندا، زلبوونی

1 . Zafimaniry
2 . Bild der Volker
3 . Bild der Volker
4 . Arapesh





مەمکەکانو لە کوڕاندا دەرهاتنی تووك لە پشت کۆ ئەندامی جووت بوونیان) لاوان بۆ ماوەی ساڵێك ناچارن لە هەندێك کاری قەدەغەکراو خۆ بپارێزن. ئەوان دەبێ لە خواردنی چەند جۆرێك گۆشتو خواردنەوەی "ساردەمەنی" پارێز بکەن. پاشان بە پێی رەگەزیان هەندێك ئەرکیان پێدەدرێت کە چۆنیەتییەکەی لە ئایینی "تەمبێران"دا[1] دیاری کراوە. کچان مافیان نییە ئەو چاوەروانیانەیان هەبێت کە کوڕان هەیانە. باوەڕی ئاڵۆزی تەمبێران کە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ڕێورەسمی بەخێرهێناندا هەیە، لە خزمەتی ڕاگرتنی دەسەڵاتی پیاواندایە تەنانەت بۆ نەوەکانی داهاتوویش. "ئاراپش"ەکان لاوە کوڕەکانیان بۆ ماوەی سێ مانگ ناچار بە گۆشەگیری تەواو دەکەن کە لەگەڵ "بیرۆکە پەروەردەییەکان، ڕێورەسمی جۆراوجۆر بۆ وێنە گۆرانی وتن، خۆ شۆشتنو خواردن" بەرێوە دەچێت.

لە ناوەندی هێندوستاندا "گوند"[٢]ەکان دەژین. ئەوان گەورەترین گرووپی گەلین کە خاوەنی کولتوری خێڵەکین. لە نێوان "گوند"ەکانی دانیشتووی "بەستەر"[٣] وا باوە کە "لاوانی کچو کوڕ چەند ساڵێك پێوەندی سێکسی ئازادیان هەبێت. ئەوان بەو شێوەیە لەگەڵ بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان ئاشنا دەبن. بەرپرسایەتی بەڕێوەبردنی بەشە نێوخۆییەکان کە تێیدا پشوو ئەدەن لە سەر شانی خۆیانەو گەورەکان ڕێگایان پێ نادرێت دەست وەردەنە کارو باریان."[٤]

"ناگا"[٥]کانی سنوورنشینی باکوری خۆرهەڵاتی هێندوستان، هاوشێوەی ئەو ناوخۆییانە بۆ ئەو کچانەی کە لە سەرەتای

1 . Tamberan
2 . Gond
3 . Bastar
4 . Bild der Volker
5 . Naga

باڵغبووندان دروست دەکەن.

بە پێی ئەو راپۆرتانەی سەبارەت بە ژیانی خێڵە سورپێستەکانی "سینگۆ"[1] لە بەرازیل لە بەر دەست دایە درێژ بوونەوەی رێورەسمی بەخێرهێنانی کچان لەو خێڵانەدا دەرئەخات. لە پاش یەکەمین سووڕی مانگانە قۆناغی رۆژو گرتن، بێدەنگی و گۆشەگیری دەست پێدەکات. "پاشان لە ماڵی باوکیاندا حەسارێك بە "بامبۆس" دروست دەکرێت و کونەکانی بە بەڕە دەگیرێت، ئەو کچەی لە سەرەتای باڵغبووندایە ماوەیەك لەو دیوەدا تێپەر دەکەن هەتا کەسێك لە ئەندامانی خێڵەکە بمرێت و رێورەسمی بە خاك سپاردن بەڕێوە بچێت."قۆناغی گۆشەگیری هەندێك جار درێژە دەکێشێ. جاری وایە کچانی کوێخاکان سێ ساڵ لە تەنیایی و گۆشەگیریدا دەمێننەوە. هەروەها لاوانی کوڕ دەبێ چەند ساڵێك لە گۆشەگیریدا بمێننەوە. "سینگۆ"کانی باشوور لەو باوەڕەدان کە "قۆناغی تێپەر لە لاوییەوە بۆ مام ناوەندی سەردەمێکی ترسناك لە ژیانی مرۆڤدایە. لەم سەردەمەدا دەبێ مرۆڤ چاوەدێری بکرێت و بپارێزرێت."[2]

دەتوانین رێورەسمی سەیری بەخێرهێنان لە "برمە" ببینین، ولاتێك کە لەودا باوەڕەکانی بوودایی بەشێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوان دیاریدەکات. زۆربەی لاوانی برمە دەبێ لە نێوان تەمەنی هەشت هەتا پازدە ساڵاندا خولی زانست خوازی تێپەر بکەن. ئەو لاوانەی لە برمە لانیکەم بۆ ماوەیەك لەو خولانەدا بەشداریان نەکردبێت، بە پیاوی راستەقینە ناناسرێن.[3]

هەر وەك لەو نموونانەی سەرەوەدا دیارە، لەراستیدا رێورەسمی

---

[1] . Xingu
[2]. Bild del Volker
[3] . Bild del Volker





بەخێرهێنان نیشاندەری باڵغبوونی جنسی یان گەشەکردنی جەستەییە کە لەگەڵ قۆناغی گەورە بوون و ئامادە بوون بۆ ژیانی هاوبەش هاورێیە. بۆ خوێندنەوەی بەربلاوتر سەبارت بە گرنگی رێورەسمی بەخێرهێنان و پێوەندی ئەو لەگەڵ چۆنیەتی پێکهاتەکانی کۆمەڵ چاو لە لێکۆلینەوە رێکخراوەکانی "ئایزنشتات"[1] بکەن.

زۆر بە کەمی دەبینرێ کە لە نێوان کولتورە خۆجێییەکاندا رێورەسمی بەخێرهێنانەوە لەگەڵ وەرگرتنی ئەرك و بەرپرسایەتیدا نەبێت، ئەوە رێك بە پێچەوانەی بارودۆخی ئەم سەردەمەیە کە باڵغبوون بە مانای ئامادە بوون نییە بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە دەردەکەوێت، سەرهەڵدانی قۆناغەکان لە ژیانی مرۆڤدا پێوەندی نزیکی لەگەڵ دابینکردنی خۆشگوزەرانییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەیە. تەنیا لە حاڵەتێکدا واتای لاوێتی مانابەخشە کە پێداویستییەکان دابین بکرێن، کاتی تەواو بۆ خۆش رابواردن، یاری، گەشەپێدانی جەستەو بەشداری لە بۆنەکاندا هەبێت، وەك ئەو هەلومەرجەی کە لە وشکارۆکانی دەریای باشوور لە ئارادایە.

---

[1] . Eisentadt 1966

## ٤

## چەند تیۆرییەك لە گۆڕەپانی كۆمەڵناسی لاواندا

### ٤_١ پێداچوونێكی ڕێكخراو بەم تیۆرییانەدا

نابێ ئەو تێگەیشتنە بێتە ئاراوە كە ئیمە مەبەستمان ئەوەیە ئیدیعا بكەین لە گۆڕەپانی كۆمەڵناسیدا بیردۆزی تایبەت بە لاوان هەیە. لەڕاستیدا باس لە زنجیرە دەربڕینێكی شیكراوەیە كە بەشەكانی ئەو تەواوكەری یەكترن و پێوەندیان بە دیاردەیەكەوە هەیە كە بە لاو دەناسرێن.

ئەگەر خوازیاری لێكۆڵینەوەی بەربڵاو سەبارەت بەم بابەتەیت، ئەو كتێبانەی خوارەوە بخوێنەوە: هارتموت م گریزە، تیۆرییەكانی لاوان لە زانستی كۆمەڵایەتیدا، هێنریك كرۆتیس، ڤاڵتێر یادەو هەندێك تیۆری لە گۆڕەپانی لاوناسیدا لە تۆماس ئۆلك كە لە بەرهەمێكدا بە كۆكردنەوەی "كروگەر" لە ژێر ناوی كتێبی ڕێنوینی لاوناسی چاپ و بڵاو كراوەتەوە.[1]

"گریزە" سەبارەت بە لاوان هەندێك تیۆری بەو شێوەیەی خوارەوە دەخاتە بەرباس:

١. ئەو تیۆرییانەی لە ژێر كاریگەری دەروونناسی كۆمەڵایەتی و مرۆڤناسی كولتوریدان

_ تیۆرییە مەیدانییەكانی "كوڕت لوین"[2]

1_ Hartmut M. Griese 1987، Henrik Kreutz 1974، Walter Jaid 1988، Thomas Olk، H. H. Kruger 1993

2_ kurt lewin





_ تیۆری لە گۆڕەپانی مرۆڤناسی كولتوریدا، لە مارگارت مید

_ تیۆری لە گۆڕەپانی بەدواداچوونە دەروونییەكانی ئەریك هـ. ئەریكسون[1]

_ تیۆری نەوەكان بەرهەمی "كارل مانهایم" و تەواو كراوەكەی لە لایەن "بوخ هوفر "، " فریدریش و لودكە"[2]

٢. تیۆرییە كۆنەكان لە گۆڕەپانی كۆمەڵناسی لاواندا :

_ تیۆری ڕاڤە كراوی دیاردە ناسی سەردەمی لاوان بەرهەمی هلموت شكیسكی[3]

_ تیۆرییە كارداكانی شمول ن.ئایزنشتات[4]

٣. تیۆرییە تایبەتییەكان:

_ تیۆرییە ماركسیستییەكانی هلموت لیسینگ و مانفرد لیبل[5]

_ تیۆرییە دژەكان بەرهەمی لئو پولت روز نمایر[6]

_ تیۆری پێكەوە هەڵكردن و هەڵسوكەوت ناسی مرۆڤانەی ڕالف بونزاك[7] پۆلێنكردنی پسپۆڕانەی گریزە سەرنج ڕاكێشە. لە بەشەكانی دواتردا هەندێك لە تیۆرییەكان وەك تیۆری بەدواداچوونە دەروونییەكان و تیۆری مرۆڤناسی كولتوری دەخەینە بەر باس. لە هەڵسەنگاندنی ئەم تیۆرییانەدا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن لە خزمەتی لێكۆڵینەوەی لاواندا بن، تیدەكۆشین پانتاییەكی بەرینتر لەوەی كە گریزە مەبەستی بووە وەدەست بێنین.

1_ Erik H. Erikson

2_ karl Mannheim ، Buchhofer، Friedrichs ، Ludtke

3_ Helmut schelsky

4_ shmuel N.Eisenstadt

5_ Hellmut Lessing ، Manferd Liebel

6_ Leopold Rosenmayr

7_ generation، typoloyische Ansatz

### ٤. ٢. بیردۆزی چەشن ناسانەی نەوەکان

یەکێك لە کۆنترین تیۆرییەکان بۆ تێگەیشتن لە لاوان "بیردۆزی چەشن ناسانەی نەوەکان"ە[1]. مێژووی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەمو کەسانێك وەك فریدریش شیلێر ماخێر[2](١٨٣٤ _ ١٧٦٨)و فەیلەسووفی فەلسەفەی ژیان ویلهام دیلتای[3](١٩١١ _ ١٨٣٣). شلێر ماخر لە "وانە پەروەردەیەکانی" خۆی لە ساڵی ١٨٢٦دا دەنوسێت: "دەبێت بگەینە ئەو تیۆرییە کە بە سەرنجدان لە چۆنیەتی پێوەندی نێوان نەوەی بەتەمەنتر لەگەڵ نەوەی لاوتر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە لە راستیدا نەوەی بە تەمەن چ بەرنامەیەکی بۆ نەوەی لاو هەیە. "کارل مانهام (١٩٧٤ _ ١٨٩٣) لە رێکخستنی ئەم تیۆرییەدا رۆڵی گرنگی هەبوو. ئەو لێراوانە سەبارەت بە گرنگی کۆمەڵایەتی ئەو راستیە لێکۆڵینەوەی کردووە، کە چۆن کولتور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دواتر رادەگوێزرێت. ماوەی سوود وەرگرتن لە کولتورو مێژوو لە رووی کاتییەوە سنووردارە."گریزە"(١٩٨٧) پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوەی شیکراوەی لەو تیۆرییەی"کارل مانهام" کردووە.

هەڵبەت "بیردۆزی چەشن ناسانەی نەوەکان" ناتوانێ ئیدیعا بکات کە تیۆرییەکی رێکخراو سەبارەت بە لاوان دەسەلمێنێ، بەڵام بابەتی سەرەکی ئەم تیۆرییە بابەتێکی کۆنە کە بەردەوام لە سەردەمە جیاوازەکاندا وەك بابەتی رۆژ هاتووەتە ئاراوە: چۆنیەتی پێوەندی

1_ Friedrich schleiermacher
2_ Wilhelm Dilthey
3_Zit.bei V.Herramann 1987





نەوەکان لەگەڵ یەکترو راگەیشتن بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو کولتوری کە بوار بۆ ئاڵوگۆری ئەم پێوەندییە پێکدێنێت، ئەو هەلومەرجە هەندێك جار زۆرو هەندێك جار بە کەمی تووشی قەیران دەبێت. مرۆڤ_ ناسانێك وەك "مارگارت مید" لەو باوەڕەدان کە پێوەندی نەوەکان لەگەڵ یەکتر یەکێك لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی تەڤگەریی کولتوری گشتییە. باشتر وایە، لە سەرتادا دیاری بکەین کە چەمکی نەوە دیاریکەری چ کارو بارێکە :

_ لە روانگەی بوونەوەرناسیو حەشیمەت ژمێرییەوە، نەوە دیاریکەری بەردەوامی سروشتی مانەوەی ژیانە، واتە کاتێکی دیاریکراو لە سەردەمێکی دیاریکراودا کە دەکەوێتە نێوان لە دایك بوونی منداڵانو گەورەکانیانەوە.

_ لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، چۆنیەتی ژیانو ئەزموونی ژیان لە سەردەمێکی دیاریکراودایە، واتە "کومەڵە کەسانێك کە لە ناوەندێکی کولتوری دیاریکراو کە تا رادەیەك هاوتەمەننو بە هۆی ژیان کردن لە هەڵکەوتێکی کۆمەڵایەتی _ مێژووی هاوشێوەدا خاوەنی بیرو بۆچوون، ئامانج، هەڵوێستو بەها بەرانبەرەکانن."[4]

لە سەردەمی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازیەوە پێوەندی نێوان نەوەکان ئاڵوگۆری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە کە لە سەر چۆنیەتی پێوەندی نەوەکان گرنگی تایبەتیان هەیە: چیدی کۆمەڵگاهەڵگری بە تەنیا لە ماڵەوە بەڕێوە ناچێت، پلەو پایەی کۆمەڵایەتیو کار وەك کۆمەڵگای چینایەتی سەدەکانی نێوەراست دانراو نییە، شوێنی کارو ژیان لێك جیا کراونەتەوە، بزوتنەوەی لاوان بە پێداگرتن لەسەر

4-H.M. Griese 1987

دژایەتی روون‌و ئاگایانەی نێوان نەوەی "لاو" و گەورەکان، جیاوازی نێوان ئەوانی بە ئاشکرا دەرخستووە.

پاش شەڕی جیهانی دووهەم، فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی‌و بیرمەندی زانستی پەروەردە" تیۆدۆر لیت"[1] بروشوورێکی بچووکی لە ژێر ناوی "پێوەندی نێوان نەوەکان، رابردووو ئێستا" نووسی. "لیت" لە نووسراوەکەدا پێ لەوە دادەگرێت کە دژایەتی نەوەکان‌و قەیرانی نێوان باوك‌و منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو کە ئێستا وەك بزوتنەوەی لاوان خۆی دەردەخات. ئەزموونی هاوبەشی رووداوە تاڵەکانی شەڕو ئەرکەکانی بنیاتنانەوەی دوای شەڕ هۆکاری نزیك بوونەوەی نەوەکان بووە.

پشکنینەکانی ساڵی ١٩٥٧ی "هلموت شلیسکی" لە "نەوەی بێ بڕوا" گەیشتۆتە ئاکامێکی هاوشێوە: "هەلومەرج لە سەردەمی ئێمەدا گۆڕاوە، بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی کە هۆکاری دژایەتی نێوان نەوەکان بوو، لە حاڵی لە نێو چووندایە"[2] شلیسکی لە درێژەی ئیدیعاکەی خۆیدا دەڵێت: تێڕوانینەکانی زاڵی سەردەمی روناکبیری‌و فورم گرتنی کۆمەڵگای مەدەنی‌و پێداگرتن لە رۆڵی پێشەنگی لاوان لەم کۆمەڵگایەدا، بە لاواز بوونی روانگەی باوەڕ بەگەشەکردنی گەشخانوونە لەم سەردەمەدا بەرەو لە نێوچوون دەچێت. ئاکامی لاوازبوونی باوەڕ بە گەشەکردن، لاواز بوونی هەستی خۆ بە زل زانین لە نێو لاواندایە بەرانبەر بە کەسانی بەتەمەن. لە روانگەی ئەوەوە ئاسۆی ژیان‌و ئەزموونی نەوەکان لە کۆمەڵگا فەننی _ زانستییە پێشکەوتووەکاندا رۆژ بە رۆژ لێك نزیکتر دەبنەوە کە ئەوە مزگێنیدەری

---

1_ Theodor Litt

2_ Helmut schelsky 1963





لە نێوچوونی بە ئەسپایی دژایەتی نێوان نەوەکانە.

ئەگەر هەوڵ بدەین، هەندێك لەو بۆچوونە پێشکەشکراوانە لە چوار چێوەی "بیردۆزی چەشن ناسانەی نەوەکان" لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای ئەڵمانیای فێدراڵ هەڵسەنگێنین، دەگەینە ئاکامێکی جیاواز لەوەی کە "شیلسکی" بیری لێکردوەتەوە. بە پێچەوانەی لێکدانەوەکانی ئەو، جیاوازی لێك تێگەیشتن لە نێوان نەوەکاندا ئێستا زیاتر لە هەموو سەردەمێکی دیکەی مێژووە. هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەوەی نوێ زۆرتر لە هەر نەوەیەك لە مێژووی ژیانی خۆیدا شایەتی ئاڵوگۆڕە فەننی‌و کۆمەڵایەتییەکان بووە.

ئێستایش کەسانێك لە ژیاندا هەن کە ئەزموونی دوو شەڕی جیهانی، چوار قەیرانی گرانی‌و چوار سیستمی سیاسییان هەیە. دایك‌و باوکی لاوەکانی ئەم سەردەمە، واتە نەوەیەك کە منداڵەکانیان درەنگ باڵغ دەبن، پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە دایك بوون. ئەزموونی سەرەکی لە ژیانی ئەواندا گەشەکردنی ئابووری، توانای بە کار هێنانی پێداویستییەکان‌و پەرەپێدانی چاوەڕوانییە سیاسییەکانە. لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونە جیاوازە، لە تێڕوانینی ئەوان جیاوازی بنەڕەتی هەیە لەسەر سیستمی سیاسی کۆماری فێدراڵی ئەڵمانیا‌و هەوڵدان بۆ پاراستن‌و گەشە پێدانی هەندێك لە بەشەکانی ئەم سیستمە. نەوەی نوێ نەك هەر لە دەسکەوتەکانی باوکی دەپرسێتەوە، بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەو سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنەمای کار، خزمەت‌و دەسکەوتەکانی تاکە، کە سەرەکیترین پێکهێنەری قەیران لە نێوان نەوەکانی ئەم سەردەمەدایە.

بیردۆزییەکەی "ڤاڵتێر یادە" کە لە کتێبەکەیدا بە ناوی "نەوەکانی

سەدەیەك"[1] بڵاوكراوتەوە، دەكرێت وەك بۆچوونێك لە چوارچێوەی "بیردۆزی چەشن ناسانەی نەوەكان"ی بزانین. هەر چەند "یادە" لە روانگەی هزرییەوە هیچ شتێكی نوێ ناخاتە سەر ئەو تیۆرییە، بەڵام تێدەكۆشێت بە سەرنجدان لە پێوەندی كولتوری و كۆمەڵایەتی زاڵ و پرۆسەی جیاوازییەكان و گۆڕانكارییە جۆراوجۆرەكان شیكردنەوەیەك لەسەر نەوەكان پێشكەش بكات. هەر چەند نووسەر خۆی ئیدیعا دەكات، كە لەم بەرهەمەدا ، لە دانانی "پێوەندی راستەوخۆو نزیك نێوان گۆڕانكارییەكانی بابەتی بارودۆخی ژیانی مادی و ئاڵوگۆڕە زەینییەكان لە نێوان هەندێك لە گروپە هاوتاكانی لاوان خۆی بواردووە"، بەڵام ئەو نەیتوانیوە، وەك خۆی دەڵێت ئەزموونی دڵتەزێن و هانەی جووڵەی ئەم نەوەانە بە شێوازێكی روون ئاشكرا بكات. پێش بینی كردنی ئەوەی كە لە داهاتوودا پێوەندی و قەیرانی نێوان نەوەكان بە چ ئاڕاستەیەكدا دەڕوات زۆر دژوارە، چونكە بەردەوام كاریگەری داب، نەریت و دەسەڵات بەسەر پێوەندی نێوان نەوەكاندا لاوازتر دەبێت." مارگارت مید" هەروەك ئەوانەی دیكە بۆ وێنە "ئارنۆڵد گهلن"[2] لە تیۆری "كریستالیزە بوونی كولتورەكان"[3] ئاماژە بەو خاڵە دەكات كە بۆ یەكەم جار بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، پێناسەو مێژووی گەلان و كولتورە جۆراوجۆرەكان بە هۆی كتێب، فیلم، تەلەفزیۆن، ویدیۆو سەفەر كردن لەپێش چاوماندا خۆدەنوێنن.

كولتورەكان، كۆمەڵگاكان، ئایینەكان، تیۆرییەكان و باوەڕەكان رۆژ لەگەڵ رۆژ زیارتر لە جاران دەبنە دیاردەیەكی بەرچاو كە دەكرێ لە

1 _Generationen eines Jahrhunderts
2 _Arnold Gehlen
3 _Theorie der Kulturellen Kristallisationen





نهێنییەكانیان تێبگەین. ئەم راستیە نەك هەر دەستمانی بۆ هەڵبژاردنی جێگرێكی جیاواز ئاواڵە كردووە بەڵكو بە بەر بڵاوی رێگەی بۆ هەڵبژاردنێكی دڵخواز لەبار كردووە. (بۆ وێنە سەرنج بدەنە جیاوازی شێوازەكانی رێكخراوەیی لە گۆڕەپانی سیاسەت و كاردا، یان شێوازە جۆراوجۆرەكانی پەروەردە، خۆشویستن، چێشت لێنان، خەوتن، بۆنەگرتن و هتد)

ئەمە هەر ئەو شتەیە كە هاوكات لەگەڵ پرۆسەی گەشەكردنی فرەخوازی لە شێوازی ژیان و "گوشاری تاكخوازی" لە لایەن لاوانی ئێستاوەیەو بەكەڵك وەرگرتن لە چەمكێكی ئەم سەردەمە بە "پۆست مۆدێرن"[1] ناو دەبرێت.

### ٤. ٣. تیۆری كارداگەریەتی _ پێكهاتەیی

تیۆری كۆمەڵایەتی كارداگەریەتی _ پێكهاتەیی لە پەنای بیردۆزی ماركسیزمدا گرنگترین تیۆری لە بواری كۆمەڵناسی كەڵان دایە. ئەم تیۆرییە بەشێوەی سەرەكی لە لایەن "تالكوت پارسونز" دانراوە. "پارسونز" لە پێكەوە گرێدانی تیۆرییەكانی پێكهاتە گەریەتی _ كاردایی ( لە گۆڕەپانی مرۆڤناسی كولتوریدا) لەگەڵ تیۆری سیستمەكان و بۆچوونەكانی كردەوەی گشتی سەركەوتنی وەدەست هێناوە. بابەتی سەرەكی بۆچوونی كارداگەریەتی _ پێكهاتەیی چۆنیەتی فۆرم گرتن و پاشماوەی پێكهاتەی سیستمەكانی كۆمەڵایەتییە. پاراستنی پێكهاتەكە لە لایەن دوو پرۆسەوە دابیندەكرێت: یەكەم، بردنە ناوخۆی بەهاكان، كردەوە گونجاوەكان و

1 _W.Ferchhiff/G.Neubauer

داب و نەریتەکان لە لایەن ئەندامانی سیستمی کۆمەڵایەتییەوە، دووهەم، گەڵاڵەکردنی نمونەکانی کردەوەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان.

"ئایزنشتات" هەر لەسەر ئەو بیردۆزییە، تیۆری خۆی بە ناوی "لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە"[1] لە سەر لاوان رێکخستووە. هەڵبەت ئەو لەو چوارچێوە مانا کراوەی تیۆری کارداگەریەتی _ پێکهاتەیی بەو شێوەیەی کە "پارسونز" تێیدەگەیشت تێپەر بووە. هەر بەو رادەیەی کە لە گرنگی بنەماڵەکانی تیۆری کارداگەریەتی _ پێکهاتەیی دابەزیوەو بووەتە ئامانجی رەخنە جۆراوجۆرەکانی و لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسیدا شوێنی خۆی داوە بە تیۆری کردەوە، لە گرنگی تیۆری "ئایزنشتات"یش کەم بووەتەوە. سەرەڕای ئەوە، ئێستایش ئەو بیردۆزییە ئەوەندە گرنگە کە لێرەدا هێنانە بەر باسی بنەما بۆچوونییەکانی بە بایەخە.

بە بۆچوونی "ئایزنشتات" پاراستنی پێکهاتە، کردەوەی گونجاوو بەهاکان، یەکێك لە ئەرکەکانی هەر کۆمەڵگا یان سیستمێکی کۆمەڵایەتیە "سەرەڕای ئاڵوگۆری بەردەوام لە بنەمای پێکهاتەکاندا بە هۆی مەرگ و لەدایك بوونەوە".[2] رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها رۆڵە لەبارەکانی هەر ئەندامێکی کۆمەڵگا لە هەر تەمەنێکدا (مەبەست رۆڵەکانی تەمەنە) پێوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ چۆنیەتی ئەو رۆڵە لە کۆمەڵگادا. لە پرۆسەی کۆمەڵگەهەڵگری سیستمی تایبەتی لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتی لە پێوندیدان.

"ئایزنشتات" رێورەسمی بەخێرهێنان لە کولتورە خۆجێیەکاندا وەك نموونە باس دەکات کە لە راستیدا وەڵامێکن بەو چاوەڕوانییانەی

1_ Von Generationen zu Generationen
2_ Eisenstadt1966





کۆمەڵگا لە ئاڵوگۆری تەمەن هەیەتی. لە کولتورە خۆجێیەکان پێوەندییەکانی خزمایەتی و گروپە رەچەڵەکییەکان گرنگترین هۆکاری راگوێزانی نموونەی هەڵسوکەوتەکانن، بەگشتی لە هەر تەمەنێکدا نموونەکانی هەڵسوکەوتی تایبەت بەو تەمەنەی تێدا هەیە. بە بۆچوونی "ئایزنشتات" ئەو نموونەی هەڵسوکەوتە نەریتییانە ناتەواون بۆ کۆمەڵگای مەدەنی ، هەتا بتوانن کولتورە بەجێ ماوەکان بپارێزن و بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەردەوامی ببەخشن.

رۆڵی گروپە هاوتەمەنەکان لێرەدا گرنگی هەیە. لە کۆمەڵگای مودێرندا هەست بە پێویستی هەبوونی "گروپە یەکگرتووەکان" دەکرێت. ئەم گرووپانە هێندیك جار وەرگری رۆڵی پێشبینی کراو نین و هەندێك جاریش بە ئاڕاستەی ئەواندا هەڵوێست دەگرن. "ئایزنشتات" لە پێوندی لەگەڵ وەرگرتنی ئەرکەکان، گرنگییەکی تایبەت بە گروپە هاوتەمەنەکان ئەدات. بە بۆچوونی ئەو دەکرێ کەلێنی نێوان گروپەکانی یەکەم و دووهەم بە هاوتەمەنەکان پڕکریتەوە. لەسەر بنەماکانی تێڕوانینی خۆی، واتە کارداگەریەتی _ پێکهاتەیی، کاردایەکی تایبەت بۆ گروپە هاوتەمەنەکان لە کۆمەڵگادا دەدۆزێتەوە. ئەم گرووپانە "ئەرك"یان پێدەدرێت، کە دەکەونە نێونجیگەری نێوان بنەماڵەو کۆمەڵگا، کەسوکار، دراوسێ و شوێنی کار.

بۆچوونەکانی "ئایزنشتات" رەخنەی زۆری ئاڕاستە کراوە کە "گریزە" ئەوانی کۆ کردوەتەوە[1]. سەرەڕای ئەو رەخنانە ئەم تیۆرییە سوودمەندی خۆی پاراستووە، چونکە بۆ یەکەم جار بە شێوەی رێکخراو لێکۆڵینەوەی کردووە لە سەرهەڵدانی گروپە هاوتەمەنەکان و

1_Griese 1987

ئەو کاردابییەی ئەم گرووپانە بۆ شێوازی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی هەیانە،.

بە باوەڕی "ئایزنشتات" گروپە هاوتەمەنەکان وێڕای کاردایی ڕێککەوتن لەگەڵ شێوازی کۆمەڵایەتیدا، دژەکاردایەتیشیان بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی هەیە[1]. لە تێڕوانینی ئەوەوە "لە نێوان چاوەڕوانی و داخوازییەکانی لاوان و ئەو چاوەڕوانییانەی گەورەکان لەوانیان هەیە جیاوازی بنەڕەتی دەبینرێ. ئایزنشتات لە هەوڵدایە، سەبارەت بە دژەکاردایی گروپە هاوتەمەنەکان دەربخات کە بە یارمەتی "هەلومەرج دەکرێ جیاوازی پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی دژە کاردایی پیشان بدرێت و چۆنیەتی پێکهاتەی بە لاڕێدا چوون شیبکرێتەوە"[٢].

تەکتیکی کارداگەریەتی _ پێکهاتەیی لە هەموو شتێك زیاتر بەسووده بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە گەشە سەندن، پێکهاتەو کارداگەریەتی گروپە هاوتەمەنەکان. سەبارەت تیۆری کارداگەریەتی _ پێکهاتەیی بەردەوام گوێ بیستی ئەم ڕەخنەیە بووین کە ئەو تیۆرییە ناتوانێ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شیبکاتەوە. راڤەکردنی دژەکاردایی گروپە هاوتەمەنەکانی "ئایزنشتات"یش ئەو کەموکوڕییەی هەیە. تێگەیشتن لەم خاڵە کە دەکرێ بە لاریدا چوون لە چوارچێوەی تیۆری ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەوێتە بەرباس، بۆ "ئایزنشتات"دژوارە. ئەوەی بۆ ئەو جێگەی گرنگییە ، پاراستنی پێکهاتەو کاردا پێویستەکان بۆ ئەم کارەیە.

لەو هەلومەرجەی ئێستادا بەکارهێنانی بیردۆزییەکانی ئایزنشتات بۆ کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا دژوارە. لە سەردەمی ئێمەدا، واتە سەردەمی ئاڵوگۆڕە خێرا کۆمەڵایەتییەکان شیکردنەوەی پێکهاتەی

1_ Eisenstadt1966
2_ Eisenstadt1966





تاکی کولتوری لاوان بە شێوەی "کاردایی"یان " دژە کاردایی" دژوارە. کاتێك ئەو ئاڵوگۆڕە تێڕوانین و بەهاکان دەگرێتەوە، دژوارییەکە زیاتر دەردەکەوێ. بەتایبەت لەو کاتەدا تێڕوانین و بەهاکان لە حاڵی گۆڕاندان، بەڵام بەرجەستە بوونی ئەم بەلای ئەوەوە هێشتا لە گۆڕەپانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا نابینرێت.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە، دەسکەوتی ئایزنشتات، واتە کاری ڕێکخراو لە بواری گەشەکردن، کارداو پێکهاتەی گروپە هاوتەمەنەکان لە کۆمەڵگای ئاڵۆزو پیشەسازی سەردەمدا دەمێنێتەوە.

### ٤. ٤. بیردۆزییەکانی مارکسیست

تیۆری کۆمەڵناسی مارکسیست دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرییە کۆمەڵایەتییە، واتە "کارل مارکس"(١٨١٨ _ ١٨٨٣)و "فریدریش ئینگلس" (١٨٢٠ _ ١٨٩٥).

لێرەدا پێویستە بە شێوەیەکی ڕوونتر لە تیۆرییەکانی دیکە سەبارەت بە لاوان، لە جیاوازی نێوان تیۆری گشتی ئەم تەکتیکە بەنیسبەت پێکهاتەی کۆمەڵگاو کارایی ئەم بیردۆزییە گشتییە سەبارەت بە لاوان پێداگرین.

مارکسیزم لە هەموو جۆرە لق و پۆپە هزریی ڕێکخراوەییەکانیدا ئاڵۆزترین و لە هەمان کاتدا شوێن دانەرترین بۆچوون لە گۆڕەپانی زانستی کۆمەڵایەتیدایە. لە تیۆری مارکسیستی لاوان بە چەمکێکی دیاریکراو ناکەونە بەر باس، گەنجیەتی وەك گرووپێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن تەمەنێکی تایبەت لە بیردۆزی مارکسیستیدا شوێنی دیاری نییە. لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا، هەرکات باس لە لاوان دەکرێت، دیاردە تایبەتە تەمەنی و گرووپییەکان دەبنە سەرخانی بارودۆخی

گشتی چینایەتی لە کۆمەڵگادا.

بە بۆچوونی ئەوان، کێشەی لاوان یەکێك لە بابەتەکانی کۆمەڵگای بورژواییە. کەواتە لە تێڕوانینی ئەوانە دەبێ کێشەی لاوان لە چوارچێوەی پێکهاتەی چینایەتی کومەڵگادا، بکەوێتە بەرباس. کێشەی لاوانی چینی کرێکار جیاواز لە کێشەی لاوانی چینی بورژوایە. هەر بە پێی ئەو تێڕوانینەیە کە مارکس لە چەندین شوێندا باس لە کێشەی لاوانی چینی کرێکار دەکات. بۆ وێنە لەو کاتانەدا باسی گرفتەکانی کارکردنی منداڵان دەکات، وەك تیۆرییە بەناو بورژواییەکان، زۆر سەرنج ناداتە تایبەتمەندییە دەروونناسییەکانیان، بەڵکو دژواری کاری منداڵان لە بارودۆخی گشتی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەبڕێ. ئەم "نەریت"ە هەم لە "کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا" (ئەڵمانیای خۆرهەڵات)، هەم لە "کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا" (ئەڵمانیای خۆر ئاوا) پارێزراوە. لاوان لە هیچ بەشێکی ئەڵمانیادا، وەك کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بە شێوەی گرووپی بە تایبەتمەندییەکانی تەمەنەوە نەبوونە بابەتێکی لێکوڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان.

هەڵبەت لە پەنای تێگەیشتنی تەواو لە لاوان لە تیۆرییەکانی مارکسیستیدا، بە سەرنجدان بۆ بنەما بیروکەییەکانی مارکسیزمو لە روانگەی بیردۆزی ماتریالیزمی مێژووییەوەو تیۆرییە باس کراوەکانی دیکە، دەتوانین ئەو پرسیارە سەرەکییانەی خوارەوە سەبارەت بە بارودۆخی لاوان لە کۆمەڵگادا بخەینە بەر باس:

_ هۆکاری "خۆ لێونبوونی" زۆربەی لاوان لە فەزای بنەماڵە، قوتابخانە،کارو کۆمەڵگا چییە؟ هەتا چ ڕادەیەك روانینو نموونەی هەڵسوکەوتی لاوان، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بنەماو پێوەرەکانی کۆمەڵگای بورژوایی بۆ وێنە پێناسەی کەرەستەکان، ئاڵوگۆڕی





پێوەندی کۆمەڵایەتی، خەرجی، خزمەتگوزاریو خاوەنداریەتی ؟

_ زانیاری لاوان هەتا چ ڕادەیەك شوێنەواری بارودۆخی کۆمەڵایەتی، فەزای کۆمەڵایەتی، ئەزموونو پلەی سەربەخۆیی و پاڵپشتی دایك و باوك لە شوێنی کاری لە سەرە؟

**٤. ٥. بیردۆزییەکانی کردەوە لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی لاواندا**

ئەو تیۆرییانە کە هەتا ئێستا لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردوون، بە زۆری لەو بیردۆزییانە بوون کە لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسی کەلاندا دێنە ئاراوە. لێرەدا بەدوادا چوونێك لەسەر ئەو تیۆرییانە دەکەین کە دەکەونە چوارچێوەی بیردۆزییەکانی کۆمەڵناسی "ورد"ەوە. بابەتی ئەو جۆرە تیۆرییانە، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کردەوەو بارودۆخێکە کە کردەوەی تێدا پێکدێت. کەواتە، سەرچاوەی ئەو جۆرە بیردۆزییانە تاکەکەسە. گرنگترین تیۆرییەکانی کردەوە لە کۆمەڵناسیدا بەو شێوەیەی ژێرەوەن:

_ تیۆری کردەوەی کۆن لە کۆمەڵناسیدا، کە لە لایەن "تالکوت پارسونز" بەکەڵك وەرگرتن لە تیۆرییەکانی "ماکس وبر"و "ئەمیل دورکیم" پێشکەش کراوە.

_ تیۆری رۆڵەکان کە بە پاڵپشتی بیردۆزیی گشتی کردەوەو بیردۆزیی کردەوەی بەرانبەر دانراوە

_ تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی کردەوەی بەرانبەر: کردەوەی بەرانبەریی هێمایی، هەڵسوکەوتناسی مرۆڤناسانە بەواتەیەك تیۆری نموونەی شیکەرەوە (ئەم تیۆرییە لە دیاردە ناسیو بەدواداچوونە جۆراوجۆرەکان بە کێشەی "بەردەوامی جیهانی ژیان" ریشەی داکوتاوە).

_ تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی سەبارەت بە گرووپ، کە لەسەر

بنەمای ئەوان کردەوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی بەربڵاو لە نێو گروپەکاندا بەرێوە دەچێتو راستییەکانی کۆمەڵایەتی تاکەکان هەر ئەو راستیانەی گروپەکانن کە ئەو تاکانە تێیدا ئەندامن.

مەبەست ئەوەنییە کە لێرەدا پێناسەی ئەم تیۆرییانە بکەین، بەڵکو بابەتی بنەڕەتی هەڵسەنگاندنی گرفتەکانی لێکۆڵینەوەیە لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسی لاواندا کە بە "سەرچاوە بیردۆزییەکانی" ئەم تەکتیکە دەوڵەمەند کراون. بنەمای تیۆرییەکانی کردەوە، ئەو لە کردەوەی دیاریکراوی کەسەکاندا جێگای دیاری هەیەو هەر ئەوەیە کە ئێمە بە "کۆمەڵایەتی" یان "کۆمەڵگەیی" ناوی دەبەین. ئەم کردەوانە لە بارودۆخە تایبەتەکاندا زۆر جار بە نموونە دیارەکانەوە خۆی دەردەخات. بە شێوەی گشتی کردەوەکان پێکهاتەی کردەوەی دیاری نێوان دوو کەس یان کردەوە جۆراوجۆرەکانی گرووپن (لە نێو بنەماڵەدا، شوێنی کار، گرووپی سەیرانو وەرزشییەکان، باندەکان، فیرقەکانو هتد).

تایبەتمەندییەکانی تاکی ئەنجامدەری کردەوە ، لێهاتووییە کردەوەییەکانی، هانەکانو داخوازییەکانیو هەروەها هەندێك هۆکاری دیکە، بەشەکانی پێکهێنەری بارودۆخی کردەوەن. بە سەرنجدان لە بنەما بۆچوونیەکانی سەرەوە دەتوانین لاوانیش وەك بابەتێك لەگەڵ کردەوەکان، هەلومەرجی کردەوە، هانەکانو داخوازییە تایبەتییەکان هەڵسەنگێنین. سەبارەت بە کردەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانین بە شێوەیەکی زۆر گشتی بڵێین کە هەڵوێست گرتنی کردەوە بە ئاڕاستەی بەهاو کارە شیاوەکانو پێکهاتەی ئەو بەلەبەر چاوگرتنی چاوەروانییەکانی کەسانی دیکە لە رۆڵێکی دیاریکراو، دروست دەکرێت. تایبەتمەندی "نموونەی" کردەوەی لاوان لەوەدایە کە بە





ئاسانی لەو پرۆژەی سەرەوەی کردەوەدا جێی نابێتەوە . بۆ باسکردن لە بوونی جیاوازی لە نێوان پرۆژەی گشتی کردەوەو کردەوەی لاوان ئەو هۆکارانەی خوارەوە دەخرێنە بەر چاو:

_ لاوان دەسەلاتی تەواویان بۆ کردەوە نییە ( دەسەڵات بە مانای لێهاتوویيو فەزای کردەوەیە)

_ رۆڵی لاوان، لە بنەماڵە، قوتابخانە، شوێنی کارو سەرچاوە گشتییەکان بە روونی شی نەکراونەتەوە.

_ لاوان بە شێوەیەکی ئاگایانە لە بەڕێوەبردنی ئەو کردەوانە کە لەسەر بنەمای دابو نەریتەکان لە کۆمەڵگادان خۆ دەبوێرن. هەر بەو هۆیەوە پەنا دەبنە بەر گروپە هاوتەمەنەکان کە لەگەڵ گروپە ناسراوە بە تەمەنەکان جیاوازن.

لە گروپە هاوتەمەنەکاندا شیکردنەوەی رۆڵ لە لایەن لاوان خۆیانەوە دەکرێت، کەواتە "فەزای خۆ ناسین" دەڕەخسێت کە لەو گۆڕەپانەدا لاوان بۆخۆیان، دەسەلاتو هێزی پێناسەکردنی رۆڵەکانیان هەیە.[1]

ئەم تێڕوانیەنە ئەوەندە بەلای "ئایزنشتات"و "تنبروك"ەوە گرینگە کە سەرهەڵدانی لاوان وەك گرووپێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆو گەشەپێدانی گروپەکانی خودموختاری نێوان لاوان لە پێوەندی نزیك لەگەڵ یەکتر دەبینن.

تیۆری "کردەوەی بەرانبەری هێمایی"و تیۆری "شێوەناسی مرۆڤناسانە" لە راستیدا لەگەڵ تیۆرییەکانی کردەوەی کارداگەریەتی _ پێکهاتەیی تەواوکەری یەکترین. باشتر وایە سەرنج بدەینە ئەو

[1]_ Griese 1987

بۆچوونانەی خوارەوە:

_ لەوەدا کە چۆن بتوانین بەڕێوە چوونی کارێك بە کردەوەی کۆمەڵایەتی ناو بەرین پێوەندی بەوە هەیە کە چۆن کەسێك لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی تایبەتدا بتوانێت مانا بەو کارە ببەخشێ‌و زەنجیرەیەك لەو هێمایانە لە ژیانی مرۆڤدا لە چوارچێوەی شێوازێكدا هەڵسەنگێنێت‌و بە واتایەك بەسەریاندا زاڵ بێت.

_ لاوان لە لایەك بەسەرنجدان لە گرنگی، جێگیری ڕێکخراو لە هێماکان‌و باڵادەستییەك کە گەورەکان لە بەکارهێنانی ئەم هێمایانە لە خۆیاندا پیشانی ئەدەن، هەست ناسکن‌و لە لایەکی دیکەوە لێهاتوویی‌و نموونە مانابەخشە پێویستەکانیان لەبەر دەستدا نییە بۆ ژیان کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت. لاوان بە ڕادەی جۆراوجۆرو جیاواز ئامادەن بۆ وەرگرتنی لێهاتوویی‌و نموونە مانابەخشەکانی گەورەکان کە ئەمە بارودۆخەکە زیاتر بەرەو دژواری دەبات.

_ یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکان کە دەبێتە هۆی قەیران‌و دژایەتی لە هەڵوێستی کردەوەی نێوان لاوان‌و گەورەکاندا، ئەوەیە کە گەورەکان لە کاتی کردەوە لە چوارچێوەیەکی گشتی‌و نەگۆڕدا کار دەکەن لە حاڵێکدا لاوان لە سەر تیۆری "نموونەی شێوە ناسی مرۆڤناسانە" ئەم چوارچێوە گشتی‌و نەگۆڕە لە هێما و نموونەکانی کردەوە لە گۆڕانی بەردەوامدا دەبینن. کەواتە دەکرێ چاوەڕێ بین لە لایەن لاوان خۆیانەوە پێداچوونەوەو شیکردنەوەی مانای بۆ بکرێت: "لاوانی خاوەن کردەوەکان، مانا بەخشییەکان‌و نموونە هێماییەکانی تایبەت بەخۆیانن."

هەتا ئێستا هیچ کەس نەیتوانیوە، تیۆرییەکی تەواو سەبارەت بە لاوان لەسەر تیۆرییەکانی " کردەوەی بەرانبەریی هیمایی"و "





شێوەناسی مرۆڤناسانە" بخاتە بەردەست. ئەم تیۆرییە زیاتر لە بواری لێکۆڵینەوە سەبارەت بە نیوە کولتوری لاوان‌و هەڵسوکەوتە چەوتەکانی ئەوان سوودمەند بووە.[1]

1 _Vgl.Z.B.P Willis 1979;M.Brake;R.Lindner / H.H.Wiebe 1986

## ٥

## کورتەیەك لە مێژووی کۆمەڵایەتی لاوان

لە نێوان کولتوورو کۆمەڵگا کۆن و خوجێیەکاندا، بە دژواری کۆمەڵگەیەك دەبینین کە سەردەمی لاوێتی بەشێوەی قۆناغێکی سەربەخۆ لە ژیاندا بزانن. لە زۆربەی ئەم کولتورانەدا ژیان بە سێ قۆناغ دابەش دەکرێت. منداڵی، مام ناوەندی، پیری. قۆناغی تێپەرین لە منداڵییەوە بۆ مام ناوەندی بە زۆری کاتێکی دیاریکراوی نییەو زۆر جار لەگەڵ ڕێورەسمی بەخێرهێنان هاوکاتە.

بۆ لیکۆڵینەوەی زیاتری مێژووی لاوان دەتوانن ئەو بەرهەمانەی خوارەوە بخوێننەوە: "مێژووی لاوان لە کۆنەوە هەتا سەردەمی ئێمە لە ئەوروپا" لە نووسینی ڤاڵتێر هۆرنشتاین، "مێژووی لاوان لە کۆنەوە هەتا دەسەلاتداری دیکتاتۆری" لیڤی و ئیشمیت، " مێژووی کۆمەڵایەتی لاوان" میتراوێر، " مێژووی لاوان لە سەدەی هەژدەهەم هەتا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی" موخف و گیلیس، " ژیاننامەیەك بۆ مێژووی لاوان و لێکۆڵینەوەی مێژووی لاوان" نووسینی هێرلمان.[1]

### ٥. ١. لاوێتی لە سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا

### ٥. ١. ١. چوار قۆناغی ژیان، تێگەیشتنی ئەرەستوو لە لاوێتی

یۆنانییەکان سەبارەت بە دابەشکردنی ژیان بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەیە. یۆنانییەکان لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینەوە باوەڕی

[1]_Walter Hornstein1966، Levi/schmitt1996، Micheal Mitterauer 1986، H.H.Muchow 1962، J.R.Gillis 1984، V.Herrmann 1980





جیاوازیان سەبارەت بە دابەشکردنی قۆناغەکانی ژیان بە نیسبەت خەڵکی دیکەوە هەبووە، کەسانێك وەك "هزوید" (سەدەی هەشتەمی پێش زایین)و سۆلۆن (٦٤٠ هەتا ٥٦٠ پێش زایین) قۆناغەکانی ژیان بەشێوەی جیاواز بۆ وێنە لەسەر نموونەکانی ئەستێرە ناسی بەسەر حەوت قۆناغدا پۆلێن کردووەو سەرەنجی کەمتریان داوەتەوە پۆلێنکردنی بابەتیی قۆناغەکانی ژیان. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پۆلێنکردنی قۆناغەکانی ژیان لە نێوان یۆنانییەکاندا چاو لە بەرهەمەکانی "روز نمایر"و "لیڤی"و " ئیشمیت" بکەن.

ئەرەستوو(٣٢٢ _ ٣٨٤ پێش زایین) لە کتێبەکەیدا بە ناوی "هونەری پەیڤین" قۆناغەکانی ژیانی کردووەتە قۆناغەکانی لاوی، مام ناوەندیو پیریو تایبەتمەندیەکانی ئەو سێ قۆناغەی شیکردووەتەوە.

### ٥. ١. ٢. حکومەت و هاووڵاتی وەك پێش مەرجەکانی سەرهەڵدانی قۆناغی لاوێتی: ئاتێن و ڕۆم.

لە روانگەی مێژووی کۆمەڵایەتییەوە یەکێك لە پێش مەرجەکانی فۆرم گرتنی قۆناغی لاوی، سەرهەڵدانی کولتوری شارییە، واتە ئەو مەرجانەی کە ڕێگا ئەدەن بەشێك لە کۆمەڵگا پێویستی بە کاری جەستەیی نەبێت. لەو بارودۆخەدا "هونەرە ئازادەکان" وەك پیشەیەك دەناسرێن . هەروەك دیمان، لە سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغی لاوی لە سەردەمەی نوێیشدا ئەو هۆگریو پێویستییە هەبوو کە خولی فێرکردن درێژتر بکرێتەوە.

لە بەڕێوەبردنی شارەکانی یۆناندا لەو کەسانە کە بۆ بەڕێوەبردنی داهاتووی کۆمەڵگا هەڵدەبژێران داوادەکرا زانست، هونەری پەیڤین و لۆژیك فێربن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن ڕێبەرایەتی کۆمەڵگا

بەدەستەوە بگرن. ئەمە لە خۆیدا بە مانای مانەوەی زیاتر لە ئاکادیمییەکان، خویندگاکانی وتاردان و ناوەندە پەروەردەیەکاندا بوو. هەر ئەو ریشە مێژووییە بووە هۆکاری ئەوەی زۆر کەس لە ئەوروپا وا بیربکەنەوە لاوێتی قۆناغیکە بۆ خوێندن و لاوان هۆگری چاکسازی کۆمەڵگان.[١]

ئەگەر تێڕوانینی یۆنانییەکان سەبارەت بە لاوی بە پێناسەی شیکردنەوەی لاوێتی بزانین، بەو جۆرە پێناسەیە ناتوانین "لاوێتی" لە حکومەتی شاری "ئیسپارت"ی یۆنان بە لاوێتی بزانین. بە بەراورد لەگەڵ پۆلێنکردنی راهێنانی سەردەمی ژیان بە حەوت قۆناغ لە تەمەنی حەوت هەتا بیست و یەك ساڵی ، حکومەت بەرپرسایەتی پەروەردە کردنی منداڵان و مێرمنداڵانی لەسەر شان بوو. ئەو پەروەردەیە لەگەڵ پاراستنی یاسا قورسەکان یان بە واتایەك "یاسا ئیسپارتییەکان" بەرێوە دەچوو. لاوان هیچ کاتێك بیٚ بەرپرس نەبوون، هەموو هاوولاتییەکی کامڵی ئیسپارتی رێگای پیٚ درابوو، کاتیٚ ژێر پێنانی یاساکانی دەدیت" ئامۆژگاریان بکات یان سزایان بدات".[٢]

قۆناغی لاوێتی بەو چەمکەی کە ئێستا ئێمە تێیدەگەین، ماوەیەك دواتر لە حکومەتی شاری خاوەن کولتورو دێموکرات واتە ئاتێن دۆزراوە. ئاتێن بووە دامەزرینەری بنەما سەرەکییەکان کە بە تایبەتمەندییەکانی "ئاتێنی بەرێوەبەریەتی حکومەت _ شار" دەناسراو بۆشاییەکی لە کۆمەڵگادا خولقاند کە لە چوارچێوەی ئەودا مەرجی پێویست بۆ سەرهەڵدانی گروپە کۆمەلایەتییە سەربەخۆکان پێکهات. واتەی ئاتێنی "ئەفێبی"[٣]، بە مانای سەردەمی لاوییە کە

[1] Rosenmayr 1976
[2] Vgl.Hornstein 1966
[3] Ephebie





ئەرەستوو لە نووسینەکانی خۆیدا سەبارەت بە حکومەت باسی کردووەو وەك دامەزراوێك دایدەنێت و لە کۆمەڵگای ئاتێندا گرنگی تایبەتی بوو[1]. وشەی "ئەفێبی" لە واتای "ئەفئبە"[٢]ی یۆنانی _ لاتینی وەرگیراوە کە لە یۆنان بە لاوانی هەژدە هەتا بیست ساڵە دەوترا.

رۆمییەکان بۆچوونی یۆنانییەکانیان سەبارەت بە لاوان پەسند کردو هەر لە لایەن ئەوانەوە گۆڕانکاری تێدا کرا، گرنگی پێدراو لەسەر ناوچەیەکی جوگرافیایی بەرین کاریگەری دانا. هەر ئەو تێگەیشتنی رۆمییە لە تێڕوانینی یۆنانی لە لاوان لە سەدەی نێوەراست و جوولانەوەی ئومانیزم، واتە مرۆڤ تەوەرییەوە جارێکی دیکە نۆژین بووەوەو لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا شوێنەواری قووڵی لەسەر کولتورو جوولانەوەی لاوان دانا.

یاساکانی رۆم، کاریگەری خستە سەر رۆژئاوا بەگشتی و یاسای ئەڵمانیا بەتایبەتی. هەروەها یاسای بنەماڵەی رۆم لەسەرهەڵدانی یاسای لاواندا کاریگەری دانا. تێڕوانینی بنەماڵە تەوەرەیی رۆمی شوێنەوارێکی زیاتری دانا لە سەرهەڵدانی یاسای بنەماڵە لە ئوروپا بەنیسبەت مەسیحییەت کە بۆ جیهانێکی دیکە رادەکێشرا. جێگای سەرنجە کە "مارکوس تزنتیوس وارو" (٢٧ _ ١١٦ی پێش زایین)، رەنگە یەکێك لە ناودارترین بیرمەندانی رۆمی کۆن، تەمەنی نێوان پانزدە هەتا سی ساڵی بە قۆناغی لاوێتی دەزانی. بەلام لاوێتی لە رۆم و یۆنانی کۆندا زیاتر لەوەی کە بە هۆکارەکانی تەمەن دیاری بکرێت، شێوازیك لە ژیان کردن بوو، واتە پێکهاتەیەکی دڵخواز.

[1] _ Vgl.W.Hornstein 1966
[2] _ Ephebe

### ٥. ١. ٣. سنووردارکردنی لاوان بۆ کوڕانی لاوانی چینی بورژوا

لاوێتی، نەك هەر لە کۆندا، بەڵکو هەتا قۆناغەکانی سەردەمو پێش"جوولانەوەی لاوانی باڵندە کۆچەرییەکان" تەنیا تایبەت بوو بە لاوانی کوڕی چینی سەرەوە هەر ئەو چینەی کۆمەڵگا بە هۆی ئەرخەیانی لە دابینبوونی پێویستییەکانی رۆژانە دەیانتوانی لە بەشێك لە ژیانیان وەك ئەزموونی لاوی کەڵك وەرگرن. ئەوان بە ئەرکی خۆیان دەزانی فێری هونەرە ئازادەکان بن. بۆ لاوانی یۆنان (ئەفئبەکان) ئەو قۆناغی پەروەدەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی وێنەیەکی تایبەت لە جوانیو بەزۆری هۆگری بە لای هاورەگەزدا خۆی دەنواند. دەتوانین ئەوهۆگرییە لە بەشێك لە ئەدەبیاتی جوولانەوەی لاوانی سەردەم کە بەرهەمی " هانس بلوهێر"ە[1] چاو لێبکەین.

دەکرێ ئەو بابەتانەی سەرەوە لە زمانی "هورنشتاین"ەوە بە شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:"سەردەمی کۆن دەریخست کە بە پەرەپێدانی جیاوازییەکان لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا، بەها نەریتییەکان وەك پێوەندی خوێنیو خێڵەکی جێگەی خۆی ئەداتە رێکخستنێك لەسەر بناخەی تێگەیشتنو فۆرم پێدانی نوێی کۆمەڵایەتی، کە لە چوارچێوەی ئەودا دەبێت بە شێوازێکی دیکە بڕوانرێتە قۆناغی لاویو شوێنی لاوان لە کۆمەڵگادا[2]".

### ٥. ١. ٤. لاوان لە سەدەکانی نێوەراستدا

سەدەکانی نێوەراست، ماوەی نێوان سەردەمی کۆنو ئێستا لە خۆ دەگرێت. ئەگەر پرۆسەی سەرهەڵدانی قۆناغی لاوێتی بە شێوەی

1 _HansBluher1911/1913
2 _W.Hornstein 1966





قۆناغیکی سەربەخۆ لە ژیانی مرۆڤدا بخەینە بەرچاو، سەدەکانی نێوەراست شوێنێکی ناوەندییان لە ڕەوتی ئەم پرۆسەیەدا هەیە. هەر ئەو دیاردەیەی کە لە سەردەمی کۆندا شایەتی بووین ئێستایش دەبینرێ. سەرهەڵدانی کولتووری شاری سەربەخۆ لە سەدەی دوازدەهەمەوە لە روانگەی مێژوی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری قووڵی هەبووە لە سەرهەڵدانی لاوان وەك گرووپێك لە کۆمەڵگای چینایەتی لەسەر بناخەی پیشەکانی سەدەکانی نێوەراست.

گەشەکردنی ئابووریو پێویستی بە پسپۆر لە هونەرو کارەدەستییەکاندا بووە هۆی درێژبوونەوەی قۆناغە پەروەردەییەکانو کۆچکردن کە ئەم هۆکارانەیش لە جێی خۆیاندا بوونە هۆی سەرهەڵدانی شێوەیەك ژیانی تایبەت لە قۆناغی لاوێتیدا. لە پەنای ئیشەدەستییەکاندا کە پێویستییان بە ژمارەیێکی زۆر بەردەست هەبوو، زانستگاکان دامەزرانو گروپە ئازادەکانیش دەرکەوتن کە لاوانیان بە "گرووپێکی کۆمەڵایەتی چاوەڕوان"و لاوێتیان بە قۆناغێکی هاوکات لەگەڵ ڕاهاتنە قورسو درێژخایەنەکان دەزانی. ئەو دیاردە هاوتایانەی کە لەم قۆناغەدا دەبینرێن وەك بە جێهێشتنی خێراو لە ناکاوی ماڵ، نابێ ئەو تێڕوانینەمان لا دروستبکات کە گرووپی لاوان دەیانتوانی سنوورییە خەیاڵییەکانی ئیشی _ چینایەتی ئەم قۆناغە تێپەر بکەن.

### ٥. ٢. لاوێتی لە سەدەکانی هەژدەو نوزدەی زایینیدا

قۆناغەکانی تێپەر بۆ سەردەمی نوێ لەگەڵ دوو پرۆسەی گرنگدان، کە بە رادەیەکی زۆرو بەربڵاو کاریگەرییان لەسەر روانگەی بەشی زۆری چینو توێژەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە قۆناغی لاوێتیو منداڵی دانا:

_ بوون بە بنەماڵەو روو لە زیاد بوونی ژیان بە سەربردن لە نێو ماڵدا لە پرۆسەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای شارنشینیو بورژوایی کە بە واتای بورژواکان بووە هۆی سەرهەڵدانی "هاوولاتی"،

_ تێگەیشتن لە کاریگەری پەروەردە لە قۆناغەکانی منداڵیو لاویداو زۆرە ملێ بوونی خوێندن بۆ منداڵانو مێرمنداڵان (سەدەکانی هەژدەو نۆزدە).

خوێندنی زۆرەملێو درێژخایەن کە رۆژ لەگەڵ رۆژ لە نێو چینو توێژەکانی کۆمەڵگادا بەربەرینتر دەبوو، لەگەڵ پەرەگرتنی کولتوری بوون بە بنەماڵەو ژیانکردنی نێو ماڵ بە تایبەت لە سەردەمی بزوتنەوەی ئاینی "خۆپارێزە ئەڵمانیایەکان"[1] و بزوتنەوەی هونەریی "بیدرمایر"[2] بووە هۆی نیشتەجێ بوونی زیاتری منداڵانو لاوان لە ماڵو نێو ئەندامانی بنەماڵەدا. خوێندنی زۆرملێ لە پەنای رێکخستنی خوێندنی سەرەتای، ناوەندی(دواناوندی)و بالادا بوونە هۆی سەرهەڵدانی مەیلی گەورەکان بۆ دامەزراندنی رێکخراوە نەریتییەکان[3].

### ٥. ٢. ١. "روسوو"و فۆرمگرتنی بۆچوونی ئامانجخوازی لە لاوێتی

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بەرەبەرە "بۆچوونی ئامانجخوازی مودێرن لە لاوێتی" فۆرمی گرتو هەتا ئەم سەردەمە درێژەی هەیە. "ڤاڵتێر هۆرنشتاین" توانیویەتی بە جوانی گۆڕانی "لاوانی بنەماڵە دەرەبەگەکان" بۆ "لاوانی دڵ پر ئاواتو ئارەزوو" بەشیکراوەیی بخاتە

1 _Pietismus
2 _Biedermeier
3 _S.N.Eisenstadt 1956





بەرباس.

لەم بوارەدا "ژان ژاك روسوو" و بزوتنەوەی سەدەکانی هەژدەهەمو نوزدەهەمی ئەڵمانیا کە لە ژێر کاریگەری ئەودابوون، رۆڵی بەرچاویان هەیە. کەواتە ناوبانگی "چاك" بۆ "روسوو" دەگەرێتەوە بۆ رۆڵی گرنگی ئەو وەك "دۆزەرەوەی" قۆناغی لاوێتی. بەڵام بۆ هەر کارێك، کاتو شوێنی گونجاو پێویستە. سەردەمی ژیانی روسوو هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتای سەردەمی پیشەسازی، سەرهەڵدانی رێکخستنی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان، رزگاری تاك لە بەستراوەییو بێ مافی، بەرێوەچوونی پرۆژەی خوێندنی زۆرەملێو دەستپێکردنی سەردەمی یەکگرتنی سیاسی.

روسوو بە یەك ڕادە کاریگەری دوو حاڵەتی لەسەر بوو، لە لایەك دروست بیرکردنەوەی "بارودۆخی سروشتی"[1] و لە لایەکی دیکەوە بوونی دژوارییەکان لە بارودۆخی کولتوری خەڵکی سەردەمی خۆیدا. تەنیا منداڵانو لاوانن کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت لە هەلومەرجی زاڵدا چاکسازی پێکبێنن. لێرەدایە کە یەکێك لە بنەما سەرەکیو پەروەردەییەکانی ئەو سەرچاوە دەگرێت: "هەتا دەکرێت بە دواکەوتنەوە"، روسوو لە رۆمانی پەروەردەیی خۆیدا بە ناوی "ئیمیل" کە یەکەم جار لە ساڵی ١٧٦٢دا چاپ کرا، درێژ کردنەوەی قۆناغی لاوی خستوەتە بەرباس. لە روانینی "روسوو"ەوە منداڵیو لاوێتی قۆناغگەلێکی رەها لە "خۆنەناسی" مرۆڤەکاندایە. باشتر وایە ئەم قۆناغە رەهایە درێژتر بێتەوە.. بە باوەڕی روسوو دەبێ سەربەخۆیی قۆناغی لاوی بە درێژبوونەوەی قۆناغی فێرکردن گەرەنتی بکرێت. لە

1 _Naturzustand

راستیدا ئەم کارە بووژانەوەی کۆمەڵگا گەرەنتی دەکات.

هەتا سەردەمی بزوتنەوەی لاوان پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، کە نزیکەی سەدو پەنجاساڵی کێشا، ئەم دروشمە بووە باوەڕی سەرەکی و بەڵگە نەویستانە لە بواری پەروەردە لە وڵاتانی بەرەو پیشەسازی (لە ئەوروپا)دا.

لە بواری هونەردا، لە سەردەمی دروستکردنی "دەنگی لاوی" بەرهەمی "فریدریش هۆلدێرلین"[1]ـەوە، نووژاندنەوەی کولتوری، دەروونی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە لایەن لاوانەوە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانە. پاش شەڕی جیهانی دووهەم بە هێندیك هۆ کە دواتر باسیان دەکەین لە گرنگی ئەو دروشمە کەمبووەوە.

### ٥. ٢. ٢. لاوانی خوێندکارو گروپە خوێندکاریەکان

لاوانی خوێندکار کە پاش ساڵی ١٨٠٠ لە شارە خاوەن زانستگەکانی ئەڵمانیا، بە ورەیەکی بەهێزی گرووپییەوە، زانیاری و باوەڕ بەخۆی نوێوە، خەریکی خوێندن بوون، بە هاوپەیمانێکی گرنگ بۆ حکومەتی دێموکرات و نەتەوەیی بە تایبەت چینی بورژوازو نەتەوەیی لە حاڵی سەرهەڵداندا دەزانران. سەردەمی شەڕی رزگاری بەدژی هێزە داگیرکەرەکانی ناپلئون (١٨١٥ _ ١٨٠٦)و سەردەمی بەرەنگارییە "قارەمانانە"کانی گروپە خوێندکاریەکانی ئەڵمانیا لە سەردەمی نوێکردنەوەی دوای ساڵی ١٨١٥ (کونگرەی ڤیەن و بڕیارەکانی کارلسبادو هتد) سەلمێنەری ئەو باوەڕەیە. لە سەردەمی بەربەرەکانی دژی سانسۆر، سیخوڕی، چاودێری پۆلیس و

[1] _Friedrich Holderlin 1770





سەرکوتەکانی هێزە ئەمنییەکان، لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی لاوانی ئەڵمانیادا بۆشاییەکی سیاسی و فیکری پێکهات کە تێیدا بۆ یەکەمین جار بیرۆکە سوسیالیستییەکانی شۆرشی کۆمەڵایەتی لە فەرەنسە، روسییەو ئەڵمانیا چەقەرەیان کرد. لە ئەڵمانیا هەلومەرجێکی لە بار بۆ چالاکی لاوان پێکهاتبوو تەنانەت پێش ساڵی چارەنووس سازی ١٨٤٨ "گروپە خوێندکارە ئازادیخوازەکان لەگەڵ ویست و داخوازە پەرەگرتووەکانی چینی خوارەوە پێوەند درابوون."[1]

ساڵی ١٨٤٨، ساڵی دروست کردنی قۆناغ بوو: پێکهاتنی نێوان هاووڵاتیانی ئازادیخواز یان بە واتەیەك بورژوای لیبراڵ، خوێندکارانی خەباتکارو چینی کرێکار کە رۆژ بەرۆژ باوەڕ بەخۆبوونی زیاتریان لادروست دەبوو، تێکچوو. لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە، خوێندکارانی خەباتکار بە ئاڕاستە جیاوازەکاندا رادەکێشران، لێك جیابوونەوەوە و پڕش و بڵاو بوون. لە دوای ساڵی ١٨٤٨ بەشێکی زۆر لە خوێندکاران بە لای دروشم و گروپە نیشتمانی، مەسیحییە رۆمانتیك و بزوتنەوەی ئەڵمانیا خوازەکاندا راکێشران. لاوان _ هەرچەند هێشتا مەبەست منداڵانی چینی سەرەوە، بورژوای کولتوری و دارایی، کارگێڕانی پایە بەرزو قەشە پروتستانەکان بوو _ جار بەجار زانیاری زیاتریان بە نیسبەت شوێنی چینایەتی خۆیانەوە وەدەست دێنا و خۆیان بە "زانستگەیی" دەزانی. بڕوانامەی کۆتایی خوێندنی زانستگەکان، یان بە وتەی "ماکس ویبر" "ئەنیستیتۆکانی دەرهێنەری بڕوانامەی خوێندن" لە ئەڵمانیا کە خاوەنی ناوبانگی جیهانی بوون، ئامرازێك بوون بۆ بەدەستهێنانی پلە بەرزەکان و لە ئاکامدا بەرزبوونەوەی پلەی

[1] _Rosenmayr 1976

کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای بەخێرایی روو لە پیشەسازی ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەی نوزدەهەمدا. ئەگەر چاوێك لە وێنەی لاوانی زانستگەیی بکەین کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٠ هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی گیراون، کاریگەری بزوتنەوەی لاوانو هەست بە رزگاری لە روخسارییاندا دەبینرێت.

لەو حاڵەدا لاوانی دەرەوەی زانستگەو کچانی لاو ، بەختێکیان نەبوو بۆ ئەزموونی لاوێتی وەك قۆناغیك لە ژیاندا. ئەوان ڕاهاتبوون کە زۆر زوو گیرۆدەی ژیانو بەدەستهێنانی گوزەران بن. قۆناغی پەروەردەی خوێندکارانیش سەردەمێکی سانا نەبوو. ئەو وتەیە "سالانی خوێندن، سالانی ئاغایی نییە" شیکەرەوەی هەلومەرجی بابەتیی لاوانی چینی خوارەوە لەو سەردەمەدایە.

### ٥. ٣. بزوتنەوەی لاوان

### ٥. ٣. ١. باڵندەی کۆچەری

پیاوێك بە ناوی "هێرڵمان هۆفمان"(١٩٥٥ _ ١٨٧٥) کە دواتر خۆی ناونا "هۆفمان _ فۆڵکرزامب"[1]، هۆگری ڕێپێوان بوو. ئەو لە ساڵی ١٨٩٦ـەوە وەك خوێندکاری زانستگەی "بەرلین" لە یەکێك لە ئامادەییەکانی ناوچەی "ئەشتگلتیس"ی بەرلین گروپەکانی قوتابی پێکدێنا کە لە لێرەوارو دەشتەکاندا ڕێپێوانیان دەکردو لەگەڵ یەك بیروڕایان دەگۆڕییەوە. ئەم گرووپانە بە هێواشی هۆگرییان بە ڕێپێوان لە دەشتو کێودا لا دروست بوو. دامەزراندنی ئەم گرووپانە بووە هۆی سەرهەڵدانی گرووپی هاوشێوەو بەربەرە فۆرمی بزوتنەوەیەکی لاوانی بە خۆوە گرت. ئەو کەسەی ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕانی ئەم جووڵانەوەیە

1_Hoffmann _ Volkersamb





بەرەو بزوتنەوە گێڕا کەسێك بوو بە ناوی " کارڵ فیشێر"[1]. ساڵی ١٩٠١ گروپەکە ناوی " باڵندەی کۆچەری" بۆ خۆی هەڵبژاردو بەخێرایی بووە ڕێکخراوێکی سەرانسەری لاوانی ئەڵمانیا ."ئوولریش ئەفموت"[2] لە بەدواداچوونە بەربڵاوەکانی خۆیدا دەریخستووە کە زۆربەی ئەندامانی بزوتنەوەی "باڵندە کۆچەرییەکان" لە بنەماڵەکانی بورژوا کولتوریو داراییەکاندا لەدایك بوون. باوکی چل لەسەدی ئەندامانی "باڵندە کۆچەرییەکان"بەرپرسانی پایەبەرزی دامو دەزگاکان، بیست لە سەدیان خاوەن ئیشی ئازاد، دە لە سەد زانستگەییو بیست لە سەد لە چینی ناوەراستو سەرەوەی فەرمانبەران بوون.

لە باوەڕی چالاکانی "باڵندە کۆچەرییەکان" بۆ وێنە "هێرڵمان هۆفمان _ فۆڵکرزامب"و "کارڵ فیشێر"دا نەدەگونجا کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی گرنگترین ریکخراوی لاوان لە مێژووی ئەڵمانیادا. زۆر دژوارە، فۆرمەکانی دەرکەوتن، بۆچوونەکانو کاریگەری ئەم ڕێکخراوە لە چەند رستەیەکدا دەربڕین. بە وتەی "ڤالتێر لاکوئێر"[3] تەنیا ئەوە بەسە کە بڵێین ناسینی بناخەی مێژووی بزوتنەوەی لاوان لە ئەڵمانیا پێش مەرجەکانی "ناسینی مێژووی ئەڵمانیا لە سەدەی بیستەمدایە". زۆر بە کەمی لە ئاستی ڕێبەرایەتی سیاسیو لە نێوان رووناکبیرە پایەبەرزەکانی لە دایك بووی ١٨٩٠ هەتا ١٩٢٠ کەسێك دەبینرێت کە بە شێوەیەك تووش نەبووبێت بە بزوتنەوەی لاوانەوە ، یان لەو ساڵە چارەنووس سازانەدا کاریگەری ئەوانی لەسەر نەبووبێت[4].

1_ Karl Fischer 1881
2_ Ulrich Aufmuth 1979
3_ Walter Laqueur
4_H. Pross 1964

## ٥. ٣. ٢. شوێنی کۆمەڵایەتی _ کولتوری بزوتنەوەی لاوان

بزوتنەوەی لاوان لە راستیدا دژ کردەوەیەك بوو بەرانبەر بە نەرمی نواندن، بەرچاو تەنگی و نەریتخوازی کۆمەڵگای شاری یا بورژوایی، هەڵبەت لە روخساری بورژوای سەردەمی "ویلهلیم"و "پرۆسی" ئەڵمانیا. گەشەی خێرای سەنعەتو شارنشینی لە ناوندەکانی پیشەسازیو بەربڵاو بوونەوەی شارە گەورەکان بووە هۆی بایەخ نەدان بە سروشت. دروشمی "روسوو" واتە "گەرانەوە بۆ داوێنی سروشت" لە دەرەوەی چوارچێوەی پێشنیارە ئەخلاقییەکاندایە و بووە داخوازییەك بۆ "بەجێهێشتنی دیوارە دوکەڵ گرتووەکانی شارەکان".

لە رووی دەروونیشەوە، بارودۆخ رەخسابوو بۆ پشتکردنە دامەزراوە ئاساییەکان وەك بنەماڵە، قوتابخانە، ئیشو کار. فەلسەفەی ژیانو فەلسەفەی بوون (ئێگزیستانسیالیزم)، بە تایبەت کاریگەری سەرسورهێنەری "فریدریش نیچە"[1] پاش ساڵی ١٩٨٠و رەخنەی "پاوی دولاگرد"[2] لە روانگەی رەشبینی کولتوریو بەتایبەت ویستی "ژۆلیۆس لانگ بن"[3] بۆ زاڵبوون بە سەر هەلومەرجی "دڵتەزێنی هەبوون"و هەوڵ بۆ "دروستکردنی مرۆڤی نوێ" رەنگ دانەوەیەکی بەربڵاوی لە نێوان لاواندا ئەداوە.

لە کتێبی "ریمبرانت وەك راهێنەری پەروەردەیی" بەرهەمی "لانگ بێن" کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٠دا چاپ کرا، ئەو بابەتە بەرجەستانەی خوارەوە دەبینرێ:

1. Friedrich Nitzsche (1844_ 1900)
2. Paul de Lagarde
3. Julius Langbehn





"خەریك بوون بە ژیانی دەروونی ئەڵمانیایەکانەوە کێشەی پرۆفیسۆرەکان نییە، بەڵکو کێشەی لاوانە، لاوانی پاكو بێخەوشی ئەڵمانیا، بە دوور لە ڕاهاتنە چەوتەکانو رەها لە کۆتو بەند. لاوان مافیان هەیە." نووسراوە "نزائاسا"کانی "نیچە" (بۆ وێنە سەبارەت بە زەردەشت)و دروشمە روونو ئاشکراکانی "ئیستیفان گئۆرگ" (١٩٣٣_ ١٨٦٨) ئەو هەستەی بە رێبەرانی خاوەن بۆچوونی بزوتنەوەی لاوان ئەبەخشی خۆیان بە کەسانێکی هەڵبژێراو بزانن کە ئەرکی رێبەری کۆمەڵگایان لە سەر شانە.

بزوتنەوەی لاوان هەروا لە ژێر کاریگەری ئەزموونو پێویستی نوێ بە "کۆمەڵ"دا بوو. ئەزموونو پێویستییەك کە لەژێر گوشاری بەرەو پیشەسازیو پەرەگرتنی خێرای شارنشینیدا سەری هەڵدا بوو.

"کۆمەڵ"ە دڵسۆزو ناسراوەکان، لە ناکاو بە هۆی شارە گەورەو بێسەرەو بەرەکانەوە ببوونە بێگانە بەرانبەر بە یەکتر. "فردیناند تونیس" (١٩٣٦ – ١٨٥٥) کتێبێکی چاپ کرد بە ناوی "کۆمەڵو کۆمەڵگا". ئەو کتێبە شوێنەواری خستە سەر کۆڕە بەربڵاوەکانی بزوتنەوەی لاوان. لە کتێبەکەی ئەودا "کۆمەڵگا"، واتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مۆدێرن کەوتبووە بەرانبەر "کۆمەڵ"، واتە پێکهاتەی سروشتی کۆمەڵگای نەریتی پێش بەرەو پیشەسازی، کە هەتا ئێستا هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای مودێرنی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆییەوە. ئەزموونی "کۆمەڵ" ئەزموونێکی گرووپییە، ئەزموونێکی جیاواز لە تاك لە کۆمەڵگای مودێرنی پیشەسازیدا.

## ٥. ٣. ٣_ گرنگی لاوان بە شێوەی گشتی

بزوتنەوەی لاوان لە روانگەیەکی دیکەشەوە، بزووتنەوەیەکی

داڕێژەری قۆناغ بوو، بۆ یەکەم جار لاوانی کچیش وەك لاو هاتنە گۆڕەپانەوە. بە گشتی لە سەردەمی کۆن و سەدەکانی نێوەڕاست ژنان تەرخان دەکران بۆ نێومالّ و بنەماڵەو ئامانجی ڕاهێنانی ئەخلاق و داوێن پاکییەکان بوون. لە سەرەتای سەدەی بیستەمداو بە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی لاوان و هێنانە ئارای ویستەکانیان وەك بەرانبەری مافی ژن و پیاوو خۆنوێنی بزوتنەوەی لاوان، بە شێوەی بزوتنەوەی هەر دوو ڕەگەز، وردەوردە هەلومەرج ڕەخسا بۆ بەشداری ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بزوتنەوەی لاوان نوێگەرییەکی دیکەشی بوو کە ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکانی کۆمەڵایەتی و چینایەتی بوو لە نێوان گروپە پێکهاتووەکانی لاواندا. لە پەنای بزوتنەوەی سەرەکی لاوانی ئامادەییدا، شایەتی سەرهەڵدانی گروپەکانی دیکەی لاوانیش بووین: سۆسیالیستی، نەتەوەیی، یەهوودی، کاتۆلیکی، پرۆتستانی و گروپەکانی دیکە کە مێژووی دامەزراندنیان دەگەڕاوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم.

گەشەکردنی خێرای بزوتنەوەی لاوان بووە هۆی ئەوەی ئەوان دابەش بکرێن بەسەر گروپە ئیدئۆلۆژی و خاوەن هەڵوێستە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا. بەدواداچوون و لێکدانەوەی بەها جیاوازەکان دەریان خستووە کە بەشی لاوان لە رووی ڕێژەییەوە لە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتیدا هیچ کات زیاتر لە دوو لە سەد نەبووە و ژمارەی ئەندامانی بزوتنەوەی لاوان لە سنووری ٦٠ هەزار کەس تێنەپەری بوو.





هەر وەك لە بەیاننامەی "گمسینێری سەروو"[1]دا (١٩١٣) هاتووە، شوێنی گونجاوی لاوان، "فەزای ئازاد"ە. بزوتنەوەی لاوانی ئەو سەردەمە بە پێچەوانەی بزوتنەوەی ئامانجخوازی دەیەی ٦٠، خوازیاری چاکسازی بنەڕەتی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە بنەمای بیرۆکەی سۆسیالیستی، دێموکراتیك یان رادیکاڵەوە نەبوو، بەڵکو خوازیاری تێڕوانینێکی دیکە بوو بە جیهان، سروشت و پێکهێنانی هەستی هەرەوەزی، هاریکاری و یەکێتیی لە نێوان خەڵکدا.

یەکێتی _ ئەگەر لە تێڕوانینی مێژووی کۆمەڵایەتییەوە سەرنجی بدەینێ _ دەبێ لە پەنای تایبەتمەندییەك کە "فردیناند تونیس" بۆ ژیان لە "کۆمەڵ و کۆمەڵگا"دا باسی کردووە، خاوەنی پێکهاتەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتیش بێت. لە یەکێتیدا دەبێ ڕۆحی هاریکاری زاڵ بێت. هاریکاری کاکڵی بزوتنەوەی لاوان بوو. ژیان لە چوارچێوەی "یەکێتی" لەگەڵ ڕۆحی هاوکاری، قۆناغی هاوبەشی بزوتنەوەی لاوان بوو لەگەڵ گروپەکانی لاوانی خوێندکاریی ساڵی ١٨٤٨.

بەناوبانگترین میتینگی لاوان، واتە خۆنوێنی ئاشکرای بزوتنەوەی لاوان، هەر لە پێش دەستپێکرنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٣ لە "میسنێر"ی سەروو لە ٣٦ کیلومیتری باشووری خۆرهەڵاتی "کاسێڵ" بەرێوە چوو. ئەم کۆڕە بە مەبەستی وەبیرهێنانەوەی ساڵرۆژی شەڕی "لیپزیگ" لە ساڵی ١٨١٣دا ڕێورەسمێکی ئاشکرا بوو لەبەرامبەر ئەو ڕێورەسمەدا کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەرێوە چوو.

لە کۆتایی ئەم کۆڕەدا بەیاننامەیەك دەرچوو کە ئەو بابەتەی خوارەوە لە نێوەرۆکی ئەو وەرگیراوە:

[1] _Hohen MeiBner

"لاوان کە هەتا ئێستا وەك درێژەدەری ڕێگای نەوەی پێشوو، بێ بەش لە ژیانی گشتیو کۆمەڵایەتی، بەستراو بە ژیانی بەدوور لە چالاکیو کاریگەری، وەك بەردەستە کەم ئەزموونەکان، دەیانەوێ لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن. ئەوان تیدەکۆشن بەو شێوەیە بژین کە شایانی سەردەمی لاوییە."

بۆشایی نێوان باوكو كوڕ كە لە نزیکی ١٩٠٠دا بووە کاکڵی سەرەکی بەدواداچوونە دەروونناسییەکانی"فروید" لە ڕاستیدا پێشاندەری ئەو پێشهاتانە بوو کە لە قووڵایی کۆمەڵگادا لە حاڵی ڕسکاندا بوون: قەیرانو دژایەتی نێوان نەوەکان کە سەرهەڵدانێکی دیکەی ئەومان لە بەیاننامەی "میسنێر"ی سەروودا لا ئاشکرا بوو. ئەو دژایەتییانە خستنەڕووی ئەو گۆڕانکارییانە بوون کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا خۆیان دەنواند. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە لایەن یەکێك لە بەناوبانگترین ڕێبەرانی"باڵندە کۆچەری"ەوە واتە "هانس بلوهێر"، لە مێژوونامەی یەکەمی ئەم بزوتنەوەیەدا بەو شێوەی خوارەوە شیکراوەتەوە:"لەو شوێنەی باوكو كوڕ کێشەیان لەگەڵ یەك نییەو پێکەوە ژیان دەکەن، باوك کەسایەتی خۆی بێ هیچ بەرەنگارییەك دەداتە کوڕەکەیو کوڕەکەیش بێ هیچ بەرەنگارییەك وەری دەگرێت، لەو شوێنە جێیەك بۆ باڵندەی کۆچەری نییە."[1]

[1] _Zit nach H.Giesecke 1981





### ٥. ٣. ٤. کاریگەرییە لاوەکییەکانی بزوتنەوەی لاوان:
### زانستیکردنی سەردەمی لاوێتیو گەلاڵەکردنی تایبەتمەندییەکانی لاوان

بزوتنەوەی لاوان بووە هۆی ئەوەی کە زانستەکانی دەروونناسی، پزیشکی، کۆمەڵناسیو یاسا زیاتر لە جاران بە لاوانەوە خەریك بن. بارودۆخو پێویستییەکانی لاوێتی، یان بە وتەی "ئەریکسۆن"، "دەرەتانی کۆمەڵناسی _ دەروونی" تایبەت زیاتر بکەوێتە بەر سەرنجی ئەو زانستانە. هەر ئەو چالاکییانە بوونە هۆکاری خێرا بوونی پرۆسەی ناسینی لاوێتی وەك قۆناغیکی سەربەخۆ لە ژیانی مرۆڤدا.

سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕانی لاوان وەك بابەتی بەدواداچوونە زانستییەکان لە ساڵی ١٨٩٠ەوە، بەرهەمی "دودك"[1] بخوێننەوە.

پرۆژەی لاوان وەك بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە زانستیو کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوو بۆ باشترکردنی مافی کۆمەڵایەتی لاوان. بەرەبەرە هەندێك یاسا بۆ بەرگریکردن لە لاوان، دابینکردنی پێداویستی لاوان، خۆشگوزەرانی لاوانو مافەکانی لاوان پەسندکران. وەزارەتەکان، دەسەڵاتدارانو دامو دەزگاکانی تایبەت بەلاوان بە مەبەستی پشتگیری لەوان دامەزران. کاری ڕێکخراوەیی لەگەڵ لاوان، بەشێکی گرنگتری لە دامو دەزگاکانی کەنیسە، یەکێتیە پیشەییەکان، حیزبەکان، خوێندنگاکانو شۆراکان بۆ خۆی تەرخان کردبوو. پلەی ڕێکخستنی لاوانوەك گرووپێکی کۆمەڵایەتی گەشەی کرد.

[1] _Vgl. Dudek 1990

زانستی مرۆڤایەتی، زانستی کۆمەڵایەتی، یاساکانی لاوانو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان ڕێگایان بۆ پرۆسەیەك خۆشکرد کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگای شاری یان بورژوایی بەشێکە لە ڕەوتی پەرەگرتنی ئەم جۆرە پێکهاتەیەی کۆمەڵگا: دەرکەوتنی کۆمەڵگا لە رووی چینایەتییەوەو سەرهەڵدانی گروپە ئیشیو تەمەنییەکان. لەهەر گۆڕەپانێکدا چاو لێبکەین، لە ماڵ، لە شوێنی کار، لە شوێنی پەروەردەو لە کاتی تێپەراندنی پشوودا ئەو جیاوازیانە خۆیان دەنوێنن. هەر کەسێك جیهانی تایبەت بە خۆی هەیە: منداڵان، مام ناوەندییەکانو بەتەمەنەکان. باخچەی ساوایان، خانووی لاوانو خەڵوەتگەی پیری دامەزران. تەمەن بووە هۆکاری جیاوازی لە کاتو شوێندا.

ئەم گۆڕانکاریانە بەرەبەرە هەلومەرجێکیان پێکهێنا، هەتا لاوێتی ببێتە قۆناغیك لە ژیانی مرۆڤدا بۆ لاوانی هەموو چینو توێژەکان، نەك هەر قۆناغێك لە ژیانی منداڵی دەسەڵاتدارانو دەوڵەمەندەکان. ئاساییە کە مەودای چینایەتی نەبڕاوە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هاوشێوەییو نزیکایەتی دەبینرێت لە شێوەی ژیانی لاوانی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

### ٥. ٤. ئیدئۆلۆژی لێدراوییو سیاسی بوونی لاوان

تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی، زانستیو حکومەتی لاوان لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیەوە، ئەوانی خستە مەترسییەکی تازەوە: ئیدئولۆژی لێدراویی، مەکتەبی بوونو سیاسی بوونو لە ئاکامدا لاوانی راکێشاو بردنی بەرەولای حیزبو جیهانبینیو حکومەتە تەواوخوازو داخراوە کۆمەڵایەتییەکان. "فریدریش هێر" بە باشی دەریدەخات کە لاوان چ ڕێگایەکیان بڕیوە هەتا بە تێپەڕ بوون لە بزووتنەوەیەکی





کۆمەڵایەتی ببنە ئامرازێك بۆ خزمەت بە سوود وەرگرتنی نابەجێی سیاسی یان بە وتەیەك "بزوتنەوەی جیهانی لاوان". دوو ڕەوتی ناسیۆناڵ سۆسیالیزمو مارکسیزمی حکوومی لەم سوود لێوەرگرتنەدا شوێنەواری بەرچاویان هەبوو. بەرهەمەکانی "کلونە"، "لاکۆئێر"و "گیس" بەدواداچوونی بەنرخیان لەم بوارەدا پێشکەش کردووە.[١]

"لاوانی هیتلێر"، واتە ڕێکخراوی لاوانی حیزبی نازی، پێکهاتبوو لە کاکڵی بزوتنەوەی لاوانی سەرەتای سەدەی بیستەم: "رزگارکردنی لاوان (لە کۆتو بەندی بنەماڵە) لە لایەك بواری کۆمەڵایەتی بوونی ئەوانی رەخساندبوو لە لایەکی دیکەوە بواری تواندنەوەی ئەوانی لە ڕێکخراوە گەورەکانی دیکەی کۆمەڵایەتیو هاودەنگ بوونی تەواوی ئەوان بە دوور لە پێبەندییە بنەماڵەییەکانیان پێك هێنابوو. "نازی" لەو هەلومەرجە کەڵکی وەرگرت بۆ دروست کردنی ڕێکخراوی لاوان."[٢]

لە پەنای ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەدا کە باسکران، دەبێ ئاماژە بکەین بە پێکهاتەیەکی دیکە لە کولتوری سیاسی ئەڵمانیادا کە ئەویش رۆحی "پیاوەتی"و "ئازایەتی"یە کە لە سەردەمی نازییەکاندا بە شێوەی "کولتوری سەربازی" بانگەشەی بۆ دەکرا. بزوتنەوەکانی لاوان لەم بوارەیشەوە بۆ نازییەکان خاوەن گرنگی بوو.[٣] پێوەندی نێوان بزوتنەوەی لاوانو فاشیزم لە دروشمێکدا خۆی دەنواند کە بە ڕێگای سەرکەوتن دەزانرا: "ئیمپراتۆری لاو _ ئیمپراتۆری خوا _ ئیمپراتۆری ئەڵمانیا".[٤]

---

[1] _ Vgl_A_ Klonne، W. Laqueur، H. Giesecke
[2] _ H. Giesecke 1981
[3] _ J. Reulecke 1985
[4] _ A_ Klonne 1980، I. G. V. Olenhusen 1987

### ٥. ٥. "نەوەی ناهومێد" و بزوتنەوەی ساڵەکانی ٦٠

### ٥. ٥. ١. کردەوە لە بەرانبەر هاوپێچ کردندا: ڕەشبینی و مەودا

دژکردەوە لە بەرانبەر سوود وەرگرتنی نابەجێ لە لاوان لە لایەن حکومەت و کۆمەڵگاوە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی نازییەکان لە ئەڵمانیا بە وتەی "هلمۆت شلیسکی" بووە هۆی سەرهەڵدانی "نەوەی ڕەشبین": نەوەی گوماندار لاو پاش شەری جیهانی دووهەم بەنیسبەت هەموو ئیدئۆلۆژی و دروشمێکەوە ڕەشبین بوو، لەگەڵ ڕاستیەکان پێوەندییەکی وشیارانەو لە هەمان حاڵدا بە مەودای هەبوو.[1]

سەبارەت بە شێوازی هەڵسوکەوتی "نەوەی گوماندار" باس و لێدوانی زۆر لە نێوان بیرمەندان و ڕای گشتیدا هاتۆتە ئاراوە. زۆر دژوارە روونی کەینەوە کە مەبەستمان لە "نەوەی گوماندار " کام گرووپی تەمەن. جەمسەری بوونی چەمکی "نەوەی گوماندار" بواری بۆ جیابوونەوەی ئەو لە هەلومەرجی بابەتی و چوونە نێو هەلومەرجی راستەقینەوە ڕەخساند. تەنانەت هەندێك لە لاوە دواماوەکان خۆیان بەو چەمکە پێناسە دەکرد.

لە سەرەتای دەیەی (٥٠)دا زۆربەی لاوانی ئەڵمانیا بێکار بوون. هەر لەو سەردەمەدا لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەورووپا لاوان شۆڕشێکی بەربڵاویان ڕێکخست.[2] لە هەمان سەردەمدا، "شلیسکی " پێیوابوو لاوان دەچن بەرەو خۆسازدان لەگەڵ کۆمەڵگادا: "زۆربەی نیشانەکان دەریدەخەن کە زۆرینەی لاوان، پێشنیاری کۆمەڵگا بۆ خۆ ڕێکخستنی خێرا خۆویستانە پەسند دەکەن بێ ئەوەی گرنگی پێبدەن. دەکرێ ئەم بابەتە بە هاودەنگی بێتاوانەکان ناو بەرین.

---

[1]_ Schelsky، Helmut 1963
[2]_ G. Kaiser 1959





"شلیسکی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوو کاتێکی باشی بۆ بەدواداچوونەکانی خۆی هەڵبژاردبوو. چەند ساڵ دواتر "لودویك فۆن فریدە بۆرگ" لە وتارێکدا سەبارەت بە "پێوەندی لاوان و کۆمەڵگا" گەیشتە هەمان ئاکام کە ٦ ساڵ لەوەپێش شلیسکی وەدەستیهێنابوو. پێداویستی خوازی لاوان، کە بە هۆی قازانجە ئابوورییەکانەوە بەهێز دەکراو بەرەوپێش دەچوو ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە خۆ ڕێکخستنی لاوان لەگەڵ کۆمەڵگادا.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمداو دەستپێکی سەردەمی "خەرجی بێ ژمار"، لاوان وەك کڕیارو بەکارهێنەر بە بەشی تایبەت بە خۆیانەوە لە بازاڕی ئابووریدا خۆیان نواند. گرنگترین پێداویستییەکانی لاوان بریتی بوون لە: بڵاوکراوەکان، کتێب، جل وبەرگ و مۆسیقای تایبەت بە لاوان. هەر ئەو ڕەوتەی پێشتر باسکرا، واتە پرۆسەی جیابوونەوەی گروپەکانی تەمەن، کاریگەری لەم گۆڕەپانەیشدا دانا. جیاوازییەکانی تەمەن دەرفەتێکی زێڕینی بۆ بازار خولقاند، هەتا بە سەرنجدان بەو جیاوازییانە پەرە بدات بە خەرجی و کاڵا.

هەرچی زیاتر لاوان دەستیان بە کاڵا و پێداویستیەکان دەگەیشت، زیاتر بوار دەرخسا بۆ گەیشتن بە میکانیزمە دیاریکراوەکان بۆ سازدانی ئەوان لە سیستمی سەردەمی کۆمەڵایەتی و بەهاکان لە سەر بناخەی سەرمایە، خزمەتگوزاری، کاڵا و پێداویستی. بەڵام زۆر خێرا دەرکەوت کە ناکرێ تەنیا بە سەرنجدان لە هۆکاری ئابووری دوایین دادوەری سەبارەت بە لاوان بکەین. بە دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی خۆپێشاندانی لاوان و ئالۆزی خوێندکاران لە مانگی ژوئنی ساڵی ١٩٦٧دا ئەو راستییە سەلما کە دادوەرییە گشتییەکان سەبارەت بە لاوان دژوارە.

### ٥. ٥. ٢. خۆپێشاندانی لاوان و ئالۆزیی خوێندکاری

لە ساڵەکانی ١٩٦٧و ١٩٦٨ ئالۆزیی خوێندکاری، خۆپێشاندانی لاوان و گەشەکردنی نیوە کولتوری لاوان وەك قورساییەك بەرانبەر بە کولتوری فەرمی، گرنگترین بابەتی سیاسی، کولتوری و کۆمەڵایەتی لە رۆژئاوا بوو. بەپێچەوانەی ئەو بزوتنەوەی کاریگەری وەرگرتووە لە "فەلسەفەی ژیان"و "فەلسەفەی بوون"ی سەرەتای سەدەی بیستەم، واتە بزوتنەوەی "باڵندەی کۆچەری"، بزوتنەوەی خوێندکاری دەیەی ٦٠ هەر لە سەرەتاوە خوازیاری چاکسازی بنەڕەتی لە سەرجەم سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی سەردەمدا بوو. ئەوان ئەو داخوازیانەیان دەکرد: مافی بەشداری زیاتری خەڵك لە چارەنووسی خۆیاندا، دابەشکردنی عادیلانەی پێداویستییەکان، چاکسازی لە شێوازی پەروەردەو دانانی بەشێکی تایبەت بۆ منداڵانی چینی خوارەوە بەمەبەستی دابەشکردنی عادیلانەی بڕوانامەی خوێندن لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکاندا، دابەشکردنی چاکتری داهاتەکان و سەرمایەی نەتەوەیی، دیموکراسی بناخەیی، دژایەتی لەگەڵ سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و خەبات بە دژی دەستێوەرادنی ئەمریکا لە ویتنامدا.

بە دژواری دەتوانین ئالۆزیی خوێندکاری دەیەی ٦٠ بە بزوتنەوەی لاوان ناو بەرین. چونکە لە سەرەتادا نوێنەرایەتی ویست و هۆگرییەکانی لاوانیان نەدەکرد. ئامانج دورکەوتنەوە لە جیهانی گەورەکان نەبوو، بەڵکو ئامانج گۆڕانی جیهانی گەورەکان بوو، بە تێپەرین لە نێوان دامەزراوەکانی سەردەمدا. ئەوە هەر ئەو باسەیە کە بە "رودی دوچکە"[1] ناسراوترین نوێنەری بزوتنەوەی لاوان لە ئەڵمانیا

1_ Rudi Dutschke (1940_1979)





هێنایە ئاراوە.

هەندێك ئەژمارو زانیاری بابەتی دەتوانن رەهەندی بەربڵاوی ئەم خۆپێشاندانانە لە بیرەوەریماندا زیندوو رابگرن: مانگرتن لە ژورەکانی خوێندن و بەر دەرگای زانستگەکان بە مەبەستی نارەزایەنی دەربڕین، "تێکدان و شکاندنی شتەکان"، هێرش بۆ سوپر مارکێتەکان، هێرش بۆ دامەزراوەکان بۆ وێنە ناوەندی کومپانی "ئەشپرینگەر"، تێکدانی قەتارەکانی نێو شار بە هۆی بردنە سەرێی نرخی بیتاقەکان (لە بێرمەن)، داگیرکردنی خانووە چۆڵەکان (لە بێرلین، فرانکفۆرت و هتد)و پاشان خۆپێشاندانی سەرشەقام بۆ وێنە خۆپێشاندان بە دژی شەڕی ویتنام. بەرزکردنەوەی وێنەی رێبەری ویتنام "هوشەمینە"[1] و رێبەری بزوتنەوەی شەڕی پارتیزانی لە ئەمریکای باشوور "چگوارا"[2] کە لە ساڵی ١٩٦٧ لە شەڕدا کوژرا، هێما گرنگەکانی ئەم بزوتنەوەیە بوون.

بەڵام "بڵێسەکانی ئاوری شۆڕش" سەرەتا لە فەرەنسەو دواتر لە شوێنەکانی دیکە بەخێرایی دامرکا. زۆربەی رەخنەگرانی ئەو سەردەمە وەك "یورگێن هابرماس" ئاگادارییاندا کە خوێندکاران نابێ سەرهەڵدانی "بڵێسەی شۆڕشگێری" لەگەڵ "بارودۆخی شۆڕشگێری" وەك یەك چاو لێبکەن.[3]

خەڵکی ئەم وڵاتانە، نەك هەر لە ویستەکانی خۆپێشاندەران نەدەگەیشتن، بەڵکو لەو روداوانە زیاتر هەستیان بە مەترسی دەکرد. یەکێتیەك کە بڕیار بوو لە نێوان خوێندکاران، قوتابیان، فێرخوازان و کرێکارانی لاو پێکبێت، تورت، بێهێزو کەم ماوە بوو. نە کەسێك

1_ Ho_chi_Minh
2_ Che Guevara
3_ J. Habermas 1969

گرنگی ئەدا بە "ژیانی نیوە کرێکاری" خوێندکاران و نە ئاڵوگۆڕێك پێکهات لە بارودۆخی فێرخوازان و لاوانی چینی کرێکاردا. تێروانینی "رێبەری خاوەن بۆچوونی" بزووتنەوە واتە بیرمەندی ئەڵمانیا _ ئەمریکی "هێربێرت مارکوزە"[1] بەو شێوەیە بوو، "تاك رەهەندی بوونی مرۆڤ لە ژێر پێویستییەکانی بەرهەمهێنان، خەرجی و هاوئاهەنگی لە کۆمەڵگای پیشەسازی رۆژئاوادا هەتا ئەو رادەیە چووەتە پێشێ کە چاوەڕوانی ئاڵوگۆری لە ماوەیەکی کورتدا لێناکرێت".

### ٥. ٥. ٣_ ئاڵۆزی خوێندکاران و کولتوری نوێی لاوان

لە پەنای ئاڵۆزی خوێندکاراندا، کولتوری جۆراوجۆری لاوان لە سەرانسەری ئەوروپا سەری هەڵدا. لە هاوینی ساڵی ١٩٦٧ لە سەر بناخەی بایەخناسی کۆمەڵناسان و رۆژنامەوانانی ئەمریکی، نزیك بە ٥٠ هەزار "هیپی" لە ناوەندو شوێنەکانی کۆبوونەوەی "هیپییەکان" لە خاڵە جیاوازەکانی "کالیفرنیا" کۆبوونەوە.

ساڵی ١٩٦٩ ساڵی پەرەگرتنی کولتوری نوێی لاوان و ساڵی هەلوێست گرتن بە دژی ژیانی بورژوایی بوو. لە مانگی ژوئیەدا نزیك بە دوو سەد هەزار کەس لە "هاید پارك"[2]ی لەندەن لە کۆنسێرتی گرووپی "رولینگ ئەستوون"[3] کۆ بوونەوە، هەتا بیرەوەری "برایان جونز"[4] زیندوو رابگرن. لە مانگی ئوکتۆبەری هەمان ساڵدا هەر ئەو کونسێرتە بەناوبانگە لە "وود ستۆك"[5] بەرێوە چوو. لە کۆنسێرتێکی دیکەدا کە

1_ Habert Marcuse
2_ Hyde _ Park
3_ Rolling Stones
4_ Brian Jones
5_ Wood Stock





لە "ئالتمۆنت"ی وشکارۆی "وایت"[1] بەرێوە چوو، نزیکەی سێ سەد هەزار لاو لە بزوتنەوەی مۆسیقای پاپدا بەشدارییان کرد. مۆسیقای خێرا دەبووە "دژایەتی بێدەنگ"[2]. پاش ساڵی ١٩٦٨ لە ئەڵمانیا کۆڕەکانی مۆسیقای پاپ بە بەشداری دەیان هەزار کەس بەرێوە دەچوو. شەپۆلێك لە بڵاوکراوە نوێیەکان، چالاکییە سیاسییەکان لە ناوەندی خوێندنی باڵا، خانووە گرووپییەکان و دژایەتیکردن لە دەرەوەی پەرلمان بە شێوەی دەرکەوتنی ئاستی جیاوازی نارەزایەتی و نیوە کولتوری لاوان خۆیان نواند.

بۆچوونە شۆڕشگێڕیەکانی کولتوری، جاربەجار زیاتر جێگای دروشمە چینایەتی و ستراتیژیکییەکانیان لە نێوان بزوتنەوەی لاواندا دەگرت. هەندێك کەس پێیانوابوو کە گۆڕانکاری لە ئاگایی و گۆڕینی بەرژەوەندیەکان دەبێتە هۆی لە نێو چوونی نابەرانبەری لە کۆمەڵگای شاری و پیشەسازی نێوان کارو کاتی بێکاری، لە نێوان ژیانی تایبەتی و گشتیداو لە ئاکامدا کۆمەڵگای چینایەتی نامێنێت. لە پاش ئاشکرا بوونی هەلوێستە کولتوریە تێکدەرەکەی "مائۆ"ی[3] رێبەری چین: بۆ زۆر کەس وەبیرهێنانەوەی ئەم باسە دڵتەزێنە، کە بزوتنەوەی کولتوری کۆتایی دەیەی ٦٠ لە ژێر کاریگەری شۆڕشی کولتوری چیندا بوو. بەڵام دەبێ ئەو راستییەمان لەبیر نەچێت کە لەو بزوتنەوانەدا لاوان بە هەڵگرتنی وێنەی "مائۆ"و نامیلکە سوورەکەی لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدارییان دەکردو شوێنەواری شۆڕشی کولتوریی مائویان لە سەر بوو. هەر چەند لە ئێستادا زۆر کەس ئەو کارە بە لاسایی کردنەوەی

1_ Altamont auf der insel wijht
2_ D. Baacke
3_ Mao

منداڵانەو بێئاگایی تەواو لە بارودۆخی چین لەو سەردەمەدا دادەنێن.

بە پێچەوانەی "شۆڕشی کولتوری" لە چین، بزوتنەوەی کولتوریی شۆڕشگێری لە ئەوروپا بە یارمەتی ماددە سڕکەرەکانو جەزم بوونە ئاینییەکان خوازیاری گۆڕانکاری لە ئاگاییدا بوو. گرووپێك لە بەکارهێنەرە کۆنەکانی ماددە سڕکەرەکان کە هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ کاروباری کوولتووری نەبوو، خۆیان تێکەڵ بەو روداوە کردبوو.

٥. ٦. کاریگەرییە لاوەکییەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی لاوان

ئەو کاریگەرییە چۆناییەتییەی کە بزوتنەوەی خوێندکاریو بزوتنەوەی پێشکەشکردنی ژیانێکی دیکە یان "ئاڵتێرناتیڤ" لە سەر بەها کۆمەڵایەتیەکانی هەموو کۆمەڵگا دایاننا، لەگەڵ ئەو ژمارە کەمە بەراورد ناکرێت کە بە نیسبەت هەموو خەڵکەوە لەم بزوتنەوەیەدا بەشدار بوون. لاوانی بەشدار لەو شۆڕشانەدا هیچ کات زیاتر لە دوو لە سەدی سەرجەم خەڵکەکە نەبوون.

بەڵام ئەو بابەتانەی کە لە ڕەوتی ئەم بزوتنەوەیەدا دەرکەوتن، قووڵتر لەوەن کە بتوانین بە کورتی لێکدانەوەیان لە سەر بکەینو ئەو کاریگەرییەش کە لە سەر هەموو کۆمەڵگا دایانناوە، زیاتر لەوەیە کە بکرێت بە شێوەی ڕێژەیی باس کرێت. هەندێك کێشە وەك گۆڕینی بەهاکان، ئاڵوگۆڕە کولتوریو کۆمەڵایەتیو تەڤگەریی کولتوری سەرجەم کۆمەڵگای سەردەم لەوە ئاڵۆزترن کە لە بواری چەندایەتییەوە لێکیان دەینەوە. پرسیار سەبارەت بە گرنگیو سەربەخۆیی کولتوری لاوان لە چوارچێوەی گشتی کولتوری کۆمەڵگادا ناکرێ بە پێوەندی هۆو بەر هۆ روون کەینەوە، بەڵکو بەشێوەی هەڵگری گۆڕانکارییەکانو پێوەندی لەگەڵ ئاستو تۆڕە پێکەوە بەسراوەکان لەگەڵ شوێنەواری بەرانبەر هەڵگری شیکردنەوەن.





کاریگەری بزوتنەوەی نارەزایەتی دەربڕینی لاوان لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا لە دوو بواردا بەرچاوە: یەکەم، سەرهەڵدانی گرووپی چەپی زێدەخواز کە بە خێرایی تێکەڵ بە کاری تیرۆریستی بوون، بۆ وێنە "باڵی سوپای سوور"و " بزوتنەوەی دووهەمی ژوئێن" کە ئاماژەیەك بە دووهەمی ژوئێنی ساڵی ١٩٦٧، ئەو ڕۆژەی خوێندکارێکی ئەڵمانیا "ئوونە زۆرگ" لە کاتی خۆپێشاندان بە دژی شای ئێرانو لە پێش ئۆپرایی بێرلین لە لایەن پۆلیسەوە کوژرا. دووهەم، سەرهەڵدانی کولتورێکی دیکە یان ئاڵتێرناتیڤ بوو. لێرەدا نابێ لە چەمکی "کاریگەرییەکان" بە کارێکی پێویست یان بە ناچار تێبگەین. بە چاوخشاندنێك تێدەگەین کە قسە کردن لە کولتورێکی یەکگرتوو لە مێژووی سەردەمدا زۆر دژوارە. کولتور بە سەر بەشو ئاستە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە چینو توێژو گروپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندا دابەش بووە. لە هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا دەتوانین هەست بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی کولتورە جیاوازە گرووپییەکان بکەین. بەڵام ئاستە جۆراوجۆرەکانی کولتور (بە هۆی تۆری پێوەندییەکانەوە) ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێکەوە گرێ دەدرێن. سەبارەت بە لاوانیش ئەو راستییە لە ئارادایە، کە لە نێوان لاوانیشدا ئاستە جیاوازە کولتوریەکان دەبینین. لەو لاوو گروپە سەربەخۆیانەوە بگرە کە لە خواردەمەنی تایبەت واتە سروشتی کەڵك وەردەگرن هەتا ئەو کەسانەی کە لایەنگری لە ژینگەو بە واتایەك بزوتنەوەی "سەوز"ی خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتی کۆمەڵگا، لە ئاڕاستەی ئاشت بوونەوەی دووبارە دان لەگەڵ سروشت.

## ٥. ٧. ڕێکخستنی لاوان لە حکومەتدا: لاوان لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیادا

### ٥. ٧. ١. پاش شەڕی دووهەمی جیهانی: هیوا بە لاوان

کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) کە لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٩ هەتا ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ خاوەنی حکومەت بوو. ناوچە داگیرکراوەکان لە لایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤییەتەوە کە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ بە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا یان ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ناو دەبرا، لە ساڵی ١٩٩٠دا بە پێی خاڵی ٢٣ی دەستووری کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا لەگەڵ ئەو کۆمارە تێکەڵ بوو. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە لە هەرێمە نوێیەدا ژیانیان دەکرد، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەو ڕێکخراوانەدا کۆ کرانەوە کە لە لایەن حکومەتەوە دامەزراو بەڕێوە دەچوو.

هەروەها لەو ناوچانەدا کە لە لایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە داگیر کران، هەوڵدرا منداڵانو مێرمنداڵان وەك بناخەی ڕاگرتنی کۆمەڵگای نوێ پەروەردە بکرێنو ئەم ویستە هەتا ئەو جێگایە چووە پێشێ کە پێشنیار کرا، پێتەختی نوێی ئەڵمانیا لە داوێنی "میسنێر"ی سەروو[1] دامەزرێت، هەتا لەو ڕێگایەوە لە سەر ڕۆڵی لاوان لە بنیاتنانەوەی ئەڵمانیا پێ داگیرێت.

"ئێریك هۆنیکێر"[2] ئەو کەسەی کە لە ساڵی ١٩٧١ هەتا ١٩٨٩ سکرتێری گشتیی "حیزبی یەکگرتووی سۆسیالیستی"[3] حیزبی زاڵ لە

1_ am Fube des Hohen MeiBner
2_ Erich Honecher
3_ SED (Sozialistische Einheitspartei)





ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتو ڕێبەری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بوو، ساڵی ١٩٤٦ وەك سەرۆکی "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد"[1] هەڵبژێردرا، کە ڕێکخراوێکی لاوان بوو لە بەشی ناوچە داگیرکراوەکان لە لایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە. ئەو بە سەفەرکردنی زۆر بۆ ناوچە خۆرئاواییەکان تێدەکۆشی، بە هۆی یەکگرتنی ڕێکخراوەکانی لاوان کە لە سەردەمی نازییەکان پێشگیرییان لێکرابوو یان کەوتبوونە پەراوێزەوە، جارێکی دیکە یەکریزی لە وڵاتدا پێك بێننەوە، هەڵبەت بە ڕێبەرایەتی کۆمۆنیستەکان، دامەزرێنێتەوە. بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێکهاتەی جۆراوجۆری کار لەگەڵ لاوان پاش ساڵی ١٩٤٥ بەرهەمی "ئالبێرتین"، "گروشێل"و "ئیشمیت"[2] بخوێننەوە.

لەو ناوچانەیش کە بە هۆی هێزەکانی ئەمریکا، ئینگلیز، فەرەنسەو هاوپەیمانانی خۆرئاوایی داگیر کرابوون، واتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، هەندێك تێکۆشان بۆ ڕێکخستنی حکومەتی لاوان کرا، کە شکستی هێنا. پێکهاتنی حکومەت لە دوو بەشی ئەڵمانیا بە هۆی دوو هێز بە سیستمی جیاوازی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە بووە هۆی لاواز بوونی هاوبەشییەکانی نێوان لاوانی دانیشتووی ئەم دوو بەشە. یەکێك لەو حیزبە بەهێزانە لە بەشی خۆرئاوادا "حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی ئەڵمانیا" بوو کە پێش ساڵی ١٩٣٣، ئەو کاتەی کە نازییەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، ڕێکخراوێکی بەهێزی لاوانی هەبوو. پاش شەڕی جیهانی دووهەم، ئەم حیزبە هەوڵیدا جارێکی دیکە گەشە بە ڕێکخراوی لاوانەکەی بداتەوە، بەڵام هەوڵی ڕێبەرانی ئەو حیزبە لەو بوارەدا سەرکەوتنی خێرایی وەدەست نەهێنا.

1_ FDJ (Freien Deutschen Jugend)
2_ Vgl. Albertin 1992، Groschel/Schmidt 1990

لە بەشی خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا، واتە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا، ڕێبەرانی حیزبی دەسەڵاتدار گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە دەبێ لە لاوان بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجە ئیدئۆلۆژیکیەکانی خۆیان سوود وەرگرن. ئەوان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە ناکرێ لە ڕێکخستنی لاوان و ڕۆڵی ئەوان چاوپۆشی بکرێت وەك ڕچەشکێنانی دروستکردنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی و خەبات بە دژی فاشیزم و ئیمپریالیزم.

### ٥. ٧. ٢."ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" و "ڕێکخراوی پێشەنگ"[1]

"ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا. لەو بارەوە ڕۆژنامەی بێرلینی "مورگێن" لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٤٦/٣/١٤ دەنووسێ: "دام و دەزگا سەربازییەکانی یەکێتی سۆڤییەت لە ناوچە داگیرکراوەکاندا ڕێگایان داوە ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد دامەزرێت. ئەمە بەو مانایەیە کە بۆ یەکەمین جار ڕێگا بە لاوانی ئەڵمانیا دەدرێت کە ڕێکخراوێکی شیاو لەگەڵ ئامانج و داخوازییە کۆمەڵایەتیەکانیاندا دروست کەن ... . ئێمە لاوان لەو باوەڕەداین ... کە لە جێی ئامانجە لە دەست چووەکانمان، ئامانجی بەردەوامی ئاشتی، دۆستایەتی و مرۆڤایەتی بێنێتە ئاراوە."[2]

لە سەردەمی شەڕی ساردا "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" زیاتر ببووە دەزگایەکی پەروەردە کردنی کادێر بۆ حیزبی دەسەڵاتدار، واتە حیزبی یەکگرتوویی سۆسیالیستی ئەڵمانیا. پروپاگەندەی سیاسەتی چەکداری لە ڕێکخراوی لاواندا لە ساڵی ١٩٥٢ەوە و هاوکات

1_ Pionier Verband
2_ zit. Bei Groschel/ Schmidt. S





لەگەڵ کۆتایی شەڕی کۆریا بووە بەشێك لە پەروەردە فەرمییەکانی ئەم ڕێکخراوە.

لە ساڵەکانی ١٩٥٩-٤٢/٢٪، ١٩٦٠-٤٨/٣٪، ١٩٨٠-٦٨٪، نێوەڕاستی ١٩٨٩-٧٦٪ لاوانی دانیشتووی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ئەندامی "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" بوون. بەڵام بە سەرهەڵدانی یەکەمین دیاردەکانی ڕووخان، لاوان بە خێرایی لەم ڕێکخراوە فەرمی و حکومییە چوونە دەرێ، بە ڕادەیەك کە هەتا سەرەتای دیسامبێری ئەو ساڵە، لە چەند مانگدا ٣٠٪ی لاوان لەو ڕێکخراوە جیابوونەوە و ڕێژەی ئەندامانی هەتا ٤٦٪ دابەزی.

پاش ڕووخانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات سەبارەت بە بارودۆخی لاوان لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیادا لێکۆڵینەوەی بەربڵاو کرا. یەکێك لەو بەدوادا چوونانە بە پشتگیری "کۆمپانیای نەوتی شل" بە ناوی "لاوانی ٩٢" بەڕێوە چوو. لە نێوئاخنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ساڵی ١٩٩١، لاوانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ئەو هۆیانەی خوارەوەیان بۆ ئەندام بوون لە "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد"دا باس کرد:

_ "بۆ دابینکردنی خوێندن و وەرگرتنی کار" (٧٥٪)

_ " بە مەبەستی بەرەنگار نەبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومییدا" (٥٩/٩٪)

_ " بە مەبەستی خۆیەکخستن لەگەڵ هاوتەمەنەکان" (٤٤/٩٪)

ئەندامەتی کچان و ژنانی لاو هەتا نێوەڕاستی دەیەی ٨٠ تۆزێك زیاتر لە نیوەی کۆی ئەندامان بوو. بەڵام لە پاش ئەو ڕێکەوتە ڕێژەی ژنان و کچان بە شێوەیەکی بەرچاو لەو ڕێکخراوەدا چووە سەرێ. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە پێکهاتەی ئەندامانی "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" کتێبی "سیلچ" بخوێننەوە.

ساڵی ١٩٤٨ " ڕێکخراوی پێشەنگ" وەك ڕێکخراوێکی ڕچەشکێنی "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" دامەزرا.

ئەم ڕێکخراوەیە بە مەبەستی ڕێکخستنی منداڵان ٦ هەتا ١٤ ساڵ دانرا بوو. قوتابیانەن پۆلی یەکەم هەتا سێهەمی سەرەتای لە " پێشەنگی لاو"[1] لە پۆلی چوارەم هەتا حەوتەم لە "پێشەنگی تالمان"[2] ڕێکدەخران، کە لە ناوی "ئێرنیست تالمان" ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لە سەردەمی کۆماری ویمار، وەرگیرابوو. ساڵی ١٩٥٢، هەموو ڕێکخراوەکانی پێشەنگ لە " ڕێکخراوی پێشەنگی ئێرنیست تالمان"[3]دا یەکیان گرتەوە.[4]

بەو شێوەیە پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی فۆرمی گرت کە ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و ڕێکخراوەییەوە سەرنج بدەینە بابەتەکە لەگەڵ "ڕێکخراوی لاوانی هیتلێر" هاوشێوەییەکی سەر سور هێنەری هەبوو.

ژمارەی ئەندامانی "ڕێکخراوی پێشەنگ" هەموو کات زیاتر بوو لە "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" ، دەکرێ بڵێین بەزۆری لە سەدا سەدی قوتابیان ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بوون. لە حاڵێکدا لاوان کاتێك ئەچوونە نێو "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" کە دەیانویست ڕێگا خۆش بکەن بۆ درێژەی خوێندنی دوا ناوەندی و زانستگەیی.

### ٥. ٧. ٣. سوێند خواردنی لاوان

لە کۆتایی "قۆناغی پێشەنگیدا" ڕێورەسمی سوێند خواردن

1_Jungpioneren
2_Thalmann –Pionieren
3_Pionierverband Ernst Thalmann
4_V.gl.Maerker 1969





دەگیرا. ئەم ڕێورەسمە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ەوە بە هۆکارە جۆراوجۆرەکان بۆ وێنە ویست و پێداگری کەنیسە فەرمی کراو لە کوتایی ١٩٦٠دا تا ڕادەیەك هەموو لاوانی دەگرتەوە. کاکڵی سەرەکی ڕێورەسمی سوێند خواردن ئەم وتانە بوو: "هەوڵ ئەدەم بۆ سەرکەوتنی ئەرکی پیرۆزو شکۆداری سوسیالیزم."

ڕێورەسمە سوێند خواردن لە ئەڵمانیا مێژوویەکی کۆنی هەیە. لە ساڵی ١٨٥٩دا بە هۆی "یەکیتی کۆمەڵەکانی ئازادی دین"[1]ەوە داهێنرا، پاشان کۆمەڵەکانی دیکە پێرەوییان لێ کرد بۆ وێنە"ناوەندی ئازاد بیرانی ئەڵمانیا"[2].

لە ساڵی ١٩٤٦دا، ڕێوڕەسمی سوێند خواردن بە پەسندی "یاسای لاوان" فۆرمێکی بەروخسار یاسایی پێدرا. ئەو کارە لە بەشی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا جێگایەکی نەبوو، چونکە بە مانای حکومەتی کردنی لاوان دەزانرا. بۆ دارشتن و بەڕێوە بردنی یاسای ناوبراو ئیدارەیەکی تایبەت دامەزرا. سوێندی لاوان خاوەنی هەموو ئەو بەشانە بوو کە لە ڕێورەسمە ئاینییەکاندا بەڕێوە دەچێت، لاوان لەو جەژنەدا ئەرکی خۆیان دەناسی و ئامادە دەبوون بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی."[3]

بەرگری کەنیسە لە سەرەتادا توند بوو، بەو هۆیەی پێیوابوو حکومەت بەکردەوە ئەرکی دامەزراوەی ئاینی زەوت کردوەو بەدامەزراوەکانی خۆی سپاردووە. بەڵام بەرەبەرە تێگەیشت کە ئەو کارە دەتوانێ ئاکامی پۆزێتیڤی بۆ کەنیسەیش لێبکەوێتەوە.

1_Bund Freireligioser Gemeinden
2_ Deutschen FreidenKerverband
3_ Maerker

بەدانانی ڕێورەسمی سوێند خورادن ئەو هەلە بۆ لاوان دەڕەخسا هەڵسوکەوتی دوو فاقەیان هەبێت، شێوەی هەڵسوکەوتێك کە مەبەستی ئەو گەیشتن بە ئامانجی تاکەکەس بوو، بەڵام بەناوی گشتییەوە دەکرا. ئەو شێوەی هەڵسوکەوتە لە وڵاتە سەرەڕۆکانو دامەزراوە سەرانسەرییەکانیاندا جار بە جار زیاتر دەبووە ڕێکارێکی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجە تاکەکەسییەکان لە ژێر ناوی کۆدا.

## ٥. ٧. ٤. لاوانی "دواماو"ی حکومەتو سوود وەرگرتنی ئامرازی لەوان

هەروەك لە یەکێك لە بەرهەمەکانی "هێلموت پلێسنێر"[1]دا ئەڵمانیا بە "نەتەوەی دواماو" ناو براوە، دەکرێ "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد"و پێبەندی لەو شێوەی لاوان بە دامەزراوە حکومییەکانەوە بە سەرنجدان لە شوێنی فەرمیو حکوومی ئەم ڕێکخراوەو بە تێگەیشتن لە بارودۆخی لاوانو گۆڕانکارییەکانی دارایيو ئابووریو سەرهەڵدانی قۆناغی لاویو کولتوری لاوێتی، بە کارێکی "دواماو" بزانین بە نیسبەت کاتەوە. ئالوگۆڕەکان لە وڵاتانی پیشەسازی ئەوروپا لە پاش ساڵی ١٩٤٥ دەریان خست کە سەردەمی ڕێکخستنی لاوان لە حکومەتدا کۆتایی پێ هاتووە.

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە بزوتنەوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی لاوان، هەتا نیوەی دووهەمی ئەو سەدەیە لە سەر زۆربەی سیاسەتڤانانی ئەڵمانیا کاریگەری هەبووە. ئەگەر ئەو باوەڕە سەبارەت بە سیاسەتڤانانی ئەڵمانیای خۆرئاواوە ڕاست بێت، دەبێ بڵێین کە

[1]_ Helmuth Plessner، Verspatete Nation





سیاسەتڤانانی بەشی خۆرهەڵاتی ئەڵمانیایش کاریگەری ئەو بزووتنەوەیان لە سەر بووە. "ئێریك هۆنیکێر" دوایین ڕێبەری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، پاشماوەی بزوتنەوەی لاوانی سۆسیالیزم بوو لە دەیەی دووهەمی سەدەی بیستەم لە ئەڵمانیادا. هەر بەو هۆیەوە هیچ شتێك نەیدەتوانی بە ڕادەی مەشقە سەربازییەکانی ئەندامانی "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" بە یۆنیفۆرمە شینەکانیانەوەو لە حاڵی خوێندنەوەی سرودە کۆنو نێونەتەوەییەکانی لاوانو هەڵگرتنی هێماو ئاڵاکان کە هەر بە شێوازی مەشقە سەربازیەکانی دەیەی دووهەمی سەدەی بیستەم ڕێکدەخرا، ببێتە هۆی هێوربوونەوەی دەروونیو دڵخۆشی ئەو پیرە پیاوەی کە ساڵانێك بوو ڕێبەری کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیای دەکرد. هەر چەند "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" ئامرازێك بوو بۆ دڵگەرمی ڕێبەرانی بەساڵدا چوویی حیزب، بەڵام ئەو ڕێکخراوە تەنیا ئامرازێك بوو، بۆ گەیشتن بە پلەو پایەکانو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بۆ ڕێبەرە لاوەکانی حیزب.

جیا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ڕێکخراوەییەوە، هەڵەیە ئەگەر "ڕێکخراوی لاوانی هیتلێر"و "ڕێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" وەك یەك دابنێین. هەروەها هەڵەیەکی دیکەیش دەکەین ئەگەر ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە لە تیۆریزەکردنو شتنەوەی مێشکی لاواندا لە پێناوی خزمەت بە "حکومەتو گەلی کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا، بۆ دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی کرێکارانو جووتیاران لە خاکی ئەڵمانیادا" لە بەرچاو نەگرین. ئەم ڕێکخراوەیە هەندێك زانیاری نێو خۆیی بە لاوان ئەدا. ئەم زانیارییە لە کۆمەڵگای داخراوی کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیادا ببووە هۆی پەرەگرتنی توندوتیژیو بە نیزامیکردنی پەروەردەو فێرکردن تەنانەت لە باخچەی ساواییانداو

ئامـــادەیی بـــۆ کـــەڵك وەرگـــرتن لـــە توندوتیـــژی لـــە بەرانبـــەر "دەرەکییەکان"دا.

بە کورتی لاوانی ئەڵمانیا دوو ئەزموونی تەواوخوازیان تێپەر کرد: یەکـەم سـەردەمی نازییـەکان لـە سـاڵەکانی نێـوان ١٩٣٣ هـەتا ١٩٤٩و ئـەزموونی دووهـەم، سـەردەمی حکومـەتی کۆمۆنیـستی لـە جـۆری بلشویکی لە ساڵەکانی ١٩٨٩ هەتا ١٩٤٩/١٩٤٦. بەو ئەزموونانەوە وا دەردەکـەوێ، هـیچ بـەختێك بـۆ تـەیارکردنی لاوان لـە حکومەتـدا نەمابێتەوە.





## ٦

## ئاماری حەشیمەتی لاوانو لاوانی بێگانە لە ئەڵمانیادا

### ٦. ١. دابەزینی رێژەی لاوان لە پێکهاتەی خەڵکی وڵاتدا

زانـستی ئامـار لـە هـەوڵی دۆزینـەوەی دوو پرسـیاردایە: یەکـەم، پێکهاتـــەی حەشـــیمەتو دووهـــەم چـــۆنیەتی گەشـــەپێدانی ئـــەو. "حەشـیمەت" هـەموو ئـەو خەڵکـە دەگرێتـەوە کـە لـە سـەردەمێکی دیاریکراوداو لە شوێنێکی دیاریکراو ژیان بەسەر دەبەن، بۆ وێنە لە ناوچەیەك، شارێك یان وڵاتێك. مەبەست لە خستنە رووی زانیاریو ئاگـایی سـەبارەت بـە حەشـیمەت ئەوەیـە کـە لـە هـەر راڤـەکردنێکی کۆمەڵناسیدا پێویستمان بە ئاگاییو زانیاری هەیە. رەگەز، تەمەنو زانیاری پێکهاتەکانی دیکەی حەشیمەت، تێگەیشتنە سەرەتاییەکانمان سەبارەت بەو بابەتی کۆمەڵایەتیە وەدەست دەگەیەنێت کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین. ئەم وتەیە کاتێك زیاتر بایەخی دەردەکەوێ کە بابەتی بەدواداچوونەکە سەبارەت بە گرووپێکی تایبەتی تەمەنە.

کەواتـە بـە چـاولێکردنێك لـە خـشتەکانی حەشـیمەت دەکـرێ لـە پێکهاتـەی لاوان لـە کۆی حەشیمەتدا تێبگەین. لە هەڵسەنگاندنی ئەو خشتانەدا ئاکامەکانی خوارەوەمان دەست دەکەوێت:

_ جیاوازییـەکی بەرچاو لـەنێوان گروپـە تەمەنییـەکانی ئـەڵمانیای خۆرئاواو خۆرهەڵات دەردەکەوێت.

_ گرووپی ژێر ١٣ ساڵ لە خۆرئاوا یەك لە حەوتو لە خۆرهـەڵات یـەك لـە شەشی کۆی حەشیمەت پێك دێنێت. گرووپـی سـەرەوەی ٦٥ ساڵ لە هەر دووبەشدا لێك نزیکن.

_ گرووپی مام ناوەندییەکان یان کەسانی نێوان ٢٥ تا ٦٥ ساڵان، واتە ئەو کەسانەی کاردەکەن، تۆزێك زیاتر لەنیوەی حەشیمەتی وڵاتن.

بە سەرنجدان لە چوونە سەرێی تەمەنو هیوا بە ژیان بە تایبەت بۆ ژنانو هاتنەخوارێی رێژەی لەدایك بوون دەکرێت کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا بە وڵاتێکی تاڕادەیەك پیر دابنێین. رێژەی منداڵانو مێرمنداڵان بە بەراورد لەگەڵ پێشترو وڵاتانی گەشەنەسەندوی ئەم سەردەمە کەمە. ژمارەی پیرەکان لەهەر سەردەمێکی دیکەی مێژوو زیاترە. بەشی بەرچاوی کۆمەڵگا پێکدێت لەو کەسانەی توانای راپەراندنی کارەکانیان هەیە.

لە وڵاتانی روو لە گەشەدا بارودۆخی حەشیمەت بە تەواوی جیاوازە، لەوێدا خشتەی حەشیمەت سروشتییە، رێژەیەکی بەرچاو گەنجو ژمارەیەکی کەم پیر. نیوەی حەشیمەتی وڵاتانی ئەفریقا، ئاسیاو ئەمریکای باشوور پێکدێت لە لاوانی خوار ١٥ ساڵ. لە نزیکەی ساڵی ١٨٧١ لە ئەڵمانیادا ئەو کاتەی تا ڕادەیەك حەشیمەت بە خێرایی روو لە زیاد بوون دەچوو، رێژەی کەسانی خوار ١٥ ساڵ گەیشتە یەك لە سێهەمی کۆی حەشیمەتی ئەڵمانیا.

چوونە سەرێی تەمەنی هیوا بە ژیان بووەتە هۆی تێکچوونی تەواوی حەشیمەتو پێکهاتەی پێوەندی نێوان نەوەکان. لە بەشەکانی دیکەدا زیاتر باس لەسەر ئەم بابەتە دەکەین.

### ٦. ٢. زانیارە حەشیمەتیەکان سەبارەت بە پێکهاتەی تەمەنی لاوێتی

یەکێك لەو زانیاریانەی ئامار کە خەڵك بە کەمی دەیزانن، ئەوەیە کە رێژەی حەشیمەتی پیاوان بەرانبەر بە ژنان هەتا ٥٧ ساڵی لە سەرترەوەیە، لە پاش ئەو تەمەنە لەناکاو رێژەی حەشیمەتی ژنان





دەچێتە سەرێ، هەتا ئەو جێگای کە ئامار باس لە زۆرتر بوونی ژنانی بەتەمەن دەکات. ڕادەی لەسەرەوەبوونی رێژەی پیاوان هەتا ٥٦ ساڵی پیشاندەری ئەو رێژە راوەستاوەیە کە بۆ لەدایکبوونی منداڵانی کچو کوڕ لە ئارادایە: لە بەرانبەر ١٠٥ هەتا ١٠٦ کوڕدا ١٠٠ کچ لەدایك دەبن. یەکەمین هۆکاری راگرتنی باڵانس لە پێکهاتەی حەشیمەتدا رێژەی زۆرتری مردنی کوڕان لە کاتی هاتنە دونیاوەو کارەساتە مەرگ هێنەرەکانی دیکە لە نێوان ئەواندایە.

بارودۆخی بنەماڵە یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی کۆمەڵایەتیو حەشیمەت. لەپێشدا باسمان کرد کە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بۆ نەوەکانی پێشوو، یەکێك بوو لە نیشانەکانی کۆتایی قۆناغی لاوێتی. ئەم پێوەرە وەك پێشوو جێگای متمانە نییە، بەو هۆیەی لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی لاوان پێش ئەوەی بە فەرمی ژیانی هاوبەش پێك بێنن، بە شێوەی نافەرمی ئەو کارەیان دەکرد، ئەوەیش بە مانای کۆتایی قۆناغی لاوێتی نییە. دوو هۆکاری گرنگ دەبوونە هۆی پەرەگرتنی ئەو جۆرە ژیانی هاوبەشە: یەکەم ئەوە کە ژیانی هاوبەش پاش زەماوەند یان پێش زەماوەند چیدی ئەو پرسیارە نایەنێتە کایەوە کە ئایا ئەو لاوە توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی بنەماڵەکەی هەیە یان نا؟ هۆکاری دیکەیشی ئەوەیە کە زۆربەی یان هەموو ئەو کەسانە بێمنداڵ دەمێننەوە. پەرەپێدانی ژیانی هاوبەش پێش زەماوەندو شێوەکانی دیکەی ژیانی هاوبەش بەمانای کۆتایی هاتن بە سەردەمی لاوێتی نییە، بەڵکو بە مانای تێپەڕاندنو ئاراستەکردنی شێوەی ژیانی مێرمنداڵانە بۆ قۆناغی سەرەوەی باڵغبوون. لە راستیدا ئەمە خۆنوێنی هەمان ڕەوتە کە پێشتر باسمان کرد، واتە لەبەرچاونەگرتنی قۆناغی لاوێتی وەك قۆناغێکی ئامانج خوازانەو جیابوونەوەی قۆناغی لاوێتی لە قۆناغی

مام ناوەندی.

لەو کاتەوە تەمەنی باڵغبوون لە ١٨ ساڵیدا دیاریکرا (مەبەست ساڵی١٩٧٥ـە)، هەندێك ئاڵوگۆڕ دەردەکەون کە لەو ئامارەی خوارەوەدا بەرچاوە: تەنیا ٢/٠٪ کوڕانو ١/٤٪ کچان لە تەمەنی ١٥ هەتا ٢٠ ساڵیدا ژیانی هاوبەش پێکدێنن. نێونجی تەمەن بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بۆ پیاوانی ئەڵمانیای خۆرئاوای پێشوو ٢٩/٩و بۆ ژنان ٢٧/٥ ساڵی بوو. ئەو ژمارە بۆ ئەڵمانیای خۆرهەڵات بەریز ٢٨/٥و ٢٦/٤ مەزندە دەکرێت.

ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حەشیمەتدا خاوەنی هەندێك بابەتە لە روانگەی کۆمەڵایەتیو دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی پێکەوە ژیانی نەوەکاندا. جاربەجار ڕێژەی نەوەکان کە لەگەڵ یەك ژیان دەکەن دەچێتە سەرێ. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا تەنیا ١١٪ پیاوانو ١٤٪ ژنان نەوەکانی خۆیان ئەبینی. ئەو ڕێژەیە ئێستا گەیشتوەتە ٤٨٪ پیاوانو ٦٨٪ ژنان. لەم سەردەمەدا کەم کەس دەبینرێت کە لەخوار تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە بێدایك بێتو تەنانەت ٧٠٪ ئەو کەسانەی تەمەنیان گەیشتوەتە ٥٠ ساڵ هێشتا دایکیان ماوە. قۆناغی لاوی درێژتر بووەتەوە، بەڵام لە بەراورد لەگەڵ ماوەی ژیانی مرۆڤو چوونە سەرێی هیوا بە ژیان لە گرنگیەکەی کەم بۆتەوە.

### ٦. ٣. لاوانی بێگانە

لاوانی بێگانە لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا بە سەرنجدان لە ڕادەو "بارودۆخی کۆمەڵایەتی" گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت لە لاوانن بەو هۆیەوە کە لە بەشی داهاتوودا سەرنج نادرێتە وردەکارییەکان، باشترە هەندێك لە تایبەتمەندیو کێشەکانی ئەم گروپە لێرەدا بخەینە بەر باس.





### ٦. ٣. ١. هەندێك لە زانیارییەکانی ئامار

لە ٧/٣ ملیۆن بێگانە کە لە ساڵی ١٩٩٤دا لە ئەڵمانیای فیدراڵدا ژیانیان بەسەر دەبرد ٢/٠٥ ملیۆن تورك، ٧٥٤ هەزار کەس خەڵکی یوگوسلاڤیایی پێشوو، ٥٩٩ هەزرا کەس ئیتالی، ٣٦٣ هەزار کەس یۆنانیو ١٣٣ هەزار کەس ئیسپانی بوون. ڕێژەی بێگانەکان بە نیسبەت کۆی حەشیمەتەوە ٨/٩٪ بوو. لە شارە پیشەسازییەکان وەك "شتورتگارت"، "فرانکفۆرت" و "ئەفن باخ" و ناوەندە پیشەسازییە دوورەکاندا ڕێژەی بێگانەکان لە یەك لە شەشەوە هەتا یەك لە سێ لە هەڵکشانو داکشاندا بوو. سەبارەت بە منداڵانو مێرمنداڵان ئەم ڕێژەیە لە سەرترەوەیە.

لەنێوان ئەوبێگانانەی کە لە ئەڵمانیای فیدراڵ نیشتەجێن ٤١/٥٪ی ئەوان زیاتر لە پازدە ساڵە لەم وڵاتە دەژین. ٨٨٠ هەزار قوتابی بێگانە لە ساڵی ١٩٩٤دا لە ئاستی جیاوازدا لە باخچەی ساوایان هەتا ئامادەییو خوێندنگای شەوان خەریکی خوێندن بوون (کە ٨/٩٪ کۆی قوتابیان لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا پێکدێنن). ڕێژەی لاوانی بێگانە لە ئاستەکانی سەرەوەتری خوێندندا لە بەراورد لەگەڵ ئەڵمانیایەکان کەمترە. دەکرێت کێشەی بێگانەکانی دانیشتووی ئەڵمانیای فیدراڵ بە شێوەیەکی گشتیو لە چەند خاڵێکدا بەو شێوەی خوارێ ریز بکەین:

(١). ئەوان بەزۆری لە ئاستەکانی خوارەوەی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتیدان، بە شێوەیەك کە ئەوان بە بەشێك لە چینی خوارەوەی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگای ئەڵمانیا دادەنرێن.

(٢). ئەوان بە شێوەی بەرچاو لە ناوچە بێبەشەکانی شارەکاندا ژیان بەسەر دەبەن.

(٣). ڕێژەی بێکاری لەنێو ئەواندا زیاتر لە ڕێژەی بێکاری لەنێو کۆی حەشیمەتی وڵاتدایە.

(٤). ئەوان فیدای هەندێك سیاسەتی جیاوازیخوازیو ناوو ناتۆرە لێدراوی بوون.

(٥). لە پەنای کێشەکانی سەرەوەدا، بارودۆخی یاسایی ئەوان نادیارە، بە شێوەیەك کە ناتوانن لە هەموو ئەو مافانەی دەستوور سوودمەند بن کە بۆ هاووڵاتیانی لەبەرچاو گیراوە.

بارودۆخی ئەو بە ڕەچەڵەك ئەڵمانیایانەی کە بەپێی گرێبەستە جۆراوجۆرەکان لە سەرەتای دەیەی حەفتاوە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپاوە بەرەو ئەڵمانیا کۆچیان کردووە، لە زۆر بواردا لەگەڵ بارودۆخی بەڕەچەڵەك بێگانەکان هاوشێوەیە. بە سەرنجدان لە یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمانیاو گۆڕانی هەلومەرج لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپادا لە ساڵی ١٩٨٩ هەتا ١٩٩٠ کۆچکردن بۆ ئەم وڵاتە بە خێرایی گەشەی کردووە.

### ٦. ٣. ٢. سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵایەتی ـ دەروونی منداڵانو مێرمنداڵانی بێگانە

"ه.م.گریزە"[1] جیاوازی نێوان لاوانی ئەڵمانیاو لاوانی بەرەچەڵەك بێگانەی دانیشتووی ئەڵمانیاو دژوارییەکانی لاوانی بێگانە بەو شێوەی خوارەوە پێناسە دەکات:

(١) گۆڕینی زمان.

(٢) گۆڕینی ئەو کەسانەی پەیڕەویان لێدەکەن.

(٣) گۆڕینی ئەو گروپانەی پەیڕەویان لێدەکەن.

(1) H.M.Griese 1980





(٤) پێناسەی نادیار.

(٥) ناوو ناتۆرە لێدان وەك گرووپێکی پراوێزکراوو بەو شێوەیە خاوەن ڕۆڵی لاوەکی.

(٦) لاوازی لە زماندا.

(٧) نەبوونی بڕوانامەکانی خوێندن لە زۆر بواردا.

هەڵبەت ئەو دژوارییانەی سەرەوە یەکسان نین بۆ هەمووان. هەندێك هۆکار هەن کە لە سەر ڕادەی خۆ ڕێکخستن لەگەڵ شوێن، کولتورهەڵگریو توانەوە لە کۆمەڵگادا کاریگەریان هەیە. بە پێی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان دەکرێت ئەو هۆکارانە بەو شێوەیە بخەینە بەر باس: تەمەنی کۆچکردن بۆ ئەڵمانیاو ماوەی نیشتەجێبوون لەم وڵاتەدا، ناوچەی نیشتەجێبوونو بارودۆخی ژیان، ڕەگەز، ئامانج لە نیشتەجێبوون یان داخوازی گەڕانەوەو ویستن یان نەویستنی پاشکۆیەتی بە پێی ئەو بڕیارە، چالاکی کار، بارودۆخی بنەماڵەیی، جۆری کاری باوكو دایك، پێوەندی لەگەڵ گروپە هاوتەمەنەکانو پێوەندی لەگەڵ لاوانی ئەڵمانیاو سەر بە ڕێکخراوو کۆمەڵەکان.

بەو شێوەیە ئێمە لەگەڵ توێژێکی بەربڵاو لە لاوانی بێگانە ڕووبەڕووین کە لە بارودۆخێکی جیاوازدان. بارودۆخی تایبەتی ئەوان لەوەدایە کە لەگەڵ هەندێك جیاوازی بەرەو ڕوون کە تایبەت بەوانەو کێشەی هەموو لاوانی کۆمەڵگا نییەو هەر ئەویش دەبێتە هۆی دژوارتر کردنی بارودۆخی ئەوان لە بەراورد لەگەڵ لاوانی ئەڵمانیادا. دەبێ سەرنج بدەینە "بگۆڕە بەهێزکەر"ـەکەی ئەم بارودۆخە نابەجێیە. ژیانکردن لە ناوچەی نەگونجاو پێوەندی لەگەڵ لاوانی ئەڵمانیا بۆ لاوانی بەرەچەڵەك بێگانە دژوار دەکات، نەبوونی پێوەندی لەگەڵ لاوانی ئەڵمانیا دەبێتە هۆی دابەزینی خێرایی لە فێربوونی زمانداو نەزانینی زمان دژواری زۆری بەدواوەیە.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە لاوانی بەڕەچەڵەک بێگانە لەگەڵ چ کێشەیەک بەرەوڕوون، بەڵکو پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو دەرەتانە هەیە، لاوانی بێگانە لە سەردەمی لاوێتی تایبەت بە خۆیان ئەزموون وەرگرن. لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان، ئەو ئاکامەی خوارەوە دەخەنە بەر دەست: سەبارەت بە کچانو ژنانی ١٣ هەتا ٢٠ ساڵان پێویستە بڵێین کە لاوانی هاوتەمەنی ئەڵمانیای ئەوان، بە هیچ شێوەیەک ئەزموونی قۆناغی لەوشێوەیان نییە. ئەوەی کە بۆ کچە تورکەکان "زێدەرۆی"و لە قەدەغە کراوەکانە، تا ڕادەیەک بۆ بەشێکی زۆر لە کچە لاوەکانی ئیسپانیا، ئیتالیاو تەنانەت یوگوسلاڤیایش لە شتە بەڵگە نەوسیتەکانە. پاڵپشت بوون بە بنەماڵەو کۆنترۆڵ لە لایەن بنەماڵەوە هێشتا بە تەواوی بەهێزە.

بۆ بەشێکی زۆر لە کچە تورکەکان لە تەمەنی منداڵیدا کاری ناو ماڵ دیاریدەکرێت، ئەم کارە بە هۆی پێویستییەوە، بۆ وێنە کار کردنی دایک لە دەرەوە نییە، بەڵکو بەشێکە لە کۆمەڵگەهەڵگری نەریتی ژنان. کچان لە تەمەنێکی خوارتر لە هاوتەمەنە ئەڵمانیایەکانی خۆیانوەک ژنی باڵغ چاویان لێدەکرێت. بۆ ئەم کچانە، وەک ئەوەی "ئەریکسۆن" دەڵێت، "دەرفەتی دەروونی ___ کۆمەڵایەتی" کورتە. پێوەندی ئەوان لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان زۆر بەرتەسکە بەو شێوەیە لاوان لە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کولتوری لاوێتی بێبەشن.

کچانو ژنان ناچارن زیاتر بایەخو کردەوە گونجاوەکانی نیشتمانی خۆیان بپارێزن. ئەم ئەرکە بە تایبەت سەبارەت بە هەڵبژاردنی هاوڕێ، پێوەندی جنسیو ژیانی هاوبەش توندترە. بە نیسبەت کچانی تورکەوە دەبێ بڵێین کە ئەوان بێ ئەزموون وەرگرتنو بە سەر بردنی قۆناغی تێپەر، بە زۆری لە شەوێکدا لە کچی ماڵەوە، دەبنە هاوسەرو بەرپرسی بنەماڵە. سەبارەت بە زۆربەی بنەماڵە تورکەکان، هەڵبژاردنی هاوسەر لە





لایەن باوکو دایکو لە نێوان بنەماڵە هاوئاستەکاندا دەکرێت.

لاوانی کوڕی بنەماڵە بەرەچەڵەک بێگانەکان، دەرەتانی زیاتریان هەیە. ئەم راستییە سەبارەت بە کوڕەکان لە نیشتمانی خۆیشیاندا خۆی دەنوێنێ. ئەوان هەتا ئەو جێگەی بۆیان دەکرێت ناچنە ژێر گوشاری بنەماڵەوەو لەگەڵ هاورێکانی خۆیان گرووپی هاوتەمەن پێک دێنن. گروپەکانی مۆسیقا، یانە وەرزشییەکان کۆڕو کۆبوونەوە وەرزشییەکان، شوێنێکی تایبەتیان لە ژیانی ئەواندا هەیە. ئەوان لە دەمەزراندنی پێوەندی هاورێیەتیو هاوتەمەنی لەگەڵ کچانو کوڕانی ئەڵمانیادا ئازادی زیاتریان هەیە.

بە زۆری لاوانی کوڕ خاوەنی دوو جۆر هەڵسوکەوتی رەگەزین. لە لایەکەوە لاوانی بنەماڵەی کرێکارانی میوان سەبارەت بە پێوەندی جنسی ژنانی بنەماڵەکەی خۆیان توندی پێشان ئەدەن، ئەوان لەم بوارەدا لە هەڵسوکەوتی گشتی جنسی لاوان پێڕەوی ناکەن کە بە شێوەیەکی "سروشتی" خوازیاری دەرەتانی زیاتری پێوەندی سیکسین. لە لایەکی دیکە ئەوان لە نێوان کچانی ئەڵمانیاو کچانی هاونیشتمان، بە تایبەت خۆشکەکانیان، جیاوازی دادەنێن. ئەو دیاردەیە هێشتا لە نێوان بنەماڵە ئەڵمانیایەکانیشدا کاریگەری لاوازی دەبینرێت. هەر ئەو پەندی پێشینیانەی پێشوو لە نێوانیاندا باوە کە باس لەوە دەکات: "براکان باشترین پارێزەری نامووسی خوشکەکانن."

## ٧

## تێڕوانین لە لاوان لە بواری مرۆڤناسیو زیندەوەرناسییەوە

### ٧. ١. گەشەکردنو باڵغبوونی جنسی

پرسیار سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی جۆری مرۆڤ و قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەو، لە سەرەتای ڕۆچوونی فەلسەفی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی جۆری مرۆڤ لە ئارادا بووە. پزیشكو فەیلەسووفەکانی یۆنانی لە چاخە کۆنەکانەوە لەو بارەیەوە بیریان کردوەتەوەو ئاماژەیان بەم بابەتە کردووە، هەر ئەو بیرۆکەو زانیاریانە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی تیۆرییە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە قۆناغەکانی تەمەنی گەشەکردنی مرۆڤ بووە.

لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی گشتی، مرۆڤناسی زیندەوەریو زانستی پزیشکی لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوو قۆناغەکانو پرۆسەکانی گەشەکردنی مرۆڤ.

#### ٧. ١. ١. گەشەی باڵغبوونی جنسی

یەکێك لە قۆناغە بنەڕەتییەکان لە ژیانی مرۆڤدا، دەستپێکی سەردەمی باڵغبوونی جنسییە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ. باڵغبوونی جنسی توانای منداڵ بوونە. باڵغبوونی جنسی پێکهاتەیەکی کوتو پڕ نییە، بەڵکو ڕەوتێکە کە لە ٥ هەتا ٨ ساڵ درێژە دەکێشێت.

پێش ئەوەی گرنگی دەروونناسیو کۆمەڵناسی باڵغبوون بخرێتە





بەر باس، جێی خۆیەتی ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین: باڵغبوونی جنسی لە کاتێکی دیاریکراودا دەست پێدەکات، بەڵام کامڵبوونی ئەو پرۆسەیە هێواشە. پرۆسەیەك کە کاریگەری قووڵ لە سەر پێکهاتەی هزرو هەڵسوکەوتی لاواندا دەنێت. دەکرێ بەو رادەیەی کە باڵغبوون کاریگەری لە سەر کەسەکە دادەنێ ، بە هۆکاری گۆڕینی وشیاریی لاوان بزانرێت لە جەستەی خۆیان. گۆڕانی وشیاریی لاوان لە جەستەی خۆیان دەبێتە هۆی گۆڕانی وشیاریی ئەوان لە دەوروبەریان. باڵغبوون "هەڵسورێنەری" گۆڕانکاری هەڵسوکەوت لە لاواندایە، ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە ڕای گشتی لە تایبەتمەندییەکانی سەرەتای قۆناغی لاوێتی دەزانرێن. باشتر وایە، سەرەتا لە روانگەی دەروونناسی گەشەکردنەوە سەرنج بدەینە ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە قۆناغی باڵغبووندا بەرە بەرە خۆ دەنوێنن.

لە قۆناغی باڵغبووندا زۆر ئاڵوگۆڕ دەبینرێت لە جەستەی لاواندا. لە گرنگترین گۆڕانکارییەکان، گۆڕینی تایبەتمەندییە سەرەتاو دوا جاری لەش، گەشەکردنی خێراتر سەبارەت بە لاوانی کوڕ گۆڕانی دەنگ یان بە واتایەك گڕبوونی دەنگی ئەوانە.

#### ٧. ١. ٢. خێراییو دواماوی وەك تایبەتمەندییەکان

قۆناغی باڵغبوون بۆ لاوانی کوڕو کچ جیاوازە. خۆنوێنی ئاڵو گۆڕەکان بە هۆی باڵغبوونەوە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی سەرەتاو دوا جار لە کوڕانو کچاندا جیاوازە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی باڵغبوون لە کۆمەڵگا مودێرنەکاندا "خێرایی"یە. "خێرایی" بە مانای هاتنە پێشەوەی باڵغبوونە. "محمد

راسم"[1] کە هەندێك لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە کولتور کردووە، هۆکاری روون لەو بارەیەوە دەخاتە روو. ئەو بەدواداچوونە سەبارەت بە پرۆسەی خێرایی، تەمەنی لاوانی دەرکراو لە گرووپی "کۆڕی ئۆپێرای لاوانی ڤییەن"ی خستووەتە ژێر لێکۆڵینەوەلە دوو سەد ساڵی رابردووەوە لاوان بە هۆی گڕبوونی دەنگیانەوە، لە چالاکی لە گرووپی کۆڕی ئوپێرای لاوانی ڤییەن وەلانراون. بەدواداچوونەکان پێشانیانداوە کە "هایدەن" لە ١٨ ساڵیدا، "شوبێرت" لە ١٦ ساڵیدا، "بیروکنێر" لە ١٥ ساڵیداو چەند کەسێك لەم سەدەیەدا لە تەمەنی ١٣ هەتا ١٤ ساڵیدا ناچار بوون لەو گروپە بچنە دەرێ. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی سەرەتای تەمەنی باڵغبوون لە ئەوروپا بەرهەمی "ئێهاڵت"و "میت تێراور" بخوێننەوە.[2]

لە پەنای دیاردەی "خێرایی"دا، واتە هاتنە خوارێی تەمەنی باڵغبوون لە نێو لاوانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی سەردەمدا، شایەتی دیاردەیەکی دیکەیشین، واتە "دوامـاوی" قۆناغی باڵغبوون لە نێوان لاواندا. لە دەرئەنجامەکانی درێژ بوونەوەی پرۆسەی باڵغبوونی لاوان، یان بە واتایەك "دوامـاوی باڵغبوون"، سوود وەرگرتنی درێژ خایەنتری ئەوان لە قازانجەکانی دیاریکەری قۆناغی لاوێتییە. هێشتا بە روونی دەرنەکەوتووە کە ئێمە بۆ شایەتی ئەو گۆڕانکاریانە لە تەمەنی باڵغبوونی لاوانداین. هۆکاری جۆراوجۆر بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە پێشکەش دەکرێن. هەندێك ئەو گۆڕانکارییانە لە گۆڕان لە بەرنامەو خۆراکدا دەزانن، هەندێك ژینگەی پیشەسازی- شاری بە هۆکار دەزانن، سەرئەنجام هەندێك لە ئاڵوگۆڕەکان شێوەی کارو ژیانی منداڵان وەك هۆکار باس دەکەن.

1_ Mohammad Rassem 1975
2_ H. ch. Ehalt 1985، M. Mitterauer 1986





### ٧. ١. ٣. بەرز بوونی باڵا، کۆرنۆلۆژیو ریزبەندی قۆناغەکانی باڵغبوون

ئەو وتانەی سەرێ لە پێوەندی لەگەڵ بەرز بوونەوەی باڵای لاوانی ئەم سەردەمەیشدا دەگونجێت. ئەوان بە شێوەی مام ناوەندی ١٠ سەنتیمیتر بەرزتر لەو لاوانەن کە ٤٠ هەتا ٥٠ ساڵ لەوە پێش ژیانیان دەکرد. بەرز بوونەوەی باڵا لە ئەڵمانیا لە کاتی دەست پێکردنی پرۆسەی بەرەو پیشەسازیو پەرە گرتنی شارنشینییەوە هەستی پێدەکرێت. ئەم ڕەوتە لە پاش شەڕی جیهانی دووهەمەوە خێرایی پێبەخشراوەو بووەتە دیاردەیەکی ئاشکرا لە سەرانسەری ئەڵمانیا تەنانەت لە گوندەکانیشدا.

بە بۆچوونی "ئاوس ئۆبێل"[1] لە پێوەندی لەگەڵ گەشەکردنی لاوان دەبێ دوو شت لەگەڵ یەك جیا بکەینەوە: کۆرنۆلۆژیو ریزبەندی قۆناغەکانی باڵغبوون. مەبەستی ئەو لە "کۆرنۆلۆژی قۆناغەکانی باڵغبوون" ئەو ماوە کاتییە کە کۆمەڵگا دەیخاتە بەر دەستی لاوانی باڵغ بوو. مەبەستی لە "ریزبەندی قۆناغەکانی باڵغبوون"، بریتییە لە شێوەی ریزکردنی سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕی جەستەیی لە قۆناغی باڵغبووندا. بە باوەڕی ئەو "کۆرنۆلۆژی" بابەتێکی تاکەکەسییە، واتە هەر لاوێك لە قۆناغی باڵغبوونی خۆیدا لە شوێنێکی تایبەتدا پەروەردە دەبێت. لە حاڵێکدا پێیوایە "ریزبەندی قۆناغەکانی باڵغبوون" پێوەندی بە رەگەزو ڕەچەڵەکی لاوەوە هەیە. ژمارەیەك لە گرنگترین گۆڕانکارییەکان لە نێوان کچانو کوڕان لە قۆناغی باڵغبووندا بەو

1_ Ausubel 1979

شێوەیە خوارەوەیە:

باڵغبوون لە نێو کوڕاندا لە ١٣ ساڵیداو بە زۆری لەگەڵ یەکەمین ئاو هاتنەوە دەست پێدەکات. هەندێك جار کوڕان ئاگاداری ئەم ئاڵوگۆڕانە نین. بە زۆری پێش لە یەکەمین ئاو هاتنەوە، تووکی پشت کۆ ئەندامی جووتبوونی هەڵ دەستێت، کە لەگەڵ گەشەکردنی کۆئەندامی جووتبوونی لاوان و گونەکان دایە. ئەم قۆناغە لە ٥ هەتا ٨ ساڵ درێژە دەکێشێ. باڵغبوون لە پێش ١٣ ساڵیدا زۆر بە کەمی روو ئەدات، بەڵام دواماوی لە تەمەنی باڵغبووندا هەتا ١٦و ١٧ ساڵی ئاساییە.

"ئاوس ئۆبێل" ئاماژە بەوە دەکات کە گەشەکردنی کۆئەندامی جووتبوونی پیاو هەندێك جار بۆ لاوان دەبێتە هۆی گوشاری دەروونی، بەو هۆیەی ئەم گەشەکردنە نواندی دەرەکی هەیە. ئەگەر گۆڕانکارییە بەرچاوەکان و گەشەکردنی کۆ ئەندامی جووت بوون بە شێوەی "سروشتی" لە کاتێکی دیاریکراودا دەرنەکەوێت، دەبێتە هۆی گوشارە دەروونییەکان بۆ لاوان. لە زۆر بابەت و نموونەدا ئەم دیاردەیە دەتوانێت هۆکاری سەرهەڵدانی بۆچوونی هەڵە سەبارەت بە "پیاوەتی" بێت.

بە نیسبەت کچانیشەوە شایەتی ئاڵوگۆڕی هاوشێوە وەك دەرهاتنی تووك لە پشت کۆئەندامی جووتبوون و گۆڕانکارییەکانی دیکەین. بە پێچەوانەی بۆچوونی گشتی کاریگەری دواجاری باڵغبوون لە کچاندا نزیکەی ٨ مانگ زووتر لە کوڕان دەردەکەوێت.

لە کۆتایی دوازدەو سەرەتای سێزدە ساڵیدا رووبەڕووی یەکەمین سووڕی مانگانە دەبنەوە. یەکەمین سووڕی مانگانەی کچان نەك هەر لە یەکەمین ئاو هاتنەوەی کوڕان بەرچاوترە، بەڵکو لە بواری دەروونییەوە





گرنگییەکی تایبەتی هەیە. سووڕی مانگانەو ئامادەبوونی کچان بۆ زگپڕی نزیك بە ساڵێك دوادەکەوێت. ڕەوتی کۆبوونەوەی چەوری لە نێو کچاندا خێراتر لە کوڕانە. ڕەوتی گەورە بوونی مەمکەکان و گۆڕانکارییەکانی دیکە لە جەستەدا چەند ساڵێك دەخایەنێت.

"ئاوس ئۆبێل" گەورە بوونی مەمکەکان بە یەکەمین و گرنگترین پێناسەی کۆمەڵایەتی بۆ دەرخستنی باڵغبوونی کچان دەزانێت. بەو هۆیەی کە گەورە بوونی مەمکی کچان "بەرچاوەو تەنانەت بە داپۆشینیش ناشارێنەوە، لەو روانگەیەوە تەنانەت لە کۆ ئەندامی جووتبوونی پیاوانیش گرنگترە."[1] رەنگە هەر بەو هۆیەوە بێت کە باڵغبوونی کچان زیاترو "بێترستر" بووەتە بابەتی لێکۆڵینەوەکان، گومانەکان و ئاماژە ناحەزەکانی خوشك، برا، دایك، باوك، خزم و هاوتەمەنەکان.

شەشەمین راپۆرتی حکومەتی ئەڵمانیا سەبارەت بە بارودۆخی لاوان (١٩٨٤) کە تایبەت بوو بە "تەرخان کردنی پێداویستی بۆ کچان لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا"دا، کێشەی "بۆچوونی ژن"و "جەستە"ی لە نێوان کچاندا خستە بەر باس. لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەدا ١٦ بابەتی مۆنۆگرافی ئەنجامدرا. ئاکامی لێکدانەوەکان دەریدەخات کە بۆچوونی باوی خەڵك سەبارەت بە کچان و ژنانی لاو، گرفتێکی سەرەکییە. لە بەرانبەر گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی ئەواندا. لەوەدا کە جەستەی ژن تەنیا لە روانگەی سیکسەوە ببینرێت، گرفتێکی دیکەیە بۆ ژنان. هەر ئەو مۆنۆگرافییە باس کراوانە خاوەنی بەڵگەی هەڵوەشێنەوەن سەبارەت بە گرنگی کولتووری و کۆمەڵایەتی رەگەز، جیاوازی

[1]_ Ausubel 1979

کۆمەڵگەهەڵگری لە نێوان کچان‌و کوڕان‌و بە گشتی سەبارەت بە باڵا دەستی "پیاوان" لە کۆمەڵگای سەردەمدا.[1]

## ٧. ٢. گەشەی جووڵە

باشتر وایە پێش بەدواداچوونی، هەلومەرج‌و دەرەنجامەکانی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕی جەستەیی لە تەمەنی لاوێتیدا، ئاماژەیەك بە "گەشەی جووڵە"ی لاوان بکەین.

جووڵە بە مانای شێوەکانی جووڵانەوەو توانای جووڵاندنی جەستەییە. ڕێککەوتنی جووڵان لەگەڵ هەلومەرجی کات‌و شوێن، بێ‌خەمی، هێزی خۆ ڕاگرتن، لێهاتوویی‌و سەرەنجام جوانی جووڵەی مرۆڤ بەشێکن لە پێداویستیەکانی هەڵسوکەوت‌و پێکهاتەی کەسایەتی ئەو.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کولتووری‌و کۆمەڵایەتی ئەڵمانیایەکان‌و ڕەنگە ڕۆژئاواییەکان بە گشتی ئەوەیە کە بەربڵاوترین لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە چۆنیەتی جووڵەی مرۆڤ پێوەندی بە بوارێکی تایبەتە کە ئەویش چۆنیەتی جووڵەی خەڵك لە شوێنی کارو لە پێوەندی لەگەڵ ئیشی ئەواندایە. لەم گۆڕەپانەدا هەندێك تیۆری‌و دامەزراو وەك "تیلیوریزم"[2] و "سیستمی خۆشگوزەرانی"[3] سەریان هەڵدا. لەم ساڵانەی دواییدا لە گۆڕەپانی وەرزشیشدا هەندێك لێکۆڵینەوە سەبارەت بە جووڵەی مرۆڤ کراوە. تەنانەت لەو بوارەیشدا زۆربەی لێکۆڵینەوەکان تەرخان کرابوون بۆ بردنە سەرێی کاردانەوەو

1_ Altag und Biografie Von Madchen
2_ Taylorismus
3_ Rafa_ Syastem





ریکۆردی یاریزانان. پێناسەی جووڵە لە تەمەنی لاوێتیدا لەگەڵ پێناسەی ئەوان لە قۆناغی منداڵیدا جیاوازە. "لە قۆناغی باڵغبووندا کاتێك مرۆڤ لە جووڵەدا لێهاتوویی هەبێت، ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە توانای بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دژوارییەکانی ژیاندا هەیە."[1]

### ٧. ٢. ١. گرنگی کەمتر بۆ جووڵەو جووڵانەوە

پێش ئەوەی بچینە سەر گرنگی جووڵە بە گشتی بۆ لاوان، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا کۆمەڵگاو کولتووری ئێمە بە ڕادەی پێویست گرنگی بە جووڵە ئەدات‌و ئامرازی پێویستی بۆ دیاری دەکات؟ لە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکراو لە نێوان کولتورەکاندا، وەڵام نیگەتیڤ دەبێت. لە بەشەکانی داهاتوودا بە وردی ئەو کێشەیە دەخەینە بەر باس، کە ئەگەر زۆر درەنگ‌و بە شێوەی جێگرتنەوە لە پرۆسەی کارو بەرهەم هێناندا بەشداری بکەن‌و بچنە نێو بازاڕی کارەوە، لە بواری پێناسەی کەسایەتیدا لەگەڵ دژوارییەکان بەرەوڕوو دەبن. دەرەتانی ئەوە زۆر کەم بووەتەوە کە لاوان درێژە بە کاری باوك بدەن‌و خەریکی چالاکییە خولقێنەرەکان بن. تایبەتمەندییەکانی شوێنی نیشتەجێبوونیش ئەو دژوارییانەی بردووەتە سەرێ. لەم سەردەمەدا خەڵك لەو شوێنانە ژیان دەکەن کە دەرفەتی جووڵە لەواندا بۆ لاوان زۆر کەمە. وەرزش وەك ڕاگرێك بۆ بەهێز بوون، خێرایی، لێهاتوویی‌و خۆڕاگری، بە گشتی جووڵە، شوێنێکی گونجاوو گرنگی پێویستی پێ نادرێت لە بەرنامە پەروەردەییەکانی قوتابخانەدا.

1_ Ausubel 1975

هەرچەند هەندێك لە قوتابیان بە ئارەزووەوە وەرزش دەکەن، بەڵام ئەوە گشتگیر نییە. هەروەها هەندێك پێداویستی دیکە بۆ گەشەدان بە جوولەی منداڵان وەك کارە دەستییەکان مۆسیقا لێدان و ئەکتەری لە شانۆدا لە نێو لاواندا زۆر بەربڵاو نییە. ئەو جۆرە چالاکییانە تەنیا لە نێو لاواندا بە شێوەی تاك دەبینرێت.

دەکرێت هەندێك هۆکاری دیکەیش بۆ گرنگی پێنەدانی جوولە لە کۆمەڵگای ئێمەدا باس بکەین کە خاوەنی مێژووی کولتوری و کۆمەڵایەتین:

___ جوولانەوەی سەرنج راکێش یان هاتوچۆ بە ئەداوە، لە سیستمی باوو خاوەن بەهای ئێمەدا شوێنێکی بە بایەخیان نییە.

___ هەندێك لە شێوازەکانی هەڵسوکەوت لە ماڵەوە، بۆ وێنە چاو لە تەلەفزیۆن کردن، رێگرێکی بەردەوامن لە جوولەی منداڵان و مێرمنداڵاندا.

_ باوك و دایك و خوێندنگاکان شێوەکانی هەڵسوکەوتی نابەجێی ئەوان پەسند دەکەن و لەگەڵی ڕادێن، بۆ وێنە لە هەندێك لە قوتابخانەکان دیوی جگەرەکێشان بۆ قوتابیان دابین کراوە.

___ کەڵك وەرگرتن لە ئۆتۆمبێلەکانی خوێندنگاو نەبوونی پێداویستی بۆ پاسکێل سواری منداڵان و مێرمنداڵان لە بەربەست کردنی جوولەی ئەواندا شوێندانەرە، ئەو هەلومەرجانە بە هێواشی هۆگری منداڵان و مێرمنداڵان بە جوولە لە نێو دەبات.

کاتێك لە زیانی بێ جوولەیی لە نێوان لاواندا تێدەگەین کە لە گرنگی کاریگەری جوولە بۆ بەدەستهێنانی باوەڕ بە خۆ بوونی ئەوان ئاگادار دەبین. جوولە لە قۆناغی لاوێتیدا بۆ سەردەمی پیریش خاوەن گرنگییە: "پێش گرتن لە جوولە لە لاویدا زیانێکی گەورە بە نەفس





بەرزی مرۆڤ دەگەیەنێت، بەو هۆیەی ناتەواوی و نارێکی جەستەیی ئاشکرا دەبێتە هۆی بێ بڕوایی، ئالۆزی و بوونە گاڵتە جاری خەڵك."[1]

### ٧. ٢. ٢. جۆرەکانی جوولە

دەکرێ جوولە بە دوو جۆر دابەش بکەین: توانای جوولەی قورس و توانای جوولەی سووك. ئامانج لە توانای جوولەی قورس یان دینامیك، بەدەستهێنانی هێزو ئامادەییە بۆ جوولانەوە جۆراوجۆرەکان: هەڵاتن، بازدان، فڕێدانی قورسایی و هتد. خەریك بوون بەو ڕاهاتنانەوە لە نێو کوڕاندا زیاتر لە کچان باوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی هێزی شان و پیل بۆ وێنە هەڵگرتن و بەرز کردنەوە. توانای دینامیکی لە نێوان کچاندا لە حاڵەتی دورکەوتنەوە لە ڕاهاتن لە ١٤ ساڵییەوە دادەبەزێت. بە دوای باڵغبووندا کاردای کچان لە بەراورد لەگەڵ کوڕاندا وردە وردە کەم دەبێتەوە."[2] هۆی ئەم کەم بوونەوەیە بە تەنیا تایبەتمەندییەکانی زیندەوەری نین، بەڵکو تێڕوانینە کولتورییەکان و چاوەڕوانییەکانیش جێگای خۆیان هەیە.

ئاکامی ئەو جۆرە بۆچوونە کولتورییانە کەمبوونەوەی گوشار بۆ جوولانەوەی لاوان و لە ئاکامدا لاواز بوون هەتا تەمەڵی تەواوی ئەوانە. "ئاوس ئۆبێل" بۆ پێداگرتنی لە سەر باوەڕی خۆی لەو پێوەندییەدا دەڵێت: "هۆگرییەك کە لە کۆتایی قۆناغی لاوێتیدا بۆ بەشداری لە وتووێژەکاندا دەبینرێت، لە بەستراوەیی ئەوانەوە بە "شێوەی ژیانی دانیشتوویی"یەوە سەرچاوە دەگرێت. لەوەدا کە زۆربەی لاوان وەرزشوانن، نابێتە بەڵگەیەك بۆ ناراست بوونی پێداگرییەکانی "ئاوس

[1]_ Ausubel 1979
[2]_ Ausubel 1979

ئۆبێل". گۆڕان لە "سروشت"ی لاوان، کە لە بەشی داهاتوودا باسی دەکەین، گۆڕان لە جووڵەی دینامیکی ئەوانیشدا دەگرێتەوە.

جووڵە سووکەکان لەگەڵ جووڵەکانی جەستەیی زۆر پێکەوە نەبەستراونەتەوە، ئەوەی لێرەدا لە بەر چاو دەگیرێت، توانایی بۆ هاودەنگییە کە بریتیە لە پێش مەرجی لێهاتوویە دەستییەکان، رێککەوتن لەگەڵ تواناییەکانی دیکە وەك دیتن، تێگەیشتن‌و هەڵسوکەوت کردن. ڕاهاتنی جووڵە سووکەکان‌وەك، سەماکان، وەرزشەکان‌و هەندێك کار کە پێویستی بە لێهاتوویی تایبەت هەیە وەك لێدانی ڤیۆلۆن کە خوازیاری پسپۆری‌و ڕاهاتنی تایبەتە.

لێرەدا زیاتر لەوە ناتوانین تایبەتمەندییەکانی جەستەیی‌و پزیشکی لاوان بخەینە بەر باس. تەنانەت ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەینەوە کە "ئایا دەکرێت سەرەڕای گۆڕانکاری لاوان‌و لاوێتی لە قۆناغ‌و کولتورە جیاوازەکاندا، بگەینە کاکڵێکی تەواوی مرۆڤناسی، زیندەوەری‌و گشتی کە بکرێ بە پێناسەی دیاریکردنی لاوانی بزانین لە هەموو قۆناغ‌و کولتورەکاندا؟".[١]

[1]_ Vgl. Jaide 1988





# ٨

# دەروننناسی گەشەو قۆناغی لاوێتی

## ٨. ١. تایبەتمەندی لاوان لە روانگەی دەروونناسی گەشەوە

### ٨. ١. ١. پرسیارە بنەڕەتیەکان لە چوارچێوەی دەروونناسی گەشەدا

بابەتی دەروونناسی گەشە، چۆنیەتی پێگەیشتنی تواناییەکان‌و تایبەتمەندییەکانی میراتی‌و دەستکەوتە. وەك: زمان، تێگەیشتن، بۆچوونەکان، هانەکان، بیر، خۆشویستن، راکێش‌و هتد. مەبەست لە گەشە چۆنیەتی گۆڕینی ئەم لێهاتوویانەو توانایانەیە لە درێژایی ژیاندا. قۆناغی منداڵی‌و لاوی لەو بوارەدا خاوەن گرنگی تایبەتە.[١] زانیاری راست سەبارەت بە پرۆسەی قۆناغەکانی گەشەی منداڵان‌و مێرمنداڵان‌و پێوەندی ئەم قۆناغە لەگەڵ یەکتر، لە داڕشتنی بەرنامە پەروەردەییەکاندا بۆ ئەوان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن.

بە هێنانە ئارای چەند پرسیارێك بابەتەکە دەست پێدەکەین: ئایا گەشەی لێهاتوویە جۆراوجۆرەکانی منداڵان لە روانگەی بیۆلۆژییەوە خاوەن ریزبەندییەکی تایبەتە کە ڕاهێنەران دەبێ سەرنجیان بدەنێ، هەتا ڕەوتی پەروەردە ساناترو خێراتر بکرێ؟ لە چ تەمەنێك‌و لە چ قۆناغێکی گەشەی جەستەییدا، منداڵان بۆ پەرەوەردەو دەستکەوت ئامادەیی زۆرتریان هەیە؟ قۆناغەکانی گەشەی داهێنان لە منداڵاندا چ پێوەندییەکی لەگەڵ تەمەنی ئەواندا هەیە؟[2]

[1]_ Heins Abels 1993
[2]_ Vgl. Erikson 1977

ئەگەر بمانەوێت لە سەر یەك بۆچوونێك دەربڕین، هەتا ئێستا نەمانتوانیوە زانیارییەکی گرنگ سەبارەت بە گەشەو باڵغبوونی منداڵان و مێرمنداڵان لە پرۆسەی کۆمەڵگەهەڵگریدا وەدەست بێنین، بەو شێوەیەی کە لە بواری مرۆڤناسی، پزیشکی و دەروونناسیدا بتوانین تیۆرییەك پێشکەش بکەین. هەر بەو هۆیەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیشدا لە بواری پرۆسەی فێربوونەوە، زۆر بە کەمی تیۆرییە گشتییەکان لە ئارادان. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرنەکەوتن، بوونی تێڕوانینە جیاوازەکان لە نێوان بیرمەنداندایە لە پێوەندی لەگەڵ پرسیارەکانی سەرەوەو گرنگی ئەوان لە ڕەوتی کۆمەڵگەهەڵگریدا.

باڵغبوون، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی منداڵان و مێرمنداڵان دایە کە هاوڕێیە لەگەڵ کێشەکانی جەستەو لەش. ئەگەر زانیاری ئێمە سەبارەت بە گەشەی لەش و گۆڕانکارییەکانی دەروونی لاوان زیاتر بووایە، زانستی پەروەردەو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ مێرمنداڵان و منداڵاندا کار دەکەن، لە باوك و دایکەوە بگرە هەتا ڕاهێنەرەکان دەیانتوانی یارمەتییەکی زیاتر بکەن بە مێرمنداڵان لەو تەمەنەدا.

### ٨. ١. ٢. گۆڕانکاری کەسایەتی لە تەمەنی لاوێتیدا

بە بۆچوونی "ئاوس ئۆبێل" هۆکارە گرنگە جۆراوجۆرەکان لە سەرهەڵدان و پێکهاتنی کەسایەتی منداڵان و مێرمنداڵاندا بریتین لە:

بۆچوونێك کە مرۆڤ سەبارەت بە خۆی لە دەوروبەری هەیەتی، هەوڵی مرۆڤ بۆ بردنە سەرێی نەفس بەرزی خۆی، ئەو سەرچاوانەی کە مرۆڤ شوێنی کۆمەڵایەتی خۆی بە سەرنجدان لەوان پێناسە دەکات، ڕادەی ئەو سەربەخۆییە کە لە بڕیارداندا خاوەنیەتی، بۆچوونێك کە بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دژوارییەکانی ژیان هەیەتی، شێوەی





وەدەستهێنانی بایەخە نوێیەکان، باوەڕی مرۆڤ سەبارەت بە هێزی خۆی بۆ پاراستن و بەرگری لە بەرانبەر خەمۆکی و دادوەری بیر ڕاستانە لە خۆی، پێویستی مرۆڤ بە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و دامرکانی ڕاستەوخۆی ئەو پێویستییە، هەست بە بەرپرسایەتی ئەخلاقی و بە گشتی هەست بە بەرپرسایەتی کردن و سەرئەنجام ئەو ڕاو بۆچوونە بەرگری کارانەی کە مرۆڤ کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسی و دژوارییەکان دەریان دەبڕێت.

پرسیارەکانی سەرەوە چوارچێوەیەك بۆ دیاریکردنی گەشەی دەروونی __ کۆمەڵایەتی لاوان دەخەنە بەر دەست. "ئاوس ئۆبێل" کارێکی زۆر بەنرخی بە ئەنجام گەیاندووە لە بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی قۆناغی منداڵیدا.

بە باوەڕی "ئاوس ئۆبێل" بەو هۆیەی "قۆناغی منداڵی قۆناغێکی بەرجەستەیە لە سەرهەڵدانی کەسایەتی دەروونی مرۆڤدا" دەبێ هەوڵ بدرێت، ئەو تایبەتمەندییانەی کە دیاریکەری ئەم قۆناغەن بناسرێن و پێناسە بکرێن. لەم بوارەدا هەوڵی زۆر دراوە. یەکێك لە هەنگاوە سەرەتاییەکان لەو پێوەندییەدا بڵاوبوونەوەی بەرهەمی قۆناغسازی "ئێستانی هاڵ"(١٩٠٤) سەبارەت بە قۆناغی لاوییە. لە پاش ئەو هەوڵی زۆر بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی قۆناغی لاوێتی و ناسینی ئەم قۆناغە وەك قۆناغێکی دەروونی _ کۆمەڵایەتی لە ژیانی مرۆڤدا دراوە.[1] نموونەی ئەو بەرهەمانە، بەرهەم و تیۆرییەکانی "ئیدوارد ئیشپرانگێر"ە.[2]

[1]_ Abels 1993
[2]_ Eduard Spranger

## ٨. ١. ٣. دەروونناسی قۆناغی لاوێتی لە بۆچوونی "ئیشپرانگێر"ەوە

لە نێو زمانو کولتووری ئەڵمانیادا، "ئیدوارد ئیشپرانگێر" بیرمەندی زانستی پەروەردەو فەیلەسوفی کولتوورو سیاسەت رۆڵی بەرچاوی هەیە لە خستنە بەرباسی بابەتی لاوان وەك بابەتی لێکۆڵینەوە زانستییەکان. کتێبی "دەروونناسی لاوان"ی ئەو کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٤ چاپ کرا، هەتا ساڵی ١٩٧٩ بیستو نۆ جار چاپ کراوە. هەر چەند لەوانەیە بۆچوونەکانی "ئیشپرانگێر" لە روانگەی ئەم سەردەمەوە بە دەروونناسی وەك زانستێکی ئەزموونی، کۆنو سەر بە ڕابردوو بزانرێت، بەڵام ئەوەندە خاڵی گرنگیان تێدایە کە ئێستاش بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بابەتەکانی لاوان سەرنج ڕاکێشن. کەواتە ئێمە بۆچوونەکانی ئەو بە کورتیو لە چەند دێرێکدا باس دەکەین:

__ لە قۆناغی باڵغبوونو دەستپێکی سەردەمی لاویدا شایەتی هەندێك ئاڵوگۆڕ لە هەڵسوکەوتی لاواندایین: "رووگەشی، بێترسیو کراوەیی منداڵانە جێی خۆی ئەداتە خۆحەشاردان، شەرم لە ئامادە بوونو ترس لە پێوەندی لە قۆناغی لاوێتیدا."[1] لە قۆناغی لاوییدا تێڕوانینی مرۆڤ دەگۆڕێتو ئەم گۆڕینی تێڕوانینە لەگەڵ هەست بە "سەربەخۆیی سوکنایی هێنەر" دایە.

__ بە بۆچوونی "ئیشپرانگێر" بناخەی سەرەکی "نوێبوونەوەی ژیانی رۆحی" کاتی باڵغبوون لە لاواندا، دۆزینەوەی "من" وەك

[1]_ Spranger 1979





"زیندەوەرێك بۆ خۆیە"تی. دۆزینەوەی "من" هاوکاتە لەگەڵ "رەنگدانەوە جیاوازەکان"دا.

__ بە بۆچوونی "ئیشپرانگێر" لاوان هەڵگری گۆڕانو بارودۆخی رۆحی ئەوان بەردەوام لە گۆڕاندایە: لە نیشانەکانی پڕ لە وزەییەوە هەتا بێهێزی لە رادەبەدەر، لە رووگەشیو دڵخۆشییەوە هەتا دڵ پڕ لە رقو تووڕەیی، لە ورە بەرزی بێوێنەوە هەتا ترسی بێکۆتایی، لە هەست بە هێزو توانای لە ڕادەبەدەرەوە هەتا لاوازی تەواو. مرۆڤ دەتوانێ وا بیر بکاتەوە کە لاوان "گەوهەری هەموو رووحەکانن"،

__ بە بۆچوونی "ئیشپرانگێر" تایبەتمەندییەکانی دیکەی قۆناغی لاوێتی وشیاریی هەستی سروشتی، هەستیار بوون لە بەرانبەر سرووشتو پەرکێش بوونە بە ئاڕاستەی سرووشتدا.

بە باوەڕی ئەو لاوان لە نێوان خۆشەویستی ڕاستەقینە یان بەواتایەك خاوێنو وارستە سیکسییەکان جیاوازی دادەنێن. "ئیشپرانگێر" لە روانگەی لاوانەوە، خۆشەویستی ڕاستەقینە یان خاوێن بە "شێوەیەکی جواناسانە لە خۆشەویستی، بێمەیلی _ هاوکات لەگەڵ داخوازییە دەروونییەکان _ و ڕاکێش بوون بۆ جوانی جەستەو دروونی مرۆڤ" پێناسە دەکات".

__ بە بۆچوونی ئەو لاوێتی وەك قۆناغێك لە لایەن لاوانەوە دەدۆزرێتەوە، بەڵام لاوێتی بەوشێوەیە کە لای لاوان دەردەکەوێ "جیاوازە لەو شتەی کە کۆمەڵگا چاوەڕوانی لێی هەیە". هەر ئەو جیاوازی تێگەیشتنە بووەتە هۆی کاردانەوەی ئەخلاقیو تەنانەت دەربڕینی بۆچوونە سەیرو سەمەرەکانیش. لەم روانگەیەوەیە کە

"ئێریکسۆن"[1] باس لە "قەیرانی کردەوەی باو" لە نێوان لاواندا دەکات.

___ "ئیشپرانگێر" هۆگریی لاوان بە دروشمە زێدەڕۆییە چەپ و راستەکان بە مەیلی ئەوان بۆ "عەدالەت خوازی" دەزانێت. لاوان خوازیاری "دادپەروەری تەواو لە تێڕوانینی تاکەکەسییەوەن" و هەلومەرجەکان بە پێی تێگەیشتنی خۆیان لێک ئەدەنەوە.

تێگەیشتنەکانی "ئیشپرانگێر" رەخنەی زۆر هەڵدەگرێت، کە لە هەڵوێستی تێگەیشتووانەو ئایدئالیستییەوە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە لاوان کردووە. بەلام ئەو لە پاش "زیگفرد برنفلد" و "شارلوتە بوهلێر"[2] یەکەمین کەس بووە کە لێکۆڵینەوەیەکی بنەڕەتی و کاریگەری لە سەر دیاردەیەک کردووە کە پێشتر وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتی باس دەکراو بە وتەی "دورکیم" بەشێک لە "ویژدانی گشتی" بوو. دیمەنی ئامانجی "ئیشپرانگێر" لە لاوێتی، دیمەنێک لە لاوانی قوتابی چینی سەرەوە بوو، بەڵام هەر ئەو دیمەنە ئامانجێیە لە لاوانی چینی سەرێی کۆمەڵگا، لەو کاتەوە هەتا ئێستا سوودبەخش بووە.

## ٨. ٢. تایبەتمەندییەکانی دیکە لە سەر لە نوێ دۆزینەوەی کەسایەتیدا

جێی خۆیەتی کە لێرەدا، چەند خاڵێکی دیکە بخەینە سەر ئەو تایبەتمەندییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی لاوان کە پێشتر باسمان کردووە:

لاوان لەگەڵ هەندێک کێشە بەرەوڕوون لە کاتی رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتییە ئالۆزەکاندا. بەڵام بەرە بەرە بڕێک شت

1_ Erikson 1966
2_ Siegfried Barnfeld 1914، Charlotte Buhler 1922





فێردەبن کە بە یارمەتی ئەوان دەتوانن، هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە ئالۆزو جۆراوجۆرەکان تێپەڕ بکەن: ماوە گرتن و لە دوورەوە سەرنجدان لە کێشەکە، لە بەرچاو نەگرتنی هەندێک لە پێویستییەکان، بەرەنگاربوونەوەی تێکشکانەکان، بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخە نادیارەکان، گۆڕینی تێڕوانین و شێوازی هەڵسوکەوت لەو شتانەن.

هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پلەی کۆمەڵایەتی یەکێک لە پێناسە گرنگەکانی جیاکردنەوەی قۆناغی لاوێتییە لەگەڵ سەردەمی منداڵیدا. لاوان تێدەکۆشن، بە خێرایی جێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیار وەدەست بێنن و ئەم کارە پرۆسەی گەشەی دەروونی ___ کۆمەڵایەتی ئەوان خێراتر دەکات.

حەزی لاوان لە قۆناغی باڵغبووندا بە ئاشکرا دەگۆڕێت. زێدەبوونی هۆگری بە روخسارو جەستە، رەگەز، مۆسیقاو وەرزش دەبێتە هۆی بەهێز بوونی ئەو پێکهاتانە کە ئێمە بە تایبەتمەندییە گرنگەکانی قۆناغی لاوییان دەناسین.

لە قۆناغی لاوێتیدا هەندێک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە دەربڕینی هەست و سۆزی لاواندا پێکدێت. لاو لە لایەکەوە لەگەڵ گونجاندنی حەزەکانی خۆی ڕادێت و لە لایەکی دیکەیشەوە فێر دەبێت، هەست و سۆزی خۆی پەرەپێبدات و بەر بڵاوی بکات. ئەگەر لاوان ئەو هەلەیان بۆ نەرەخسێ، تووشی دڵساردی، خەمۆکی، تووڕەیی، تەنیایی و نەدوێنی دەبن.

بەدەستهێنانی ویستی سەربەخۆ، حەز بە پیشاندانی ویستی سەربەخۆ، بڕیاردانی سەربەخۆو بەدەستهێنانی بۆچوونە تایبەتییەکانی لە بنەمای بایەخەکانی کۆمەڵگاوە، ئەو هۆکارە گرنگانەن کە لە سەر گەشەی دەروونی _ کۆمەڵایەتی لاوان کاریگەرییان هەیە. لە راستیدا لاوان لە ژێر هەندێک ناودا وەک "ویستی سەربەخۆ" و

"بیرکردنەوە لە بایەخە تایبەتەکانی خۆ" پرۆسەی ئاڵۆزی فۆرم گرتنی "من" بەرەو پێش دەبەن.

"نوێبوونەوەی ژیانی دەروونی"، پرۆسە جۆراوجۆرو ئاڵۆزە دەروونی _ کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەگەڵ قۆناغی لاویدا هاورێن، وەك "پیتێر بلۆس"[1] دەڵێت، خاوەنی ڕەهەندی وەهان کە دەکرێت بە "پرۆسەی دووهەمی بەکەسبوون" ناویان بەرین. یەکەمین پرۆسەی بەکەسبوون لە تەمەنی سێ ساڵیدا روو دەدات و دەبێتە هۆی "مانەوەی بابەتی".

ئەو لێکدانەوەی سەرەوە لە چۆنیەتی گەشەی دەروونی مرۆڤ لە قۆناغی لاوێتیدا هەڵگری هەندێك کەموکوڕییە، کە ئەویش سەرنج نەدانە بە کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و پێکهاتەییەکانی سەرهەڵدانی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی لاوان. لێکدانەوەیەکی دیکە لەسەر چۆنیەتی گەشەی دەروونی مرۆڤ لە قۆناغی لاوێتیدا هەیە کە هۆکارەکانی لە گەشەی دەروونی لاواندا کاریگەری دادەنێت. یەکێك لە بەناوبانگترین بەدواداچوونەکان، لێکۆڵینەوەی "توماس سیە"[2]یە، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٥ تیۆری خۆی پێشکەش کردووە. سیە لە نێوان "خۆویستی" لاوان لە قۆناغی باڵغبوون و دوورە پەرێز بوونیان لە سیاسەت پێوەندییەك دەبینێت. بە بۆچوونی "سیە" لە سەردەمی باڵغبووندا تێگەیشتن و پێناسە کردنی لاوان لە خۆیان دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەیەکە بۆ کۆمەڵگاهەڵگری ئەوان لە قۆناغی منداڵی و هێمایەکە بۆ دەرخستنی تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە. هەر لەو پرۆسەیەدایە کە ئێمە شایەتی هەندێك دیاردە دەبین وەك: حەزی زۆری

[1]- Peter Blos 1977
[2]_ Thomas Ziehe 1979





لاوان بە کاتی "ئێستا"، هۆگری بەدەرخستنی سەربەخۆیی و وتنی "نا"، گەران بەدوای دڵخۆشی یان بە کورتی جۆرێك خۆ بەزل زانین و بایەخدان بە ئەزموونە دەروونییەکانی لە هەڵسوکەوتی ئەواندا.

وێرای سەرنجدان بە هەموو کەموکوڕییەکانی، روونە کە دەروونناسی تیدەکۆشێت، لە پەنای زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، پێوەندی دامەزرێنێت لە نێوان لاو وەك "دەرکەوتنی کۆمەڵایەتی" و "دەرکەوتنی دەروونی". خراپ نییە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو دوو چەمکەی سەرەوە، لە تیۆری ژیارەکانی "نوربرت ئەلیاس"دا دوو چەمکی گرنگن.

### ٨. ٣. پێوەندی جنسی لە تەمەنی لاوێتیدا

مرۆڤ نابێ زۆر لایەنگری تیۆری "زیگموند فرید"[1] بێت، هەتا لەسەر گرنگی گەشەی دەروونی _ جنسی لە قۆناغی باڵغبوون بۆ لاوان پێداگرێت. کەواتە سەیر نییە کە کۆمەڵناسی و دەروونناسی لاوان لە کاتی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تێڕوانین و بۆچوونی گەورەکان لە لاوان، کێشەی باڵغبوون و ئامادە بوونی ئەوان لەم قۆناغەدا، بە یەکێك لە بابەتە بنەڕەتییەکان دەزانن. حەزی جنسی لاوان، تەنانەت کێشەی ئەو بنەماڵانەیشە کە بواری جنسی مرۆڤ تێیاندا قەدەغە کراوە و نابێ باسی لێوە بکرێت یان بیری لێبکرێتەوە. کەواتە واباشە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین.

[1]_ Sigmund freud

### ٨. ٣. ١. باڵغبوونی جنسی وەك سەرەتایەك

هەر وەك باس كرا، باڵغبوون بە مانای دەركەوتنی جۆرێك هەستی بشێوی لە پانتایی سۆزو ئەزموونی جەستەیدایە. باڵغبوونی جنسی لاوان لەم سەردەمەدا زۆر زووتر لە چەند دەیەی ڕابردوو دەست پێدەكات، كە واتە ماوەی ئەو درێژترە. درێژ بوونەوەی ئەم قۆناغە تەنیا بە مانای درێژ بوونەوەی سەردەمی لاوی و كەیفخۆشی نییە، بەڵكو بە مانای هەوڵدانیشە بۆ خۆ ڕێكخستن لەگەڵ دڵەڕاوكێكانی تایبەت بەم قۆناغە. لاو دەبێ فێربێت چۆن لە قۆناغی باڵغبووندا كە ئێستا درێژتریش بووەتەوە لە خۆی و دەوروبەری ڕابێت. لە كۆمەڵگای سەردەمدا "باڵغبوونی جەستەیی" ئەو گرنگییەی نییە كە لە كۆمەڵگاكانی رابردوودا هەیبوو. گەشەی كولتوری و كۆمەڵایەتی نەك هەر درێژترو ئاڵۆزتر بووە، بەڵكو بە هۆی دیاردەیەك بە نێوی "خێرایی"یەوە دژوارتریش بووە. باڵغبوونی جەستەیی و جنسی لەوەوە كە لەگەڵ قۆناغەكانی گەشەی دەروونی و كۆمەڵایەتی هاوڕێ نییە، چیدی وەك رابردوو لەگەڵ ئەو ڕێوڕەسمە تایبەتانە وەك "بەخێرهێنان" كە لە زۆربەی كولتورەكاندا باو بوو، بەرێوە ناچێت. ئێستا ئەم قسەیە لە دەمی دایك و باوك لە كاتی باسكردن لە باڵغبوونی منداڵان دەبیسین كە دەڵێن. "ئەو هێشتا منداڵە." ئەوان (دایك و باوك) هەقیانە، چونكە لەم سەردەمەدا ماوەی كەوتووە نێوان باڵغبوونی جەستەیی لەگەڵ باڵغبوونی كۆمەڵایەتی و دەروونی.

### ٨. ٣. ٢. سەرهەڵدانی پێناسەی جنسی

ئەوەی كە لە روانگەی كۆمەڵناسییەوە سەبارەت بە هەڵسوكەوتی





جنسی لاوان گرنگی هەیە، پێوەندی كۆمەڵایەتییە كە شوێنەواری هۆكارە دیاریكراوەكانی گەشەی دەروونی لە سەرە: لە قۆناغە جیاوازەكانی باڵغبووندا "وارستەو خواستە سیكسییەكان"[1] بە ئاڕاستەی ئامانج و "بابەتە" تایبەتەكاندا ڕادەكێشرێن.[2]

دوای ئەوەی "وارستەو خواستە سیكسییەكان" داخوازییە منداڵانەو شكانەوە بە لایەنە مەحرەمەكانیان تێپەركرد، بۆشاییەك بۆ هەڵبژاردنی ئازادی خواستە سیكسییەكان ئاواڵە دەبێت. قۆناغێك دێتە پێشێ كە "هاورێ" رۆڵێكی دیاریكراو لە ژیانی لاواندا دەگێرێت. لاوان حەزیان لێیە متمانە بە هاورێكانیان بكەن، ئەوانیان خۆش بوێ و دیمەنی ئامانج خوازییان لێ دروست بكەن. ئەم قۆناغە لە ژیانی كچان و كوڕاندا سەردەمی خەونەكانە. ئەوان بە دوای هاوسەر یان هاورێیەكی دەست پێنەگەیشتوودان. خۆنوێنی ئەم قۆناغە هەندێك جار لە ئەوینداری بەرانبەر مامۆستا یان ئەستێرە وەرزشی و هونەرییەكاندا دەردەكەوێت. لەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤدا "هاورێكان، خۆشەویستییە خەون ئاساكان و داخوازییە بیرۆكەییەكان، پێشگیری لە كردەوە جیسنییەكان دەكەن." "پێشگیری" بەو مانایە كە لە پێش دەسپێكردنی یەكەمین ئەزموونی جنسی، دەبێ پرۆسەیەك لە باڵغبوون تێپەربێت هەتا دڵەراوكێ كوت و پڕ نەبێتە هۆی ترس و دڵسارد بوونەوە. لەم قۆناغەدا "سەرهەڵدانی كەسایەتی جنسی": ئامانجی سەرەكی پێویستیە[3] جیا كەرەوەكانە. گەیشتن بەو ئامانجە لە ماوەیەكی كورتدا ئەگەری نییە. سروشتییە كە ئەم قوتابخانەیە بە پێی

1_ Libido
2_ Lord Schacht 1975، Freud Blos 1973
3_ Trieb

بەرنامەیەکی گشتی بە شێوازێکی ڕێکوپێك بەو شێوەی "زیگموند فرید"و کچەکەی "ئانا" بیریان دەکردەوە یان بەو شێوە ناچێتە پێشێ کە باوك‌و دایك‌و لاوان حەزیان لێیە. ئەم قۆناغە دەتوانێت "دۆزینەوە"ی سەر لە نوێی باوك‌و دایك‌و پاڵپشت بوونی زۆر بەوان یان بە هۆکارە جیاوازەکان لە نێوان کوڕان‌و کچاندا مەیل بە هاورەگەزی لێبکەوێتەوە،[1] یان ببێتە هۆی گەشەی میکانیزمەکانی بەرگری کە هۆگر بوون بە جەزم بوون‌و بۆچوون گەریەتی بێئەملاو ئەو لای لە خۆنواندن بە شێوە جۆراوجۆرەکانی "باوەڕ بە گەورە بوون"ی لێدەکەوێتەوە. لە هەر حاڵدا مرۆڤ "قەیرانی باڵغبوون"یش تێپەر دەکات. قۆناغی کۆتایی باڵغبوون، سەرەتای قۆناغی ئاسایشی هەست‌و سەرهەڵدانی پێناسەی جنسییە.

**٨. ٣. ٣. بەراورد لەگەڵ نەوەی دایك‌و باوك**

هەموو ئەو بیردۆزییانەی کە لە سەر هەڵسوکەوتی جنسی لاوان لە کۆمەڵگای سەردەمدان، لەوە پێدادەگرن کە لە تێڕوانین‌و شێوەی هەڵسوکەوتی لاوان لە بەراورد لەگەڵ نەوەی پێشوو گۆڕانکاری دەبینرێ. زۆر کەس جووڵانەوەی لاوان‌و خوێندکاران لە دەیەی ٦٠دا بە هۆکاری سەرەکی ئەو ئاڵوگۆڕە دەزانن.

لەم بزوتنەوەیەدا بەشێك لە باسە جنسییەکان کە پێشتر لە چوارچێوەیەکی بەربەستدا بوون، کەوتنە بەر باس‌و کردەوەی لاوان. چوونە نێو چوارچێوەی باسە جنسییە سنووردارکراوەکان یا بە وتەیەك "تابۆ سڕینەوە"، شوێنێکی تایبەتی وەدەستهێنا. هەندێك تیۆری وەك

[1]_ Lore Schacht 1975





تیۆری "بزوتنەوەی جنسی __ سیاسی"[1] "ویلهیلم رایش" جارێکی دیکە لە نێوان لاواندا کەوتە بەر باس. "زۆربەی کچانی لاوی ئەم سەردەمە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەی مێژوو، ئازادی جنسی بە هێمای رزگاری خۆیان دەزانن‌و تێگەیشتنێکی ئیدئۆلۆژیانەو سۆزدارییان لەم بابەتە هەیە".[2] بەڵام هۆکاری سەرەکی گۆڕانی تێڕوانینی لاوان سەبارەت بە رەگەز، دەبێ لە گۆڕینی تێڕوانینی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە بە نیسبەت لەش‌و جەستەوە بزانین. چاوپۆشی نەوەکانی پێشوو لە جەستەی خۆیان، لەم سەردەمەدا جێی خۆی داوەتە سەرنجدان بە جەستەو تێڕوانینی جنسی. یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم، ئاڵوگۆری تێڕوانینە، پەرەپێدانی خێرایی ئامرازەکانی پێشگیری لە سکپڕی لە نێوەراستەکانی دەیەی شەستەوەن. هەڵبەت دەبێ لە پێکهاتنی پێوەندییەکی سادەی نێوان پەرەپێدانی ڕێگاکانی پێشگیری لە سك پڕی‌و ئاڵوگۆری تێڕوانینی جنسی خۆ ببوێرین، واتە نابێ روداوەکانی دەیەی ٦٠ یان پەرەگرتنی خێرای کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی پێشگیری بە شێوەی سەربەخۆ بە هۆکاری ئازادی جنسی دابنێین.

سەرەتا تا ڕادەیەك خێرایی پێوەندی جنسی‌و شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵسوکەوتی جنسی بە بۆچوونی "تۆماس سیە"[3] بووەتە هۆی کەم بوونەوەی گرنگی دەستپێکی پێوەندی جنسی وەك پێناسەی باڵغبوون: "پێوەندی جنسی چیدی جیاکەرەوەی سەرەکی قۆناغی لاوێتی‌و باڵغبوون نییە." ئێستا زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە

[1]_ Polit – Sex – Beweguny “Wilhelm Reichs”
[2]_ L. Rosenmayr
[3] Thomas Ziehe 1980

"ئەزموونی جنسی لاوان لانیکەم لە ئەزموونەکانی جنسی دایكو باوکی خۆیان جۆراوجۆرترە."

درێژ بوونەوەی پرۆسەی تیکەڵبوونی جنسی لە کۆمەڵگای سەردەمدا لەگەڵ دوو دیاردەی گرنگ لێك نزیکە کە لەگەڵ سیکس لە کۆمەڵگای ئەم سەردەمەدا لە پێوەندیدایە: یەکێك بەهێز کردنی بواری پێوەندی جنسیو ئەوەی دیکە هاتنە دەرێی پێوەندی جنسی لە چوارچێوەی ژیانی رۆژانەو سنووردارکردنی بۆ پێوەندییەکی بە تەواوی تایبەتی. هەر ئەو تایبەتمەندییە بووەتە هۆی ئەوەی کە پێوەندی تایبەتی کەسایەتییە گرنگەکان، ببێتە بابەتی سەرەکی باسە خافڵێنەر، فریودەرو ناروونەکان لە راگەیاندنە گشتییەکاندا.

### ٨. ٣. ٤. بێبەری لە بواری جنسیدا

"جیهانی مودێرن" گۆڕەپانە جوراوجۆرەکانی ژیانی لێك جیاکردۆتەوە. ئەو باوەڕە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی جنسیش ڕاستە. "نۆربێرت ئەلیاس"[1] لە بەرهەمەکەی خۆیدا سەبارەت بە پرۆسەی ژیار دەنووسێت کە ڕەوتی ژیار لە کۆتایی سەدەکانی نێوەراستەوە بەرە بەرە کردەوەی جنسی بردە ئەو دیوی سنوورەکانی شەرمو کەم رووییەوە. بە باوەڕی ئەو هەر ئەو ڕەوتە بووەتە هۆی ئەوەی بنەماڵەی ئەم سەردەمە، واتە بنەماڵەی کۆمەڵگای بورژوایی وەك پێشاندەری نەبوونی پێوەندی جنسی خۆی بنوێنێت. ئەو پێوەندییانە بۆ منداڵانو مێرمنداڵان مانای تایبەتی هەیە. ئەوان لەگەڵ ئەو دامەزراوانە وەك ماڵ، قوتابخانەو شەریکە تێکەڵن کە لەواندا خۆبواردنو چاوپۆشی لە

[1]_ Norbert Elias (1897 – 1990)





پێوەندی جنسیو ئەویندارى کارێکی گونجاوە. لە ماڵەوە فێر دەبن کە لەگەڵ حەزە جنسییەکان بەربەرەکانی بکەن. بە بۆچوونی ئەو مێژووی ئەو باوەڕانە دەگەڕێتەوە بۆ بەربەستکردنی بێئەملاو ئەو لای کردەوەی سیکس لەگەڵ مەحرەمەکان لە زۆربەی کولتورەکاندا، کە واتە بنەماڵەکان بەردەوام لە کردەوەی جنسی لاوان نیگەرانن و لە قەیراندان.

وەك زۆربەی باوەڕەکان لە بواری کۆمەڵناسیو دەروونناسی لاواندا، ئەو بۆچوونەی سەرەوەیش زۆر گشتییە، لێرەدا هەندێك ئاڵوگۆر لە بوارەکاندا گشتی دەکرێن، لە حاڵێکدا ئەو باوەڕەی سەرەوە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی "بورژوا"دا لە پێوەندی لەگەڵ لاواندا راست نییە. دەبێ ئاگاداریش بین کە برێك ئاڵوگۆر لە کردەوەی جنسی لاواندا زۆر زوو بە رزگاری ئەوان لە هەندێك ترسو پێویستییە تایبەتییەکانی ئەم قۆناغە نەزانین. بێگومان زنجیرەیەك لە لێکۆڵینەوە دەروونیو بەدوادا چوونە ئەنجامدراوەکان لە چوارچێوەی لاوانو بنەماڵەدا دەریان خستووە کە نابێ دیاردە رووەکییەکان لە ئازادی پێوەندی جنسی بە مانای چارەسەری دژوارییەکانی لاوان لە کاتی گەشەی خواستی جنسی بزانین. دوو دڵی، هەست بە تاوانباری، تێکشکانو میکانیزمەکانی بەرگری کە هەموو کات لەگەڵ سەرهەڵدانی "پێناسەی جنسی"دا خۆ دەنوێنێت ــ پێناسەیەك کە بە دژواری لە پێناسەی گشتی مرۆڤ جیا دەکرێتەوە ــ ناکرێت لە تەکتیکێکی سنووردارردا لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت.

### ٨. ٣. ٥. هاتنە خوارێی کولتوریی لە بواری جنسیدا

سەرنجی "زیگوش"و "ئیشمیت"[1] لە کاتی شیکردنەوەی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بە "خۆنواندنی رووەکی خواستی جنسی"و پێوەندی جنسی بووەتە هۆی ئەوەی ئەو ئاکامانە لەگەڵ هەندێك کەموکۆڕی بەرەوڕوو بێت. هەر لە بەر ئەوەیە کە پێوەندی ئەویندارانە (ئیرۆتیك) لە لێکۆڵینەوەکانی ئەواندا بە هێند نەگیراوە، هەمان کەموکۆڕی لە لێکۆڵینەوەکانی "دیتر باکە"[2] و زۆر کەسی دیکە دەبینرێت. هەڵبەت دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە بەدواداچوونی ئەزموونی سەبارەت بە پێوەندی ئەویندارانەو ئیرۆتیك زۆر دژوارە. چونکە باس کردنی لایەنە ئاشکراکانی ئەو جۆرە پێوەندییانە زۆر دژوارترە لە کردەوە جنسییە باوەکان.

لەوەدا کە لە هونەر، ئەدەبیات، کەرەستەکانی پێوەندی گشتیو هەروەها وتەو تێڕوانینی گەورەکاندا بواری جنسی کاریگەرە، پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایا "لێکۆڵینەوە زانستیو کولتورییەکان" خۆیان بەشدارن لە یەك لایەنە کردنی پێوەندی سۆزداری مرۆڤ بە پێوەندی جنسییەوە؟ زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەك خزمەتگوزاری، خۆش ڕابواردن، دابینکردنی پێویستییەکان، خەرجیو حیسابە بازرگانییەکان ئەوەندە پەڕوپۆیان بە بواری جنسی داوە کە جێگەیەك بۆ ئیرۆتیك نەماوەتەوە.

زۆر دژوارە بۆ ئەوەی بە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان تێبگەین کە هەتا کوێ هەست بە شەرمو تێگەیشتنی جوانناسانەی لاوانو منداڵان

1_ Sigusch، Schmidt
2_ Dieter Baacke 1979





دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکارە کولتوریو کردەوە گشتییەکانی گەورەکانو هەتا کوێ خۆیان هۆکارن لەو جۆرە کردەوانەدا.

### ٨. ٤. رۆڵە جیاوازەکانی رەگەزەکان

خاڵێکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ گەشەی جنسی لاوان، بەستراوەتەوە بە تێگەیشتن لە رۆڵە جیاوازەکانی رەگەزە جیاکانەوە. ئەم جیاوازییە لە کاتی لەدایك بوونەوە دەست پێدەکات، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی باڵغبوون دەچێتە قۆناغێکی گرنگو تایبەتەوە، چونکە لەو قۆناغەدایە کە جیاوازییەکانی لەشو جەستە دەردەکەوێتو لاوان بە لەبەرچاو گرتنی رەگەزیان، خۆیان دەدۆزنەوە.[1]

رۆڵی کوڕو کچ، دایكو باوكو تەنانەت مام، خاڵو پوور لە کولتورە جیاوازەکاندا کەمو زۆر روون بوونەتەوەو وەك رۆڵە کۆمەڵناسییەکان ناسراون. پرسیار ئەوەیە کە ئایا دەبێ ئەم رۆڵانە بەو شێوەیە قورساییەك بن کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەن؟ هەر چەند شایەتی هەندێك ئاڵوگۆر لە چاوەڕوانی لە رۆڵەکانداین، بەڵام هەتا ئێستا نەمان توانیوە کاریگەری بەجێماوی زیاتر لە هەزار ساڵ کولتوری شەڕکەرەکانو ئامۆژگارییەکانی ئایینی مەسیح سەبارەت بە رۆڵی باوكو کەم بایەخ زانینی رۆڵی دایك کۆتایی پێبێنینو تەنانەت لە مەسیحیەتدا زاڵ بین بە سەر ئیدئۆلۆژی باوکسالاریو دەسەڵاتداری باوکدا.

ئیدئۆلۆژی دواکەوتوانەی ناسیۆنال سۆسیالیزم یان "نازی" تەنانەت دواکەوتووترو لە پاشتر بوو لە بەراورد لەگەڵ ئەو شوێنەی کە بنەماڵە لە سیستمی بورژوای یان شارستانیدا هەیبوو. لە کۆمەڵگای

1_ H. Schenk 1979

شارستانی یان بورژوایدا لانیکەم کارو باری ناوخۆی ماڵ دەدرایە خانمی نێو ماڵ، کارو باری دەرەوەی ماڵو بەدەستهێنانی پێداویستی ژیان دەکەوتە سەر شانی پیاو. بەڵام هەر ئەو "بۆچوونە دواکەوتووانەیە" لە کوڕو کچو پیاوو ژن هێشتا بۆ هەندێك کەس سەرنج راکێشە.

لە وڵاتی ئەڵمانیادا جگە لە سەردەمی نازییەکانو دەسەڵاتداری ئیدئۆلۆژی ئەوان، لە ساڵی ۱۹۰۰ەوە رۆڵی ژنان وەك هاوسەرو دایك لە کۆمەڵگادا چووەتە چوارچێوەی هەندێك یاساو رێسای تایبەتەوە. چاکسازی لە یاسای بنەماڵەو یاساکانی ژیانی هاوبەش لە ساڵی ۱۹۷۷ هەوڵێك بوو لە سەر بەڕێوەبردنی بەندی سێهەمی دەستوور لە سەر بنەمای یەکسانی مافی ژنو پیاو.

دیاریکردنی گۆڕانکارییەکان لە رۆڵگێرانی هەر دوو رەگەزدا زۆر دژوارە. ئەم ئاڵوگۆڕانە هەرچییەك بن، بێگومان بەشێکی بەرچاون لە تەڤگەری کولتوریی سەردەمی ئێمە. ئەم گۆڕانکارییانە دیاریکەری بابەتو ئامانجی بزوتنەوەی ژنانو باسە تایبەتیو گشتییەکان سەبارەت بە رۆڵی جیاوازی ژنو پیاو لە بنەماڵە، شوێنی کارو پانتایی کولتورو سیاسەتدان. هەموو ئەو شتانە کاریگەری لە سەر چۆنیەتی رۆڵی رەگەزەکانو سەرهەڵدانی پێناسەی لاوان هەیە.

ڕەوتی گۆڕینی رۆڵی رەگەزەکان، پرۆسەیەکی هێواشو درێژخایەنە. ئامانجی کۆتایی لە پێشەوە روون نییە، چونکە پەرەگرتنی ژێرخانی ئابووریو تەکنیکی، ڕەوتی ئاڵوگۆڕە کولتورییەکانو ئەو گۆڕانکارییانەی لەو ئاڵوگۆڕانەوە سەرچاوە دەگرنو ئەو شوێنەوارە پێشبینی ناکرێت کە لە سەر چاوەڕوانی لە





رۆڵەکان دایدەنێت. هەروەك "بێتی فریدان"[1] دەڵێت: یەکێك لە رێگرە سەرەکییەکان "شێتی پیاوانە"یە، بەو رادەیە لە تێڕوانینی زۆربەی کچانو ژناندا جێی گرتووە کە بیر لە رەگەزی خۆیان دەکەنەوە.

بیرکردنەوە لە رۆڵە نەریتیو کۆنەکانی ژنو پیاو ئەوەندە ئاڵۆزە کە بە شێوەی دیاردەیەکی نەگۆڕی سروشتی، وەك بەشێك لە سروشتی ژنو پیاو دەبینرێت. هەر چەند "دەروونناسی لە سەرەتاوە هەوڵی داوە جیاوازییەکانی نێوان ژنو پیاو ئاشکرا بکات"[2]، بەڵام هەتا ئێستا هیچ دیمەنێکی جیاواز لە زانستی کۆمەڵایەتیو زانستی مرۆڤایەتیدا لە بەر دەست نییە کە روونی بکاتەوە چ شتێك "نموونەی تەواو پیاوانە"و چ شتێك "نموونەی تەواو ژنانە"یە. تەنانەت بۆ باوەڕهێنان بەو گریمانەیە کە پیاوان توڕەتر لە ژنانن، بە سەرنجدان بەو هۆکارو میکانیزمانەی لە پشت توڕەییەوەن، پێویستە جیاوازییەکان لە بەرچاو بگرین.

1_ Batty Friedan 1966
2_ Hagemann White 1984

## ٩
## پێناسە دروستکردن لە کۆمەڵگایەکی بە خێرایی لە حاڵی گۆڕاندا
### ٩. ١. پێناسە دروستکردن و پێکهاتەی کۆمەڵگا

"پێناسەی _ من"ی بەردەوام لەگەڵ پرۆسەی کۆمەڵگەهەڵگریدا فۆرم دەگرێت. لە ڕەوتی بەدەستهێنانی "پێناسەی _ من"دا مرۆڤ دەبێتە خاوەنی هەندێك لێهاتوویی کە بۆ کردەوەی سەربەخۆ لە کۆمەڵگادا پێویستە. لێرەدا تەنیا ئاماژە دەکەین بە ڕەهەندەکانی کۆمەڵناسی کە لە سەرهەڵدانی کەسایەتی تاکدا کاریگەرن و لە پرسیارە ئەخلاقی، ئایینی و فەلسەفییەکان سەبارەت بە تیۆری دەرکەوتنی کەسایەتی و پێناسەیی خۆ دەبوێرین. ئاماژە بە ڕەهەندەکانی دەروونناسی و هۆکارە کاریگەرەکانی دیکە لە سەرهەڵدانی کەسایەتیدا بەو مەبەستەیە کە ئەو بابەتانەی خوارەوە وەك "باوەڕ بە کۆمەڵگا" واتە بە کۆمەڵایەتی ناسینی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بە هەڵە لێك نەدرێتەوە. ئەو بوارانەی لە کەسایەتی و سەرهەڵدانی پێناسە، کە بابەتی کۆمەڵناسین، وەك کۆمەڵگەهەڵگری و هاودڵی، هەر لەو جێگەیە لە کۆمەڵگادا خۆدەنوێنێ کە مەرجە پێویستەکان بۆ سەرهەڵدانی "کەسایەتی کۆمەڵایەتی _ کولتوری" تێدا پێك هاتبێت. مەبەست لەم باسە ئەوەیە کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە خێراکردن یان ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی پێناسەدا کاریگەر بن. کەواتە، ئامانجی کۆمەڵناسی، لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە دامەزرێنەرە پێکهاتەییەکان کە لە دەرکەوتنی کەسایەتیدا شوێنەوار دادەنێن. "تۆماس لۆکمەن"[1]

[1]_ Thomas Luckman 1981





بەشێك لە ڕێگرە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆزینەوەی کەسایەتی لە کۆمەڵگای مودیرندا بەو شێوەیە ریزبەندی دەکات:

_ بە پێچەوانەی کۆمەڵگای کۆن، لەم سەردەمەدا، یەکڕیزی نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و جیهانبینی زاڵ لاوازە، کۆمەڵگای سەردەم وەك کۆمەڵگاکانی ڕابردوو نییە کە لە سەر بناخەی پرۆسەی دیاریکراوی پێشوو، بە پێی پتەوی جیهانی کارو ژیان و بنەمای جیهانبینی ئایینی و ئەفسووناوی دامەزرابێت. جیهانی سەردەم زیاتر دروست کراوی دەستی مرۆڤ، واتە ئامرازێکی دەستکردە. هۆکارە کاریگەرەکان لە سەرهەڵدانی کەسایەتی وەك پەروەردە، قەناعەت و هتد لە جیهانی سەردەمدا دروستکراوی دەستی مرۆڤ خۆیەتی.

_ جیهانی سەردەم و خاوەن پیشەسازی لە سەر بناخەی پێوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوام پێك نەهاتووە، هەتا تۆڕەکانی بنەماڵە و خزمایەتی بە کردەوەی باو و شێوازی هەڵسوکەوتیان بچێتە نێو سیستمی ئاڵۆزی ئەوەوە، بەڵکو سیستمی پیشەسازی خۆی پێناسەیەکی جیاوازی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان وەك بنەماڵە، خزمایەتی و هتد هەیە و لە بایەخ و کردەوە باوەکانی تایبەت بە خۆی پێڕەوی دەکات.

_ قوتابخانە شوێنێك نییە کە جێگای پێوەندی ڕاستەوخۆی بنەماڵە و دەزگاکانی دیکەی کۆمەڵگای نەریتی بەو شێوەی لە رابردوودا هەبووە، بگرێتەوە، بەڵکو قوتابخانە بۆ خۆی هەر وەك بنەماڵە لە پرۆسەی کارو بەرهەمهێنان، لە ڕەوتی ژیانی سیاسی و کولتوریدا وەك بەشێکی کاردایی جیاواز گیرۆدەی سیستمی گشتی دەبێت، هەر چەند بە جۆرێك لەگەڵ بەشەکانی دیکەی سیستمدا لە پێوەندیدایە.

_ سیستمی کۆمەڵایەتی سەردەم، هەر وەك سیستمە کۆن و

چینایەتییەکان، بە دوای وەڵامدانەوە بە پرسیارە گشتییەکان نییە وەك مرۆڤ چییەو دەتوانێ چی بێت، بەڵکو ڕێگای جۆراوجۆر دەکاتەوە بۆ گەشەکردنی توانای داهێنانی تاکەکەس. بەڵام لەم کۆمەڵگایەدا مرۆڤەکان خاوەنی پێناسەیەکی وەك یەك نین و هەر کەسێك پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادایە کە تاکەکەس گیرۆدەی قەیرانی پێناسەیی دەبێت.

_ یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی کۆمەڵگای سەردەم، خۆرێکخستنی ئاڵۆز لە نێوان بەشەکانی سیستمدایە کە هەتا ڕادەیەك سەربەخۆییان هەیە. بۆ وێنە بنەماڵەو کار، بوروکراسی و کەنیسە، سیاسەت و کاتی پشوو، هتد، کە هەر کامیان پێکهێنەرێکی سەربەخۆ لە پێکهاتەی بەردەوامدان. لە کۆمەڵگایەکی لەوجۆرەدا تاکەکەس خاوەنی چەند ڕۆڵی جیاوازەو لەگەڵ دژواریی خۆرێکخستن کردن لە نێوان چاوەڕوانییە جۆراوجۆرەکان لە ڕۆڵە جیاکانی خۆیدا ڕووبەڕووە.

لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەڵسوکەوتی ڕۆژانە، لە شێوازی یەکسان لە چوارچێوەی کار، نەریتە بنەماڵییەکان و نموونە تایبەتەکان لە کولتور نایەتە دەرێ، بەڵکو زۆربەی بنەما ئەخلاقییەکان دەبێ بە شێوەی تاك دەربهێنرێن و بناسرێن. هیچ شتێك بەڵگە نەویست نییە. بەشێکی زۆر لە کارەکان بە هۆگری، مەبەست و باوەڕی کەسەوە پێوەندییان هەیە. کەواتە لاوان لەگەڵ دژواری فۆرمپێدانی پێناسەی کەسایەتی خۆیان بەرانبەرن. ئەوان وەك نەوەکانی پێشوو، چوارچێوەیەکی لە پێشەوە دیاریکراویان لە بەر دەستدا نییە، بەڵکو دەبێ خۆیان ئەو چوارچێوەیە دابڕێژن. ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم کێشەیە لەگەڵ دۆزینەوەی دامەزراوێکی گونجاو بۆ فێرخوازان و خوێندن هاوکاتە. بۆ ئەوان نەك هەر دۆزینەوەی دامەزراوێکی گونجاو





بۆ فێربوون و خوێندن و چوونە نێو بازاڕی کارو ئیشەوە دژوارە، بەڵکو دژواری لەوە دایە کە هەر کارو ئیشێك، تەنیا ئامرازێکە بۆ خۆ ڕێکخستن لەگەڵ بەشێك لە سیستمی کۆمەڵایەتی لێك جیاواز.

هەر ئەم هەلومەرجە بووە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵناسیدا بابەتێك لە ژێر ناوی "مرۆڤی تاك و پەراوێز کراو لە کۆمەڵگای سەردەم و مودێرندا" بکەوێتە بەر باس. "دەیڤید رایزمەن"[1] کۆمەڵناسی ئەمریکی یەکەم کەس بوو نموونەی کردەوەی مرۆڤی پەراوێز کراوی شیکردەوە. "لۆکمەن"[2] لە ئەگەری سەرهەڵدانی جۆرە پێناسەیەك لە کۆمەڵگای سەردەمدا دەدوێت. "پێناسەی کەسایەتی کە لە هێزی خۆ ڕێکخستنی ڕووەکی و کاردایی هەتا ڕادەیەك باش" سوود وەردەگرێت. بە واتەیەکی دیکە، لە جیهانی سەردەمدا ژیانکردن بە دەوری بازنەی ئایینی، ئەخلاقی یان جیهانبینییەکی یەکگرتووو گەشە پێدانی ڕەوتی کۆمەڵگەهەڵگری جاربە جار دژوارتر دەبێت. زۆر بوونی جیهانبینی و شیکردنەوەی جیهان جێگەی یەکگرتوویی گرتووەتەوە.

سەرەڕای کێشەو دژوارییە پێکهاتەییەکان کە لاوان لە پرۆسەی کۆمەڵگەهەڵگری و پێناسە دروستکردندا گیرۆدەی بوون، لەگەڵ "نەبوونی پێوەندی ئاشکرای نێوان یەکەمین و دووهەمین کۆمەڵگەهەڵگری"یشدا بەرەوڕوون. لە کۆمەڵگای سەردەمدا هەندێك جار گروپە هاوتەمەنەکان دەبنە پردێك لە نێوان ئەو دوو قۆناغەی کۆمەڵگەهەڵگریدا. لاو لە بەشداریکردن لە نێوان گروپە هاوتەمەنەکاندا بوار بۆ تێپەر بوون لە کۆمەڵگەهەڵگری یەکەم بۆ کۆمەڵگەهەڵگری دووهەم دەڕەخسێنێت. بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی ئەو جۆرە گرووپانەدا

---

1_ David Riesman 1950
2_ Luckmann 1981

ئێمە لەگەڵ پرۆسەی شکست خواردوو دابڕاویی پێناسە دروستکردن بەرانبەر دەبین.

### ٩. ٢. لاوان و گەڕان بە دوای پێناسەدا

قۆناغی لاوی کاتێکە کە مرۆڤ بە وزەوە، بە هەستەوە لە بەرانبەر ڕەنگدانەوەکانی دەوروبەرو وەرگرتنی بەرپرسایەتی تاکەکەسی بە دوای بەدەستهێنانی پێناسەوەیە. لاوان دەبێت پاڵپشتێك بدۆزنەوە بۆ پێوەندی لەگەڵ خۆیان، ڕەگەزی بەرانبەرو بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەرووبەری خۆیان. مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەردەمدا لە بارودۆخێکدایە کە فەیلەسوف و کۆمەڵناس "هێلمۆت پلێسنێر"[1] بە "بارودۆخی نەریت شکێن"[2] ناوی دەبات. مرۆڤ دەبێت "شوێنێك لە کۆمەڵگادا وەدەست بێنێت، هەروەها توانای ئەوەی هەبێت کە لە بەرانبەر ویستە دەروونییەکانیدا ڕاوەستێ تاك ناچارە لە کۆمەڵگای سەردەمدا هاوسەنگی پێك بێنێت لە نێوان "پێناسەی _ من"ی کەسداو "تایبەتمەندی ڕۆڵ"ێك کە کۆمەڵگا پێیدەدات. بە وتەی "پلێنسێر" هەر ئەو هەولومەرجە ڕێگا بە تاك ئەدا کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوەو لە دوورەوە چاو لە خۆی بکات.

پرۆسەی "من _ دروست کردن" لە لایەك هاوکاتە لەگەڵ ڕەوتی خۆ ڕێکخستن بەردەوامی تاك لەگەڵ دۆخی بابەتی و زەینی کولتووری و کۆمەڵایەتی و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ توانایی و هێزی گەڕانەوە بۆ خۆ. ئەم ڕەوتە دەبێ لەگەڵ ڕێبەری و ڕێنوێنیدا بێت، بەڵام دەبێ ئاگادار بین کە ڕێنوێنیکردنی لاوان لەگەڵ منداڵان جیاوازە.

1_ Helmuth Plessner 1976
2_ exzentrische Positionalitat





لاو بۆ بەدەستهێنانی ئامادەیی خۆ ڕێکخستن لەگەڵ دەوروبەریدا لە بواری زیندەوەری _ مرۆڤناسییەوە دەبێ دژ کردەوەیەکی تایبەتی هەبێت بۆ ئەو ڕوداوانەی کە لە نزیکییەوە دێنە پێشێ. ئەم ڕوداوانە دەتوانن پێوەندیان هەبێت بە کەس، شت، کولتور_نەریت، گرووپ، دامەزراو، تێڕوانین و شێوازەکانی هەڵسوکەوتی دەوروبەری ئەوەوە. هاوڕێیان و گروپەکانی هاوڕێیەتی، کە دواتر باسیان لێوە دەکەین، زیاتر لە مامۆستایان و دایك و باوك لە گەشەو دروستکردنی بۆچوونەکان، دادوەرییەکان، باوەڕەکان و شێوەی هەڵسوکەوتی لاواندا کاریگەریان هەیە، چونکە بە بۆچوونی گەورەکان، لاوان نائاسایی و هەڵگری گۆڕانن لە هانە، تێڕوانین، هۆگری و کارو کردەوەدا. بەڵام هاوڕێیانیش، لاوان ڕزگار دەکەن لە قەیرانە ویژدانییەکان، ترس، دڵەڕاوکێ و بێ بڕوایی.

لە قۆناغی پێناسە دروستکردندا ئێمە شایەتی تێڕوانین و شێوازەکانی هەڵسوکەوتی جیاواز لە نێوان لاواندایین: لاو ناخ پەرستەو لە هەمان کاتیشدا خۆنوێنە، ڕەخنەگر لە دەوروبەرو لە خۆیەتی، لاو بێ فێڵە، لە بەرانبەر هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە بە تایبەت هاوتەمەنەکانیدا هەستیارە، هەر لەو حاڵەدا بەرانبەر بە دەوروبەری بێ هەڵوێستە، شەرمێون و لە هەمان کاتدا تووڕەیە، لەگەڵ خەونەکان دەژی، بەرانبەر بە جیهانی دەوروبەری هەستیارو ئامادەی شت وەرگرتنە. ئێمە لەگەڵ ئەم حاڵەتە دوو فاقەیەی لاوان لە سەردەمی "زیگمۆند فروید"ەوە ئاشنا بووین. هەر حەزێکی ئەوان لەگەڵ هەندێك بێمەیلیدایەو بە پێچەوانە لە هەر بێمەیلییەکدا هەندێك حەزی تێدایە. دەروونناسان و پزیشکانی دەروونی هەندێك دوو فاقەیی لە هەڵسوکەوتی لاواندا بە کارێکی ئاسایی دەزانن.

تێڕوانین و شێوازی هەڵسوکەوتی دژ بەیەك، هەڵوێستگرتن بە ئاڕاستەی خۆ یان بە ئاڕاستەی گرووپ، خۆشەویستی و یەکگرتوویی لە لاوێکی تەنیادا دەبینرێن. هەندێك هۆکاری دوو لایەنە لە هەڵسوکەوتی لاواندا بە هۆی ئەوەیە کە لاو هێشتا خاوەنی بنەمای نەگۆڕ نییە، ئەو بیرکردنەوەیەکی وەك یەك و چەسپاوو هاندەرێکی نموونەی نییە. ئەو هەلپەرستی و خۆ ڕێکخەریی گەورەکان پەسند ناکات.

### ٩. ٣. مەسەلەی سەرهەڵدانی ئیدئۆلۆژیکی "من"

وا باشە لێرەدا، لە سەر هەندێك لە مەیلە تایبەتییەکانی لاوان لێکۆڵینەوە بکەین، کە پێوەندییان هەیە لەگەڵ حەزی لاوان بە "تێڕوانینە سیاسییە زێدەڕۆییەکان" و "گرووپەکانی لاوان". یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو جۆرە مەیلانە لە نێوان لاواندا لە حەزی ئەوانە بە وەلانانی بۆچوون و باوەڕە ئاڵۆزو چەند لایەنەکان. ئەوان دەیانەوێ، لە جێی کارە ئاڵۆزەکان، دیاردەی دیارو روون دابنێن. ئەو دیاردانەی کە سیمای دڵنیاکەریان هەیە. ئاکامی پێبەندییە ئەخلاقییەکانی لاوان، بەلاڕێدا چوونی ئەوان بە قووڵایی ئاسان دیتنی دیاردەکان و کەم کردنەوەی شێوەی تاقیکاری و تاوانە. لاوان حەزیان لە دابەشکردنی جیهان بە دووجەمسەری رەش و سپییە. بە بۆچوونی "لۆکمەن"لاوان بە "داخران لە بەرانبەر دیاری هەڵنەگر" و پەنا بردن بۆ "گرووپەکانی کەمیینە زەیینی"یەکان کە بۆ هەر کارێکی ئاڵۆز وەڵامێکی ئاسانیان لەبەر دەستدایە، لە کێشە ئاڵۆزەکانی جیهانی سەردەم خۆ دەرباز دەکەن.[1]

[1]- Thomas luckmann1980





"ئێریك هـ. ئێریکسۆن"[1] بۆ شیکردنەوەی ئەو مەیلانە لە نێوان لاواندا لە واتای "ئیدئۆلۆژی" کەڵك وەردەگرێت و دەڵێت کە لاوان ئامادەیی زۆرتریان هەیە بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکان.

بە شیکردنەوەی "ئێریکسۆن"، "ئیدئۆلۆژی سیستمێکی لە خۆدا پێکهاتوو لە هێما هاوبەشەکان، بیرۆکە و ئامانجەکانە کە هەڵوێستی ئاسان، ڕێکخراوو یەکگرتوو لە کات و شوێندا، بە ئامرازو ئامانجەوە پێشکەش دەکات". بەم شیکردنەوەیە دیارە کە "هێزی فریودەری" هەتا ڕادەیەك بەردەوامی ئیدئۆلۆژی بۆ لاوان لە کوێدایە. ئەوان "وزە بۆ کردەوە، خۆپارێزی راستگۆیانە و دڵئێشانی خێرا و دەمارگرژانەی لاوان بە گۆڕەپانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئاڕاستەیەك کە شەڕی بێئامانی لە نێوان هێزە دژ بەیەکەکان تێدایە بەرەوپێش دەبەن"، لەو شوێنەدایە کە ئیدئۆلۆگەکان یان بیردۆزە دەمارگرژەکان و کەسانی دەروون ئاڵۆز لاوان پەروەردە دەکەن. هەڵبەت لە نێو ئەواندا کەسانێك هەن کە بوار بۆ یەکگرتوویی نێوان لاوان دەڕەخسێنن."

بە بۆچوونی "ئێریکسۆن" ئیدئۆلۆژی بۆ لاوان کارداکانی خوارەوەی هەیە: دیمەنێکی سادە لە داهاتوو پێشکەش بەوان دەکات، ئەو ئیمکانەیان بۆ پێك دێنن "تێکەڵ بەو گرووپانە بن کەلە خۆنوێنی دەرەکی هاوشێوەو کردەوەی یەکسانیان هەیە. ئیدئۆلۆژی یارمەتی لاوان ئەدات، بە سەر ئاڵۆزی و هزری خۆیاندا زاڵ بن و ڕێگایان پێ ئەدات لە بازنەی پێوەندی باوك و دایك – منداڵ بچنە دەرێ، یارمەتییان ئەدات هەتا لە ململانێی نێوان دوو هێزی ناوەوەی باش و خراپ ، لایەنی خراپ بگرن و لە بەرانبەر ئامانج و مەترسییەکانی جیهانی

[1]_ erik H.Erikson1977

دەرەوە هەست بە ئاسایش بکەین".

**٩. ٤. پێناسە دروستکردن و ژینگەی دەوروبەر**

لەوەدا کە ژینگەی دەەرەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتی لاوان هەیە، ئێستا ئەو بابەتە شیدەکەینەوە.

**١. ٩. ٤. کاریگەری ژینگە و ژینگەی دەستکرد**

کاتێك باس لە " فەزای دەستکرد" دەکەین، جۆرە بەربەستێکی چەمکیمان لەبەر چاوە. لێرەدا مەبەست لە ژینگە چەمکە گشتییەکەی نییە، بەڵکو مەبەست لەو ژینگەیەیە کە مروڤ بۆ مروڤێکی دیکەی دروست کردووە.

لێرەدا ئامانجمان ئەوە نییە بچینە نێو ئەو باسانەوە کە لە سەردەمی "یاکوب ڤون ڤێکیوڵ"[1] سەبارەت بە ژینگە لە ئارادایە، یان ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە لە گۆڕەپانی کردەوەناسی گیانلەبەران و مروڤ ناسی فەلسەفی لە بواری فەلسەفە هاوبەشەکانی "خاوەن جیهان بوونی مروڤ" و "لە جیهاندا بوونی گیانلەبەرەکان" دۆزراوەتەوە و لەسەر ئەساسی ئەو تیۆرییە پێوەندییەکی کەم تا زۆر جیاواز لەنێوان هێزی جەستەیی و دەروونی زیندەوەران و هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری پێکدێت. لێرەدا دەبێ بڵێین کە " ژینگەی دەستکرد" لەسەر پانتایی کردەوەی مروڤ کاریگەری هەیەو هەرچی ژینگەی دەوروبەر جیاوازتر بێت، کردەوەی مروڤ جۆراوجۆرترە.

هەتا ژینگەی دەوروبەر جۆراوجۆرتر بێت، ژینگەی کۆمەڵایەتیش

(1). Jakob Von Vexkull(1864_1944)





جیاوازترە. پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئاڵۆز بە پێڕەوی لەو ژینگە کۆمەڵایەتییە بە تەواوی جیاوازە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر تاك بە تایبەت منداڵان و لاوان؟ "ژینگەی دەستکرد" چ پێداویستییەك بۆ ئەزموونی ژینگەی دەوروبەری جیاواز لە لایەك و نموونە گونجاوەکانی ژینگە لە لایەکی دیکەوە دەخاتە بەردەستی خەڵك؟

بەدەستهێنانی نموونە گونجاوەکانی ژینگە لەسەر بنەمای پێکهاتەی دەوروبەر، پێویستی بە کردەوەی بەرانبەری تایبەت هەیە لە دانانی پێوەندیدا. هەرچەند هەڵسوکەوتی یەکسان، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تێڕوانین و شێوازەکانی هەڵسوکەوتی یەکسان، بەڵام ئەمە بە شێوەی بەربڵاو پێوەندی هەیە بە تەمەنی کەسانی خاوەن کردەوەوەو تایبەتمەندییەکانی ژینگەی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەوانەوە. لە نێو نموونەکانی ژینگەی دەوروبەردا پێش مەرجە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان سەرهەڵدەدەن کە بوونەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی "هانز پاوڵ بارت"[2] لە کتێبی "ئەزموونی ژینگەی دەوروبەر"دا. بە بۆچوونی "بارت" لە نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا پێوەندی نزیك هەیە، بە شێوەیەك کە ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵایەتی تەنیا لە بواری هەلسەنگاندنەوە جیاوازن. "بارت" تەنانەت لە نێوان دارشتنی خانووەکانی نیشتەجێبوون و شێوازی ژیانی خەڵك لە کۆمەڵگادا پێوەندی دەبینێت.

**٩. ٤. ٢. فەزای دەستکرد و هەڵسوکەوت**

"بارت" هەروەك زۆربەی نووسەرانی دیکە پێوەندی دەبینێت لە نێوان ژینگەی دەوروبەر و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، نێوان

(2). Hans Paul Bahrdt 1974

تایبەتمەندییەکانی ئەو ژینگەیە و پێناسەی خەڵك و سەرەنجام کێشە بنەڕەتییەکان بە هۆی ژیان لە شارە گەورەکان بە حەشیمەتی زۆرەوە. بە دەستێوەردانی مرۆڤ لە دروستکردن‌و دامەزراندن _ بۆ وێنە دروستکردنی باڵەخانە تاك رەهەندییەکان _ "ئێمە دەکەوینە بەرانبەر راستییەکەوە کە شیکردنەوەی ئەوە بە یارمەتی بەرنامە شیکراوەکان‌و خوێندنەوەی نموونەکانی هەڵسوکەوت کە لەو جۆرە ژینگەیانەدا خۆدەنوێنن، زۆر دژوارە" بەم شێوەیە ئێمە لەگەڵ بارودۆخێك رووبەرووین کە بۆ توێژە جیاوازەکان‌و گروپە تەمەنییە جۆراوجۆرەکان ئاکامی قورسی هەیە.

هۆی ململانێی لاوان بۆ پاراستنی ماڵە کۆنەکان‌و دروستکراوە سروشتیەکانی شارەکان، ناگەرێتەوە بۆ مەیلی ئەوان بەرانبەر بە پاراستنی شوێنە بەهادارەکانی ژیان، بەڵکو مەبەستی ئەوان پاراستنی ژینگەی دەوروبەرە کە پێناسە بەوان دەدات. ژینگەیەك کە بە "نیشتمان" دەناسرێت. لە دروستکردنی خانووە نوێیەکاندا بە زۆری رێژەی بەکارهێنەری خانوو لە بەر چاو دەگیرێت‌و بەو شێوەیە ئەو خانووانە دروست دەکرێن کە شێوەی بەکارهێنانیان جۆراوجۆرە. ئەو خانووە بێ‌پێناسانە وەك ماڵ، قوتابخانە، فەرمانگە، بەرێوەبەرایەتی پۆست‌و گەیاندن یان نەخۆشخانە بەکاردەهێنرێن. لاوان لە ژیانی رۆژانەدا بەو ئەزموونە گەیشتوون کە بە قسە بەڵێنی ژینگەی ئازاد و ئیمکانی گەشەیان پێ‌دەدرێت، بەڵام بە کردەوە ژینگەی دەوروبەر تەنیا دەزگایەکی گوشارە، دەزگایەگ کەتەنیا چاوەڕوانی خۆڕێکخستن‌و خۆبەدەستەوەدانی ئەوانە. دروستکردنی باڵاخانەکان لە داوێنی شارە گەورەکاندا یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان لەم بوارەدایە، چونکە لەو جۆرە ژینگەیەدا، دژایەتی نێوان شێوەی ژیان‌و پرۆژەی دروستکردنی





خانوو بە روونی دەبینرێت.

بۆ دەرخستنی قوڵایی سەرنج نەدان‌و درندەیی لە خانووسازی "مودێرن"دا دەتوانین تەنانەت ئاماژە بە خانووسازی زۆربەی زانستگەکان، قوتابخانەکان‌و ناوەندەکانی پەروەردە بکەین کە لاوان لەو ژینگەیانەدا هەست بە ترس دەکەن. ئەم خانووە بێ رۆح‌و ناشیرینانە ئاکامێکی مەترسیدار بۆ کۆمەڵگا دەستەبەر دەکەن. لە زۆربەی بەدواداچوونەکان ئاماژە بەوەکراوە کە ژینگەی دەوروبەر دەبێتە هۆی نەخۆشی و توڕەیی مرۆڤ. ناشارێتەوە کە بەشێکی زۆر لە هەڵسوکەوتە چەوتەکانی لاوان لە ژێر کاریگەری قوتابخانە، زانستگە و شوێنەکانی ژیاندایە، کە زیاتر هاوشێوەی عەمارە گەورەکانن نەك شوێنی ژیان.

لەو جۆرە ژینگەیەدا نە هەڵوێست گرتن لە ژیانی مرۆڤدا دەردەکەوێت‌و نە مرۆڤ هەستی نیشتمانپەروەری لادروست دەبێت. لە کتێبی "بنەمای هیوا" بەرهەمی "ئێرنێست بلوخ" دا هاتووە کە خانووسازی رۆڵێکی گرنگ لەسەرهەڵدانی هەستی نیشتمانپەروەری دەگێرێت. مرۆڤ لەگەڵ شوێنێك هاودەم دەبێت کە هەست دەکات ئەو شوێنە ژینگەیەکی بێ‌هاوتایە بۆ پێناسەسازی و سوودوەرگرتنە جۆراوجۆرەکانی ئەو. نیشتمان بۆ لاوان ئەو شوێنەیە کە هەست بکەن، ماڵی ئەوانە.

ژیان‌و جووڵە لە شارە گەورەکاندا بێ‌کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی هاتوچۆ ناکرێت. ئەو شارانەی کە بەرچاوترین تایبەتمەندییان شەقامە پڕ لە ئۆتومبیلەکان، بێ روح‌و بێ‌دارو دەرختە. لەم سالانەی دواییدا کە هاوولاتیان زیاتر لە پاسکیل کەڵك وەردەگرن، پیاسە دەکەن‌و بە هەلاتن دەڕۆن، دانەرانی تەرافیك لەگەڵ کێشەیەکی تازە بەرەو روو بوون. ئەوان لە پرۆژەکانیاندا تەنیا بیریان لە رۆیشتنی

خێراتری ئامرازەکانی هاتوچۆ کردوەتەوەو بوونی مرۆڤ جێگەیەکی لە پرۆژەکانیاندا نییە، ئەوان تەنیا بیر لە رۆیشتنی ئۆتومبیلەکان دەکەنەوە، نەک رێگا رویشتنی مرۆڤ.

### ٩. ٥. ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و پێناسە دروستکردن

### ٩ . ٥ . ١. ئاڵوگۆڕی بەها بنەڕەتییەکان‌و بەدەستهێنانی متمانە لە هەڵسوکەوتدا

کەسایەتی‌و بەهاکان، داب‌و نەریتەکان، گرووپ‌و دامەزراوەکان پێش مەرجەکانی پێناسە دروستکردنی مرۆڤ و هۆکاری بەردەوامی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتین. ئەم پێکهاتانە دەبنە هۆی هەڵوێستگرتنی مرۆڤ لە ژیاندا، بە ژیان مانا دەبەخشن‌و کاتێک لە لایەن گرووپێکی گەورەی خەڵکەوە پەسند کرابێتن، دەبنە هۆی بەدەستهێنانی متمانە لە هەڵسوکەوتدا. ئەوانەی کە باوەڕیان بەم پێکهاتانە بێت، هەتا ڕادەیەک لەو بوارەدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن.

یەکێک لەو دیاردانەی کە ڕۆڵی سەرەکییان لە پێناسە دروستکردندا هەیە، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانن. کۆمەڵناس‌و فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی "ئارنۆڵد گێهن"[1] لە "تیۆری دامەزراوەکان" ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە دامەزراوێکی بەردەوام ئەو خزمەتگۆزارییانەی خوارەوە پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکات:

_ هەڵوێستگرتنی کردەوە ئاسان دەکات بۆ خەڵک.

_ ئارامی بۆ تاکەکەس دەستەبەر دەکات هەتا ئەو وزەو کاتی خۆی بەکار بێنێت بۆ ئامانج‌و چالاکییەکانی دیکە،

(1). Arnold Gelhen (1904_1976)





_ هەلومەرجێک دەرەخسێنێت، هەتا خەڵک بتوانن ئاکامی کردەوەکانی خۆیان پێش بینی بکەن.

_ هەلومەرج پێک دێنێت بۆ کەڵک وەرگرتنی دەرەکی لە هانەکان.

ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌و کولتورییەکان هەموو کات بە شێوەی هۆکاری باش نابنە هۆی بەرەو پێش چوون. هەندێکجار ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌و کولتورییەکان دەبنە هۆی لە نێو چوونی باوەڕو هەست بە ئاسایش لە نێوان خەڵکدا. کەواتە هەر کۆمەڵگایەک وەرگری ڕادەیەکی دیار لە ئاڵوگۆڕەکانە. بەو تێڕوانینەوە ئەم پرسیارە گرنگە کە، ئایا لە دەیەی ٦٠و دەستپێکردنی شۆڕشەکانی قوتابیان‌و خوێندکاران ئێمە شایەتی ئاڵوگۆڕی لەڕادەبەدەر لە گۆڕەپانی بنەماڵە، خوێندنگا، شوێنی کار، سیاسەت‌و پەروەردە، زانست‌و هونەرو هتد نەبووین؟ واپێدەچێت خەڵک، دامەزراوەکان‌و سەرجەم کۆمەڵگا بە ڕادەیەکی بەرچاو وەرگری گۆڕانکاری‌و سەرکەوتن بەسەر کێشەکانی ئەواندان. لە پەنای ئاڵوگۆڕ لە گۆڕەپانی تێڕوانین‌و هەڵسوکەوتدا، ئێمە شایەتی هەندێک گۆڕانکاری دیکە بووین کە بە کورتی دەیانخەینە بەر باس.

بێگومان لە هێزی کاریگەری ئایین‌و ئەو پێکهاتە نەریتییانەی کەمبۆتەوە کە لە گۆڕەپانی گشتی‌و تایبەتی کۆمەڵگا بۆ وێنە لە گۆڕەپانی بنەماڵەو کاروباری تایبەتیدا لەگەڵیدان. کۆمەڵگای شارنشینی لە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی گۆڕانکاری خۆیدا دەستێوەردانی ئایین‌و کەنیسەی لە ئاستە جۆراوجۆرو قۆناغە جیاوازەکانی ڕەوتی "بە دونیایی بوون"[2] داوەتە دواوە. لە ڕۆڵی بایەخەکانی ئایین‌و نەریت وەک هۆکاری سەقامگیری لە کۆمەڵگادا کەم

(2). Sekularisierung

کراوەتەوە. کەواتە پێویستی پێکهاتەی هەڵوێستگرتنی چەسپاو لە ژیاندا هەست پێدەکرێت. بەرە بەرە باوەڕ بە ویستی بەرەوپێش چوونی بەردەوامو باوەڕ بە عەقلانییەتو تێگەیشتوویی جێگەی باوەڕە نەریتییەکانی گرتووەتەوە. ڕادەی سەرکەوتنی کۆمەڵگای شارنشینی لە پێقەبوڵکردنی کردەوە باوەکان، بەهاکان، دابو نەریتەکانی خۆیان بە توێژە نابورژوا و نەریتی کە خاوەنی ژیانی شاری نەبوون سەر سوڕهێنەربوو. بایەخو کردەوە گونجاوەکانی کۆمەڵگای شارنشینی لەسەر بنەمای کارو خزمەت، بەرەو پێش چوونو بەڕێوەبردنی ژیرانەی ژیان، بازارو ململانێو تواناییەکانی تاکە. وادەردەکەوێت کە بەشێك لە لاوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گومانیان دەبێت سەبارەت بەم بەهایانە.

### ٩. ٥. ٢. پێناسەی نەتەوەیی وەك ئامرازی هەڵوێستگرتن

یەکێك لەو کێشانەی کە هەڵوێستگرتنی لاوان لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا لەگەڵ دژواری بەرەوڕوو دەکاتو پێوەندی هەیە لەگەڵ قەیرانی پێناسەو پێناسە دروستکردنی لاوان، کێشەی پێناسەی نەتەوەییە.

نیشتمان بۆ لاوانی ئەڵمانیا چ مانایەکی هەیە؟ بە هۆکارە جۆراوجۆرەکان ئەم پرسیارە بووەتە خاوەن گرنگی بۆ لاوانی ئەڵمانیا. پاش شەڕی جیهانی دووهەمو دابەش بوونی ئەڵمانیا بە دوو بەشی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، پێناسەی نەتەوەیی ئەڵمانیا بووە پرسیارێکی کراوە. لە لایەکەوە بە هۆی کراوەبوونی کێشەی نەتەوەیی لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا، دەزگای حکومەتی زیاتر لە یەکگرتنی دوو ئەڵمانیا، بە دوای پێناسە دروستکردنو خۆرێکخستنی لاواندا بوو، هەتا هەستی نەتەوایەتی لە نێو ئەواندا وەخەبەر بێنێت. لە لایەکی





دیکەوە بە هۆی کراوە بوونی یەکیتی دوو ئەڵمانیا، دیار نەبوو کە کێشەی پێناسەی نەتەوەیی لەگەڵ بوونی دوو وڵاتی ئەڵمانیا چۆن چارەسەر دەکرێت. بەم هۆیەوە لاوان لە هەڵوێستگرتنی سیاسیدا لەگەڵ دژواری بەرەوڕوو بوون.

نەبوونی پێناسەی نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو بوونی ترس لەم بوارەدا، دۆزینەوەی پێناسەی تایبەتیشی بۆ لاوان دژوار دەکرد. چونکە پرسیار سەبارەت بە پێناسەی نەتەوەیی نەك هەر پێوەندی نزیکی هەیە بە وشیاریی نەتەوەیی گونجاو لەگەڵ کاتدا، بەڵکو یارمەتیمان دەدات هەتا لە پێداویستییەکان، خەیاڵو گشتی بوونی کۆمەڵگایەکی جیهانیو شارێکی بورژوایی لە پەنای پێناسەی نەتەوەیی خۆماندا تێبگەین.

ئەگەر لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبین، لە لایەکەوە گیرودەی ناوچەگەریتیو وردەکارییەکان دەبین کە دەتوانین ڕەنگدانەوەکەی لە وردە چالاکیەکانی هاووڵاتیان لە ناوچە سنووردارەکاندا بە شێوەی بزوتنەوەو ئەلتیرناتیڤەکان ببینینو لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ دژواری دیاریکردنی پێناسە بە کەڵك وەرگرتن لە هۆکارێك بەرەوڕوو دەبین کە ئەویش پێکهاتەی نەتەوایەتییە. لە سەرەتای دەیەی شەستەوە هەندێك کەس هەوڵیاندا، بەشێك لە کێشەی پێناسە لە چوارچێوەی پێناسەی ئەوروپاییدا چارەسەر بکەن، ئەم هەوڵانە بوونە هۆی خەیاڵ پڵاوی لە گۆڕەپانی نەتەوەگەریەتی لە نێوان بەشێك لە لاواندا.

### ٩. ٥. ٣. پەروەردەی سۆسیالیستیو کاریگەرییەکانی

سەبارەت بەکاریگەری پەروەردەیی سوسیالیستی لەم سەردەمەدا و شوێنەوارەکەی لە داهاتوودا بۆچوونی جۆراوجۆر لە ئارادایە. بە شێوەیەکی کورت سەبارەت بە پەروەردەی سەرانسەری، یەکسان،

هەمەلایانـــە و دەســـکەوتە بنەڕەتیـــەکانی لـــە گۆڕەپـــانی خوێنـــدن و پەروەردەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بەو خاڵانەی خوارەوە:

_ ئەگەر کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیای خۆرهەڵات وەک یەکێک لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانی سوسیالیستی رابردوو لەبەر چاو بگرین و سیستمی پەروەردەی ئەو بکەینە پێوانەی بەهاناسین، دەکرێت بڵێین سەرەڕای پێداگرتن لە سەر گشتی بوونی سیستمی پەروەردە، بە بەردەوامی لە شوێنی کار، نێو بنەماڵەکان و کەنسیەدا شایەتی دیاردەی بە واتا "ژێر زەوی" بووین کە پەروەردەیەکی نافەرمی بوو بە شێوەی ئاشکراو شاراوە یاساکانی پەروەردەی سەرانسەری پێشێل دەکرد،

___ سەرەڕای دیواری بەرلین، تەلەفزیونی رۆژئاوا لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات دەبینرا. لەم بەرو لەو بەری دیواردا کولتوری مۆسیقای تایبەت بە لاوان لە ئارادا بوو، کە لە بواری ریتم و نێوەرۆکەوە رێک بە پێچەوانەی ئەو شتە بوو کە بە شێوەی فەرمی لە لایەن "حیزبی یەکگرتووی سوسیالیستی" واتە حیزبی دەسەڵات دارو "رێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد"ەوە پروپاگەندەی بۆ دەکرا. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە بارودۆخی لاوان لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیاداو دانانی ئەوان لە نێوان یاساکانی دامەزراوە فەرمییەکان و داهێنانی نوێی کولتوریی، بەرهەمی "کونێل"[1] بخوێننەوە.

_ بارودۆخی پەروەردەی خەڵک و لاوان لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا بە شێوەی رێژەیی لەسەرەوە بوو.

_ ئەگەر لە تیۆرییە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە سەرنەکەوتنی سیستمی پەروەردەی هەمەلایەن خۆ ببوێرین، ئەزموونی مێژوویی سەردەمی ناسیونالٚ سوسیالیستی هیتلێرو ئەزموونی سوسیالیستی

1 _ Kunhel 1990





لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیادا دەریان خست کە پەروەردەی نەگۆڕو تاک رەهەندی هەمەلایەن سەرکەوتن وەدەست نایەنێت.

"ئارنۆ کلۆنە"[1] سەبارەت بە "لاوانی هیتلێر" لە سەردەمی نازییەکاندا وتویەتی، لاوان هەموو کاتێک رێگایەک بۆ خۆدەربازکردن لەسیستمی پەروەردەی تاک رەهەندیو نەگۆڕ دەدۆزنەوە. دەتوانین سەبارەت بە لاوانی ئەندام لە "رێکخراوی لاوانی ئەڵمانیای ئازاد"یش ئەو قسەیە بکەین. نابێ رادەی خۆلادانی لاوان لەژێر ئیدعاکانی کولتوری سۆسیالیستی هەمەلایانەی حکومەت بەکەم بزانین.

لێکۆڵینەوکانی "دیتێر گولێن"[2] بە نیسبەت نموونەکانی هەڵسوکەوت و ڕەوتی کۆمەڵگاهەڵگری لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیادا بۆ چوار نەوە[3] راستی ئەو ئیدیعایانەی سەرەوەی دەرخستووە:

_ کەسایەتی خەڵک وردەوردە بە پێی سیستمی پەروەردەی سوسیالستی بەو شێوەیە گەشەی کرد کە ئیدئۆلۆژی حیزبی دەسەڵاتدار خوازیاری بوو.

_ دژایەتی نێوان ئەزموونی رۆژانەی خەڵک و ئیدعاکانی ئیدئۆلۆژی زاڵ بەسەر ئەودا بەڕادیەک بوو کە رێککەوتنی خەڵک لەگەڵ سیستەم و ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتدار زۆر دژوار بوو.

_ جێگەی سەرنجە کە هەموو کات لە نێوان ئەندامانی حیزبدا کەسانێک هەبوون کە رەخنەکانیان لە سیستم توندتر لە تەلەفزیۆنەکانی خۆرئاوا بوو.

1 _ Arno Klonne 1990
2 _ Dieter Geulen
3 _ نەوەکانی ١٩٤٠، ١٩٥٠، ١٩٦٠، ١٩٧٠

### ٩. ٥. ٤. پێناسە سازی لە هەلومەرجی گۆڕاودا

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا، لاوانی دانیشتووی بەشی ڕۆژهەڵات، واتە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا، لە گۆڕەپانی پێناسە دروستکردندا لەگەڵ دژواری زۆر بەرەوڕوو بوون. دەتوانین گرنگترین گۆڕانکارییەکان بەو شێوەیەی خوارەوە باس بکەین، بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بەرهەمی "فێستر"و"فریدریش"[1] بخوێننەوە.

_ پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمانیا و ڕەوتی جووڵەی کۆمەڵایەتی پێکهاتوو لەودا، چ بە شێوەی کۆچ و چ بە شێوەی جێگۆرکێی چینایەتی، لاوانی خستە بارودۆخێکی بە تەواوی نوێوە. ژمارەیەك لە دەزگا و دامەزراوەکان بۆ وێنە قوتابخانەکان، گروپەکانی کار، گروپەکانی ئالترناتیڤ کۆڕە نهێنییەکان و تۆڕەکان، دراوسێکان و هتد ئالوگۆڕکران یان بە تەواوی داخران. تەنانەت لە هەندێك قوتابخانە مامۆستا و بەڕێوەبەران گۆڕان.

_ پێشتر لاوان لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکی هەمەلایەن بە ناوی مارکسیزم _ لنینیزم بەرەو ڕوو بوون کە بۆ هەر کێشەیەك وەڵامێکی ئامادەکراوی لە چوارچێوی جیهانبینی خۆیدا هەبوو. ئەم جیهانبینییە لەلای زۆرینەی نزیك بە هەمووی ئەوان متمانەی خۆی لەدەستدا و بەکردەوە تووشی دۆران بوو.

ژمارەیەك لە لاوان بە شێوەی تایبەتی گیرۆدەی هەندێك کێشە بوون. لە نێوان بنەماڵەکانیاندا کەسانێك هەبوون کە لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی پێشوو ئەندامی دەزگای زانیاری بوون و بیکار کرابوون.

[1]_ Fester/ Friedrich





بەشێکیان شوێنی خوێندنیان لەدەست دابوو. هەڵوێست گرتن لە سیستمی پەروەردەی نوێ لە قوتابخانە و سیستمی خوێندن لە زانستگەکاندا ئەو کێشانە بوون کە دەبووایە چارەسەر بکرایەن. ئەوان دەبوو لە ململانێ لەگەڵ لاوانی دانیشتووی ئەڵمانیای فیدراڵ بەسەر ئەو کێشەیەدا سەرکەون، کە بارودۆخی ئەوانی دژوارتر دەکرد.

### ٩. ٦. پێناسە دروستکردن لە کۆمەڵگای پوست مودێرندا: تیۆری تاکگەریەتی

لە گۆڕەپانی زانستی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵایەتی _ دەروونی و مێژوویی هەموو زانستێك تێدەکۆشێت، بە سەرنجدان لە بنەما بۆچوونییە تایبەتییەکانی خۆی لە بابەتێك بدوێت و لایەنێکی تایبەت لە کۆمەڵگا ڕوون بکاتەوە. یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵگا، پێناسەو پێناسە دروستکردن بە تایبەت لە نێو لاواندایە. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، لەگەڵ چەمکێکی دیکە بەرەوڕوو بووین کە جاربەجار گرنگی زیاتر وەدەست دێنێت، ئەویش تاکگەریەتییە.

هەرچەند تاکگەریەتی و هەروەها تاکبوون لە سەردەمی ڕووناکبیری و شۆڕشەکانی بورژوایی یان شارنشینی، چەمکێکی بنەڕەتییە لە پێوەندی نزیکدا لەگەڵ چەمکی نوێ یان مودێرن، بەڵام لە نێوەڕاستی دەیەی هەشتاوە بووەتە چەمکێکی جێگەی شرۆڤەو باسهەڵگر. لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی هەتا ئێستا لێکدانەوەی "گیۆرگ زیمێل"[1] جێگەی خۆی هەیە لە تاکگەریەتی لە هەلومەرجی ئابووریی دراویی سەرمایەداریدا.

[1]_ Georg Simmel

بیردۆزەیەکی دیکە کە نوێترو خاوەنی گرنگییەکی تایبەت لە گۆڕەپانی بیردۆزەییەکانی تاکگەریەتی دایە، تیۆری "ئۆلدیش بێك"[1]ە سەبارەت بە ڕەوتی تاکبوون، شوێنی کۆمەڵایەتی تاکەکانو ژیاننامەکانو لە ئاکامدا بێستاندارد بوونی چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکان.

تیۆری تاکگەریەتی دەکرێت بە وتەی "ئالبێرت شێر" بەو شێوەیەی خوارەوە باس بکەین:

_ بیردۆزی دانراو لە سەر تیۆری کولتور: بە پێی ئەم تیۆرییە دانانی مانایەكو چەمکێکی گشتگیرو تەواو، بۆ شیکردنەوەی جیاوازییەکانو جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، جار بە جار دژوارتر دەبێت. مەیلی گشتی بە ئاڕاستەی سەرهەڵدانی خەڵك بە شێوەی زیندەوەرێکی تاکە بە بەرپرسایەتی تایبەتیەوە. ئەم تاکانەن کە ژیانی خۆیان شیدەکەنەوەو مانای پێدەبەخشن.

_ بیردۆزەی لەسەر بنەمای تیۆری زەینی: کردەوەو ئەزموونی تاك ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کەمتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەندێك هۆکار وەك پاڵپشتبوون بە چینو توێژ و یاسا گشتییەکان.

_ ئەگەر لە نێوان لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسی لاواندا بەدوای لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانەوە بین کە بیردۆزەی تاکگەریەتی بە سوود وەرگرتن لە هەندێك پێناسە هەڵدەسەنگێنن وەك سەربەخۆیی کار هەڵبژاردنی کار بە دوور لە پێبەند بوونەکانی چینایەتی، دامەزرانی ژیان بە حەزی تایبەتیو بەرپرسایەتی تاكو سەرەنجام سەرهەڵدانی کەسایەتی خودموختار، لەگەڵ ئەو پرسیارو گومانە رووبەڕوو دەبینەوە کە ئایا چەمکی

(1). Ulrich Beck





تاکگەریەتی، چەمکێکی گونجاوە؟

ژمارەیەکی زۆر لەبەدواداچوونەکان پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەردەخەن. ئێمە بەکەڵك وەرگرتن لە چەمکی تاکگەریەتی، چەمکێکی پۆزتیڤو بەنرخمان لە کولتوری ڕۆژئاواییدا بەکار هێناوە. بەڵام زۆر دژوارە کە بکرێت پێکهاتەی لەحاڵی گۆڕانی کۆمەڵگاو ئیمکانی زاڵبوونی تاکەکان بەسەر ئەودا، بەتایبەت لە تەمەنەکانی لاویدا، بە چەمکێك وەك تاکگەریەتی شیبکەینەوە.

هەڵبەت نابێ لە بیرمان بچێت کە تیۆری "ڕەوتی بنەڕەتی کۆمەڵگا" تیۆرییەکی متمانەپێکراوە لە بناخەی بیردۆزی تاکگەریەتی. بە پێی ئەم بیردۆزیە شایەتی فرەخوازی لە گۆڕەپانی ژیانی هاوبەش و بنەماڵە، جیاوازی لە نێوان توێژو فەزاکانی کۆمەڵایەتیو سەرەنجام جیابوونەوەی هەرچی زیاتری بەشەکانی کۆمەڵگاین. بەڵام لەوەدا کە بتوانن ئەو جۆرە تایبەتمەندییە پێکهاتەییانە بە یارمەتی بیردۆزی تاکگەریەتی بگەیەنینە ئاستی تاکی، لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێستادا بەو هۆکارانەی خوارەوە بێ دژواری نابن:

_ لە چوارچێوەی تیۆری تاکگەریەتیدا کەمتر سەرنج دراوەتەوە لایەنەکانی تاك وەك پرسیار سەبارەت بە ڕەوتی تاك لە کۆمەڵگەهەڵگریو ئەو سەرچاوانەی کە لە بەر دەستی تاکدایەو ئیمکانەکانی هەڵبژاردن،

_ ئازادی تاك، لە مێژووو ژیانی ئوروپادا بابەتێکی گرنگە. بەڵام گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە ڕەوتی ئازادی تاکی بەرەو هەندێك ڕێگا بردووە کە دەکرێت بکرێن بە چەمکی دیالکتیکی پێچەوانەی خۆیان. ئازادی تاك بووەتە ئازادی تەواو لە چوارچێوەیەکی تایبەت"دا کە تاك وەك "فەزای ئازاد" لەبەر دەستیدایە. ئازادی تەواو لە "فەزای ئازاد"ی

تاکدا، دەتوانێ ئازادی ئەو لە کوێ کۆمەڵگادا سنوردار بکات، چونکە ئەم جۆرە ئازادییە، چیدی وەك ئازادی بەواتا نەریتییەکەی دانانرێت. کەواتە پەرەگرتنی ئازادی بە چەمکی تاکگەریەتی ئەو، واتە پەرەپێدانی "ژینگەی ئازاد"ی تاك دەتوانێ متمانە برەوێنێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بەرهەمەکانی "هایت مایر"، "ساندێر"،"ئۆلك"و "بێك" بخوێننەوە.

### ٩. ٧. گەران بەدوای واتە جێگرەکانو پێناسە دروستکردندا: فیرقەکانی لاوان

#### ٩. ٧. ١. چەمکی "فیرقە"و چەمکی "فیرقەکانی لاوان"

چەمکی "فیرقە" یان "سکت" لە زمانی لاتینەوە وەرگیراوەو مانای "ڕاهاتنی لاسایی کردنەوە" دەدات.

هەروەك کەنیسە، فیرقەکانیش جۆرێك لە ئایینە دامەزراوەکانن. ژمارەیەکی زۆر لە فیرقەکان لەو باوەڕەدان کە ئەوان سەرەکیترین، خەڵکیترین، کاراترینو فیداکارترینن. ئەم شیکردنەوەیە زۆربەی فیرقەکان دەگرێتەوە. ئەوان ئەو بۆچوونو شێوازە هەڵسوکەوتانە بلاودەکەنەوە کە بۆ لاوان سەرنجراکێشو دەبێتە هۆی سەرسوڕمانو هۆگرییان. ئەوەی کە لە پێشدا وەك "دروستکردنی ئیدۆلۆژی من" باسمان لەسەر کردو زیاتر لە هەموو شتێك پێوەندی بە کردەوەی سیاسییەوە هەیە، لێرەیشدا خاوەنی گرنگییە: یەك لایەنەو ئاشکرابوونی راهێنان، فرمانە کردەوەییە روونەکان، تین بۆ خۆهێنانو چلەکێشان، پاڵپشتبوون بە گرووپو سەرەنجام هەبوونی ئامانج، ئامانجێك کە نرخی فیداکاری هەبێت. ئەمانە ئەو بنەمایانەن کە دەتوانن ببنە بناخەی پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی توندوتیژ یان





بزوتنەوەیەکی بناژۆی توندوتیژیی ئایینی.

هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو فیرقە ئاینییەکان بناژۆن یان هەر بناژۆییەك بە پێی پێویست لەبەرانبەر دیاردەکانی دەرەوەی خۆیدا تورەیە. ئەو بابەتانەی لەسەرەوە هاتوون، راستییەکن بە نیسبەت فیرقەکانی لاوانیشەوە. ئەم فیرقانە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای دەیەی ٧٠دا، هاوکات لەگەڵ گروپە سیاسییەکان وەك بزوتنەوەی جێگر یان بزوتنەوەی ئالترناتیڤو گروپە تیروریستەکان سەریان هەڵدا. ئەم گرووپانە لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ کارێك بکەن. بە بۆچوونی ئەوان، ئەگەر لاوان توانای رووخانی سیستمی سیاسییان نییە یان ناتوانن ئاڵوگۆر لە سیستمی سیاسیو کومەڵایەتیدا پێکبێنن. دەبێ بە زانیاری ئایینیو لە ئاکامدا زانیاری لە جیهانو مانا بەخشین بە ژیان، گۆڕانکاری لە خۆیاندا پێك بێنن. بەرەبەرە مانا بەخشین بە ژیان لە گۆڕەپانی کردەوەو بۆچووندا بووە بابەتی سەرەکی فیرقەکانی لاوان. مەسیحیەت ئامادەیی نەبوو کە هاوکات لەگەڵ رێنووینی بە کردەوەدا وەڵامدەر بێتو ببێتە هۆی گۆڕانکاری خێرا. مەسیحیەت لەگەڵ رێکخراوی گەورەی خۆی، واتە کەنیسە، نەیدەتوانی بۆ لاوان سەرنج راکێش بێت. هەڵسوکەوتی تایبەتی ئەم گروپە وەك دەق دانی جلوبەرگ، گۆڕینی شێوازی ژیانو هەڵسوکەوتی دڵسۆزانە لەگەڵ یەکتر لە شێوازە باوەکانی داهێنەرانی نوێکاری، تەنانەت مەسیحیەکانیش لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحدا بووە، بەڵام ئێستا مەسیحیەت چووەتە پشت دیواری پەرستگەکانەوەو لە نەریتو یاسایەکی تایبەت پێڕەوی دەکاتو بە پارێزەوە لەگەڵ مەسیحیەکان درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

بەشێك لەو لاوانەی پێیانوابوو کە دەبێ لە باشووری ئاسیادا بە

تایبەت بە پەرستنی هێندویزمو باوەڕ بە ڕۆح بەدوای ئاشتیو ئارامیدا بگەڕێن. لە دەیەی ٦٠دا سەرەتا لە ئەمریکاو پاشان لە شوێنەکانی دیکە سەرنجی لاوان راکێشرا بۆ بەرهەمەکانی "هێرمەن هێسە"[1]. چەندین دیاردەی دیکەیش وەك مەیل بە مانەویەتو ئایین، چالاکییە رووناکبیرییەکانو پاشان بە واتایەك "کولتوری بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان" لە پێناسە گرنگەکانی ئەو سەردەمە بوون.

بزووتنەوەیەك کە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەقڵ گەریەتی، لێکدانەوەو بێهەستەییو بەدەستهێنانی ئەخلاقی کولتوری رۆژئاوایی دەستی پێکرد بە دەربازبوون لە عەقڵ گەیشت. لەپەنای دەربازبوون لە عەقڵ بزوتنەوەی لاوان، لاوانی سەربە فیرقەو فیرقەکانی سەدەی بیستەمی بەکارهێنەری ماددە سڕکەرەکان سەریان هەڵدا. دیاردەی مەیل بە خۆرهەڵاتی دوورو پەرستگەکانیان، بەو شێوەیەی کە ئیدیعا دەکرا، دیاردەیەکی نوێ نەبوو.

چۆنیەتی ئاڵوگۆڕی بزوتنەوەی رەخنەگرانەی لاوان لەکۆماری ئەڵمانیادا بووە هۆی سەرسوورمان. ئەو لاوانەی کە "شلیسکی" بە "نەوەی بێبروا" و "بلوشێر" بە"نەوەی بێدەمارگرژی" ناویان بردوونو وامەزندە دەکرا کە خونوێنێکی بابەتی رێککەوتوو لەگەڵ فەزای کۆمەڵایەتی _ سیاسیدا بن، لە ناکاودا شۆرشیان کرد. کەواتە دژوارە گرووپ و رێکخراوەکانی پێکهاتوو لەم لاوانە بە فیرقە بزانین چونکە چەمکی فیرقە وەبیرمان دێنێتەوە کە لەگەڵ گرووپێکی سنوردارو بەرتەسك بەرەو روویین. بەڵام ئەم گروپە پیشاندەری بزووتنەوەیەکی زۆر گەورەترە. لە لایەکی دیکەوە ناکرێت هەموو ئەو

(1). Hermann Hese





گرووپانە وەك یەك بزانینو بە فیرقە بیان ناسینن. هەندێك لەم گرووپانە بە هۆی پێکهاتەی رێکخراوەیی، نموونەی روونی هەڵسوکەوت، چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیانو تەنانەت پێڕەوی لە نموونە تایبەتە ئایینییەکان جیاوازیان هەبوو لەگەڵ یەکتر. جیاوازییە گرنگەکان بەو شێوەیەی خوارەوەن:

_ کۆمەڵە فیرقەییەکان بە بوارەکانی مەسیحییەوە وەك "منداڵانی خوا"، "بزوتنەوەی مۆن" و "سینتۆلوژی"[1]

_ بزووتنەوەکانی پێڕەوی چلەکێشان بە بوارەکانی هێندوییەوە وەك "شاندی نووری خوایی"، "بزوتنەوەی هاری کریشا"و "کۆمەڵەی باوەڕە بەرزەکان"[2]

_ بزووتنەوە تێکەڵەکان، وەك"بزوتنەوەی بگوەن شێر راجنش"[3] کە پێك هاتبوو لە ئایینە جۆراوجۆرەکان.

ڕادەی زانیاری بیروڕای گشتی لەگەڵ ئەم رێکخراوانە زۆر جیاواز بوو، تاڕادەیەك پێوەندی هەبوو بە ڕادەی گرنگی پێدانی ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە بە هەرکام لەو ڕەوتانە.

بە بۆچوونی باوکو دایك، مەترسییەکی گەورە کە ئەم لاوانە لەگەڵی رووبەروو بوون، جیابوونەوەی ئەوان بوو لە راستییە بابەتییەکانی ژیانو بە تایبەت گیرودە بوونیان لە داوی فیرقە ئایینییەکاندا، کە "دیتێر باکە"[4] سەبارەت بەم ڕەوتە پێدادەگرێت لە "وەرگرتنەوەی خۆویستانەی مافی هاوولاتی بەهۆی گیرۆدە بوون بە

1_ Kinder Gottes, Mun_Bewgung, Scuentelogy
2_ Light_Mission, Hore Krishna Bewgung Gesellschaft Fur Transzendentale
3_ Bahgwan Shree Rojneesh Bewegung
4_ Dieter Baacke

تونودوتیژی ئایینی".

شیکردنەوەی هۆی سەرهەڵدانی فیرقە ئایینییەکان زۆر دژوارە. زۆربەی لێکدانەوەکان بەو ئاڕاستەیەدا دەشکێنەوە کە بێڕۆحی کولتوریی کۆمەڵگای سەرمایەداریو هەڵوێستی خزمەتگوزاری کۆمەڵگای مودێرنی پیشەسازی بەرپرسیارن لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانەدا. هۆکارو چەمکەکانی سەرەوە بە ڕادەی پێویست روون نین. "بێڕۆحی کولتوری" چ واتایەك دەدات؟ ڕەنگە هۆی مەیلی لاوان بەم فیرقانە، ئەو ئازادییە لە ڕادەبەدەرە بێت، کە ئەوان بۆ تێکەڵبوون بەو فیرقانە هەیانە. لەوانەیە بە هۆی هەبوونی بەربلاوی ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە بێت کە ئێمە لە ماوەیەکی کورتدا ئاگاداری هەموو باوەڕو روداوەکانی جیهان دەبین. پەرەپێدانی کولتوری کە پێش مەرجەکەی هەبوونی پێکهاتەی دیارو بەربلاوی ڕاگەیەنە گشتییەکانە کە دوورترین کولتورەکان لە بواری کاتو شوێنەوە بۆ لاسایی کردنەوە دەخاتە بەردەستمان. لەهەر حاڵدا لێکۆڵینەوەی فیرقەکان کارێکی دژوارە. لەوەدا کە بەشێك لەم فیرقانە نوێنەرایەتی "هەستانەوەی ئایینی رۆحیو گەورەیی دەروونی" دەکەن،[1] باشتر وایە کە بە نهێنی درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن.

بێگومان هەستی خۆناسین، هاوکات لەگەڵ لاوازییەکانی کەسایەتی "من"و هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو لاوازیەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی لاوان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە تێکەڵ بە فیرقەکان بن. فیرقە هیوا بەخشە. هیوای فیرقە هەستی ئاسایشی ناوەوەو دەرەوە بەهێز دەکات. هەروەك کۆمەڵناسو مێژوونوسی ئایین

5_ Seifert





"ئێرنێست ترۆلیچ"[1] دەڵێت هیوا پێدان لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەموو فیرقەکانە.

دەست بە داوێنبوونی فیرقەو هاوکات بوونی تەواو لەگەڵ هیواکانیان، بۆ دەرچوون لە سەرلێشێواویو بێهەڵوێستییەك کە لە قۆناغی لاویدا بە هۆی قەیرانی دەربازبوونی پێناسە بە هێز بووە، دەتوانێت ببێتە هۆی خۆدزینەوە لە راستییەکانی ژیانو بۆ ساڵانێکی زۆر مروڤ دەکەوێتە داوی هەڵاتن لە راستییەکانی ژیان.

جێی سەرنجە کە لەم دواییانەدا سەبارەت بە فیرقەکانی لاوان لە لێکۆڵینەوە گشتییەکاندا بێدەنگی کراوە. ئەژمارەیەك کە لە بڵاوکراوەکاندا بەنیسبەت رێژەی لاوانی ئەندام لەم فیرقانەدا دەدرێت[2] نێوان ٢٠ هەتا ١٠٠ هەزار کەسە.

ڕادەی سەرجەم ئەندامانی ئەم فیرقانە، لە لاوانەو بگرە هەتا بە ساڵاچووان، نزیك بە ٨٠٠ هەزار کەس بەراورد دەکرێ. زۆربەی ئەندامانی ئەم فیرقانە نەخۆشە دەروونییەکانو گرووپی ئایینی رۆحیو ئەوانەن باوەڕیان بە رۆژی حەشر هەیە. هەروەها "شایەدانی یەهوا"[3] کە حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٩٧ خۆی بوارد لە ناسینی ئەوان وەك یەکێك لە مەزەبە فەرمییەکانی مەسیحی، ١٦٠ هەزار ئەندامی هەیە.

1_ Ernest Troeltsch
2_ Jugend,Selbereisen
3_ Die Zeygen Jehovas

## ١٠
## شوێنی لاوان لە دامەزراوە کومەڵایەتییەکاندا

دامەزراوی کومەڵایەتی لاوان لە ژێر کاریگەری دوو دیاردەدا فۆرم دەگرێت: یەکێك تاکبوونی لاو، ئەوەی دیکەش پێکهاتە کومەڵایەتیەکان کە شوێنەواری لەسەر دادەنێت، ئەو دامەزراوانە بریتین لە:

_ بنەماڵە (بنەماڵەو دایكو باوك، پاش ژیانی هاوبەشی بنەماڵەکەی خۆی)

_ قوتابخانە (هەموو خوێندنگا بەرزەکان، زانستگەکانو هتد)

_ ناوەندەکانی فێربوونی کار.

_ گروپە هاوتەمەنەکانو ئەو گرووپانەی دیکە کە لە پێوەندی لەگەڵ لاواندا سەرهەڵ ئەدەن.

_ دینو کەنیسە.

### ١٠. ١. بنەماڵە وەك گرووپی ژێدەر بۆ لاوان

ئاساییە کە بنەماڵە گرنگترین گرووپی ژێدەری لاوانە. زۆربەی لاوان لە نێو بنەماڵەدا دەژین. گرووپی ژێدەر، بە گرووپێك دەوترێت کە تاك لە کردەوە، هەڵسوکەوت، هانە، بۆچوون، دادوەری و نێوبژیوانییەکانییدا بەسەرنجدان بەو هەڵوێست دەگرێت.[1] ئەو گروپە ژێدەرانەیش کە لاوان تێیاندا ئەندام نیین بەڵام هۆگریانن، لە ژیانیاندا گرنگییان هەیە.

1_ Gukenbiehl1994





### ١٠. ١. ١. ژیان لە نێو بنەماڵەدا. بەراورد لە نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵاتی ئەڵمانیادا.

بەشێك لەو راپۆرتەی کە لە ئەڵمانیای یەکگرتوو سەبارەت بە هەلومەرجی لاوان لە ساڵی ١٩٩٢ بە ناوی "لاوی ٩٢" بڵاوکراوە، بۆ یەکەمجار بارۆدوخی ژیانی لاوانو باڵغبووەکانی لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتی ئەڵمانیادا بەراورد کردووە. لەم راپورتەدا ئاماری سەرنجراکێش لە بارەی لاوانەوە پێشکەش کراوە کە هەندێکیان لە خوارەوە دەخرێنە بەرچاو[1]

_ تەنیا ٢٠ لە سەدی لاوانی ١٣ هەتا ١٧ ساڵان لە هەرێمەکانی پێشووی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا یان بە واتایەك ئەڵمانیای رۆژئاوا، لە نێو بنەماڵەکانیاندا خاوەنی ژووری تایبەت بە خۆیانن کە لە ١٠ میتری چوارگوشە گەورەترە. ئەم رێژەیە لە کۆماری دێموکراتی ئەڵمانیا، واتە ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی پێشوو، نزیکەی ١٠ لە سەدە، لەم راپورتەدا مەبەست لە خانووی نیشتەجێبوون، تەنیا ئەو ماڵانە نین کە بەکرێ گیراون، بەڵکو خانووە خاوەندارەکانیش دەگرێتەوە کە لە بەشی روژهەڵاتی ئەڵمانیادا زۆر کەمە تەنانەت بە لە بەرچاوگرتنی ئەم خانووانە دەبێ بڵێین کە لە ئەڵمانیای رۆژئاوای پێشوو ٣٩ لە سەدو لە رۆژهەڵاتی پێشوو ٦٢ لە سەدی لاوانی ١٣ هەتا ١٧ ساڵ بە هۆی ئەو فەزایەوە کە لەبەردەستیان دابوو لە بارودۆخێکی نیشتەجێبوونی نەگونجاودا ژیان تێپەردەکەن.

لە خورئاوای پێشوو ١٨ لە سەدو لە خۆرهەڵات ١٣ لە سەدی

2_ Buba/vaskoi\vics/fruchtel 1992

لاوان لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بنەماڵە بەجێ دێڵن. نیوەی لاوان هەتا تەمەنی ٢٤، ٢٥ ساڵی هەر لە ماڵی باوکدا ژیان دەکەن.

ئەو لێکۆڵینەوانەی ساڵی ١٩٩٦ لە بواری نیشتەجێبووندا کران دەریدەخەن کە هێشتا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٩١ دا پێك نەهاتووە[1]. لە ئەڵمانیای رۆژئاوای پێشوو ٦٠ لە سەدی لاوانی تەمەن ١٨ هەتا ٢٠ ساڵان هەر لە ماڵی باوك‌و دایك‌و سەرەڕای ئەوەیش ١٨ لە سەد هەندێك جار لە ماڵی خۆیان‌و هەندێك جار لە ماڵی باوك‌و دایك دەژین. ئەم رێژەیە لە بەشی رۆژهەڵات٦٠و ٢٦ لە سەدە. ئامارەکان نیشاندەری ئاڵوگۆڕێکی بەرچاون لە دوو رەگەزی بەرانبەریشدا:"کەم‌و زۆر ژنانی لاو زووترو بە شێوەیەکی کامڵتر ماڵی باوك بەجێدێڵن"[2] ئەمە دیاردەیەکی نوێیە لە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای نەریتی و پێش پیشەسازیدا.

### ١٠. ١. ٢. پێناسەکانی کاریگەری باوك‌و دایك لە سەر لاوان

کاریگەری بنەماڵەو فەزای ئەو لە دروستکردنی کەسایەتی لە حاڵی سەرهەڵدانی لاوان‌و شوێنی کۆمەلایەتی ئێستا و داهاتووی ئەوان بە ڕادەیەك گرنگە کە هەرچەند باسی لەسەر بکەین، زۆرمان نەوتووە:

_ ژینگەی کومەڵایەتی کە کومەڵگەهەڵگری منداڵ لە بنەماڵەدا تێیدا فۆرم دەگرێت.

_ زمانێك کە لە نێو بنەماڵەدا کەڵکی لێوەردەگرێت.

_ چونیەتی پەروەردە.

3_ Buba 1996
2_ Buba 1996





_ ئاستی کولتوری کە ئیلهامدەرە.

_ زاڵبوونی بارودۆخی قەیران هێنەر لە نێو بنەماڵەدا.

_ روانگەی باوك‌و دایك بەرانبەر بە کولتور، کومەڵگا، سیاست‌و ئایین.

_ روانگەی باوك‌و دایك بەرانبەر یەکتر، منداڵەکانیان‌و نەوەی لاو بە گشتی.

_ ڕادەی ئەو کاتەی کە باوك‌و دایك هەیانە، ڕادەی ئەو پارەیەی کە ئەوان دەتوانن بۆ پەروەردە، پێداویستی‌و سەیرانکردن دابینی بکەن.

ئەمانە هەندێك لەو هوکارانەن کە منداڵ‌و لاو بۆ ژیان ئامادە دەکەن. پێوەندی لە نێوان هۆو بەرهۆ کە لە پێوەندی لە گەڵ ئەم هۆکارانە بوونیان نییە، شتێکە کە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا زۆر دەگمەنە. هەڵبەت هەندێك لاوی تایبەت هەن کە پێچەوانەی ئاڕاستەی ئاو مەلەوانی دەکەن‌و داهاتوویەك پێچەوانەی فەزای کومەڵایەتی _ بنەماڵە پێك دێنن‌و دەگەنە ئاستە بەرزەکانی کولتوری _ کومەڵایەتی. لێرەدا رۆڵی سیستەمی پەروەردە زۆر گرنگە، سیستەمی پەروەردە _ سەرەڕای بەراوردی سیستەمی پێشوو پاراستنی سێ جۆر پرۆسەی خوێندن کە لەگەڵ پێکهاتەی چینایەتی کومەڵگا گونجێنراوە _ دەتوانێ لە کاریگەری بەرگریکاری هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و فەزای پەروەردەیی بنەماڵە کەم بکاتەوەو هەنگاو هەڵێنێتەوە بۆ یەکسان کردنی بارودۆخی خوێندنی لاوان.

### ١٠. ١ . ٣ ئاڵۆگۆڕی بارودۆخی کۆمەڵگەهەڵگری

بارودۆخی بنەماڵەو کاریگەرییەك کە هەر بنەماڵەیەك هەیەتی لە پەروەردەکردن‌و کۆمەڵگایی کردنی منداڵ‌و مێرمنداڵاندا تایبەتییە.

بەڵام لە پەنای پێکهاتە تایبەتییەکاندا، هەندێك ڕەوتی گشتی گرنگ لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا هەڵگری لاواندا لە ئارادایە، کە لە خوارەوە چەند بابەتێکیان ناو دەبەین:

_ پێوەندی باوك سالارانە لە گۆڕەپانە جیاوازەکان وەك قوتابخانە، شوێنی کار، سیاست، ئایین و هتد بەرەو لاوازی دەڕۆن.

_ ڕادەی بەدواداچوونی منداڵان لە کارو ئیشەکانی باوکیان کەمبووەتەوە. ئاکامی ئەو ڕەوتە لاوازبوونی ئەو پێبەندییە پیشەییەو چینایەتییە وەك کە لە رابردوو ئاستی کۆمەڵگادا باو بوو. لە ئەگەری وەدیهاتنی ئاواتەکانی دایك و باوکیش بۆ داهاتووی منداڵەکانیان کەم بووەتەوە. باوك و دایکەکان ناتوانن بەخێرایی خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی لە حاڵی گۆڕانی ئابووری _ کۆمەڵایەتی و ئاوات و ئارەزوەکانیان بۆ منداڵەکانیان بە بارودۆخی نوێوە ڕێکبخەن.

_ لە هێزی سەرچاوە نەریتییەکان کەمبووەتەوە. ئامۆژگاری باوك و دایك بۆ لاوان گرنگی رابردووی نییە. ئەوان ناچارن بۆ فرمانەکانی خۆیان روونکردنەوەی شەرعی و جێگەی پەسند بدۆزنەوە.

_ خوێندنگا، ناوەندە فێرکارییەکان، گروپەکانی هاوتەمەن و راگەیەنە گشتییەکان بوونەتە بەرەنگارێك بۆ کۆمەڵگەهەڵگری لاوان لە نێو بنەماڵەدا. لە ململانێ لەگەڵ ئەم دامەزراوانە، بنەماڵە و دایك و باوك دەبێ بیسەلمێنن کە بەهاکان و نموونەکانی هەڵسوکەوتی ئەوان بایەخی وەرگرتنیان هەیەو ئەوان بۆ لاوان گرنگتر لەو دامەزراوانەن کە تەنیا کاردای ئابووریان هەیە.





## ٤. ١. ١٠ خزمەتی بنەماڵە لە گۆڕەپانی خورێکخستنی کۆمەڵایەتیدا

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەك بەوە بکەین کە بنەماڵەی ئەم سەردەمە دەبێ لەگەڵ هەلومەرجی جوراوجور خۆی ڕێکبخات. ئەو هەلومەرجانەی کە لە ژیانی خەڵك بە قازانج و هانە جۆراجۆرەکان، شوێنە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، شێوازی ژیان و بەرنامەی رۆژانەی جیاواز، لە چوارچێوەی گرووپێك بە ناوی بنەماڵەوە سەردەردێنێت. بنەماڵە لەگەڵ باوکێکدا کە بە درێژایی رۆژ خەریکی ئیشەو لە ماڵەوە نییە، دایکێك کە بە زۆری خەریکی ماڵدارییەو خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی کەسانی دیکەی بنەماڵە ڕێکدەخات، ئەو منداڵ و مێرمنداڵانەی کە لە تەمەنە جیاوازەکاندا ئەرکی جۆراوجۆریان لە سەر شانە، وەك چوونە باغچەی ساوایان، چوونە قوتابخانە، فێربوونی کار، کارکردن و ئەندامبوون لە کۆمەڵەکانیان.

ئەگەر بەرنامەی ژیان و رۆژانەی جیاواز یەکێك بێت لە تایبەتمەندیەکانی بنەماڵە نارێکەکان لە روانگەی تەمەن و گروپە کۆمەڵایەتیەکانەوە، پرسیار ئەوەیە کە ئەو جۆرە بنەماڵانە هەتا چ ڕادەیەك دەتوانن لەگەڵ پێویستیەکانی مێرمنداڵانی قوتابی یان فێرخواز خۆ ڕێکبخەن و هەست بە بارودۆخی ئەوان بکەن؟ بە زۆری بەرژەوەندییەکانی بنەماڵە لەگەڵ پێویستیەکان، ئاواتەکان و ئەو چالاکییانەی خوێندنگا و شوێنەکانی فێرکاری لە مێرمنداڵانی دەوێت یەك ناگرێتەوە. بەرژەوەندی بنەماڵە تەنانەت لەگەڵ چۆنیەتی تێپەراندنی کاتی پشووی ئەوان لە شوێنەکانی ژیانی بەر تەسك و سنوردار ڕێك ناکەوێت. ئەگەر باوك یان دایك ناچاربن لە نۆبە

جیاوازەکاندا کار بکەن، ئەم هەلومەرجە بۆ لاوان دژوارتر دەبێت. قازانج و پێویستی مێرمنداڵ لەگەڵ کولتوری فەرمی ژیانی بنەماڵەیی گەورەکان جیاوازە. هەتا تەمەن بچێتە سەرترەوە ئەم بابەتە زیاتر گرنگی پێدەدرێت. لەوانەیە ئەوان وابیربکەنەوە کە دەبێ بە رێگای خۆیاندا بڕۆن و هەوڵ بدەن خۆیان لەگەڵ گروپە هاوتەمەنەکان یان نیوە کولتورەکانی لاوان رێکبخەن. تێگەیشتنی لاوان لەگەڵ تێگەیشتنی گەورەکان لە کاتیش جیاوازە. بەوتەی "والتێر هۆرنشتاین" ئەوان وەك سەردەمێکی خۆتەیار کردن بۆ داهاتوو لە قۆناغی لاوێتی ناڕوانن، بەڵکو وەك سەردەمێك بیری لێدەکەنەوە کە دەبێ ژیانی تێدا بکەن.

### ١٠. ١. ٥. شێوازەکانی پێشوو و نوێی بنەماڵە

شێوازی زۆربەی بنەماڵەکان لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا "بنەماڵەی کاکڵی" یە، کە لە تۆڕەکانی خزمایەتی جیاوازە ئەمە "بنەماڵەی چووکە" یان "چووکەترین جۆری بنەماڵە"یە کە دایك و باوك و منداڵەکانیان ژیانی تێدا دەکەن. لە بەراوردی نێوان ئەم بنەماڵانە لەگەڵ بنەماڵەکانی پێشوو دەتوانین ئەو سودانەی خوارەوە باس بکەین:

_ هەڵوێست گرتنی پێویست لە ئاڕاستەی پرۆسەکان و پێکهاتە گشتییەکانی کۆمەڵگادا، تەنانەت بنەماڵە گوندنشینەکانیش وەك رابردوو "خودموختار" نین. هەڵبەت نابێ پێمانوابێت کە جیاوازی چینایەتی و توێژایەتی بە بچکووك بوونەوەی بنەماڵە لە نێوچووە،

_ بە لەنێوچوونی کاردای بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری دابینکردنی پێداویستی بنەماڵە، ئەرکی بنەماڵە لەسەر راگری سۆزداری، پەروەردەو چۆنیەتی تێپەراندنی کاتی پشووی ئەندامانی





بنەماڵە بە هێزبووە.

کەموکۆڕیەکانی "بنەماڵەی کاکڵی" بەو شێوەیەی خوارەوە دەکەونە بەرچاو:

_ بە هێزکردنەوەی پێوەندی سۆزداری و تایبەتی لە ڕادە بەدەر لە نێو ئەندامانی بنەماڵەدا، بەگشتی لەو بنەماڵەنەدا کە تەنیا خاوەنی منداڵێکن، جیابوونەوە لە منداڵ دژوارە.

_ کێشەو دژوارییەکان بۆ ڕاگرتنی کاردا کاتی سەرهەڵدانی تێکچوونە پێکهاتەییەکان، بۆ نموونە جیابوونە یان مەرگی باوك یان دایك و هەروەها ئەو کێشانەی دیکە کە پیاو یان ژنی تەنیاو خاوەن ئیش و خاوەن منداڵ لەگەڵیدا بەرەو روون.

_ مەترسی تەنیایی و تاکبوون، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە ماڵە نەشیاوەکانی قەراغی شارەکاندا دەژین.

لە ساڵی ١٩٧٠ـەوە بنەماڵەی کاکڵی بە چەندین شێوەی دیکە دروست بوون، بنەماڵەی "تاك وەلەدی" لەم جۆرە بنەماڵەیەدا دایك یان باوك بەتەنیاو دڵخوازانە لەگەڵ منداڵەکانی ژیان بەسەر دەبات.

بنەماڵەی پاندۆمی[1]، بنەماڵەیەك کە خاوەنی دوو ناوەندی جیاوازەو دایك و باوك جیا لەیەکتر دەژین. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە سەر شێوازەکانی دیکەی "بنەماڵە کاکڵی" بەرهەمی "پویکریت" بخوێیننەوە.[2]

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە رێژەی نیونجی منداڵان لە هەموو بنەماڵەکاندا کەم بووەتەوە. ساڵی ١٩٠٠ رێژەی نێونجی منداڵان لە هەر بنەماڵەیەکی ئەڵمانیادا ٤/١ کەس بوو. ساڵی ١٩١٠، ٣ کەس، ١٩٣٠، ٢/٢ کەس، ١٩٦٠ ١/٢ کەس، ١٩٩٦، ١/٦٥ کەس.

1_ Pendler_Familie
2_ Peunkert 1996

لە ساڵی ١٩٩٦، لە هەر دوو بەشی ئەڵمانیا ٩/٤ ملیۆن بنەماڵە ژیانیان دەکرد. لەم بنەماڵانەدا ١٥/٦ ملیۆن منداڵی خوار ١٨ ساڵان هەبوون کە ٢/٥ ملیۆن کەس لەوان تەنیا لەگەڵ دایك یان باوکیان دەژیان. ٨٥٪ی ئەم ڕێژەیە لای دایکییان بوون.

ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تەنیا پێنج لەسەدی بنەماڵەکان خاوەنی کەسانی زیاتر لە دو نەوەن، دەتوانین لێکی دەینەوە، کە زۆربەی منداڵانو مێرمنداڵان لەو بنەماڵانەدا گەورە دەبن کە تەنیا لەگەڵ نەوەی پێشوو، واتە باوكو دایکی خۆیان بەرەوڕوون. زیاتر لە نیوەی ئەم منداڵانە بە تەنیانو براو خوشکیان نییە.

سەرەڕای ئەوەیش، لە ساڵی رابردوودا بە بەردەوامی لە ڕێژەی بنەماڵە "کامڵ"ەکان، واتە ئەو بنەماڵانەی کە خاوەنی باوك، دایكو منداڵن کەم دەبێتەوە. ئامارەکان دەریدەخەن کە بنەماڵە چیدی پێکهاتەی فەرمیو زاڵی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە. لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بەتەنیا ژیان دەکەنو بە واتایەك بنەماڵەی "یەك کەسی" پێك دێنن، لەگەڵ بنەماڵە خاوەن منداڵەکاندا بەرانبەرە. هەندێك پێناسەی دیکە وەك چوونە سەرێی ڕێژەی جیابوونەوە، چوونەسەرێی ژمارەی ئەو باوكو دایکانەی بەتەنیا لەگەڵ منداڵەکانیان دەژین، چوونە سەرێی ڕێژەی ئەو بنەمالانەی کە لە دوو جێی جیاوازدا دەژین، دەریدەخا کە بنەماڵەی نەریتی بەفەرمی لەنێو نەچووە، بەڵام چیدی لایەنی زاڵی ژیانی هاوبەش نییە لە کۆمەڵگادا. بنەماڵەکانو بەتایبەت لاوان لەو حاڵەتانەدا دەکەونە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی _ دەروونی تایبەتەوە، بەوتەی "هۆف ئەشتوتێر"[3] لەکاتی ئاوادا بنەماڵە لە کولتورە بەڵگە نەویستەکان نییە.

[3] _ Hofstotter





### ١٠. ١. ٦. قۆناغی لاوێتی لایەنی ژیانی هاوبەشو بنەماڵە

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، تێگەیشتن لە پێکهاتنی ژیانی هاوبەش، بەو شێوەیە نییە کە لە رابردوودا بیری لێدەکراوە. جاران ئەو بۆچوونە هەبوو کە بنەماڵە کۆڕی سۆزو خۆشەویستییە. هەروەك لە ماددەی ١٣٥٣ی یاسای مەدەنیدا هاتووە ئەوانەی ژیانی هاوبەشیان پێکدێنا، ئەو کارەیان بە رەخساندنی بوار دەزانی بۆ دۆزینەوەی "ناوەندێکی گەرم بۆ سەرانسەری ژیانیان".

بۆ لاوانی ئەم سەردەمە قۆناغی لاوێتی وەك قۆناغیکی پڕ لە کێشەی تەمەنی مرۆڤ، نەك هەر ئاسانتر نەبووەتەوە، بەڵکو دژوارتر لە جارانیشە. دەبێ بێینە سەر ئەو باوەڕە کە بارودۆخی بنەماڵەکانو باوكو دایکیش دژوارترە بە هۆی هەڵسوکەوتی لاوانەوە.

هۆکارێکی دیکە، بارودوخەکەی دژوارتر کردووە، ئەویش کۆمەڵگەهەڵگری لاوان لە بنەماڵەدایە. هەروەك دەزانین، پەروەردە کردنی منداڵانو مێرمنداڵان لە بنەماڵەدا خاوەنی تایبەتمەندی "کۆمەڵگەهەڵگری بە چاوەڕوانی"[1]یە.

"کۆمەڵگەهەڵگری بە چاوەڕوانی" بەو مانایەیە کە بنەماڵەکان دەبێ منداڵەکانیان بە هەڵوێستگرتن بە ئاڕاستەی داهاتوودا پەروەردە بکەن. بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە زۆرجار بارودوخی بنەماڵە، کاری باوكو کەسانی دیکەی بنەماڵە، نموونەیەکی باش بۆ لاوان نین، "کۆمەڵگەهەڵگری بەچاوەڕوانی" لەگەڵ کێشە بەرەوڕووە. بە وتەی "ئینگهارت"[2] روانگەی باوكو دایك سەبارەت بە منداڵەکانیان لەسەر

[1] _ Antizipatorische Sozialistation
[2] _ R. Inglehart

ئەو بنەمایە کە دەبێ داهاتوویەکی باشتر لە ئێمەیان هەبێت، لە لایەن لاوەنەوە وەرناگیرێت. چونکە هەڵوێستگرتنی خاوەن بەهای لاوان لەگەڵ باوكو دایك جیاوازە. هەڵوێستی خاوەن بەهای لاوان بە ئاڕاستەی "بایەخەکانی سەرتر لە ماددی"یە، لە بەرانبەردا هەڵوێستی باوكو دایکی ئەوان کە بە ئاڕاستەی"بەهای خۆشگوزەرانی"یەکان دایە.

کۆمەڵگەهەڵگری بەچاوەڕوانیو دژوارییەکانی پێکهاتوو لەو، تەنیا کێشەی بنەماڵەی لاوانو خوێندنگا نییە، بەڵکو لەم سەردەمەدا بە گشتی پەروەردەی لاوان لەگەڵ گرفت بەرەوڕوە. تێگەیشتن لە کێشەو حەزی لاوان بۆ دایكو باوك دژوارە. تێگەیشتنی باوكو دایك لە سیاسەت، ئایینو کولتور لەگەڵ تێگەیشتنی لاوان لەم بابەتانە جیاوازە. لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لاوانیش زیاتر لەسەر جیاوازییەکان پێدادەگیرێت هەتا هاوبەشییەکانو ئەمەیش دەبێتە هۆی دووری زیاترو لە ئاکامدا جیاوازی لاوان لە نەوەی پێشوو.

### ١٠. ١. ٧. کاریگەرییەکانی جیابوونەوە

قەیرانی بنەماڵە، جیابوونەوەی باوكو دایكو پەروەردەکردنی منداڵ لە لایەن یەکێك لەوانەوە خولقێنەری گەورەترین کێشەیە بۆ منداڵان. ساڵی ١٩٩٦ لەهەر ١٥ ملیۆن منداڵی خوار ١٨ ساڵ کە لە ئەڵمانیادا ژیانیان تێپەر دەکرد ٢/٥ ملیۆن کەسیان، واتە ١٥/٦٪ لەو بنەماڵانەدا بوون کە دایكو باوکیان لێك جیا ببوونەوەو لای یەکێکیان پەروەردە دەکران. کەم بوونەوەی رێژەی جیابوونەوە لە نێوان ئەو بنەماڵانەدا کە خاوەنی منداڵی زیاترن، بە هۆی ئەوەوە نییە کە ئەوان بەختەوەرترن لەو بنەماڵانە کە خاوەن منداڵی کەمترن. زۆربوونی خێرای





جیابوونەوە لە نێوان ئەو هاوسەرانەی ١٦ هەتا ٢٠ ساڵە ژیانی هاوبەش دەکەن، لەو کاتەدا کە لاوان وردەوردە دایكو باوك بەجێدێڵن، دەریدەخات کە هۆی بنەڕەتی درێژەدانی ژیانی هاوبەشی ئەو هاوسەرانە، منداڵەکانیان بوون.

هەر بەوشێوەیەی کە کۆمەڵگەهەڵگری منداڵان بە سەرنج لە هۆکاری جواراوجۆر جیاوازە، کاریگەری جیابوونەوە لەسەر منداڵانو مێرمنداڵیش هەر بەو ڕادەیە جۆراوجۆرە. هەروەك ئاگادارین تێگەیشتنی بۆچوونی گشتی و گشتییەتی ئەم تێڕوانینانە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا بە کەڵك وەرگرتن لە زانیارییەکانی ئامار زۆر دژوارە. ئەوەی لەو پێوەندییەدا دەکرێت، لێکدانەوە گۆڕان هەڵگرە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە بارودۆخی ناوەوەو خۆنوینی دەرەوەی بنەماڵەکان پێشکەش کردنی تیۆریو دەربڕینە بابەتییەکانە.

### ١٠. ١. ٨. پرۆسەی جیابوونەوە لە بنەماڵە

پرۆسەی جیابوونەوەو دورکەوتنەوەی لاوان لە بنەماڵە یەکێك لە نیشانەکانی قۆناغی لاوێتییە. ڕەوتی کاتی جیابوونەوەو مەودا گرتنی لاوان لە بنەماڵەو ڕادەی گرنگی ئەم ڕەوتە بۆ بنەماڵە کاریگەری جۆراوجۆری بەسەر جیابوونەوەی منداڵان لە بنەماڵەدا هەیە. هۆکاری جۆراوجۆر وەك بارودۆخی ئابووری _ کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستی بنەماڵەدایەو ئەو فەزا کۆمەڵایەتییە کە تێیدا دەژی، لەسەر چۆنیەتی ڕەوتی جیابوونەوە شوێندانەرن.

" رۆزێنمایر"[1] ئاماژە بە هەندێك هۆکاری دیکە دەکات لە

[1] _ Rosenmoyr 1979

هەڵسوكەوتی باوكو دایك لە كاتی جیابوونەوە لە منداڵان، كە بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ كاریگەری دادەنێت لەسەر پرۆسەی جیابوونەوەی لاوان لە بنەماڵە. ئەمە هۆكاری "دواماوی یان هەڵسوكەوتی هێواش" لە بەرانبەر منداڵاندایە. "باوكو دایك بە رواڵەت بە دەربڕینی هەستو سۆز و خوشەویستی خۆیان بۆ منداڵەكانیان، بەڵام لە راستیدا بۆ وەڵامدانەوەی ویستەكانی خۆیان، بەزۆری هەڵسوكەتێكی بە ٢ هەتا ٤ ساڵ دواماوی لە بەرانبەر منداڵەكانیاندا دەكەن" بە وتەی "ه.ی.ریشتێر"[١] ئەو تێڕوانینە لە دەست بەسەرداگرتنی داپۆشراوی باوكو دایك لە منداڵان لە خوشویستنەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو هەڵسوكەوتە پرۆسەی جیابوونەوەی بۆ لاوان دژوارتر كردووە. هەڵبەت دەبێ سەرنج بدەینە كێشە دەروونییەكان كە لە جیابوونەوەی منداڵان لە دایكو باوكو بارودۆخی تایبەتو قورسی باوكو دایك لەم قۆناغەی ژیانی ئەواندا سەر هەڵ ئەدات.

جیاوازیی بنەڕەتی لەم قۆناغەدا لە نێوان منداڵانو دایكو باوكدا ئەوەیە كە لاوان سەردەمێكی هەستیارو گۆڕان هەڵگر لە ژیانیان تێپەڕ دەكەن، لە حاڵێكدا دایكو باوك قۆناغە بنەڕتیەكانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانیان تێپەڕ كردووەو ئێستا بەدوای بەردەوامی، سەقامگیریو بنەماكانی ژیاندا دەگەڕێن. منداڵان لە ڕەوتی یەكەمین ئەزموونەكانی ژیاندان بۆ وێنە ڕەوتی فێربوون، بەشداری لە گروپە هاوتەمەنەكان، ئەزموونی كولتوریی لاویو ئەزموونی زانستە جنسیو ئیشەكان، باوكو دایكان ئەزموونی دیاریكردنی ژیانو قۆناغە بنەڕەتییەكانی گەشەیان تێپەر كردووە. ئەوەی كە بە لای دایكو باوكەوە"سەیرو سەمەرە"یە،

[1] _ H.E. Richter





هەڵسوكەوتی لاوان لەم تەمەنەدایە. بۆ ئەوان دژوارە بێنە سەر ئەو باوەڕە كە مێرمنداڵ بە هێواشی ئەزموونەكانی ئاشنابوونی قۆناغی لاوی تێپەر دەكەن.

پرۆسەی گەشەو ئاڵوگۆڕی لاوان لە لایەكو بارودۆخی باوكو دایك لە لایەكی دیكەوە، پێشاندەری ئەوەن كە مەیلی ئەوان لە ئاڕاستەی دژ بەیەك راوەستاون. كێشەو قەیرانەكانی تەمەنی منداڵان، گۆڕانكاری لە پێوەندی نێوان ئەوانو دایكو باوكیاندا دەخولقێنێ. سەركەوتن بەسەر كێشەكانی ئەو بارودۆخە، بەتەواوی لە ژێر كاریگەری چۆنیەتی پێكهاتنی پێوەندی نێوان منداڵو گەورەكانیەوەیە. وێرای نموونە گشتییەكان دەبێ ئاگادار بین كە چۆنیەتی ئەم پێوەندییە زۆر جۆراوجۆرو تایبەتییە.

"ئیستێرلین" هەوڵیدا بەرنامەیەكی گشتی لە پێوەندی منداڵان لەگەڵ دایكو باوكی خۆیان پێشكەش بكات. ئەو بە یارمەتی ئەو بەرنامەیە، نموونە جۆراوجۆرەكانی پێكهاتەی پێوەندی نێوان منداڵو گەورەكانی (باوكو دایك) دابەشكردو بە كەڵك وەرگرتن لە شێوازی "نموونە باشەكان" سێ نموونەی دانا، "پێبەندبوون"[١] "پێسپاردن"[٢] "دوورخستنەوە"[٣].

### ١٠. ١. ٨. ١. نموونەی پێبەندبوون

لەم نموونەیەدا شێوەی پێوەندی منداڵ لەگەڵ باوكو دایك، ئەو تێڕوانینە دروست دەكات كە بنەماڵە وەڵامدەری هەموو پێویستییەكانی

[1] _ Der Beziehungsmadi
[2] _ Der Pelegierens
[3] _ Der Aussto Bens

مرۆڤە. "ئیستێرلین" بە کەڵك وەرگرتن لە تیۆری "زیگموند فروید" سێ ئاستی جۆراوجۆری پێبەندبوونی بەو شێوەیە لێك جیاکردوەتەوە: ئاستی پێبەندبوونی سۆزداری( ئەوی _ پێبەند)، ئاستی ناسین (منی _ پێبەند)و ئاستی وەفاداری (ئەو دیوی منی _ پێبەند).

پێبەندی لە ئاستی سۆزداریدا لەگەڵ دەرکەوتنی ویستە منداڵانەکاندا خۆدەنوێنێ. باوك‌و دایك بە دڵ ئاوەڵایی‌و باوەشی کراوە دەچن بەرەو پیری ویست‌و داخوازی منداڵەکان. لە راستیدا ئەم ڕەوتە، هەوڵدانە بۆ رەواندنەوەی هەست بە مەترسی لە بەرانبەر منداڵاندا. "ئیستێرلین" بەو هۆیە نموونەی ئاستی ناسین بە (منی _ پێبەند) ناودەبات کە کردەوەی لایەنی پێبەندیکەر (باوك‌و دایك) بەستراوەتەوە بە پێویستییە خراپ یان خراپ بووی "منی _ پێبەند" (منداڵ). ئەم پرۆسەیە یارمەتی باوك‌و دایك ئەدات هەتا تێگەیشتنی "منی _ پێبەند" (منداڵ) بەدەستەوە بگرن‌و گەشەی سەربەخۆیی، ئەوان بەربەست بکەن.[1]

باوك یان دایکی پێبەندکەر، هێزی تێگەیشتنی راستەوخۆو سەرهەڵدانی تایبەتمەندییەکانی منداڵ بەربەست دەکات‌و پێویستی‌و تێگەیشتنەکانی خۆی دادەنێت لە جێگەی پێویستی‌و تێگەشتنەکانی منداڵەکان. لایەنی پێبەندکەر لە کردەوەی بەرانبەردا هەندێك جار لە هێز بۆ خۆسەپاندن کەڵك وەردەگرێت، بەڵام وادەنوێنێت کە قازانج‌و بەرژەوەندی لایەنی پێبەندی لەبەرچاوەو پەنابردنە بەر هێز هەر لەبەر ئەو مەبەستە سوودمەندەیە. هەر هەوڵێك لە لایەن منداڵانەوە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ترس‌و دڵەڕاوکێ بۆ باوك‌و دایك دروست

---
[1]_ Stierlin 1976





دەکات. وەڵامی ئەوان لە بارودۆخیکی لەو شێوەدا پێبەندکردنی زیاتری منداڵان بە خۆیانە. ئەگەر دایك‌و باوك منداڵەکانیان بێننە سەر ئەو باوەڕەی کە قازانج‌و بەرژەوەندی ئەوانیان لەبەرچاوەو منداڵەکانیش پەسندی بکەن، نموونەی پێبەندی لە نموونەی وەفادارییەوە نزیك دەبێتەوە. لەم حاڵەتەدا لەگەڵ جیابوونەوەی بە ئازاری منداڵ لە باوك‌و دایك رووبەڕوو دەبین، چونکە منداڵان لە کاتی جیابوونەوەدا هەست بە تاوانباری دەکەن.

### ١٠. ١. ٨. ٢. نموونەی پێسپاردن

کاتێك باوك‌و دایك دەبنە خاوەنی هەستی دووفاقە، باس لە نموونەی پێسپاردن دەکەین. باوك‌و دایك لە لایەکەوە حەز بە درێژەدان بە ژیان بە شێوازی ئێستاو لە لایکەی دیکەوە خوازیاری دەستپێکردنی "ژیانێکی نوێ"ن. لەو حاڵەدا منداڵەکان دەبنە فیدای مەیلە دژبەیەکەکانی باوك‌و دایك. ئەوان هەندێك جار دوردەخرینەوەو لە هەمان حاڵیشدا رادەکێشرێن.

"ئیستێرلین" لە پێوەندی لەگەڵ نموونەی پێسپاردن لەسەر بابەتی "لە خزمەتی مندا بوون"و "لە خزمەتی ئەودیوی مندا بوون" جیاوازی دەبینێت. لە حاڵەتی " لە خزمەتی ئەودا بوون"دا منداڵان وەڵامدەری پێویستییە دابین نەکراوەکان‌و دڵشکاوییەکانی دایك‌و باوکێکن، کە هەوڵ ئەدەن ئەوان پێبەندی خۆیان بکەن. منداڵان ئەزمونێك بۆ باوك‌و دایك پێکدێنن کە لە سەردەمی لاویدا لێی بێبەش بوون. ئەوان دەبێ تەواوکەری گەشەی ناتەواوی باوك‌و دایك لە قۆناغی

لاوی‌و هێورکەرەوەی دڵشکاوییەکانی ئەوان لەو سەردەمەدابن.[1]

پێسپاردن لە حاڵەتی "لە خزمەتی مندا بوون"، پشتیوانییە لە "منی _ باوک" یان "منی _ دایک". منداڵ هاوڕێی نزیکی باوک‌و دایک‌و کەسی جێگای باوەڕی ئەوانە. پێسپاردن لە کاتی "لە خزمەتی ئەو دیوی مندا بوون" بۆ منداڵان خاوەنی ٣ کاردایە، واتە بە هێزکردنی منی ئامانج خواز، بەهێزکردنی ویژدان‌و سەرنج ڕاکێشانی باوک‌و دایک. بە باوەڕی فرۆید ئەم کارادایانە پێوەندییان بە "ئەو دیوی من"ەوە هەیە.

### ١٠. ١. ٨. ٣. نموونەی دوورخستنەوە

لە حاڵەتی نموونەی دوورخستنەوە، منداڵان ڕێگرێکن بۆ باوک‌و دایک، کە هەوڵ ئەدەن بەسەر کێشەو قەیرانەکانی ژیانیاندا سەرکەون. لەم کاتەدا باوک‌و دایک پرۆسەی جیابوونەوەی منداڵان خێراتر دەکەن. لەو جۆرە نموونەیەدا ئەو منداڵانە دەبینرێن کە لە سۆزی باوک‌و دایک بێبەرین. یەکێک لە نموونە ناسراوەکانی ئەم دۆخە جیابوونەوی کچان لەو دایکانەیە کە پێوەندی سۆزو خۆشەویستییان لەگەڵیان نییە. لەم گۆڕەپانەدا لەسەر چۆنیەتی جیابوونەوەی کچان لەو دایکانە "کرامۆن دایبێرا"[2] لێکۆڵینەوەی کردووە.

دارشتنی نموونەکانی "ئیستێرلین" هەوڵێکە بۆ دەرخستنی قووڵایی پێوەندی منداڵ‌و دایک‌و باوک لە قۆناغی جیابوونەوە. لە سەردەمی دارشتنی تیۆرییەکانی "فرۆید" لەم بوارەدا، واتە پێش شەری جیهانی یەکەم‌و تێگەیشتن لە کاریگەری پێوەندی نێوان دایک‌و

[1]_ stierline
[2]_ Cramon_Daiber





منداڵ‌و بووغزی باوک‌و کێشە هاوشێوەکان هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ خەبات بە دژی دژوارییەکان. هەڵبەت زۆربەی ئەو بەدواداچوونانە سەبارەت بە بنەماڵەکانی سەردەمی شارنشین یان بورژوایە.

### ١٠. ٢. لاوان لە سیستمی پەروەردەی خوێندنگاکاندا

بۆ ئەو گروپەی تەمەن کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، واتە مێرمنداڵانی ١٢ هەتا ١٨_٢٠ ساڵ، قوتابخانە لە پەنای بنەماڵەدا گرنگترین هۆی ژیانی تاکەکەسی‌و کۆمەڵایەتییە. هەروەک پێشتر لە کاتی دارشتنی کێشەی پێکهاتوو لە تایبەتمەندیەکانی جەستەیی‌و تایبەتمەندییە دەروونییەکانی لاواندا ئاماژەمان پێکرد، بەشداری لاوان لە نیوە کولتوری لاوێتی پێوەندی نزیکی هەیە لەگەڵ چۆنیەتی تێپەڕکردنی سەردەمی قوتابخانە. لە قوتابخانەدا هەندێک قەیران دەبینرێن کە پێدەچێت "سروشتی"بن: قەیرانی قوتابخانە لەگەڵ کولتوری لاوان، قەیرانی قۆناغی گەشەی لاوان‌و خورێکخستنی ئەوان لەگەڵ فەزای قوتابخانەو شوێنەکانی دیکە.

بۆ گەشەی کەسایەتی لاوان قوتابخانە گرنگی تایبەتی هەیە. بەوتەی "ئەریکسون"[1] کۆمەڵگەهەڵگری لاوان لە خوێندنگاکان، یارمەتییان ئەدات هەتا بەسەر "پێناسەی منداڵی" خۆیاندا زاڵ بن‌و خەریکی نوێکردنەوەی "پێکهاتەی نوێی _ من" بن. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی کۆمەڵگەهەڵگری لاوان لە قوتابخانە بەرهەمی "یولیچ"[2] بخویننەوە. قوتابخانە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگایە. قوتابخانە دامەزراوێکە بۆ دابەشکردنی

[1]_ Erikson. 1997
[2]_ Ulich. 1991

باشتری پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان. قوتابخانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس بە چاککردنی ئاستی کولتوریو شوێنی کۆمەڵایەتی لە بەراورد لەگەڵ بنەماڵەی باوکدا، جێی خۆی لە کۆمەڵگادا باشتر بکاتەوە.

### ١٠. ٢. ١. گەشەپێدانی سیستمی قوتابخانە و پەرەپێدانی تەمەنی لاوێتی

هەروەك لە شوێنێکی دیکەشدا ئاماژەمان پێکردووە، تەمەنی لاوێتی لە بواری کاتییەوە درێژتر لە جارانە. درێژ بوونەوەی قۆناغی لاوی زیاتر لە هەموو شتێك بووەتە هۆی پەرەپێدانی خوێندنگاو پێشوازی چینو توێژە جۆراوجۆرەکان لە ناردنی منداڵانی خۆیان بۆ قوتابخانە. ئەم باسە سەبارەت بە هەردوو بەشی ئەڵمانیا راستی هەڵگرە بە تایبەت بە هۆی جیاوازییە بەربڵاوەکان لە بەشی خۆرئاواییدا، واتە کۆماری فیدراڵی پێشووی ئەڵمانیا.

ئاماژەکردن بە خاڵێکی دیکە گرنگە، واتە چۆنیەتی خوێندنگا تێکەڵەکان. خوێندنگا تێکەڵەکان تەنیا لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا پەرەیان پێدراوە. هەرچەند بە هۆی جیاوازبوونی تەمەنی باڵغبوونی کچانو کوڕان دەبێ ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی تایبەت، بەڵام پەرەپێدانی ئەو جۆرە قوتابخانانە لەم سەردەمەدا "بەڵگە نەویستە". ئەو کاریگەرییانە روون نییە کە ئەو قوتابخانانە لەسەر چۆنیەتی پێوەندی هەر دوو رەگەزو نیوە کولتوری لاوێتی هەیانە. شیکردنەوەی شوێنەواری ئەم خوێندنگایانە لە سەر دیاردەکانی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵایەتی _ دەروونی زۆر دژوارە. لە ساڵی ١٩٦٢ تەنیا ٥٣ لەسەدو لە ساڵی ١٩٨٣، ٨٦ لەسەدی لاوان لە پۆلە تێکەڵەکاندا وانەیان





دەخوێند.[1]

دیاردەیەکی دیکە ئەو خوێندنگایانەن کە لە لایەن رێکخراوە ئایینییە جۆراوجۆرەکانەوە دامەزراونو بەرێوە دەچن. ژماری قوتابیانە ئەو قوتابخانانە لە چەند دەیەی رابردووەوە بەردەوام کەمبووەتەوە. لە ماوەی ٣٠ ساڵدا لە ١٩٥٣ هەتا ١٩٨٣ رێژەی قوتابیانە خوێندنگا ئایینییەکان لە ٢٣ لە سەدەوە بووەتە ١٢ لە سەد.

هەروەها لەم چەند دەیەی رابردوودا ئاڵوگۆری بەرچاو لە پێکهاتەی ئەو قوتابیانەدا سەری هەڵداوە کە لە دامەزراوە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان دەخوێنن. لە ساڵی ١٩٦٠دا، ١١ لە سەدی لاوانی تەمەن ١٤ ساڵ دەچوونە قوتابخانە ناوەندییەکان.[2] لە ساڵی ١٩٩٤، ٢٢/٧ لە سەد. لە ساڵی ١٩٦٠ لە سێ بەش دوو بەشی لاوانی تەمەن ١٦ ساڵ لە خولەکانی فێربووندا بەشدارییان دەکرد، ئەم رێژەیە لەساڵی ١٩٩٤دا گەیشتە یەك لە سێ.

هەروەها ئامارەکان دەریدەخەن کە ئاستی خوێندن لە نەوەیەکدا بە شێوەی بەرچاو پەرەی گرتووە. ئەگەر تەنیا سەرنج بدەینە نموونە فەرمییەکان، دەبینن کە ئاماری منداڵانی خاوەن خوێندنی باڵا زۆر زیاتر لە باوكو دایکانە.

کەواتە روونە ئەم راستیە چ کاریگەرییەکی بەسەر چۆنیەتی پێوەندی دوو نەوەدا دەبێت. ئەم تیۆرییە بە کەمگرتن نییە، ئەگەر تەنیا

[1]_ Allerbeck/ Hoag 1985

[2]_ سیستمی پەروەردە لە ئەڵمانیادا سیستمەمێکی چەند بەشییە. پاش قۆناغی سەرەتایی هەموو لاوانی خوازیاری درێژەدانی خوێندن ناچنە ئامادەیی، بەڵکو بەشێکی زۆر لەوان لە خولە جۆراوجۆرەکانی ناوەندیدا بەشداریدەکەنو پاش چەند ساڵ خوێندن فێری کار دەبن. تەنیا رێژەیەکی دیاریکراو دەچنە ئامادەییو دەتوانن بڕوانامەی کۆتایی خولی ئامادەیی وەدەست بێنن.

جیاوازی ئاستی خوێندن بە هۆکاری قەیرانی نێوان دوو نەوەکە بزانین.

شایەتی ئاڵوگۆڕە بەرچاوەکان بووین لە بواری پەروەردەی کچان لەم چەند دەیەی رابردوودا. ساڵی ١٩٦٠ تەنیا ٦/٣ لە سەدی ژنانی ژێر ١٨ ساڵو ساڵی ١٩٩٤، ٢٧/٨ لەسەد دەچوونە ئامادەیی. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٧ هەتا ١٩٩٤ ڕێژەی ئەو ژنانەی لە خوێندنگا بەرزە گشتییەکاندا[1] لە ٣٦/٥ لەسەدەوە گەیشتە ٥١/٣ لە سەد. لە ساڵی ١٩٦٠دا بەشی خوێندکارانی کچ لە بەرانبەر کوڕاندا ٢٧ لە سەد بوو ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٩٦ گەیشتە ٥٠ لە سەد.

### ١٠. ٢. ٢. خۆ ڕێکخستنی سیستمی پەروەردە لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیادا

لە ماددەی ٣٧ ی گرێبەستی یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمانیا لە ١٩٩٠/٨/٣١دا هاتووە کە بڕوانامەی خوێندنی کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا لەگەڵ بڕوانامەکانی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا بەرانبەرە. لەم بوارەدا بۆچوونی دژ بەیەك لە ئارادایە. سیستمی پەروەردە لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیادا وەك هەموو بابەتەکانی دیکەی ژیان لە ساڵی ١٩٤٥ەوە هەتا ١٩٤٩ گیرۆدەی ئاڵوگۆڕە گەورەکان بووە.

### ١٠. ٢. ٣. سیستمی پەروەردەی خوێندنگاکانو هەڵبژاردن. پێداویستی خوێندنو توێژی کۆمەڵایەتی

چۆنیەتی دابەشکردنی قوتابیان لە سیستمی پەروەردەدا هێشتا بە شێوەیەکی روون خاوەنی پێناسەی چینایەتییە. ئەمە دەریدەخات کە هەتا پێگەی چینایەتی بنەماڵە بە پێناسەی کار، داهاتو ئاستی

٣_خوێندنگا بەرزە گشتییەکان لە ئەڵمانیا لەگەڵ زانستگەکان جیاوازن.





خوێندن لە سەرترەوە بێت، ئەگەری گەیشتنی منداڵان بە ناوەندە باڵاکانی پەروەردە ئاسانترە.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە خوێندن لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیای پێشوو، دەرەکەوێت کە ئەو لاوانەی لە خوێندنگا ناوەندییەکان نەك ئامادەییەکان درێژە بە خوێندن ئەدەن، لەو بنەماڵانەن کە ٨٢ لە سەد باوکیانو ٨٣ لەسەدی دایکیان سەروترین بڕوانامەی خوێندنیان، کۆتایی قۆناغی دواناوەندییە. تەنیا ٦ لە سەدی باوكو ٢ لەسەدی دایکی ئەو قوتابیانە خاوەنی بڕوانامەی خوێندنگا بەرزە گشتییەکانن. ئەم ئامارە پیشاندەری جیاوازی رەگەزی تایبەت بە کچان نییە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندن. بێگومان سیستمی پەروەردە وەك "دامەزراوی چینی نێوەراست" بە هەوڵدان بۆ فێربوونی زمان، کەڵك وەرگرتن لە مامۆستای تایبەتیو تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئاستە بەرزەکانی خوێندن، بارودۆخیکی لەباریان هەیە لە بەراورد لەگەڵ منداڵانی چینی خوارێدا. نابێ کاریگەری روانگەی هەڵەی چینی خوارێ لە خوێندنی باڵاو خوێندەوارەکان بەسەر درێژەی خوێندنی منداڵانی ئەو چینەدا بەکەم بزانین. لە لایەك، دایكو باوکانی چینی خوارێپێیانوایە بۆ خوێندنی باڵا زۆر بەربەست هەیە، کە زاڵبوون بەسەریاندا دژوارەو بەگشتی لە تێڕوانینی ئەوانەوە خوێندنی باڵا بۆ "خەڵکی دەسەڵاتدار"ە و لە لایەکی دیکەوە لەوە دەترسن کە خوێندنی منداڵەکانیان ئاکامی بێگانە بوونو جیایی نێوانیانی لێبکەوێتەوە.

لە پەنای کێشەکانی سەرەوەدا، دایكو باوکی چینی خوارێ بە کەمی دەتوانن لە نووسینەوەی مەشقەکاندا یارمەتی منداڵەکانیان بدەن. کێشە داراییەکان بە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی خوێندنو لەم ساڵانەی دواییشدا کەمکردنەوەی بۆرسی خوێندنو وامی بێسوود بۆ

خوێندکاران بوونەتە ڕێگر بۆ لاوانی چینی خوارێی کومەڵگا. دابینکردنی خەرجییە لاوەکییەکانی خوێندن لە ئامادەیی و زانستگەکان بۆ خەرجی چوونە خولە تایبەتەکان بەمەبەستی بەهێزبوون لە وانەکان، خەرجی دوپات کردنەوەی ئەو وانانەی لێی کەوتوون، کرینی کتێب، خەرجی هاتوچۆ، کرێ خانوو، خەرجی ژیان و خەرجەکانی دیکە بۆ چینی خوارێ زۆر دژوارە. دڵنیا نەبوون لە بارودۆخی کاری چینی کرێکارو فەرمانبەرانی پلەی خوارێ یەکێك لە مەترسییەکانی ئەوانە بۆ چوونە ژێر بەڵێنی دابینکردنی خەرجی درێژ ماوە بۆ خوێندنی منداڵان. بەو هۆیانەی سەرەوە دەتوانیین تێبگەین کە ئەو دادوەرییە گشتییە ناعادیلانەیە سەبارەت بە گرنگی پێنەدانی چینی خوارێ بەداهاتوو، مەیلی کەمی ئەوان بۆ باشترکردنی بارودۆخی خۆیان.

پەرەگرتنی خوێندنی باڵا لە نێوان توێژە جۆراوجۆرەکانداو چوونە سەرێی ژمارەی ئەو کەسانەی بە وتەی "ماکس وبێر" خاوەنی "مۆڵەتی خوێندن"ن و گەشە نەکردنی هاوکاتی ئاستی چۆنیەتی ئیشەکان، بووەتە هۆی دابەزینی بایەخی هەندێك لە بڕوانامەکانی خوێندن. هەرچەند پێوەندی نێوان سیستمی پەروەردەو سیستمی کار هەتا ڕادەیەك لاواز بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە گرنگی بڕوانامەی خوێندن دابەزیوە.[1] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کاریگەری بڕوانامەی خوێندن لەسەر پێگەی چینایەتی خەڵك بەرهەمەکانی "مێولێمان" و "گیسلێر" بخوێننەوە.

بە پێچەوانەی پێداگرییەکانی کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا و

[1]_ Apel 1992





ڕوخسارێك کە وەك ولاتێکی سوسیالیستی پیشانیان ئەدا، ڕێژەی خوێندەواران لەو بنەماڵانەدا کە دایك و باوکیان خوێندەوار بوون، بە نیسبەت بنەماڵە کەم خوێندەوارەکان، لە کۆماری فیدراڵ زیاتر بوو. لە ساڵی ١٩٨٩دا ئەم ڕێژەیە لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا ٥٢ لەسەد بوو، ساڵێك پێش تر( ١٩٨٨) هەر ئەو ڕێژەیە لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا ٣٢ لەسەد بوو. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پێکهاتەی چینایەتی باوك و دایکی کەسانی خوێندەوار لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیادا بەرهەمەکانی "ئەپێل" و "گیسلێر" بخوێننەوە.

جیاوازییەکی گرنگی دیکە لەم بوارەدا لە نێوان کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا و کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا ئەوە بوو کە لە حاڵێکدا لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا ڕێژەیەکی کەمتر دەیانتوانی بڕوانامەی کۆتایی قۆناغی ناوەندی وەدەست بێنن، بەڵام بەرانبەریی بەدەستهێنانی بڕوانامە، درێژەی خوێندن لە زانستگەو بەدەست هێنانی کار لە زانستگەدا زۆر زیاتر بوو لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا.

### ١٠. ٢. ٤. گرنگی قوتابخانە

دروشمی سەرەکی سەبارەت بە کاردایی قوتابخانە لە سەردەمی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بورژوای یا شارنشیندا ئەمە بووە. بردنەسەرێی ئاستی فێرکردنی گشتی ڕێگای پێبدرێت بۆ خۆرێکخستن لەگەڵ کۆمەڵگایەك کە بەردەوام بە پەرەگرتنی دابەشکردنی کاری زیاتر ئالۆزتر دەبێت ".

لە کومەڵگای سەردەمدا ئەرکە گرنگەکانی قوتابخانە بریتین لە:

_ کۆمەڵگەهەڵگری: لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئالۆزتر دەبێت و بەهاکانی باوك سالاری، سانترالیزمی نەریتی و پێوەندی

کۆمەڵایەتی بە پێی بەها بنەماڵەیی و ئایینییەکان تێیدا لاوازتر دەبێت، بوونی دامەزراوێك پێویستە کە لەودا ئەرکە جۆراوجۆرەکان لە سەر بنەمای شیکردنەوەی نوێ و بیرکردنەوە لە داهاتوو دیاریدەکرێت. بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانە لە سەرشانی قوتابخانەیە. بە سەرنجدان لەو ئەرکانەیە کە کەموکۆڕییەکانی خوێندنگاکان دەردەکەوێت. نموونەی ئەو کەموکورتیانە ناڕوونی بابەتە پەروەردەییەکان، دووری ئەو بابەتانە لە راستییەکانی ژیان و چڕکردنەوەی پێناسەیی و تێگەیشتنە هەست پێنەکراوەکانە (سەبارەت بە قوتابخانەکان دەتوانین ئاماژە بکەین بە هەندێك بابەت وەك ئەوانەی خوارەوە):

_ دابەشکردنی پێداویستی و شوێنە کۆمەڵایەتی و کاریەکان: لەم بوارەدا دوو شت لە بەرچاوە. یەکەم پاراستنی پێگەکانی کار، وەك بنەڕەتیترین پارێزەری تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی کۆمەڵگا و گۆێزانەوەو سپاردنی ئەوان بە نەوەکانی دواتر، دووهەم رۆڵی خوێندکار لە دیاریکردنی جێگەی کۆمەڵایەتی، کە دیاریدەکات چ کەسانێك لە داهاتوودا بەرپرسایەتی گرنگی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە بگرن.

_ پەروەردەی شێوازەکانی هەڵسوکەوتی راستەقینە: بە پێچەوانەی بنەماڵەو گروپەکانی یاری، منداڵان بۆ یەکەم جار لە قوتابخانە لەگەڵ ئەو شێوازو هەڵسوکەوت و چاوەڕوانییانە بەرەو روون کە بابەتی و کاردایە.

کارداکانی قوتابخانە لەسەر پێویستییەکانی کۆمەڵگا یان بە شیکردنەوەیەکی باشتر، دیاریدەکرێن بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی خۆڕێکخستن و گەشەی سیستمی کۆمەڵایەتی. رێك لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی قوتابخانەدایە کە ئێمە لەگەڵ کەموکۆڕی لە





سیستمی پەروەردەی سەردەمدا بەرەو روویین. گرنگترین کاریگەرییەکانی ئەو سیستمە لەسەر مێرمنداڵان بریتیە لە:

_ خوێندنگاکان لەراستیدا "قوتابخانەی _ قوتابیان" نین، بەڵکو "قوتابخانەی _ ماموستایان"ن. لێرەدا خراپتر لە فەزای بنەماڵە بەرەنگاری دوو نەوە لەبەرانبەر یەکدا هەست پێدەکرێت. گەورە لە بەرانبەر منداڵ و مێرمنداڵدا، ماموستا لەبەرانبەر قوتابیدا، بەڕێوەبەر لە بەرانبەر فەرمانبەردا.

_ رێکخستی کاری رۆژانەی قوتابخانەکان بە دارشتنی بەرنامەی کاتی ورد، بابەتی خوێندنی دیاریکراو و رۆڵ و یاسا لە ئیشەوە دارێژراوەکان، خوازیاری شێوەیەکی هەڵسوکەوت دژی ئەو شێوە هەڵسوکەوتەیە کە دەتوانین لە منداڵان و مێرمنداڵان چاوەڕوانی بکەین. بە سەرنجدان لەو تایبەتمەندیەی قوتابخانەکان بوو کە "ئیدوارد ئیشپرانگێر" لە ساڵی ١٩٢٤دا قوتابخانەی بە دامەزراوێکی "نالاو" ناوبرد.

_ سیستمی دابەشکردنی پۆلەکان لەسەر بنەمای دابەشکردنی وانەو ئاستەکان، بەرجەستەکردنی پێکهاتەی کۆنی کۆمەڵگا و مەیلی دابەشکردنی کۆمەڵگا بە چین و گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە.

هەولی زۆردراوە، بۆ ئەوەی سیستمی "قوتابخانە _ماموستا" بکرێتە "قوتابخانە _قوتابی". بەشێك لە کارداکان لە قوتابخانەدا بە شێوەی دابەشکراو بە گروپە سەربەخۆکانی قوتابیان سپێراوە. بە هەندێك گەورە کردنەوەوە دەتوانین بڵێین، مێژووی خوێندنگا لەم سەردەمەدا، مێژووی چاکسازییە یان تێکۆشانە بۆ چاکسازی قوتابخانەکان هەتا سنووری سڕینەوەی ئەوان بە شێوازی ئێستا.

هەوڵدان بۆ چاکسازی سیستمی پەروەردە کە لە کۆماری فیدراڵی

ئەڵمانیادا بە شێوەی بەرچاو لە لایەن حکومەتەوە دەکرێت، لە ئاڕاستەیەکدایە کە هەموو مەیلە خراپەکانی کۆمەڵگای سەردەم لە گۆڕەپانی سیستمی فێرکردندا بەهێزدەکات وەك بەهێزکرنی ناوەند، سڕینەوەی پێناسە، بوروکراسی، یاسادانان، سنووردارکردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانی ناوچەیی بە تایبەت ڕاهێنەرانی فێرکردن و لاوازکردنی بەشداری دایك و باوك و قوتابیان لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا.

ئەم مەیلانە لە گۆڕەپانی خانووسازی قوتابخانەکاندا بەرچاوترە. لە هەندێك گۆڕەپاندا، بۆ وێنە چاکسازی قوتابخانە گشتییەکان، بەهۆی کێشەی ئیداری و بیروکەی لێپرسراوانی کارەکان، چاکسازییەکان لە جێی کردنەوەی گرێکان خۆیان دەبنە ڕێگر بۆ بەرەوپێش چوون. لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژەمان پێکرد کە ئەو جیهانەی مرۆڤ لە دەوروبەری خۆیدا دروستی دەکات واتە "جیهانی دەستکرد" وەك گرنگترین بەشی "جیهانی دەوروبەر"، چ گرنگییەکی بۆ مرۆڤ هەیە. ئەو کارەی کە بەداخەوە لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا گرنگی پێنادرێت یان بە هەڵگرتنی خەرجێکی زۆر بە هۆی هەڵەوە بێئاکام ماوەتەوە.

### ١٠. ٢. ٥. سیستمی پەروەردەو کولتوری لاوێتی

لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژەمان پێکرد کە نیوە کولتوری لاوان دژبەرێکی سیستمی پەروەردەی فەرمییە. کێشەی نیوە کولتوری لاوان، زاڵبوونە بەسەر دوو فاقەیی و دانانی "هاوسەنگی" لە نێوان قوتابخانەو هەوڵ بۆ چاکسازی ئەو، لە نێوان گشتی و تاکەکەسی، لە نێوان خۆبەدەستەوەدان بە ویستی خەڵك و ماف دیاریکردنی چارەنووس، لە نێوان چاوەڕوانییە گشتییەکان و ئیمکانی چۆنیەتی، پێویستی و تاك.





لەم کاتەدا لە زۆربەی خوێندگاکان ئەو جۆرە"بەرانبەرییە" بە هۆی "نیوە کولتوری قوتابخانە" بۆدەستێوەردانی فەرمی سەری هەڵداوە. نیوە کولتوری قوتابخانە بە شێوەی گرووپ و باندەکان، بەشێوەی گروپەکانی هاوڕێیەتی و هاوتەمەنی، بەشێوەی گروپەکانی هاوپۆلی و چالاکییەکانی دەرەوەی بەرنامە خودەنوێنێت. نیوە کولتوری قوتابخانە یارمەتی قوتابیان ئەدات، هەتا بەسەر ڕۆژە خەمهێنەرەکانی قوتابخانەدا زاڵ بن. هەڵبەت ئەو نیوە کولتورە لایەنی زێدەڕۆییشی هەیە. هەندێك قوتابی هەن کە تەنیا بۆ بەڕێوەبردنی بەڵێنەکانیان لەگەڵ ئەندامانی گروپەکان دێنە قوتابخانە. لەم بارەوە ناتوانین بڕیاری یەکجاری بدەین. تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەیەك هەتا قوتابخانەیەکی دیکە، پۆلێك هەتا پۆلێکی دیکە، شار بۆ شارێکی دیکە ئەوەندە لێك جیاوازە کە ئەگەری دەربڕینی هیچ تیۆرییەکی گشتی لەئارادا نییە.

ڕوانگەی تاکی قوتابی سەبارەت بە قوتابخانە لایەنی جۆراوجۆر و بەربڵاو لە خۆدەگرێت، لەو قوتابیانەوە بگرە کە خۆیان بە تەواوی لەگەڵ سیستمی پەروەردە ڕێککەوتوو دەزانن هەتا ئەو قوتابیانەی کە قوتابخانە بۆیان وەك شوێنی یارییە. وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئایا لە سەردەمی ئێمەدا، لاوان قوتابخانەیان بەخۆشی تێپەر دەکرت یان پێشتر، ئایا قوتابخانە شوێنی تێکدانی مێشکی لاوانە، قوتابخانە چ ڕۆڵێکی لە سەرهەڵدانی کەسایەتی کومەڵایەتی _ کەلتووری لاواندا هەیە، ئەو بابەتانەن کە لێکدانەوەیان زۆر دژوارە.

### ١٠. ٢. ٦. پێوەندی کۆمەڵگەهەڵگری لە قوتابخانەو نێوبنەماڵەدا

واباشە لێرەدا ئاماژە بە بابەتێکی تایبەت بکەین کە ئەویش

چـۆنیەتی پێوەنـدی نێـوان كۆمەڵگەهـەڵگری لـە نێـو بنەماڵـەو قوتابخانەدایـە. لـە رابـردوودا یـەكێك لـە بـاوەڕە بنەڕەتیـەكانی كۆمەڵناسـی بنەماڵـە بـە هەڵوێـست گرتنـی كاردایيـەوە ئـەوە بـوو كـە گۆڕەپانـە نوێیـەكانی كۆمەڵگەهەڵگری _ لە باخچەی ساوایانەوە بگـرە هـەتا ناوەنـدە فێركارییـە بـەرزەكان _ بوونەتـە هـۆی ئـەوەی بنەماڵـە نەتوانێت، ئەركی خۆی وەك ناوەندێكی سەرەكی بۆ كۆمەڵگەهەڵگری منـدالآن بـەرێوە بـەرێت. لـە ئێستادا وێـرای ئـەوەی لـە بایـەخی ئـەو بۆچـوونە كەمبووەتـەوە، زۆر كەسـیش لـەو بـاوەڕەدان كـە هـەر ئـەو دامەزراوانە ئەركێكی نوێیان خستووەتە سەر شانی بنەماڵە. بۆ نموونە بنەماڵە بووەتە پەنایەك بۆ خۆ دەربازكردنی منداڵ لە شڵەژاوییەكانی قوتابخانـە، بنەماڵـە یارمەتیـدەری مێرمنـدالآن لـەكاتی گێـرەو كێشەكاندایە، بنەماڵـە ڕێگـری دڵشكاوییەكانی منداڵـە. لەسـەر ڕۆڵـی بنەماڵە لە پێوەندی لەگەڵ خوێندكاران دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت كە لە هیچ كاتێكدا بەشی باوكو دایك لە بەڕێوەبردنی خوێندنگاكاندا بە رادەی ئێستا نەبووە.

هەرچـەند هـەتا ئێستا رەخنـەی زۆر لـە سیـستمی بایەخـدانانو بەراوردكردنی كاری لاوان بۆ نموونە دەرجەكان لە قوتابخانـەدا گیراوە، بـەڵام هـەتا ئێـستا كاریگـەری لەسـەر بڕیـاردەرانی كارەكـان نـەبووە. بەرپرسانی بڕیاردەر لە شوێنەواری نیگەتیڤی "دیكتـاتۆری دەرەجە" بەسـەر چارەنووسـی كـارو خوێنـدنی قوتابیانو خوێنـدكاران نائاگـان. جیـا لـە چارەنووسـی خوێنـدن، بێگۆمـان "دیكتـاتۆری دەرجـەكان" كاریگەری نیگەتیڤ لەسەر چارەنووسی تاكەكەسی قوتابیان دادەنێت.





**١٠. ٣. لاوانو خولەكانی فێرخوازی[1] و تێڕوانینی ئەوان سەبارەت بە تێكنۆلۆژی**

**١٠. ٣. ١. خولی فێرخوازی ئیشە وەك قۆناغی تیپەر بۆ سـەرەوەی باڵغبوون**

نیـوەنجی تەمـەنی ئـەو كەسـانەی كـە لـە خولـەكانی فێرخوازیـدا بەشداریدەكەن، لەم دوو دەیەی دواییدا بەرەو سەرێ چووە، بە شێوەیەك كە ئەم كتێبە وەك بنەماكانی كۆمەڵناسی لاوانی ١٢ هـەتا ١٨ سـاڵان، هەموو گروپەكانی لاوان لە خۆ ناگرێت. پەروەردەی كاری لاوان وردە وردە بووەتە "پەروەردەی ئیشە گەورەكان".[2]

یـەكێك لـە پێداگرییـە گرنگـەكانی كۆمەڵناسـی لاوان كـە لـە بەرهەمـەكانی كەسـانێكی وەك "برنفێڵـد"، "ئیـشپرانگێر"و "روزێنمـایر"دا رەنگیـان داوەتـەوە، تیـۆری "لاوێتی شیاوو ئاسـان"ی قوتابیانە ئامادەییو خوێندكارانە لە بەراورد لەگەڵ "لاوێتی نەشیاوو قـورس"ی ئـەو كەسـانەی لـە خولـەكانی فێرخـوازی، ئیـشدا بەشـداری دەكـەن. ئـەو بیردۆزەییـە بـە چوونەسـەرێی تەمـەنی ئـەو لاوانـەی لـەو خولانەدا بەشداری دەكەن، بەكردەوە بایەخی خۆی لەدەست داوە.

دوو لە سێی ئەو لاوانەی لەخولەكانی فێرخوازی ئیشدا بەشداری دەكـەن، لـە بـارودوخێكی بەتـەواوی جیـاوازی تەمـەنو ئابووریـدان. زۆربەی ئەوان لە بواری ئابوورییەوە سەرچاوەی تەواویان لەبەردەستدا نییە، هـەتا لـە نیوە كولتوری لاواندا بەشدارین. لە لایەكی دیكەوە لە

---

[1] _ مەبەست لە خولی فێرخوازی ئەو خوالنەیە كە بۆ فێربوونی كار لە ئەڵمانیا بەرێوە دەچن.

[2] _ Tessaring

ڕادەی ئەو جیاوازییانە کەمبووەتەوە کە جاران لە نێوان پرۆسەی کۆمەڵگەهەڵگری لاوانی خوێندکارو لاوانی فێرخوازدا دەبینرا.

### ۱۰. ۳. ۲. گەشەی هاوکاتی دوو سیستمی پەروەردەی جیاواز

یەکێك لە بنەماکانی داڕێژراو لە دەستوری کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا ئازادی کارو شوێنی کارە. یەکێکی دیکە لە بنەماکانی "فێرکردنی ئیشی دووفاقە"[1]یە. ئەم جۆرە سیستمە ریشەی مێژوویی لە ئەڵمانیا هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەروەردەکردنی بەردەست لە کارو ئیشە جوراوجورەکانی سەدەکانی نێوەراست. بۆیە بەم سیستمە "دوو فاقە" دەوترێت چونکە خاوەنی دوو پێگەیە: یەکەم شوێنی کار، دووهەم شوێنی فیربوون.

ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە کۆتایی دەیەی پەنجاوە لە سیستمی فێرخوازی ئیشدا پێکهاتووە، زۆر جیاوازترو بەربڵاوترە لە ئاڵوگۆڕە ئەنجامدراوەکانی سیستمی پەروەردەی خوێندنگاکان. لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا قوتابخانەی تایبەت بۆ فێرخوازی فەننی _ ئیش دامەزراون‌و یان کاردای قوتابخانەکانی پێشوو چاکتر بووە. لێرەدا ناتوانین هەموو چاکسازییە ئەنجامدراوەکان بخەینە بەر باس، تەنیا ناوی ئەو دامەزراوە جۆراوجۆرانە دەبەین کە لە بواری بەرەپێش بردنی پەروەردەی فەننی _ ئیشدا کار دەکەن وەك قوتابخانەی فەننی – ئیش، قوتابخانەی ئامادەیی فەننی، کۆلیژی فەننی، خوێندنگا پێشکەوتووەکانی ئیش، کۆلیژیی لێهاتوویی. لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا یان ئەڵمانیای خورهەڵاتیشدا سیستمی پەروەردەی ئیشی دوو فاقە لە نێو نەچوو، بەڵام بە تەواوی لەگەڵ سیستمی گشتی پەروەردەو

[1]_ Dual





خوێندنی باڵا خۆی ڕێکخست. پەروەردەی ئیشی خاوەنی بڕوانامەی کۆتایی ئامادەیی‌و بڕوانامەکانی زانستگە بوو. لێپرسراوان مەرجی تایبەتیان بۆ بەشداریکردن لەم خولانەدا دیاریکردبوو. ئەم مەرجانە بەختی لاوانیان بۆ وەرگێران زۆر کەم دەکردەوە. جیایی نێوان شوێنی فێربوون لە خوێندنگا فەننی _ ئیشەکانی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا دەپارێزرا. لە حاڵێکدا خوێندنگا پیشەییەکان لە ئەڵمانیای فیدراڵی پێشوودا لە بواری ڕێکخراوەیی‌و یاساییەوە لە کۆمپانیاو شەریکەکان جیاواز بوون، لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیادا سێ لە چواری خوێندنگا پیشەییەکان لە شوێنی کۆمپانیاکاندا بوون.

لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیادا، دوای تەواوکردنی پولی ۱۰ لە "خوێندنگا پێشکەوتوو پۆلیتەکنیکەکان" چوار لە پێنجی دەرچووان دەیانتوانی بچنە ناوەندە پسپۆڕییە پیشەییەکان. دوو ساڵ هەتا دوو ساڵ‌و نیو لەو ناوەندانە ڕادەهاتن‌و پاشان وەك کرێکاری پسپۆڕ دەناسران‌و خوێندنیان تەواو دەکرد. ئەو کەسانەی لەو خولانە دەردەچوون بەختی هەڵبژاردنی ۳۰۰ کاریان هەبوو. پەروەردە، بەڕادەیەکی زۆر لە ئەڵمانیای فیدراڵ بەرەوی هەبوو لە کۆمپانیا گەورەکان کە بە "کۆمبینات"[1] ناودەبران.

بە شێوەی نیونجی، لاوان لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا لە ۱۵/٤ ساڵیدا بڕیاریان ئەدا لە داهاتوودا خەریکی چ کارێك بن، ئەو بڕیارە لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا دەکەوتە ۱/٥ ساڵ دواتر.

[1]_ Kombinat

### ١٠. ٣. ٣. ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکان لە فێرکردنی ئیشدا

نموونەی گورانکارییە بنەڕەتییەکان لە گۆڕەپانی فێرکردنی ئیش لەم سێ دەیەی دواییدا، داشکانی ١٠٠٠ ئیشی ڕێگا پێدراوە لە ساڵی ١٩٥٠دا بۆ ٣٧٠ ئیش. هەنگاوێکی گرنگ کە لەو ڕێگایەدا هەڵێنراوە، پەسند کردنی "یاساکانی پەروەردەی ئیش"ە لە ڕێکەوتی ١٩٦٩/٨/١٤. خاڵێک کە لەو یاسایەدا هاتووەو ڕەنگدانەوەیەکی هەمەلایانەی بەربڵاوی بووە، وەلانانی وشەی "بەردەست"و دانانی "فێر خواز" لە جێی ئەوە. لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیادا وشەی "بەردەست" هەتا کاتی یەکگرتنەوەی هەر دوو ئەڵمانیا بەکار دەهێنرا. لە پەنای ئاڵووگۆڕە پێکهاتەییەکان لە گۆڕەپانی پەروەردەدا دەرکەوت کە بەکارهێنانی چەمکی نوێو گونجاو لە بارودۆخی کاتیدا هەتا چ ڕادەیەک خاوەنی گرنگییە. لە راستیدا چەمکەکانی رابردوو لەشیکردنەوەی بارودۆخ و پڕۆسە نوێیەکاندا بێ‌هێزبوونو کەڵک وەرگرتن لە چەمکە نوێیەکان بەو هۆکارانەی خوارەوە پێویست بوو:

_ فێرخوازان پێش دەست پێکردنی خولەکەیان پێوستییان بە پەروەردەی درێژ ماوەتر بوو.

_ زۆربەی ئەندامانی بەشدار لە خولەکان کەسانی باڵغبوون.

_ ڕێژەی ئەو کەسانەی لە نێوراستی فێربووندا، خولەکەیان بەجێ‌ئەهێشت، زۆر زیاتر لە جاران بوو.

لێرەدا هەوڵ ئەدەین چەند بەڵگەیەک بۆ ئەو بابەتانەی سەرەوە بخەینە بەرچاو:

سەبارەت بە بواری خوێندەواری ئەو کەسانەی لە خولی کاردا بەشدارییان دەکرد، ساڵی ١٩٦٠ لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا سێ لە





چوار، لە حاڵێکدا ساڵی ١٩٨٠، ٥٠ لەسەدو ساڵی ١٩٩٠ تەنیا ٤٤ لەسەدی ئەوان خوێندنیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا[1] تەواو کردبوو، ئەوانەی دیکە بڕوانامەی سەروەتریان هەبوو.

وێڕای ئەوەی ساڵی١٩٦٠، ٨٢ لەسەدو ساڵی ١٩٩٠ یەک لە چواریان لە ژێر ١٨ ساڵیدا بوون.

لە ڕاپورتی ساڵی خوێندنی ١٩٩٣دا، ئەو ئامارەی خوارەوە سەبارەت بە دەست کێشانەوە لە خوێندنی ئیشی فێرخوازان هاتووەتە دەرێ. ڕێژەی ئەو کەسانەی دەست لە خوێندنی ئیش دەکێشنەوە، بەردەوام بەرەو سەردەچێت. ساڵی ١٩٩١، ٢٤ لەسەد دەستیان لە خوێندن کێشاوەتەوە، کە لە ناو ئەواندا بەشی فێرخوازانی سەنعەتە بچووکەکان ٣٧ لەسەد بەرزترینو بەشی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ٧/٥ لەسەد کەمترین بووە.[2]

یەکێک لە ڕەخنە بنەڕەتییەکان لەسەر سیستمی "دووفاقەی فێرخوازی"، ناتەباییە لە نێوان پێکهاتەی فێرخوازانی ناوەندەکانی فێربوونو پێکهاتەی کار، بە شێوەیەک کە بەشێکی زۆر لەو کەسانەی خولی فێربوونەکە تێپەردەکەن ناچنە ئەو ناوەندانەی پێوەندی بە کاریانەوە هەیە.

### ١٠. ٣. ٤. هەڵبژاردنی پەروەردەی کار

سەبارەت بە هەڵبژاردنی لاوان، دەبێ گۆڕەپانی هەڵبژاردنی پەروەردەی کار لەگەڵ هەڵبژاردنی کار لێک جیابکرێنەوە، بەڵام

١_ ئەم قوتابخانە (Volksschule) لە ئەڵمانیا بە زۆری ٨ ساڵی سەرەتایی خوێندن لە خۆ دەگرن

2_ Tessarin

پێدەچێت کە ئەم پێوەندییە زۆرکەمترە لە چەند دەیەی ڕابردوو:

_ خولی فێرخوازی، چیدی وەك ڕابردوو بەدەست بەکاردنی فێرخواز لەو بەشەی کە تێیدا ڕاهاتووە کۆتایی پێنایەت.

_ جۆراوجۆریی بابەتەکانی پەروەردە ڕێگای بۆ کارکردنی فێرخواز لە ژمارەیەکی بەربلاوتر لە کارەکاندا پێکهێناوە.

_ زۆربەی ئەو لاوانەی لەو خولانەدان، حەزیان لەوە نییە لە کارێکدا بمێننەوە، بە تایبەت ئەگەر بابەتی خوێندنیان بە زۆر و ناچاری هەڵبژاردبێت.

"هەڵبژاردنی پەروەردەی کار" بڕیارێکی ماوە درێژە کە لەگەڵ هۆکارە جۆراوجۆرەکان وەك ئەو بابەتانەی خوارەوە پێوەندی هەیە:

_ هۆگری، مەیلو توانای مێرمندالان، خاڵی ١٢ی دەستوور، ئازادی هاوولاتیانی لە هەڵبژاردنی کار، شوێنی کارو ناوەندی پەروەردە پەسند کردووە.

_ حەزو ڕوانگەی ئەوکەسانەی کە بۆ لاوان، کەس یان گرووپی ژێدەرن، وەك باوكو دایك، خزمو کەس، ماموستاو هاوتەمەنەکان.

_ ڕێنوینییەکانی کارو دەرفەتی فێرکردن لە شوێنی کار.

_ ئەو زانیاریانەی کە لاو لە کاتی فێربووندا سەبارەت بە ئابووری، بوارەکانی کارو ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی بازاڕی کار وەدەستی هێناوە.

هەڵبژاردنی پەروەردەی کار بە پێی یاسا دەبێ جۆرە بڕیارێکی درێژخایەن بۆ ژیان بێت، بڕیارێك کە دەبێتە هۆی سنوردارکردن یا بەربلاوکردنەوەی پێداویستییەکانی کارو کۆمەڵایەتی لاوان. هەروەك باسمان کرد، بەشێکی زۆر لە دوای کۆتایی هێنانی خوێندنو





خوێندنگا ناوەندییەکان[1] دەکەونە دوای پەروەردەی ئیش. ژمارەیەکی دیکە هەوڵ ئەدەن لە خوێندنگا فەننی _ ئیشەکان یان خولە پێشکەوتووەکانی فێرکردن درێژە بە خوێندن بدەن. ڕێژەییەکی زۆر بێ فێربوونی کار دێنە بازاری کارەوە. ئەوانە کەسانێکن کە دواناوەندییان بێوەدەستهێنانی بڕوانامە تەواو کردووە، لە ٣١٢ هەزار فێرخواز لە ساڵی ١٩٩٤/٩٥، ٧٦ هەزار کەس بێوەدەستهێنانی بڕوانامەی کۆتایی پەروەردە، قۆناغی ناوەندی خوێندنیان تەواوکردووە.

### ١٠. ٣. ٥. دابەشکردنی لاوان لە پەروەردەی ئیشە جیاوازەکاندا

لە هەڵبژاردنی فێربوونی کاردا، داخوازی بۆ هەندێك لە بابەتەکان زۆر بەرچاوە: لە ساڵی ١٩٩٥، ١٩ لەسەدی کوڕانو ٢٢/٧ لەسەدی کچان لە نێوان ٣٧٠ بابەتی پێشکەشکراو لە سێ بەشدا داوای فێربوونی کاریان[2] کردووە، سێ بابەتی سەرەکی کوڕان میکانیکی، سیم کێشی، خانووسازیو سێ بابەتی سەرەکی کچان پەرەستاری فرمانبەریو فرۆشیاری بووە. هەر وەك دەبینن، سەرەڕای ئەو پێداگریانەی کە دەڵێن "ژنان هێرشیان کردوەتە سەرکارە پیاوانەکان"، بابەتەکان بە شێوەی بەرچاو بە سەرنجدان لە ڕەگەز هەڵبژێراون[3]. چاوەڕوان ناکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنی کاردا پێکبێت.

### ١٠. ٣. ٦. تێکنۆلۆژی و تێڕوانینی لاوان سەبارەت بەو

کۆمەڵگەهەڵگری گشتیو کۆمەڵگەهەڵگری ئیشی لاوان لەگەڵ

[1]_ Reaischule، Hauptschule
[2]_ Statisisches Jahrbuch
[3]_ Beck_Gernsheim

چۆنیەتی تێگەیشتن‌و تێڕوانینی ئەوان سەبارەت بە تێكنۆلۆژی و وەرگرتنی تێكنولۆژی پێوەندی نزیكی هەیە. لە ڕاگەیەنەگشتییەكاندا بە زۆری ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە كە ئایا لێپرسراوانی وڵات هەوڵی پێویست بۆ پێ قەبوول كردنی تێكنولۆژی بە لاوان ئەدەن یان نا؟

گرنگی ئەم پرسیارە كاتێك روون دەبێتەوە كە ئەوەمان لە بەرچاوبێت ئەڵمانیای فیدراڵ وڵاتێكی بە تەواوی بەستراو بە تێكنولۆژی و زانستی فەننییە. لەم بوارەدا لێكۆڵینەوە ئەنجام دراوەكان دەری دەخەن كە بەو هۆكارانەی خوارەوە، تێڕوانینی جۆراوجۆر سەبارەت بە تێكنولۆژی لە نێو لاواندا هەیە:[1]

_ دەكرێ بڵێین هەموو لاوان لە تەمەنی منداڵیدا لەگەڵ نوێترین ئامێرە كارەبایی و فەننییەكان ئاشنان. ئاشنایی لاوان لەگەڵ ئامێرە نوێیەكان دەنگ، ڤیدیو و كۆمپیوتەر دەست پێدەكات. سەرەڕای ئەم ئاشناییە سەرەتاییە زۆربەی مێرمنداڵان لە قۆناغیكی تایبەتی ژیانیاندا لە تێكنۆلۆژی و بە تایبەت لە تێكنۆلۆژی پیشەسازییە قورسەكان خۆ دوور دەخەنەوە.

_ خوێندنگا گشتییەكان لە بەرانبەر تێكنۆلۆژیدا هەستی دوو فاقەیان هەیە: تێكنۆلۆژی بە شێوەی نەریتی پێوەندی بەكارو ئیشەوە هەیەو هەروەك دەزانین لەم قوتابخانانەدا لەسەر ئەدەبیات، هونەرو جوانناسی پێدادەگیرێت. كەواتە لە فێركردنەكانی پێشووەكاندا تێكنۆلۆژی زۆر ڕێگای پێنادرێت. لەم پانتایەیشدا لە لایەن فیزیا، كیمیاو لەم دوایانەشدا كۆمپیوتێر جۆرێك لە وەرگرتنی شاراوەی تێكنۆلۆژی دەبینرێت.

[1] _ Fischer1985‹Todt 1992‹ Juyend





هەروەك بە بەردەوامی ئاماژەمان پێكردووە، جیهانی لاوانیش هەروەك جیهانی گەورەكان جۆراوجۆرە. كەواتە ئێمە لە نێوان لاواندا لەگەڵ توێژو ئاستە جۆراوجۆرەكان بەرەوڕووین كە بە نیسبەت كولتور، ژیارو بەهاكان روانگەی جیاوازیان هەیە. سەبارەت بە تێكنۆلۆژیش ئەو راستییە لە ئارادایە. توێژە جۆراوجۆرەكان سەبارەت بە ئاستە جیاكانی تێكنۆلۆژی هەڵوێستی جیاوازیان هەیە. سەرەرای ئەو بابەتانەی سەرەوە، ئێمە شایەتی جۆرە ئاڵووگۆرێك لە تێڕوانینی لاوان‌و گەورەكاندااین سەبارەت بە تێكنۆلۆژی‌و زانست. نابێ ئەم ئاڵوگۆری روانگانە وەك "ئینگلێهارت"[1] دەڵێت بە ئاڵوگۆری روانگەكان بە نیسبەت بەها گشتییەكانی كۆمەڵگاوە بزانین. لەم سەردەمەدا زیاتر لە قۆناغەكانی دیكە بە شێوەی رەخنەگرانە چاو لە تێكنۆلۆژی‌و زانست دەكرێت. بەڵام لاوان بەتایبەت لاوانی كوڕ بەهۆگری‌و سەرسوڕمانەوە دەڕواننە هەندێك لە دەركەوتنە تایبەتیەكانی تێكنۆلۆژی، كە لە نێو ئەواندا دەتوانین ئاماژە بكەین بە دیسكەكانی كۆمپیوتەر، ماتۆڕ، ئەو فڕۆكانەی خێراتر لە دەنگ دەڕۆن، كۆمپیوتەرەكان‌و بەرهەمە نوێیەكان لە گۆڕەپانی "تێكنۆلۆژی نەرم"دا.

ئەو لێكۆڵینەوانەی كە سەبارەت بە تێڕوانینی لاوان لەسەر هۆگری‌و حەزی ئەوان بە تێكنۆلۆژی لەبەشی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەڵمانیا كراون، ئەو ئاكامانەی خوارەوەیان دەرخستووە:

_ لە ساڵی ١٩٦٠، ٩١ لەسەد لاوانی كوڕی ١٥ هەتا ٢٤ ساڵ لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیاو ٨٦ لەسەد لە خۆرائاوای ئەڵمانیا "بەزۆری" یان "هەتا ڕادەیەك زۆر" هۆگری تێكنۆلۆژی بوون.

[1] _ Inglehart

_ جیاوازی نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوای ئەڵمانیا بۆ لاوانی کچ لەو تەمەنانەدا زیاتر بووە. ٥٢ لەسەدی کچان لە خۆرهەڵاتو ٣٨ لەسەد لە خۆرئاوای ئەڵمانیا "بەزۆری" یان "هەتا ڕادەیەك زۆر" هۆگری تێکنۆلۆژی بوون.

**١٠. ٤. دین، کەنیسەو جیهانبینی**

**١٠. ٤. ١. لە بیرکردنی گۆڕەپانێکی لێکۆڵینەوە لەسەر لاوان**

لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسی لاواندا کەمتر سەرنج دراوەتە دینو کەنیسە. لێکۆڵینەوەیەك لە ژێر ناوی "لاوان، گەورەکانی ٨٥" ئەنجامدرا، بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی روون دیاردەی پێبەندی ئایین، دینو تێڕوانینی لاوانی سەبارەت بە کەنیسە خستە بەرچاو. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم پێوەندییەدا بەرهەمەکانی "فۆکس"، "فیگە"و "سیلبرایزێن" بخوێننەوە.

لێکوڵینەوی "لاوی ٩٢" کە بە پێی نموونە ئامارییەکان ئەنجامدرا، بارودۆخی گەشەی لاوانی لە ئەڵمانیای یەکگرتوودا هەڵسەنگاند. یەکێك لە گۆڕەپانەکانی لێکوڵینەوە، گرنگی دینو کەنیسە بۆ لاوان لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا بوو. لە خۆرئاوای ئەڵمانیادا "هینر بارتز"[1] پاش تێپەربوونی زیاتر لە ٣٠ساڵ بەسەر لێکۆڵینەوەی "دولبێر"[2]دا سەبارەت بە ئایینگەریەتی لە نێوان لاواندا لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی ئەنجامداوە. "کیل"[3]یش شیکردنەوەیەکی بەرین، پوختو بەسوودی لە لێکوڵینەوە ئەنجامدراوەکانی نێوان ١٩٥٩

[1] _ Heiner Bartz
[2] _ Wolber
[3] _ Keil





هەتا ١٩٨٩ لە بواری کۆمەڵناسی ئایینی پێشکەش کردووە.

بە پێچەوانەی باوەڕ بە ئایینی لاوان، فیرقەگەری ئەوان بابەتی بەدواداچوونە بەربڵاوەکان بووە. لێرەدا ئێمە لەگەڵ دیاردەیەك بەرەوڕوین کە بە زۆری لە گۆڕەپانی راگەیەنەگشتییەکانو لێکوڵینەوەکانی زانستی کۆمەڵایەتیدا دەبێنرێت. سەرنج دەدرێتە دیاردەیەکی تایبەتو زیاتر لەوەی شایانیەتی بووەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆرو دەنگ دانەوە. لەبەرانبەردا ئەو دیاردانەی کە ئاسایین لە بیرکراون. لە حالێکدا کە بە نیسبەت فیرقەکانەوە زێدەوێژی دەکرێتو بوونەتە بابەتی هەڵسەنگاندنێکی زۆر، سەرنج نەدراوەتەوە لێکۆڵینەوە لەسەر باوەڕ بە ئایینی لاوان. ئەو هەڵسوکەوتو خافڵبوونە دەبێتە هۆی دروستبوونی نایەکسانی لە نێوان "راستییەکان"و "بیرکردنەوەی ئێمە لە راستییەکان".

هۆکاری دیکەیش لە ئارادان بۆ ئەو هەڵوێستە بێجێیە کە لە گۆڕەپانی لاوان لەگەڵ دیندا دەکرێت. نموونەی ئەم هۆکارانە، تێڕوانینی سکۆلاریستانەی بەشێکی زۆر لە بیرمەندانی زانستی کۆمەڵایەتیو هەروەها ئەو بۆچوونەی بەشێکی زۆر لەوانە لە سەر ئەو بنەمایە کە پێیوایە پانتایی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسی شارە گەورەکانن. تێگەیشتن لە گرنگی نەدان بە لێکوڵینەوە ئایینییەکان لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسیدا کاتێك دژوارتر دەبێت کە ئەوەمان لەبەر چاوبێت، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دین: کاکڵی بەدواداچوونەکانی دوو کەس لە گەورەکانی کومەڵناسی واتە "ئێمیل دوورکیم"و "ماکس وێبر"ە. لە گۆڕپانی کۆمەڵناسی لاواندا نە شوێنەوارێك لەو ئاکامانەی دەست ئەوان کەوتووە دەبینرێتو نە دەسکەوتەکانی دواتری کۆمەڵناسی دین.

رەنگە لە بەدواداچوونی هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەمان بۆ دەرکەوێت کە لێکۆڵینەوە لەگۆڕەپانی دین روانگە سەبارەت بە دینو باوەڕە مەزەبییەکان بە ئامرازی پرسیارنامەوە، وەك گرنگترین ئامراز لە پانتایی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ئێمە، زۆر دژوارە. وتاری "شلیسکی"لە کتێبی "نەوەی بێ بروا" لەو پێوەندییەدا هێشتا متمانە بەخشە کە دەڵێت: "هەوڵدان بۆ بەدواداچوونی قووڵایی باوەڕە مەزەبییەکانی لاوانو روانگەی ئەوان سەبارەت بە کەنیسە بە پرسیارنامەوە هەتا ئێستا سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە".

### ١٠. ٤. ٢. ئەزموونی باوەڕ بە دینو مەیل بە کەنیسە

زۆربەی هەرە زۆری لاوان لە تەمەنەکانی ١٢ هەتا ١٨ساڵ، واتە بابەتی بەدواداچوونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، خاوەنی ئایینو مەزەبی باوكو دایکی خۆیانن. بە پێی بەراوردی ساڵی ١٩٧٥، ٤٩ لەسەدی دانیشتوانی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا پروتستانو ٤٤/٦ لەسەدیان کاتۆلیکی موریدی کەنیسەی رۆم بوون.

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لە خۆرئاوای ئەڵمانیاو بەرلین کاتولیکەکان زۆرینەن. بە کوچکردنی کرێکارانی میوانو بنەماڵەکانیان لە تورکیەوە، بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای ئەڵمانیا موسوڵمانەکان پێکیدێنن.

بە پێی ئاماری ساڵی ١٩٩٧، ٣٤/١ لەسەدی کۆی حەشیمەتی ئەڵمانیای یەکگرتوو پرۆتستانو ٣٣/٤ لەسەدیش کاتۆلیکن.

بەو هۆیەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی ئایینە جۆراوجۆرەکاندا چووەتە سەرێ، یەك لە سێی لاوان دەبێ ئایینی باوكو دایکیان هەڵبژێرن. لە ساڵی ١٩٠١ رێژەی پێکهێنانی ژیانی





هاوبەش لە نێوان خەڵکی خاوەن ئایینی جیاوازدا ٨/٨ لە سەد، ساڵی ١٩٥١، ٢٥/٤ لەسەدو ساڵی ١٩٧٢، ٣٢/٧ لەسەد بوو. لە ساڵی ١٩٩٥دا لە نێو ئەو کەسانەیدا زەماوەندیان کردبوو، رێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە نێوان پرۆتستانەکان لەگەڵ یەکتر بۆ ٥٢/١ لەسەدو رێژەی کاتۆلیکەکان بۆ ٥٩/٩ لەسەد دابەزیوە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم دوایانەدا کراون، دەریانخستووە کە بیرۆکەی ئیمانداریو مەیل بە کەنیسە لە ٢٠ ساڵی رابردوودا بە شێوەی بنەڕەتی ئاڵوگۆڕی بەسەر هاتووە. لە لێکۆڵینەوەکانی "کۆفمەن"[1] و "ئیشتاخێل"[2] دەتوانین ئەو ئاکامانەی خوارەوە وەدەست بێنین:

_ لە ئەوروپای رۆژئاواو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا "ڕەوتی بە تەواوی ئاشکرای دابەزینی مەیل بە ئیمانداری کەنیسەیی" دەبینرێ. دەتوانین بە کەڵك وەرگرتن لە پێناسە جیاوازەکان ئەو باسە بخەینە بەرلێکۆڵینەوە:

وەك رێژەی ئەو کەسانەی کە بۆ نزاو تەواف دەچنە کەنسیە، رێژەی ئەو کەسانەی لە بۆنە ئایینیەکاندا بەشداریدەکەن، دانانی قەشەکان، تێڕوانینی ئایینیو هەڵسەنگاندنی سەرجەم کۆمەڵگا لە کاریگەری ئایینو کەنیسە. خاڵی هەرەگرنگی ئەم ڕەوتە دابەزینی شوێنەواری ئایینی کەنیسەیە لە نێوان لاواندا.

_ تەنانەت لە نێو ئەو کەسانەیش دا کە "بیرو باوەڕی وشکی ئایینی"یان هەیەو "سەردانی کەنیسە" دەکەن، ئەو بیرو بۆچوونانە دەبینرێت کە بە ئاشکرا لادان لە بۆچوونە فەرمییەکانی کەنیسەیە.

[1] _ F.X. Kaufmann
[2] _ G. Stachel

_ بەڵام شوێنەواری ئەو مەیلە دژ بە کەنیسانەی‌لە ئارادا نەماون کە لە سەدەکانی ١٨و ١٩دا دەبینران. بە پێچەوانە: "رێژەیەکی بەرز لە لاوان ئامادەن لە چالاکی دەرەوەی کەنیسە بەشداری بکەن".

_ هەروەها سەبارەت بە پێوندی لاوان لەگەڵ ئاییندا دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە بکەین:

پەروەردەی ئایینی لە نێو بنەماڵەو قوتابخانەدا دژوارتر بووەو هەروەها ئاستی هاوکارییە هاوبەشەکانی نێوان کەنیسەکانی ئایینیە جۆراوجۆرەکان دابەزیوە.

"فیگە"[1] سەبارەت بە حەزی منداڵ بۆ ئایین و کەنیسە دەڵێت: "زانیارییە بەدەستهاتووەکان لە لێکۆڵینەوەی ئەزموونی گۆڕەپانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، بە روونی دەریدەخەن کە بە سەرنجدان لە زنجیرە بەرپرسایەتییە بنەڕەتیەکان لەبەرانبەر مێرمندالاًن و لاواندا، کەنیسەکان ناتوانن وەڵامدەری چاوەڕوانی بناخەیی و فەرمی لەم بوارەدا بن". هەروەها بۆ هاتنەدەر لە ئەندامەتی کەنیسەیش لاوان پێشەنگن، لە لایەکی دیکەوە خەڵك بە بەشداری لە رێورەسمی شتنی (غسل) منداڵانی خۆیان، دەریدەخەن کە خوازیاری بەردەوامی مانەوەی کومەڵایەتی کەنسیەن و بۆ وەڵام دانەوە بە پێویستیە ئایینییەکانی خۆیان گرنگی ئەدەن بە رۆڵی دین و کۆمەڵایەتی کەنیسە.

لێکۆڵینەوەی "بارتس" ئاماژە بە هەمان خاڵ دەکات کە لە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەوەپێشەوە "تۆماس لۆکمەن" لە شرۆڤەکانیدا سەبارەت بە "ئایینی شاراوە" باسی کردووە: لە ڕادەی جێگیربوونی ئایین کەمبووەتەوە، بەڵام هەڵەیە ئەگەر پێمانوابێت کە ئەمە نیشانەیەکە بۆ لە

1_ Feige





نێوچوونی باوەڕە ئایینییەکان. ئەم دیاردەیە وەك دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵگای "پۆست مودێرن" خەریکە دەبێتە بابەتی تایبەتی، تێگەیشتنی تاکەکەسی و رێکخستنی تاك.

### ١٠. ٤. ٣. مەیلی مەزەبی و جیهانبینییەکان

کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا، کە هەتا ١٩٩٠/١٠/٣ دەسەڵاتی هەبوو، بە شێوەی ئاشکرا وڵاتێکی بێدین بوو لە سەر بناخەی تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی. دوای دامەزراندنی ئەو حکومەتە لە کۆتایی دەیەی ٤٠دا وردە وردە هەست و سۆزی بەربەرەکانی بە دژی کەنیسە کەم بووەتەوە. حکومەت و حیزبی دەسەڵاتداری SED هەوڵیدا بۆ رێکخستنی رۆخسارێکی باشتر لە دەرەوە بە پارێزەرەوە لەگەڵ کەنیسە مامەڵە بکات.

کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا لە هەرێمەکانی "ساکسۆن _ ئانهاڵت"و "تۆرینگن"[1] پێکهات کە ئەو ناوچانە لە ئەڵمانیادا ناوەندی پروتستانیزم و لوتیریزم بوون. هەر بەو هۆیە رێژەی حەشیمەتی کاتۆلیکی کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا لەبەراورد لەگەڵ خۆرئاوای ئەڵمانیادا کەمبوو. هەرێمەکانی "ساکسۆن _ ئەنهاڵت"و "تورینگن" کە لە ساڵی ١٩٥٢ لە لایەن کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیاوە هەڵوەشێندراوەو پاش یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ئەڵمانیا جارێکی دیکەو بە شێوەی رابردوو دامەزرانەوە، لەگەڵ چەند شارێکی دیکەی وەك "ئایزن ناخ"، "ویتنبێرگ"، " ئەرفوت"، "هاڵە"و ... بوونە ناوەندە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی چاکسازی ئایین.

1_ Sachsen_Anhalt، Tuhringen

لە لێکۆڵینەوەکانی "لاوی ٩٢"دا سەبارەت بە پێبەندی ئایینی لاواندا هاتووە کە ٢٠ لەسەدی لاوان خۆیان بە پێڕەوی یەکێك لە ئایینەکان دەزانن. لەو ڕێژەیە ٤/٥ لەسەدیان کاتۆلیك بوون. جێگەی سەرنجە کە ناوچەکانی "بایرن"و هەندێك لە بەشەکانی "ڕێنلەند"و "وێستڤالێن" کە ناوەندی سەرەکی ئایینی کاتۆلیکن کاتی دابەشکردنی نیشتمانی ئەڵمانیا دوای شەڕی جیهانی دووهەم بە دوو بەش، کەوتنە سەر بەشی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا. لەهەرحاڵدا لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیادا لاوان لە فەزای ئایینیدا کۆمەڵگەهەڵگر نەدەبوون.

بەوتەی "ئێیبێن"[1] لێکۆڵینەوەکان لە "لاوی ٩٢"دا پێشاندەری دووری گرتنی زیاتری لاوانی دانیشتووی کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا لە ئایینن بە نیسبەت لاوانی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا.

بۆ سەلماندنی ئەو بیردۆزییە، کە نەبوونی باوەڕە مەزەبییەکان لە کۆماری دێمۆکراتیکی ئەڵمانیادا هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ چالاکییە فیرقەییە جۆراوجۆرەکان پێکهێناوە، بەڵگەیەکی روون بەدەست نەهاتووە. هەروەها کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیایش نەگەیشتە ئامانجە بێدینییە _ سوسیالیستییەکانی خۆی کە لە ئاڕاستەی عیلمانیەتو جیهانیکردنی هەموو دامەزراوەو بەهاکاندا بوو.

لە کاتی بەراوردکردنی لاوانی کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیاو کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا دەبێ ئاماژە بکەین بە هاوشێوەیی لاوان لە گۆڕەپانی ئیمانداریشدا:

_ هەتا ئاستی خوێندەواری لە سەرتر بێت، پێبەندی بە کەنیسە

[1]_ Eiben





کەمتر دەبێت.

_ لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیادا، هەتا شوێنی نیشتەجێبوون چووکتر بووایە، پێبەندی بە کەنیسە زیاتر بوو.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەردەوام سەردانی کەنیسە دەکەن لەو شوێنانەدا دەژین کە حەشیمەتێکی کەمتر لە ٢٠ هەزار کەسیان لەخۆگرتووە. ٥٨ لەسەدی ئەو کەسانەی بڕوایان بە ئایین نییە لەو شارانەدا دەژین کە خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس حەشیمەتن. هەڵبەت دەبێ لەبەرچاومان بێت کە تەنیا یەك لە سێی کۆی حەشیمەتی ئەڵمانیا لەو شارانەدا دەژین.

نوێترین لێکۆڵینەوەکان لەبواری ئایینی لاوانو مێرمنداڵاندا دەریدەخەن کە حەزی ئەوان بە ئایینی مەسیحی بەردەوام لە نزمبوونەوەدایەو مەسیحیەت لە تێڕوانینی لاوانەوە جێگەی تایبەتی نییەو لە ریزی جیهانبینییەکانو زنجیرەیەك لە شیکردنەوە جۆراوجۆرەکان وەك مانای مانەوەو ژیاندایە. لە ساڵی ١٩٩٦ بەدواداچوونێکی "زیلبرایزێن" کە لە ٣٢٧٥ مێرمنداڵو لاوی ١٣ هەتا ٢٩ ساڵان ئەنجامیدا، ئەو ئاکامەی خوارەوەی لێکەوتەوە: جیهانناسی زاڵ لە نێو لاواندا چیدی بڕوا بە خوای مەسیحی نییە، تەنیا ٢٠ لەسەدی لاوانو مێرمنداڵان باوەڕیان بە خوا هەیە. نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە گوڕانکاری "تاك ژێدەری داسەپاوی مەسیحی" بۆ "چەند ژێدەری گشتی" لە پانتایی خواناسیدا دەکەن. بە پێی ئەو جۆرە روانگەیە شێوەی پێکهاتەی جیهانبینییەکانیش زۆر جیاوازە.

جیاوازی لە نێوان مێرمنداڵانو لاوان لەم گۆڕەپانەدا زۆر کەمە. بە پێچەوانەی جیاوازی نێوان مێرمنداڵانو لاوانی دانیشتووی ئەڵمانیای خۆرئاوا و خۆرهەڵات زۆر بەرچاوە.

سەرەڕای ئەو بابەتانەی سەرەوە، ئایینی مەسیح بۆ مێرمنداڵ وەك هۆكاری دروستكردنی پێناسەو ڕێنوینی ژیان خاوەنی گرنگی تایبەتیە. لەم گۆڕەپانەدایە كە مەسیح بۆ ئەوان لە جیهانبینییەكانی دیكە جیاوازە. پرسیاریان لێكراوە كە كام جیهانبینی ڕۆڵێكی گرنگ لە گۆڕەپانی دروستكردنی پێناسەو ڕێنوینی ژیان دەگێڕێت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لاوانو مێرمندالان لە نێوان جیهانبینی مەسیحیو حەوت جیهانبینی دیكەدا جیاوازی بەرچاویان داناو لەسەر جیهانبینی مەسیح لەو بوارەدا پێیان داگرت. ٧٣/٨ لە سەدی ئەوان ئایینی مەسیحیان بە دانەری پێناسەو ٧٣/٩ لەسەدیش بە ڕێنوێنی ژیانیان دەزانی.

### ١٠. ٤. ٤. بناخە لەرزۆكەكانی كۆمەڵگەهەڵگری ئایینی

ئاكامی وەدەست هاتوو لە لێكۆڵینەوەكان سەبارەت بە ئیمانداریو مەیلی لاوان بۆ كەنیسە، بەتایبەت لە كۆماری فیدراڵی پێشووی ئەڵمانیا، لە ڕاستیدا خۆنوێنی بارودۆخی سەردەمو گرنگی كۆمەڵگەهەڵگری ئایینە. لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا بناخەی كۆمەڵگەهەڵگری ئایینی لە نێو بنەماڵەكان، باخچەی ساوایانو قوتابخانەكاندا بەردەوام لاوازتر بووە. نزاو پاڕانەوە لە نێو بنەماڵەكاندا نەماوەو لە قوتابخانەكانیشدا هەر بەو شێوەیە، بەڵام ئێمە شایەتی هۆگری لاوان بە وانە ئایینییەكانین. هۆكاری جۆراوجۆر بۆ ئەم كارە دێتە ئاراوە. ڕەنگە هۆكار، سیاسەتی پەروەردەیی وانە ئایینییەكان بێت كە وانەی ئایین لە پەنای وانەكانی ئەخلاقو ئەخلاقی كۆمەڵایەتی پێشكەش دەكەن. بە هۆی ئەوەی وانەی ئایینی ئاسانترە، زۆر كەس حەز لە هەڵبژاردنی دەكات. یان لەوانەیە هۆكارەكەی سەر لێشێواوی





لاوان لەگەڕان بەدوای مانادا بێت. وانەی ئایینی لە ١٤ ساڵیەوە دڵخوازانەیەو ڕێژەیەكی زۆر كەم لە قوتابیان بەشداری تێدادەكەن. هەڵبەت جیاوازی لە قوتابخانەیەكەوە بۆ قوتابخانەیەكی دیكە ئێگجار زۆرە.

"كۆفمەن"و "ئێشتاخێل" هۆی نەمانی نزاو پارانەوەو قسەو باسی ئایینی لە نێو بنەماڵەدا بەو شێوەیە شیدەكەنەوە:

"لە نێو بنەماڵەدا جۆرە ڕەوشتێكی تایبەت سەبارەت بە وتووێژ لەسەر بابەتگەلێك وەك باوەڕی ئایینی، ئەخلاقو مانای ژیان داسەپاوە، واپێدەچێت باسكردن سەبارت بەو شتانە ناڕێكی لە ژیانی ڕۆژانەی بنەماڵەدا پێك بێنیێت". لە لایەكی دیكەوە "نموونەیەكیش نییە كە بتوانێ نێوەڕۆكی ئایینی مەسیح بە شێوەی نۆرماڵو جێگای بڕوا دەربڕێت".

ڕەنگە گرنگترین ئاكامێك كە دەكرێت لە لێكۆڵینەوەی "لاوان _ گەورەكانی ٨٥" لەبەشی تایبەت بە ئایین، ئیمانداریو مەیل بەكەنیسە وەدەستی بێنین، ئەوە بێت كە فەزای مەزەبو ئایین لە تەواوی لایەنە جۆراوجۆرەكانی ژیانی لاواندا چوبێتە دەرێ جگە گۆڕەپانە بەرتەسكەكانی چالاكییەكانی كەنیسەییە.

جێی خویەتی ئاماژە بەو خاڵەیش بكەین كە لە "هێرشی بێ دینی" بۆ سەر ناوەندە مەسیحییەكان كەم بووەتەوە. ڕەنگە بەو هۆیە بێت كە ناسینی مەسیح چیدی وەك دوو نەوە لەوە پێش بەرنامەدارێژی سەرەكی ژیانی ئەخلاقی خەڵك نییەو گرنگیو بایەخی دابەزیوە. پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی پۆزتیڤی كەنیسە بكرێت لە بەربەرەكانی لەگەڵ هەژاری، سەركوت، بێعەداڵەتیو هەروەها بەشداری ژمارەیەك لە قەشەكان لە بزوتنەوەی ئاشتیو بزوتنەوەی دژی چەكە ناوەكییەكاندا.

# ١١

# تێڕوانینە سیاسییەکان و نمونەکانی هەڵسوکەوت، رادیکالیزم و توندوتیژگەریی

## ١١. ١. تێڕوانینەکان و هەڵسوکەوتەکان

هەروەك لەبەشی پێوەند بە فیرقەکانی لاواندا باسکراو لە بەشەکانی دواتریشدا سەبارەت بە کەڵك وەرگرتن لە مادده سرکەرەکان لە لایەن لاوانەوە دەخرێتە روو، هەڵسوکەوتی روون و روانگە تایبەتەکان لە دەوری ١٨ ساڵییەوە لە نێوان لاواندا دەبینرێت. هەرچەند سەرهەڵدان و گیرۆدەبوونی لاوان بەو کارانە وردە وردە و لە ماوەی چەند ساڵدا دەردەکەوێت. هەر ئەو راستییە لە ئارادایە سەبارەت بە تێگەیشتن و روانگەی لاوان بە نیسبەت سیاسەتەوە.

هەر بەو هۆیەوەیە کە ئەم بەشە بە بابەتی "تێڕوانینە سیاسیەکان" دانراوە. پێش ئەوەی ئێمە کردەوە و هەڵسوکەوتی سیاسی لاوانمان لا ئاشکرابێت، بیروبۆچوون و هانەکانی ئەوان لە درێژایی چەند ساڵدا بە هێواشی دەردەکەوێت و پاشان بە شێوەی کارو کردەوەی سیاسی خۆی دەنوێنێت. دەربڕینی ئەو بابەتانەی سەرەوە نابێت وا لێکدرێتەوە کە مەبەستی ئێمە بوونی هاوشێوەیی یان یەکسانییە لە کردەوە و روانگەی سیاسی لە نێوان لاواندا. بە پێچەوانە، هەموو ئەو وتانەی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی لاوان و بەتایبەت هەڵسوکەوتی رەخنەگرانی سیاسی لاوانی ١٢ هەتا ٢٠ ساڵ دەرمان بڕیبوو لێرەیشدا دووپاتی دەکەینەوە: بۆچوونەکان بیرۆکەکان و هەڵوێستە سیاسییەکان لە نێوان لاواندا





دەکرێت بە تەواوی جیاواز بن. دەتوانین سەبارەت بە گەورەکانیش ئەوە بڵێین، هەرچەند گەورەکان، بە وتەی "ڤیلفێردۆ پارێتو"[1] لەم بوارەدا پێداویستی و فەزای زۆرتریان بە نیسبەت لاوان لەبەر دەستدایە.

دوایین لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە لاوان لە ١٣ ساڵییەوە چ لە ئاستێکی سنوردارو چ لە ئاستێکی بەربڵاو، هۆگری کاروباری سیاسی دەبن. لێکۆڵینەوەکانی "هۆرێلمەن"[2] نیشاندەری ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا قوتابیانە کچ و کوڕ لەبەرانبەر قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەستیارن و تێوەی دەگلێن، لە حاڵێکدا لە دەیەی ٦٠ و ٧٠دا تەنیا خوێندکاران خۆیان گیرۆدەی ئەو "کێشانە" دەکرد.

بناخەی هەست و سۆزی ئەو جۆرە خۆتێوەردانە لە هۆگری توندی ئەوان بە دیاردە گشتی و مەترسییەکانەوەیە کە جیهان تووشی ترس دەکات. ئەم مێرمنداڵانە دەبنە پێکهێنەری سوپایەکی پاشەکەوتکراو بۆ بزووتنەوە رەخنە گرەکانی داهاتوو. دەبێ ئەو بۆچوونەی "هۆرلمەن" پەسند بکەین کە لەم سەردەمەدا لاوان وەك پێشوو خۆ لە کاروباری گشتی و سیاسی لە درەوەی لایەنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەرنادەن و زیاتر هۆگری بۆ ئەو بابەتانە پیشان ئەدەن کە بەشێوەی راستەوخۆ تێیدا گیرۆدەن.

## ١١. ٢. هۆگریی سیاسی و متمانەی دامەزراوەکان

دوایین لێکۆڵینەوەکان کە بەرێژەیەکی دیاریکراو سەبارەت بە بیروبۆچوون، روانگە و کردەوەی سیاسی و کردەوەی لاوان و مێرمنداڵان کراوە، نیشاندەری دابەزینی حەزی لاوان بە سیاسەت و متمانەی

1_ Vilfredo Pareto
2_ Hurrelmann

دەزگاو دامەزراوە حکوومیو سیاسییەکان لە نێویانداو ئەوان باوەڕی کەمتریان هەیە بە سیاسەتڤانانو دامەزراوە سیاسییەکان.

بەراوردی زانیارییەکانی ئاماری ١٩٩١ لەگەڵ ١٩٩٦ دەریدەخەن کە هۆگری بە سیاسەت و کاروباری سیاسی لە نێو هەموو توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا دابەزیوە. ئاکامی ئاگادارکەرەوە سەبارەت بە متمانەی گشتی بە دامەزراوە سیاسییەکان وەدەست هاتووە، بە تایبەتی لە بەشی خۆرهەڵاتی ئەڵمانیادا بە تەواوی جێگای مەترسییە.

ئەو ئاکامانەی کە لە دوازدەهەمین لێکۆڵینەوەکانی کۆمپانیای نەوتی "شێڵ" سەبارەت بە هۆگرییەکان، روانگەکانو هەڵسوکەوتی سیاسی وەدەست هاتووە، پیشانی ئەدەن کە هەندێك هۆکار وەك ئاستی خوێندەواری، تەمەنو رەگەز لەو پێوەندییەدا کاریگەرییان هەیە. کچانو ژنانی لاو بەنیسبەت کوڕانو پیاوانی لاو کەمتر هۆگری ئەو کارانەن[1]. لەم بارەیەوە نەوازەیەکی سەرنجڕاکێش لە ئارادایە: تاڕادەیەك هەموو گروپە کۆمەڵایەتیەکان بە زانستی سیاسەوە لەسەر دەزگاو دامەزراوە سیاسییە جۆراوجۆرەکانو لە رەگەزە جیاوازەکان لەو باوەڕەدان کە خۆتێوەردانو گیرۆدەبوونی ئەوان لە کاروباری سیاسیدا کاریگەرییەکی زۆر کەمی لە ئاڵوگۆڕی بارودۆخەکەدا هەیە.

دڵساردبوونەوەی سیاسیو نەبوونی متمانەو نەبوونی دەزگاو دامەزراوە سیاسییەکان بە هیچ شێوەیەك بە مانای بێمتمانەیی بە سیستمی دێموکراتی نییە. لێرەدا دەبێ لە نێوان بیری دێموکراسیو بەڕێوەبردنی دێموکراسیدا جیاوازی دابنرێت. خەڵك هەرچەند لە بەڕێوەچوونی کارەکان لە سیستمی دێموکراتدا دڵخۆش نیین، بەڵام

[1]_ Fischer





باوەڕیان بەهزرو بیری دیموکراسی هەیە.

لە بەربڵاوترین لێکۆڵینەوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی سەبارەت بە لاوان کە لە ساڵی ١٩٩٢دا ئەنجامیداوە "رێکخراوی لاوانی ئەڵمانیا" گەیشتووەتەوە ئاکامێکی هاوشێوە. ئەم بەدواداچوونانە کە بە بەشداری ٤٥٢٦ لاوی ١٦ هەتا ٢٩ ساڵان لە کۆماری فیدراڵی پێشووی ئەڵمانیاو ٢٥٦٤ لاو لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا کە هەر لەو تەمەنەدا بوون، ئاکامی وەدەست هاتوو بەو شێوەیە بوو: لە کۆماری فیدراڵی پێشووی ئەڵمانیا ٨٩/٧ لەسەدو لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا ٨١/٢ لەسەد خوازیاری سیستمی دێموکراتیك بوون.

### ١١. ٣. حەز بە بناژۆیی، رادیکاڵیزمو تیرۆریزم

"بناژۆیی سیاسی" بەو ڕەوتانە دەوترێت کەخوازیاری تێکدانی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیو سیاسییە دێموکراتیکانەن کە بە پێی یاساو دەستور دامەزراون. لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتیو کردەوەییەوە، ئەگەر بۆچوونە رادیکالیزمەکان بە کەڵك وەرگرتن لە توورەیی، تێبکۆشن سیستمی کۆمەڵایەتیو سیاسی دێموکراتیك بروخێنن، بە تیرۆریزم ناو نابرێن. بەواتایەکی دیکە تیرۆریزم جۆرە رادیکاڵیزمو بناژۆییەکی سیاسییە کە بە بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندن هەوڵ ئەدات، بە ئامانجە سیاسییەکانی بگات. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە جیاوازیو هاوبەشیەکانی ئەو چەمکانە کتێبی "موولێر" بخوێننەوە.

لیکۆڵینەوە ئەزموونییەکان لەم گۆڕەپانەدا لەڕادەبەدەر دژوارە چونکە ئەو کەسانەی گیرۆدەی ئەو کارانەن ئامادە نیین هیچ زانیاریەك بەدەستەوە بدەن. زۆربەیان لە چارەنووسی مەترسیداری یاساییو سزادانان بۆ خۆیانو خەڵکی دیکە دەترسن. سەرەڕای هەموو ئەم

کێشانە، هەندێك لێکۆڵینەوە لەو پێوەندییەدا ئەنجامدراوەو هەندێك ئاکامیش وەك لە خوارەوە دەخرێنە بەرچاو وەدەست هاتووە:

_ خەڵکێکی زۆرکەم خۆیان لە بناژۆیی سیاسی وەردەدەن. ئەوان چ لە نێو گەورەکانداو چ لە نێو لاواندا کەمینەیەکی زۆر بچووکن. بە زۆری ئەو کەسانەی کە ئامادەییان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی بیروکەی زێدەخوازی وەك کردەوەی تیروریستی لاوانن.

_ جیاوازی نێوان زێدەخوازانی چەپو راست تەنیا پێوەندی بە بیرۆکەی کەسانی سیاسییەوە نییە، بەڵکو هەندێك جیاوازی لە نێوانیاندا دەبینرێت. بۆ وێنە زۆربەی بناژۆ چەپەکان ئاستی خوێندەوارییان لەسەرەوەیە، بە پێچەوانەوە بناژۆ راستەکان لەو کەسانەن کە خوێندەوارییان لە خوارێیە. لاوان بەڕادەیەکی بەرز پێکهێنەری زێدەخوازە چەپەکانن، لە حاڵێکدا بەشێکی زۆر لە زێدەخوازە راستەکان، گەورە "گۆڕان هەلنەگر"ـەکانن. هەڵبەت ئەو جیاوازییە پێوەندی بە ڕەوتی کۆمەڵگەهەڵگری سیاسی ئەوانەوە هەیە،

_ لە نێوان تێگەیشتنو تێڕوانینی زێدەخوازی منداڵان لە گەڵ بیروکەو روانگەی باوكو دایك جۆرە پێوەندیەك دەبینرێت، بەڵام ئەم باسە تیروریستەکان ناگرێتەوە. بە پێچەوانە لە نێو ئەواندا جۆرە هەڵگرانەوەو دوژمنییەك لەگەڵ باوكو دایك هەست پێدەکرێت. زۆربەی ئەوان پەروەردەی پێوەندییە نەگونجاوەکانی بنەماڵە بۆ وێنە باوكو دایکی دیکتاتۆرن. زۆربەیان لە کاتی خوێندندا کەسانێکی سەرکەوتوو نیین، لە حاڵێکدا بۆ گەیشتن بە پلەکانی سەرەوەی کۆمەڵایەتی حەزێکی زۆریان هەیە.

_ واباشە ئاماژە بە جیاوازییەکی دیکە بکەین لە نێوان زێدەخوازی راستو چەپدا کە ئەویش پێوەندی بە ئامانجو ئامرازێکەوە هەیە کە





ئەو دوو گروپە کەڵکی لێوەردەگرن. پاش پێکهاتنی هەر دوو ئەڵمانیا بۆ ماوەی چەند ساڵێك زێدەخوازی چەپو راست گیرۆدەی سەر لێشێواوی بوونو هەر ئێستایش لە قۆناغی نوێکردنەوە، هەڵوێست گرتنی دووبارەو بێ متمانەییدا بەسەر دەبەن.

### ١١. ٤. کۆمەڵگای مەدەنی و بەکارهێنانی ڕق لە لایەن لاوانەوە

کێشەی ڕق یان هەڵسوکەوتی ڕقاویانەی لاوان لە کاتی پشێوی خوێندکارییەوە، یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکان لە گۆڕەپانی زانستە مرۆڤایەتییەکانو بە تایبەت زانستی کۆمەڵایەتیدا بووە.

دەکرێ ڕق بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی جەستەیی یان دەروونی پێناسە بکەین. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئامانجی ڕقی جەستەیی، ئامرازو شتەکانن. بەکارهێنانی ڕقو بێزاری دەکرێت هەم یاسایی بێتو هەم نایاسایی. حکومەتو دامەزراوەکانی بەستراو بەو دەتوانن لەکاتی پێویستدا بە پێی یاساو رێساکان لە ڕق کەڵك وەرگرن. لەو حاڵەتەدا، ڕقو بێزاری لە خزمەتی پاراستنی سیستمی حکومەتدایە.

جێگای سەرسوڕمانە کە لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا بەو ئەزموونە مێژووییەوە بێزاری جارێکی دیکە بووە یەکێك لە ئامرازەکانی ململانێی سیاسی. ژیانکردن بە شێوەی ئاشتی لە پەنای یەکترو لە چوارچێوەی حکومەتێکی یاساییدا، یەکێکە لە داهێنانە نوێیەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی رۆژئاوا. ئەو کۆمەڵگایانە لەوە پێدادەگرن کە بە وتەی "ماکس وبێر" ڕقی داگیرکاری دەزگا حکومییەکانیان تێپەر کردووەو کولتوری دێموکراتیكو پێوەندی یاساییان لە جێگای داناوە.

بەڵام پێداگری خوێندکاران لە سەر هەبوونی "میکانیزمی

سەرکوت" یان بە وتەی هێربێت مارکوزو"لێبوردنی سەرکووت کارانە"[1] لەم سیستمە کۆمەڵایەتی _ سیاسییەدا بە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە بابەتی بەکارهێنانی ڕق‌و بێزاری لە گۆڕەپانی سیاسەت، ببێتە یەکێك لە بابەتە گرنگ‌و جێی باسەکانی کۆمەڵگا. هەندێك روداو وەك شەڕی ڤییەتنام، خۆپێشاندانی خوێندکاران، کەڵك وەرگرتن لە ڕقی سیاسی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم‌و پاشان دارشتنی تیۆرییەکان سەبارەت بە شۆرشی کۆمەڵایەتی بوونە هۆی پەرەپێدانی باسی زیاتر لەم بوارەدا.

لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی خوێندکاراندا، بێ ئەوەی بمانەوێت لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی خۆببوێرین، لە ڕق بەدژی شت‌و خەڵك کەڵك وەرگیرا. بەکارهێنانی بێزاری تەنانەت هەتا ئاستی تیۆریش چووە پێشی‌و هەندێك بیردۆزی لەوبارەوە دانران.

کۆمەڵناس‌و سیاسەتزان "جان گۆڵتوونگ"[2] بەداڕشتنی چەمکی "ڕقی پێکهاتەیی" خۆشەویستییەکی زۆری لە نێو خوێندکاراندا وەدەستهێنا. مەبەست لە "ڕقی پێکهاتەیی" کەڵك وەرگرتن لە جۆرە ڕقێك بوو کە پێویست نەبوو ئاشکرابێت. بەڵام ناراستەوخۆ مرۆڤەکانی دەخستە ژێر گوشاری دەروونییەوە. بێگومان "گۆڵتوونگ" بەو چەمکە، قامکی لەسەر یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا پیشەسازییە مودێرنەکانی خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا دانابوو. ڕقی پێکهاتەیی ئاماژەیەك بوو بە پێبەندییە نوێیەکانی مرۆڤەکان، سەرهەڵدانی پێوەندی نوێی هێز، قەرزدار بوون، ناوەندی کردن، داگیرکاری‌و پاشان بێ‌پێناسەیی. تەنانەت "ماکس وبێر"یش بە دانانی "گۆڕەکانی کویلەیی نوێ" بیری لەو تایبەتمەندییانە کردووەتەوە.

---

1 _ Reperssiven Teleranz

2 _ Johan goltung





لە بەرانبەری "ڕقی پێکهاتەیی" کۆمەڵگای پێشکەوتوودا، خوێندکاران "ڕقی گۆڕان هەڵگرو پێشکەوتوو"یان دانا. تەنیا بەکەڵك وەرگرتن لە ڕق ئەگەری سەرکەوتن هەیە لە ئاڵوگۆری پێکهاتەی سیاسی‌و بەڕێوەبەرایەتی سیستمی دەسەڵاتداری سەردەمدا. بەقسەکردن‌و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە کۆمەڵگایەکدا کاریگەری پێویست دانانرێت کە بیرورای گشتی لەبەردەم لافاوی زانیاریی لایەنەکاندایە.

ئەزموونی مێژووی سەردەم لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا دەریخستووە لاوان وردەوردە بەو تیۆرییە گەیشتوون، کە بێ‌مانگرتن‌و خۆپێشاندان‌و تەنانەت بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزی حکومەت کێشەکانی پاراستنی ژینگە، پەروەردە، بنکە ناوەکییەکان‌و لە نێوچوونی سەرچاوە سروشتییەکان لە ئاستی بیرورای گشتیدا ناخرێتە بەرباس، هەتا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێك بێنێت.

هەندێك لە حیزب‌و سیاسەتڤانان لە ڕادەی بەربڵاوی ئامادەیی لاوان بۆ بەکارهێنانی ڕق‌و بێزاری، تووڕەو سەرسووڕماو بوون. دوو شیکردنەوە بۆ ئەو روداوانە پێشکەش کران، یەکەم ماوەی نێوان بەهاکانی پێداگریی دێموکراتیك‌و باوەڕ بە مرۆڤ‌و بوونی راستییە بابەتییەکانیان بە هۆکار دەزانێت، دووهەمین هۆکار باسی لەوەدەکرد کە زۆربەی ئەو لاوانە لەو بنەماڵانەدا پەروەردە بوون کە سەرەڕای باوەڕ بە بەها دێموکراتیکەکان، ڕقی شاراوەیان بەسەردا زاڵە. کەڵك وەرگرتن لە ڕق‌و بێزاری لە گۆڕەپانە وەرزشییەکان‌و پیشاندانی فیلمە ڕقاویەکانیش هەندێك جار بە نموونەیەك بۆ پێڕەوی لێکردنی لاوان دەزانرێت. لەپەنای هۆکارەکانی سەرەوە دەبێ ئەو راستییەشمان لەبەر چاو بێت کە لایەنە دزێوەکانی بەکارهێنانی ڕق لە نێو بیرورای گشتیدا

دابەزیون.

ئەگەر ئەو شیکردنەوانەی سەرەوە بەتەنیا تایبەت بە لاوانی سەر بە ئیدۆلۆژیی چەپ لە دەیەکانی ٧٠و ٨٠دا بزانین دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە کۆتای دەیەی ٨٠وە بە تایبەت پاش پێکهاتنی هەر دوو ئەڵمانیا، شایەتی ئەو دیاردەیە لە نێو لایەنگرانی راستی زێدەخوازیشداین.

## ١١. ٥. گەشەی تێڕوانینەکانو نموونەکانی هەڵسوکەوتی راستی زێدەخواز لە ئەڵمانیا

لێرەدا دەبێ جارێکی دیکە سەرنج بدەینە ئەو خاڵەی کە لە سەرەتای بەشی یازدەهەمدا ئاماژەمان پێکرد. لە نێوان تێڕوانینو هەڵسوکەوت، تەنانەت هەڵسوکەوتو کردەوەی هەڵێنجراو لە باوەڕە توندەکان، جیاوازی بەرچاو هەیە.

کەواتە سەبارەت بە لاوانی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوە، واتە لاوانی ١٨ هەتا ٢٠ ساڵان، دەبێ بڵێین کە بەشێك لە خوێنوینی ئەوان لەسەر هەڵوێستگرتنی راست بەو مانایە نییە کە ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەی زێدەخوازی ئامادەییان هەیە. تەنانەت بەشێکی زۆر لەدەربڕینەکان بە مانی تێڕوانینی قوڵیان نییە. هەروەك لێکۆڵینەوەکانی "ویلمس"[1] دەرەیخستووە، بەتایبەتی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئامادەیی ئەوان بۆ خۆوەردان لە کردەوەی توندوتیژو بەڕێوەبردنی کردەوەی توندو تیژانە هەیە.

ئێمە دەبێ رێز لە بەدواداچونەکانی "ویلهێم هایتمایر" بگرین.

[1] _ Willems





لەو لێکۆڵینەوانەدا هەڵوێستی زێدەخوازی راست لە نێو لاوانی بەشی خۆرئاوای ئەڵمانیا، واتە ئەڵمانیای فیدراڵ، تەنانەت پێش یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمانیا دەبینرێت. گرنگترین ئاکامی لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانی ئەو بەو شێوەی خوارەوە دەکەوێتە بەرچاو:

_ بناخەی تیۆری بناژۆیی راست پاڵپشتە بە دوو بیرکردنەوەوە، لە لایەکەوە لەسەر ئیدئۆلۆژی قەبووڵکردنی جیاوازییەکان لە نێوان مرۆڤو ئازاردانی کەسانی بیرجیاواز بۆ وێنە بێگانەکانو کەسانی لاوازە، لە لایەکی دیکەوە بە گەورە زانینی خۆو نەتەوەی خۆ بۆ وێنە نەتەوەی ئەڵمانیا.

_ ئاکامی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، جیاوازی دانانە لە نێوان هاوبیروباوەڕو بیرجیاوازەکاندا لە کاتی ئامادەیی و بەکارهێنانی ڕقو بێزاری.

ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، دەبێتە هۆی ماوەدانان لە نێوان تاکەکاندا. خەڵك بەسەر دوو گرووپی چاكو بێدین دابەش دەکرێن. بەدژی بێدینەکان تەنیا ڕق لە جێی بەڵگە هێنانەوە بۆ بەشداری سیاسی کەڵکی لێوەردەگیرێت. بە بۆچوونی "هایتمایر"[1] کاتێك دەتوانین باس لە راستی بناژۆ بکەین کە ئەو جۆرە بەرەنگارییە دووفاقەیە هاوکات بەڕێوە بچێت.

لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا ئێمە شایەتی چوونە سەرێی مەیل بە راستداین. هۆکاری ئەمەیش تەنیا ئاڵوگۆڕی لە ناکاو نییە. رووداوەکانی "هویر زوێردە" لە سپتەمبەری ١٩٩١، "روستۆك" لە ئاگۆستی ١٩٩٢، "موولێن" لە نۆڤامبری ١٩٩٢و "زولینگێن" لەمەی

[1] _ Wilhelm Heitmeyer

١٩٩٣و دەنگدانەوەی بەربڵاوی ئەم کارانە لە جیهاندا بەدژی بێگانەکان و تەمەنی ئەو کەسانەی گیرۆدەی ئەو کارە بوون بووە هۆی تێڕوانینی تایبەت بەم کێشەیە لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا. لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زۆرکراوە. بۆ زانیاری زیاتری بەرهەمەکانی "هایتمایر"، "فوشسێر و فرێدریش"، "مێرتێن"و "لامنێك" بخوێننەوە.

لێکۆڵینەوکانی ئەم ساڵانەی دوایی، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ڕاگەیەنە گشتییەکان پروپاگەندە دەکرێت، ئامادەیی لاوان دەردەخەن بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەی توندو تیژانە لە نێوان دانیشتوانی خۆرئاواو خۆرهەڵاتی ئەڵمانیادا. ڕێژەیەکی زۆر کەم لە لاوان ئامادەی ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژین، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕێژەیە لە نێو کچاندا زۆر کەمترە. "بیرگیت مایێر"[1] لەو باوەڕەدایە کە لە خوارەوە بوونی ڕێژەی ئامادەیی کچان بۆ بەشداریکردن لە توندو تیژی، دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی کولتوری پیاوانە.

ئەگەر دوژمنی لەگەڵ بێگانەکان وەك گرنگترین پێوەر لەبەرچاوبگرین، لێکۆڵینەوە درێژخایەنەکانی "هیڵ"[2] لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ هەتا ١٩٩٢ دەریانخستووە کە پەرەگرتنی هێزی دوژمنایەتی لەگەڵ بێگانەکان لە نێو لاوانی ئەڵمانیادا نابینرێت.

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە بەشێك لەدیاردە کۆمەڵایەتی _ سیاسییەکان بە ڕێژە گشتییەکان بەراورد ناکرێن. ئەو لێکۆڵینەوانەی بەدانانی پرسیارنامە بەڕێوەدەچن، لەبارودوخێکی تایبەتدا بوارە سەرەکییەکانی بابەتی لێکۆڵینەوە ڕوون ناکەنەوە. لە بارودۆخی

1_ Birgit Mayer
2_ Hill





ئیستای کولتوری و کۆمەڵگەهەڵگریدا، کە ڕق و بێزاری و توندوتیژی جێگەی تایبەتی لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا هەیە، تەنانەت ئامرازەکانی ئەو بەشەیشیان هەیە کە گوێگریان منداڵان و مێرمنداڵانن، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە چۆن هەستیاری سەبارەت بەو کێشە گرنگە دابەزیووە.

وەڵامی کۆمەڵناسی دینی بۆ ئەو کێشەیە ئەوەیە کە دابەزینی هەست بە گوناحکردنی تاکەکەس سەبارەت بە تاوانکردن بەرانبەر خەڵکی دیکە، هاتنە خواریی بەرپرسایەتی لەبەرانبەر خەڵك و گیروگرفتی خەڵك، بواری بۆ بەڕێوەبردنی توندو تیژی لە ژیانی مرۆڤەکاندا خولقاندووە.

لە تێڕوانینی ئەو سەردەمەوە دیاریکردنی کاریگەری یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمانیا لە بردنە سەرێی ئامادەیی بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕق و بێزاری لە نێو لاوانی ئەڵمانیا یان بە پێچەوانەوە زۆر دژوارە. لەم بارەیەوە تیۆری جۆراوجۆر داڕێژراون، نموونەی ئەو تیۆریانە پروپاگەندەی بڵاوکردنەوەی تۆوی دوژمنی و دڵڕەقی لە نێو منداڵاندا بە ناوی فێرکردنی سیاسی و دوژمنی چینایەتی لە باخچەی ساوایانی ئەڵمانیای خۆرهەڵات لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی کۆمونیستەکان لەسەرهەڵدانی تێڕوانینی لاوانی دانیشتووی ئەو بەشەی ئەڵمانیا کاریگەری هەبووەو ئێستا بووەتە دیالێکتێکی بەدژی خۆیان و بەشێوەی بۆچوونەکانی ڕاستی زێدەخواز لە دوژمنی لەگەڵ بیرجیاوازیەکاندا خۆدەنوێنێت.

هەڵبەت ڕونکردنەوەی دژ بەو تیۆرییەی سەرەوە کەم نییە، بۆ وێنە دەکرێت کەڵك لە لێکۆڵینەوەکانی "هایتمایر" کە لە ساڵی ١٩٨٧دا ئەنجامیداوە وەربگرین و ئەو پرسیارانەی خوارەوەیش داڕێژین، ئایا هەڵوێستی لایەنی ڕاست و دژە بێگانەکان بە هۆی هێرشی

بێگانەو پەنابەرەکان بۆ ئەڵمانیا تەنانەت بێ یەککگرتنەوەی دوو ئەڵمانیا ئەگەری سەرهەڵدانی نەبوو؟ ئایا هەڵوێستە دژە بێگانەکان زۆر زیاتر لەو رێژەیە نەبوون کە سەرچاوە فەرمییەکان پێش یەککگرتنەوەی دوو ئەڵمانیا بانگەشەیان بۆ دەکرد؟ ئایا هەڵوێستی راستی زێدەخوازیو دەرکەوتنی ئەو لە گروپەکانی لاوان وەك "سیکین هێد"ـەکان سیمای کولتوری لاوان نیین لە وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوودا؟

لەوانەیە، یەککگرتنەوەی دوو ئەڵمانیا تێڕوانینەکانی لایەنی راستو راستی زێدەخوازی بەهێز کردبێت، بەتایبەت ئەو کاتەی کە بابەتی نەتەوەو نەتەوەگەریەتی زیاتر لە راگەیەنەکاندا باس دەکرێت. لەم بوارەدا دەبێ پرسیار بکەین کە، مەبەست لە "نیشتمانی ئەڵمانیا" چییە؟ ئەوە پرسیارێکە کە وەڵامدانەوەی دوای یەککگرتنەوەی دوو ئەڵمانیاش ئاسانتر نەبوو، کاتێك چوارچێوەیەکی کولتوریو بۆچوونی دیکە لە ئارادا نییە کە خەڵك لە نێو ئەودا خۆیان بە ئەڵمانیایی بزانن و پێناسەی بکەن، لەو بارودوخەدا زۆربەی لاوانو تەنانەت گەورەکانیش خۆیان بە "راست" پیشان ئەدەن.

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی سەد ساڵەی رابردووی ئەڵمانیا بدەینەوە، هەمووکات گروپە بناژۆ راستو چەپەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕقو بێزاری یان کردەوەی ڕقاویانە بەدژی شتو خەڵك ئامادەییان هەبووە. نابێ لەبیرمان بچێ کە هیتلێر لە ڕق وەك ئامرازی سیاسی کەڵکی وەرگرت. ئەندامانی ئەو رژیمە بوون کە بە شێوەی ئاشکراو نهێنی بە دژی لاوان ڕقیان بەکار دێناو لە "ڕقی داسەپاو"ی خۆیان کەڵکی بێجێیان وەردەگرت.





## ١٢

## کولتور و نیوە کولتوری لاوان

### ١٢. ١. رونکردنەوەی چەمکەکان

#### ١٢. ١. ١. کولتورو کولتوری لاوان

کولتوری لاوان وەك بەشێك لە کولتوری گشتی کۆمەڵگا هەر بەو رادەیە گەشەدەسێنێتو سەر بەخۆ دەبێت کە گرووپی لاوان، وەك گرووپێك لە تەمەنی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ لە کۆمەڵگا وەردەگیرێن. لانیکەم لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی لاوانەوە دەکرێت باس لە کولتوری سەربەخۆی لاوان بکەین. بەوتەی "ئیشپرانگێر" چەمکی "کولتوری لاو" بۆ یەکەم جار لە لایەن یەکێك لە رێبەرە فیکرییەکانی بزووتنەوەی لاوان، واتە "گوستاو وانکێن" بەکارهێنرا.

چەمکی "کولتور" کە لە "فەرهەنگ" وەرگیراوە لە لاتینەوە هاتووە بە مانای "چاندن"، "کێڵان"، "چاکتر کردن" و کامڵ کردنی (رۆح، دەروون، ئەخلاق و...)یە. کەواتە، چەمکی کولتور لەسەرەتادا چەمکێك بوو لە بەرانبەر چەمکی سروشتدا. لە ڕەوتی گۆڕانکارییە کولتوریو ژیارییەکانی مروڤدا، رێژەی ئەو کارانەی کە بە کولتور دادەنران، پەرەی سەند. لە گۆڕەپانی "کولتوری ماددی"دا دەکرێ باس لە ئامێرو ئامرازەکانی "زاڵ" بەسەر سروشتدا، بۆ بەرهەمهێنانی خواردمەنیو پێداویستی بکەین. لە "کولتوری مانەوە"دا هونەر، ئەدەبیات، سیاسەت، ماف، رەوشت، دابو نەریت، بەهاکانو کردەوە باوەکان نیشاندەری کولتوری کۆمەڵگاکانن. بەکورتی کولتور هەموو هەڵسوکەوتو کردەوە بەرانبەرەکانی نێوان مروڤەکان دەگرێتەوە، ئەو

كارانەی كە ژیانی كۆمەڵایەتی و كولتوری مروڤەكان لەبار دەكات.

كەڵك وەرگرتن لە چەمكی كولتوری لاوان بە ئاماژە بۆ كولتوری گشتی كۆمەڵگا بەو مانایەیە كە شێوازو نێوەرۆكێكی تایبەت لە كولتوری ماددی و بە تایبەت مانەوەی لەبەرچاوە. كولتوری لاوان پێشاندەری سەربەخۆیی، جۆرە هەستێكی ژیان و جۆرێك لە بەها تایبەتەكانە. هەر بە سەرنجدان لەو بابەتەیە كە "تێنبرۆك"[1] كولتوری لاوان وەك "كولتوری هەندەكی" پێناسە دەكات. كولتوری لاوان بۆ هەموو كاروبارە كۆمەڵایەتییەكان خاوەنی سەربەخۆیی بڕیاردانە. بە باوەڕی "تێنبرۆك"، كولتوری لاوان نەك هەر خاوەنی تایبەتمەندییە ئاشكراكان لە هەڵسوكەوت، وەرزش و سەیراندایە، بەڵكو شێواز، ئەخلاق، ئەدەبیات، مۆسیقا و زمانی تایبەت بە خۆی هەیە.

### ١٢. ١. ٢. وردە كولتورو كولتوری هەندەكی

كولتوری لاوان یان وردە كولتوری لاوان بەو واتایانەی سەرەوە، هەموو كات بە شێوەی "دژە كولتور" یان "كولتوری جێگر"ە. ئەمە بەو مانایەیە كە كولتوری لاوان ئاگایانەو خۆویستانە بە پێی پێویست بەشێك نییە لە كولتوری گشتی، فەرمی و زاڵ.

" چەمكی وردە كولتور" نە لە زمانی باوو نە لە زمانی فەرمیدا بە شێوەی روون و ئاشكرا شینەكراوەتەوە.

لێرەدا "وردە كولتور"بە "كولتوری هەندەكی كۆمەڵایەتی" دەكەوێتە بەرباس. لە نێوان كولتوری لاوان وەك "كولتوری هەندەكی"و "بەشێك لە كولتوری فەرمی" كۆمەڵگاو "وردەكولتور" بە مانای

1_ Tenbruek





كولتورێك كە ئاگایانە هێرشبەرو دژە كولتوری فەرمییە، كۆمەڵێك پێداویستی جۆراوجۆر بە سەرنجدان بەو هۆكارانە لە ئارادان:

_ وردە كولتورەكان كە بەشێك لەوان بە تەواوی لە كولتوری زاڵ جیاوازن. دەركەوتنی ئەو جۆرە جیاوازییە لە زمان، جلوبەرگ، جوڵانەوەی لەش، داب و نەریت، هەڵسوكەوت و پشتكردن لە هەندێك بەهای باوی كۆمەڵگا خۆدەنوێنێت، مەبەست لە بەهاكان خاوەنداریەتی و هەوڵدان بۆ سەركەوتنە. (سەبارەت بە وردە كولتورەكان دەبێ سەرنج بدەینە ئەو هۆكارانەی خوارەوەیش)،

_ رادەی گروپەكان.

_ ئامادەیی بۆ كردەوەی توندوتیژی شاراوەو ئاشكرا.

_ تایبەتمەندییە تەمەنی و چینایەتییەكان.

هەروەها وردە كولتورەكانی لاوان كە پشتیان كردووەتە كولتوری فەرمی، نموونەكانیان لە گروپەكانی"ئیسكین هود هود"و "پانك"ەكاندا دەبینین. ئەم گرووپانە بەو مانایەی كە دژكردەوەیەك لە بەرانبەر كولتوری فەرمیدان دەكرێت بە جۆرێك لە"كولتوری هەندەكی" ناوبەرین.

یەكێك لەو كەسانەی كە لە سەرەتادا شیكردنەویەكی لە"وردە كولتور" پێشكەشكرد "رابێرت ر. بێل" بوو. شیكردنەوەی ئەو لە وردە كولتور بەوشێوەیە: "لە كولتوری هەندەكیدا، لە سیستمێكی كولتوری تا ڕادەیەك پتەو ئاگادار دەبین كە لەودا سیستمی گشتی كولتوری نەتەوەیی، خاوەنی جیهانی تایبەت بە خۆیەتی. ئەو جۆرە وردە كولتورە خاوەنی پێكهاتەو كاردای تایبەت بە خۆیەتی. ئەندامانی ئەو جۆرە وردە كولتورە تاڕادەیەك جیاوازییان هەیە لەگەڵ هەموو كۆمەڵگا." ئەم شیكردنەوەیە كە لە چوارچێوەی تیۆری كارداگەریەتی

_ پێکهاتەییدا پێشکەش کراوە، زۆر فەرمی و بێنێوەرۆکە. نێوەرۆکی ئەو ماناکردنە لە پێشدا لە سەرەتای دەیەی ٦٠دا، بۆ یەکەم جار لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو پاشان لە ئەوروپا دیاریکرا. بەرەبەرە وردەکولتوری لاوان سەری هەڵداو پاشان بەهێز بوو. بە باوەڕی بێل "وردە کولتوری لاوان لە گەڵ قۆناغیکی تایبەت لەگەشەی کۆمەڵایەتیدا گونجاوە کە لاوان ئەزموونی لێوەردەگرن. وردە کولتوری گونجاو لەگەڵ ئەو جۆرە هەلومەرجە دەردەکەوێت و لە ناکاو جارێکی دیکە دادەمرکێت".

### ١٢. ١. ٣. وردەکولتور وەك بەشێکی هەندەکی لە کولتور لە مانای بەربلاویدا

لە هەرحاڵدا روون و ئاشکرایە کە چەمکی کولتور لە روانگەی وردەکولتورەوە، چەمکێکی بەربلاوتر لەو شتەیە کە کۆمەڵگای شارومەندی کلاسیك تێیدەگەن. کولتور لە روانگەی وردە کولتورەوە هەموو لایەنەکانی شێوەی ژیانی گروپێك دەگرێتەوە. ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە کولتور، کە بە بۆچوونی "رۆڵف لیندێر"[1] تێڕوانین لەم چەمکە لە لایەنی جوانناسییەوە بەرەو مرۆڤناسی دەروات، گونجاوە لەگەڵ گورانکارییەکانی روانینی خەڵك لە گۆڕەپانی زانستی کۆمەڵایەتی و زانستی کولتورییەوە. ئەم تێگەیشتنە لە کولتور لەگەڵ مەیلە نوێیەکانیش لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەدا هاوسەنگە کە سەرنجێکی زۆر ئەداتە توێژینەوە لە ژیانی روژانەو شێوەی ژیانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئەو جۆرە لێکدانەوەیە مەترسیدارە. "رۆڵف" بە

[1] _ Rolf Linder





روونی سەرنجی ئێمە رادەکێشێت بۆ لای مەترسی و دژوارییەکان بۆ ئانالیزەکردنی کولتور لە تێڕوانینی زانستی کۆمەڵایەتییەوە. کاتێك کولتور بە شێوەی چەمکێکی گشتی شیدەکرێتەوە، هەموو شتێك بێ جیاوازی لە نێو خۆیدا جێدەکاتەوە.

رەهەندەکانی مروڤناسی و خەڵکناسی زۆربەی وردەکولتورەکان تەنیا بەکەڵك وەرگرتن لە چەمکەکانی "کولتوری خوجێیی"و "کولتوری خێڵەکی" روون دەکرێنەوە.

هەڵوێستی رۆمانتیکی وردە کولتور بە ئاڕاستەی کولتورە سەرەتاییەکاندا، کارێکی تازە نییە بەڵکو لە سەرەتاوە یەکێك لە پێکهاتە گرنگەکانی وردە کولتوری لاوان بۆ وێنە بۆچوونی منداڵانە لەم گۆڕەپانەدا بووە. لە ساڵی ١٩٠٤ "ئیستانلی هاڵ" کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، وەبیری هێنایەوە کە لاوان لە ڕەوتی تاکەکەسی خۆیاندا ئەزموون لە قۆناغی سەرەتای کولتوری خۆیان وەردەگرن: کولتوری شوانی و خێڵەکی، کولتوری ئازادیی و رێگری. بەسەرهەڵدانی "هیپی"یەکان و گروپە هاوشێوەکانی لە نێوەراستی دەیەی شەستەمەوە لە نێو لاواندا، لە هەر دوو بەری"ئاتلانتیك" کولتوری لاوان و وردە کولتوری لاوان بووەتە بابەتی گەرمی باسەکان. "هیپییەکانی ئەمریکا خۆیان بە پشتیوانی کەمینە چەوساوەکان، میراتگری راستەقینەی سورپێستە سەرکوت کراوەکان و خۆنوێنی بابەتیی کوولییە دەرکراوەکان دەزانی". جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوان لە باسی زارەکیدا کەڵکیان لە هەندێك چەمك وەردەگرت وەك پۆڕ، خێڵ، رەچەڵەك و هتد.

### ١٢. ٢. جیاوازییەکانی کولتوری لاوان لە دەیەی ٦٠دا

لێکۆڵینەوەکانی "ج. کۆڵمەن"[1] لە کتێبی "کۆمەڵگای تازە باڵغبووەکان"دا سەبارەت بە تایبەتمەندییە کەسیەتییەکانی لاوان، دەلاقەیەکی نوێی لەم باسەدا کردەوە. بە پێی لێکۆڵینەوە ئەزموونییە ئەنجامدراوەکانی ساڵی ١٩٥٨،"کۆڵمەن" گەیشتە ئەو ئامانجەی کە "کۆمەڵگای تازە باڵغبووەکان" لە راستیدا پێشاندەری سەرجەم کۆمەڵگا لە بەراوردێکی بچوکدایە. بە بۆچوونی "کۆڵمەن" پێکهاتەی سەرەکی کولتوری لاوان یان وردە کولتوری لاوان بەو شێوەیەی خوارەوەن:

_ حەزی هاوشێوە هەستی خۆ بەستنەوەو پێوەندی بە پێکهاتەی هێمایی ئەم کولتورە وەك: مۆسیقای راك، مۆدەکانو هتد. پێوەندیو کردەوەی لاوان تەنیا لە دەوری ئەم پێکهاتانە دەسوڕاویە.

_ ئەمە دەبووە هۆی سەرهەڵدانی جۆرە هەستێکی پێوەندی دەروونی توند لەگەڵ یەکتر. واباشە ئاماژە بەوە بکەین کە "مارگارێت مید" هۆکاری کێشەی لاوانی بە نەبوونی پێناسە نەدەزانی، بەڵکو پێیوابوو کێشەی بنەڕەتی لە بابەتی "خۆبەستنەوە"و "هەڵبژاردنی پێوەندی"دایە.

_ هۆکاری سەرەکی، مەیل بەسەربەخۆیی بوو کە ئەمە خۆی دەبووە هۆی بەهێزکردنی پێوەندی دەروونی لە نێوان ئەواندا.

باسکردن سەبارەت بە سەرهەڵدانی کولتوری سەربەخۆیی لاوان لە گۆڕەپانی کۆمەڵناسیدا، لەسەرەتاوە بەسترابووەوە بە بڕیاری پێش

1_ J. Coleman





وەختو ئەو بیردۆزیانەی کە لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی بەلارێداچووی لاوانەوە فۆرمیان گرتبوو. لەم بارەیەوە ئەو تیۆرییە دادەرێژرا کە کۆمەڵناس بە "شانۆی ئامادەی بڵاوکردنەوە"ی خۆیەوە دێتە سەر گۆڕەپانەکەو بەکەڵك وەرگرتن لە تیۆرییە جۆراجۆرەکان سەبارەت بە تاوانکاریو پەراوێزبوون کە لە چوارچێوەی تیۆریی گشتی کارداگەریەتی _ پێکهاتەیی فۆرمی گرتووە، بە نیسبەت رەخنەو خۆپیشاندانە ڕقاوییەکانی لاوان دژکردەوە پیشان ئەداتو بەم شێوەیە چاوپۆشی دەکات لە کەسیەتیو تایبەتمەندییە سەربەخۆکانی بزوتنەوەی لاوان.

هەر لەم روانگەوەیە کە "فیڤێل"[1] لە سەرەتای دەیەی ٦٠دا لاوان وەك "پێکهێنەرانی کێشە" ناو دەبات. "لاپاساد" بشێویەکانی کۆتایی دەیەی ٥٠و سەرەتای دەیەی ٦٠ بە "شۆرشی بێهۆکار" دەزانێت. لە کۆتایی دەیەی ٦٠دا چەمکی "شۆرشی ژێر زەوی"یش بەکار دەهێنرا. "ڤالتێر هۆلشتاین"و "دیتر باکە" کە لەم چەمکەدا بێ لەبەرچاوگرتنی بۆچوونێکی تایبەت کەڵکیان وەردەگرت، نەیانتوانی ببنە رێگرێك لەوەی کە بە سوود وەرگرتن لەم چەمکە بزوتنەوەی لاوان تاوانبار بکرێت بە هەبوونی حەزو مەیلە تاوانکارییەکانیان.

### ١٢. ٣. نیوە کولتور وەك کولتوری پڕ کردنەوەی کاتی بێکاری

#### ١٢. ٣. ١. گرنگی کاتی بێکاری بۆ لاوان

هەروەك لەپێشدا باسمانکرد، "شوێنی تاکی" کولتوری لاوان، گرووپە هەوتەمەنەکانن. روانینی ئەوان لە کاتیش پێوەندی بە

1_ Fyvel

**روانگەیانەوە هەیە بۆ سوود وەرگرتنی زیاتر لە "کاتی بێکاری". لە بەراوردی ئەو دامەزراوەو کەرەسانەی لە دەستی گەورەکاندایە، کەرەسەکانی لاوان بۆ ئەزموون‌و کار سنوردارترە.**

**لێکدانەوەیەك کە گەورەکان لە کاتی بێکاری هەیانە، لەگەڵ تێگەیشتنی لاوان لەم بابەتە جیاوازە. کاتی بێکاری بۆ گەورەکان، سەردەمی بەدەستهێنانی هێزی دووبارە بۆ کارە، بە پێچەوانە کاتی بێکاری بۆ لاوان، سەردەمی گیرودەبوون لەگەڵ ئەو دامەزراوانەیە کە کاتی بێکارییان نییە. بە بۆچوونی "لودکە"[1] کاتی بێکاری بۆ لاوان گۆڕەپانی پەروەردەو ئەزموونی ناسین‌و هەستە. کاتی بێکاری بۆ ئەوان شوێنی لێکدانی کولتور، پێناسەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانە.**

**بنەماڵەو خوێندنگا لە هەوڵدان، هەتا ئەو جێگایەی دەکرێت کاتی بێکاری لاوان سنووردار بکەن یان بەرەو ڕەوتی تایبەتی بەرن. هەردوو دامەزراو، واتە بنەماڵەو قوتابخانە، لە بارودۆخێکی دژواردان "کۆڵمەن" ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە هۆی ڕووبەڕو بوونەوەی دامەزراوەکانی دواجاری فێرکردن لەگەڵ دژوارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەبێ ململانێ بکەن لەگەڵ هەموو ئەو دامەزراوانەی پێداویستییە خافڵێنەرەکانی لاوان بۆ کاتی بێکاری دابیندەکەن. بەرهەمهێنانی بەرینی ئەم جۆرە سەرقاڵکەرانە لە راگەیەنە گشتییەکان یان کارناڤاڵەکانی دیتندا، ڕکەبەرێکی پڕ مەترسی بۆ سیستمی پەروەردەی فەرمین. بۆ وێنە ئاماژە بە یەکێك لەو خافڵێنەرانە دەکەین کە بووەتە پێکهاتەیەکی گرنگی کولتوری لاوان، ئەویش کولتوری مۆسیقایە.**

---

[1]_ Ludtke





### ١٢. ٣. ٢. کاتی بێکاری لە "کۆمەڵگای تاقیکاریدا"

**"گرهارد شولسە"[1] لە پانتایی کۆمەڵناسی کولتوریدا بە دارشتنی چەمکی "کۆمەڵگای تاقیکاری" بابەتێکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگای سەردەم وەك "کۆمەڵگای بەکارهێنەر"و "کۆمەڵگای پێوەندییەکان" خستووەتە بەردەستی ئێمە. خراپ نییە، ئاماژە بە هەندێك لە دەسکەوتەکانی "شۆڵسە" بکەین، چونکە بە یارمەتی ئەوان دەکرێت باشتر تێبگەین لە هەڵسوکەوتی خەڵك بە گشتی لە کاتی بێکاری‌و هەڵسوکەوتی لاوان بە تایبەتی.**

**نموونە بەرچاوەکانی "کۆمەڵگای تاقیکاری" لە سەرەتای دەیەی هەشتاوە وردە وردە دەبینرێت. هەڵبەت بە وتەی "شۆڵسە" ئاڵوگۆڕ لەم بوارەدا لە سەرەتای دەیەی پەنجاوە دەستی پێکردبوو:**

**_ بەرەبەرە ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی ژیان لایەنی عەقڵانی‌و کاردایی بە خۆوە گرت. کاردای ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی ژیان، بووە هۆی وەرگرتن لە هۆکارە دەرەکییەکان بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییە دەروونییەکان. مرۆڤەکان جار بە جار زیاتر مەیلیان بە لای ئەزموونی "ژیانی خۆشەوە" ڕاکێشرا.**

**_ لەو جۆرە هەلومەرجەدا "گۆڕەپانەکانی بەربەرەکانی هاوبەش" سەریان هەڵدا. روانگەی جوانناسانە لە ژیان، پێکهێنانی کۆڕەکان، ئەزموونی جۆرێکی تایبەت لەبوون، مەیل بە جیهانبینی رەسەنایەتی بوون، جۆرێك عەقلانیەت و هتد.**

**ڕەوتێکی دیکە لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنان‌و ئابووریدا لەگەڵ ئەم**

---

[1]_ Gerhard Schulze

مەیلە گشتییە ڕێککەوتو ئەویش سەرنج لە لایەنی جوانناسانە لە بەرهەمهێنانو فۆرمدان بە کاڵاکانی بەکارهێنان بوو. "شۆڵسە" بە روونی پێ لەوەدادەگرێت کە شێوەی ژیان لە "کۆمەڵگای تاقیکاری" کاریگەرییان هەیە لە سەر پێکهاتەی دەروونی، فۆرمەکانی تێگەیشتن، چێژ وەرگرتنو سەرەنجام بوونی ئێمە. "کردەوەو دەرخەرە بنەڕەتیو نەریتییەکانی لەش وەك کار، بەربەرەکانی، مندالٚ بوون وردە وردە جێگەی خۆیان داوەتە گەڵاڵەکردنی تایبەتمەندییەکانی زیندەوەر وەك ئامرازێك بۆ ئەزموون وەرگرتن لە ژیان".

بەهاتنە ئارای بابەتی "کۆمەڵگای تاقیکاری" چوارچێوەیەکی نوێ لەبەردەستدایە، کە بە یارمەتی ئەو، جیاوازییە رووەکییەکان لە پانتایی کولتووری سەردەم بە شێوەی بابەتێکی تایبەت هەڵدەسەنگێنێت. ئەم بابەتە بۆ شیکردنەوەی شێوازی هەڵسوکەوتو تێگەیشتن لە جیهانی لاوان زۆر زیاتر لەوەیە کە بکرێت لێرەدا بیخەینە بەر باس.

### ۱۲. ۳. ۳. کاتی بێکاریو ڕەوتی جیابوونەوە

حەزی زۆری لاوان بە جیابوونەوە لە ماڵی دایكو باوك، دەبێتە هۆی ئەوەی مەیلیان هەبێت لە تێپەرکردنی کاتی بێکاری لەگەڵ گروپە هاوتەمەنەکانیان، وردە کولتورەکانو هاورێیانو ناسیاوندا. لەم گرووپانەدایە کە لاو هەست دەکات، لێی تێدەگەنو گوێی بۆ دەگرنو پێناسەی سەربەخۆی هەیە. لە کاتی بێکاریدا لاوان فەزای تایبەت بە خۆیان ئەدۆزنەوە. فەزایەکی ئەزموونی کە لە لایەن خۆیانەوە هەڵدەبژێردرێ یان دروست دەکرێت. بەڵام ئەزموونی ژیان لە فەزای بنەماڵەیشدا وردە وردە دەبێتە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی خۆیو لە





ئەزموونی ژیانی دایكو باوك جیادەبێتەوە. بە بوونە خاوەنی دیوی جیا، ئامێری دەنگو هەندێك جار تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆی، لاو فەزایەکی گونجاوو تایبەت بە خۆی لە چوارچێوەی فەزای بنەماڵەدا پێکدێنێت. ئامێرە خافڵێنەرەکان وەك مۆسیقا، هونەرە دەستییەکان، لێکۆڵینەوەو تەنانەت خوێندنەوەی بەردەوام دەتوانن فەزای تایبەت بۆ لاو لە نێو بنەماڵەدا بخولقێنن.

لە گۆڕەپانی تێپەراندنی کاتی بێکاری مەیلێك دەبینرێت کە لە هەموو گۆڕەپانەکانی دیکەی کۆمەڵگادا بەرچاوە، ئەویش هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، جیابوونو لەتبوونی کۆمەڵگا بە شێوەی گروپەکانی تەمەنە. دیاردەی لەت لەت بوون لە سەرجەم ئاستەکانی کۆکەڵگادا دەبینرێت، بەڵام ئێستا راستی بەرچاوی ئەو لە تێپەراندنی کارتی بێکاری هەست پێیدەکەین. لەم سەردەمدا لاوانی ۱۷ هەتا ۱۸ ساڵ لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیان سەفەر دەکەن. کۆمپانیاکانی تۆریست خۆیان لەگەڵ ئەو هەلومەرجە دەگونجێنن. ئێستا بەشێکی بەرچاو لە پیشەسازی توریزم پێکدێت بۆ رێکخستنی گرووپی مێرمندالٚو لاوانو دەستەبەرکردنی فەزایەکی گونجاو بۆ ئەو گرووپانە. بەرهەمهێنانی کاڵاکانی بەکارهێنان بۆ کاتی بێکاری، لە ئێستادا لاوانیشیان وەك گەورەکان کردۆتە ئامانجی ئابووری خۆیان. هەڵبەت ئەم دیاردەیە یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای سەردەمە، گازینۆ تایبەتەکانو گروپە هاوشێوەکان، وەك هاندەرانی توپی پێ، وەك دەرکەوتنی ئاشکرای وردە کولتوری لاوان، خونوێنێکی دیکەی پێوەندی نێوان بەکارهێنانو کاتی بێکارین.

### ۱۲. ۳. ٤. شێواز، ئامرازی ماوەگرتنو خۆرێکخستن

وردە کولتورە رادیکاڵەکان هەوڵدەدەن، بە دیاردەی راکێشان لە

سیستمی زاڵ لە لایەن کولتورو خەرجی بەو شێوەیە بەربەرەکانی بکەن بۆ ئەوەی شێوازی تایبەت بە خۆیان پێکبێنن. شێواز بریتیە لە زەنجیرەیەك لە شێوە دەرەکییە نوێو جوانەکان کە وەك نموونەی تایبەت خۆ دەنوێنێت، وەك: زمان، مۆد، جوولەی لەش، مۆسیقاو گرنگترین ئامێرەکانی پێشکەش کردنی. لە کتێبی "جوڵێنەرو خولقێنەر"دا هەوڵ دراوە کە بە شێوەی مێژوویی و بەراوردیی بابەتی جوانناسانەی لاوان بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە. گروپە جۆراوجۆرەکان وەك "باڵندە کۆچەرییەکان"، "هاورێیانی رۆناکبیری"، "گرووپی دڕندەکان"، "مرۆڤەکانی هەتاو"و زۆر گرووپی دیکە خراونەتە بەرچاو. هەموو ئەو گرووپانە هەتا ڕادەیەك شێوازی تایبەت بە خۆیان هەبووە. کاردای سووك لە گرووپی لاواندا، جیاکردنەوەی ئەوان لە کەسانی سەر بە گروپەکانی دیکەیە. ئەو دیاردەیە بە روونی لە گرووپی "باڵندە کۆچەرییەکان"و تەنانەت "پانکی" یەکانی ئێستاشدا دەبینرێت.

ئەو هێمایانەی کە بۆ دیاریکردنی جیاوازییەکان هەڵدەبژێردرێن، بۆ وردە کولتورەکان کاردای خۆڕێکخستن، نیشانە کردن، هیمایی و هەڵبژێراوییان هەیە،"کوهێن"[1] بەو شێوەیە لە گرنگی ئەم دیاردەیە دەدوێت: "هەڵسوکەوتی تایبەت ئەو هەستە بە ئەندامان دەبەخشێت کە ئەوان سەر بە ڕەوتێکی تایبەتن و دەبێ ئامادەییان بۆ وەرگرتنی رۆڵی نوێ هەبێت. ئەو تایبەتمەندییە دەتوانێت لە جلوبەرگ، زمانی قسە کردن، شێوازی جوولە، حەزەکان، بێمەیلییەکان، بابەتە تایبەتە جێگای باسەکانو باوەڕە تایبەتەکان خۆی بنوێنێت."

سەبارەت بە چۆنیەتی فۆرم وەرگرتنی شێوازە تایبەتەکان لە وردە

1_ A.K.Cohen





کولتوردا "کلارك"[1] بە کەڵك وەرگرتن لە پێوەری مۆد، دوو گرووپی تایبەت، واتە "ئەسکین هودەکان"و "هێبدیچەکان"ی هەڵسەنگاندووە. لە وردە کولتورە رادیکاڵەکاندا لە پەنای سوود وەرگرتن لە پێکهاتەکانی شێواز، لەسەر چۆنیەتی تێپەڕکردنی کاتی بێکاری لە لایەن ئەندامانی گروپەوە پێدادەگیرێت. لێرەدا کێشە تەنیا تێپەرکردنی کاتی بێکاری نییە، بەڵکو بەدەستهێنانی "فەزای سەربەخۆ"یە. فەزایەك کە لە بواری، شوێن، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوریەوە لە ژێر کاریگەری خەڵکی دیکەدا نەبێت.

لە کاتی بڵاوبوونەوەی نۆهەمین لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە لاوان کە لە لایەن "کۆمپانیای شێل"ەوە پشتگیری کراو بابەتەکەی کاتی بێکاریو وردە کولتوری لاوانو شێوازی تایبەتی ئەوان بوو، ئەوەی بووەتە گرنگترین بابەت لە پانتایی لێکۆڵینەوەی لاواندا ئەو شێوازانەیە کە بە کاری دێنن، لە ژمارەی ١٢ی ئەو زەنجیرە لێکولینەوەدا هاتووە:

_ شێواز لە گۆڕەپانی وردە کولتوری لاوان وەك هەوڵێك بۆ گەیشتن بە ژیانی باشتر یان دامەزرانی کۆمەڵگایەکی وەرگریی لاو، گرنگی خۆی لە دەستداوە. لە ئێستادا سەیرانو حەسانەوەی مێشك خاوەنی گرنگییە.

_ نێوەرۆکی وردە کولتوری لاوان پتەوی جارانی نییە، هەواو هەوەسو چێژ وەرگرتن جێگای ئەوی گرتووەتەوە.

_ لە یەکگرتوویی و هاودەنگی لەگەڵ وردە کولتورە سیاسییەکانو بزوتنەوە رەخنەگرەکان کەمبووەتەوە، بەڵام یەکگرتوویو هاودەنگی لەگەڵ گروپەکانی شێواز بە ئاڕاستەی بەکارهێنانو شێوازە تایبەتیەکانی ژیان هەروا درێژەی هەیە.

1_ Clarke 1979

**١٢. ٣. ٥. جیاوازی کولتوری کاتی بێکاری لە خۆرهەڵاتو خۆرئاوای ئەڵمانیا**

"لووکە" دەڵێت: "کەرەسەی جۆراوجۆر دابیندەکرێت بۆ تێپەڕکردنی کاتی بێکاری لاوان. ئەوان زیاتر لەو چالاکییانە پێشوازی دەکەن کە بواری پێوەندی گرتنی لە گروپە هاوتەمەنەکانیان تێدا برەخسێت. نموونەی ئەم چالاکیانە، یاری، وەرزش، گوێگرتن لە مۆسیقا، دیسکۆ، خواردنەوە، هەوڵدان بۆ وەرگێران لە نێو گرووپو بەدەستهێنانی ڕێزو حورمەت لە نێو هاوتەمەنەکاندایە."

بە بۆچوونی لووکە، لە دەیەی حەفتاوە هەندێك نیشانە لە نێونەتەوەیی بوونی چالاکییە ناوبراوەکان لە نێو لاواندا دەبینرێت، کە هەر بەڕادەیەك لەسەر لاوانی خۆرئاواو خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا کاریگەری داناوە. ئەگەر جیاوازیەك لەم بوارەدا دەبینرێت، زیاتر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە، دامەزراو، ئامرازو کاتی جیاوازە کە بۆ لاوەکە تەرخان دەکرێت. ئەگەر پێوەرەکانی دیکەیش لەبەرچاو بگرین، جیاوازییەکان لە گۆڕەپانی وردە کولتوری لاوان بە شێوەی بەرچاو دادەبەزن، پێوەرەکان وەك توندی کردەوەی بەرانبەر لە نێو لاواندا، پێکهاتەی گروپە بچووکەکان، ئەزموون بۆ بەدەستهێنانی پێناسە، شێوەی بیرکردنەوە، ئەداو ئەتوارو هتد.

ئەو ئاکامەی سەرەوە لەو لێکۆڵینەوانە بەدەستهاتووە کە لە ساڵی ١٩٩١دا ئەنجامدراونو لە چوارچێوەی "لاوی٩٢"دا چاپکران. ئەم بەدواداچوونانە دەگەنە ئەو ئاکامەیش کە ڕەوتی هاوسەنگی وردە کولتوری لاوان لە خۆرئاواو خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا لە سێهەمی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ ـەوە دەستی پێنەکردووە واتە ڕێکەوتی فەرمی یەکگرتنەوەی





هەر دوو ئەڵمانیا، بەڵکو پرۆسەیەکە لە هەموو وڵاتانی پیشەسازی بۆ وێنە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا لە زۆر لەوە پێشەوە دەستی پێکردبوو.

هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ساڵی ١٩٩٦ بە بابەتی "لاوبوون لە ئەڵمانیا" فۆرمیگرت، گەیشتە ئەو ئاکامەی کە جیاوازی بەرچاو لە گۆڕەپانی هەڵسوکەوتی لاوان لە کاتی بێکاریدا بۆ دانیشتوانی خۆرهەڵاتو خۆرئاوای ئەڵمانیا لە ئارادا نییە. جێگەی باسە کە کچانی لاوی دانیشتووی خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا، بەرنامەی کاتی بێکاری خۆیان بۆ کاروباری بنەماڵە دادەڕێژن. جیاوازی نێوان لاوانی کوڕ لە خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا زیاتر پێوەندی بەو کەرەسانەوە هەیە کە لەبەر دەستییاندایە. لاوانی دانیشتووی خۆرئاوای ئەڵمانیا زیاتر مەیلیان لە چالاکییە جوانناسییەکانی کولتورییەو لاوانی دانیشتووی خۆرهەڵات خۆ خەریك دەکەن بە چالاکییە پراگماتیستیەکانەوە.

**١٢. ٤. کولتوری مۆسیقا لە نێو لاواندا**

**١٢. ٤. ١. کولتوری مۆسیقا لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی لاوانەوە**

هەڵسوکەوتی لاوان، سەما سەیروسەمەرەکانیان، خەونەکانیان، خەیاڵ پەرەستیەکانیان، جۆرە هەستێکی تایبەت لە ژیان کە تایبەت بەم تەمەنەیەو هەوڵدان بۆ پیشاندانی جیاوازی کولتوری خۆیان لەگەڵ کولتوری گەورەکان، هۆکارێکن کە دەکرێ دەرکەوتنی ئەوان لە مۆسیقای لاواندا بە ئاشکرا ببینین.

ئەم راستییە سەبارەت بە هەموو قۆناغەکانی فۆرمگرتنی "لاو وەك تاکێك" بە تایبەت لە ڕەوتی بزوتنەوەی لاوانی ئەڵمانیا بەرچاوە.

مەیلی لاوان بۆ مۆسیقای ئەویندارانە، مۆسیقای ژەنیارە گەڕۆکەکانی سەدەکانی نێوەراست، مۆسیقای گەڕۆك و مۆسیقای گروپە خوێندکارییەکان، سەلمێنەری ئەو حەزەن. "ڤالتێر لاکووئێر"[1] لە بەرهەمێکدا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دەنووسێت بڵاوکراوەی "هانس برێوێر" نەك هەر بە هۆی بڵاوکردنەوەی سرودەکان خاوەن بەهایە، بەڵکو پیشاندەری زۆربوونی مەیلە نیشتمانییەکانە لە نێوان لاوان و بزوتنەوەی لاواندا. سەروتارەکانی ئەو لە ژمارە جیاجیاکاندا هەتا سەرەتای دەستپێکردنی شەڕ لە ساڵی ١٩١٤ دا بەئاشکرا ئەو حەزانە دەردەبڕێ.

لە ڕێکخراوی لاوانی "باڵندەی کۆچەر"و ڕێکخراوە پێوەندیدارەکانی دیکە وەك "لاوانی ئەڵمانیای ئازاد" ژیانی گرووپی و مۆسیقا ڕەوتێکی یەکگرتوویان پێکدێنا. گۆرانی وتن پێکهاتەیەکی گرنگ بوو لە "بزوتنەوەی گەورە"و ئەزموونی بەرچاوی ئەندامانی "باڵندە کۆچەرییەکان"دا.

پاش شەڕی جیهانی دووهەم، لە چوارچێوەی بیرکردنەوە بۆ نوێکردنەوەی ڕێکخراوی پەروەردەو فێرکردن لە ئەڵمانیا، بوار بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی مۆسیقای لاوان ڕەخسا. گروپەکانی مۆسیقا و مۆسیقارە جۆراوجۆرەکان دەرکەوتن. ئەنجوومەنەکانی گورانیبێژان و هۆگرانی مۆسیقا پێکهاتن. بۆ زانیاری زیاتر لەم بوارەداو تێگەیشتن لە گرنگی مۆسیقای ئەو سەردەمەو بۆ ئاڵوگۆڕی مۆسیقا لە سەردەمی ئێمەدا بەرهەمی "رینفاند"[2] بخوێننەوە. لە دەیەی بیستەمەوە نیشانەکانی سەرەتای گۆرانکاری مۆسیقای لاوان لە ڕەوتی

1_ Walter Lagueur
2_ K.H .Reinfandt





سەرهەڵدانی مۆسیقای مودێرندا دەبینرا.

"سووینگ"[1] بۆ زۆربەی لاوان دەربڕی ڕەخنەی بێدەنگ، ڕەخنە بە دژی هەر جۆرە ڕێکخراوێکی فەرمی، تەنانەت ڕێکخراوی لاوان بوو. مۆسیقای "سووینگ" لە کاتی حکومەتی نازییەکاندا پێشی پێگیرا، بەڵام گرنگی خۆی لە دەست نەدا.

لە سەردەمی "رایشی سێهەم"دا مۆسیقای لاوان لە خزمەتی فریودانی بیروڕای گشتی و ئامانجە سیاسییەکاندا بوو. سروودە نیشتمانیەکان بۆ جۆلاندنەوەی "لاوانی هیتلێر"و بەهێزکردنی ڕۆحی گوێرایەڵی و لە خزمەتی ڕابەردابوون بەکاردەهێنران. پاش شەڕی دووهەمی جیهانی هەندێك سرودی نیشتمانی لە بڕێك لە ڕێکخراوەکانی لاواندا زیندوو مایەوە، بەڵام کرینگی سیاسی و فەرمی پێنەدرا. هەڵبەت لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا و ڕێکخراوی لاوانی حکومەتدا ئەم سرودانە جارێکی دیکە ژیانەوە.

لە سەرەتای دیەی پەنجاوە مۆسیقای مودێرن، جیاواز لە مۆسیقای گەورەکان بە هێواشی فۆرمی گرت و لە زیاتر گەشەپێدانی مۆسیقادا بەشداربوو. لە دەیەی شەستەوە هاوکات لەگەڵ بزوتنەوەی ڕەخنەگرانەی لاوان، مۆسیقا لە ژیانی لاواندا گرنگی پێدرا.

هەموو لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان سەبارەت بە لاوان لەم ساڵانەی دوایدا، لەسەر گرنگی پێدانی زیاتری مۆسیقا لە ژیانی لاواندا پێدادەگرن:

_ گوێگرتن لە مۆسیقا یەکێك لە سەرقاڵییە گرنگەکانی لاوان لە کاتی بێکاریدایە.

1_ Swing

_ لاوان بەرچاوترین کڕیارانی کاسێتەکانی مۆسیقا، CDو ئامرازەکانی دیکەی مۆسیقان.

_ بەشی هەرە زۆری مۆسیقاژەنان لاوانن.

_ هۆگری بۆ مۆسیقا لە نێو لاواندا، پێوەندی بە تەمەن ،رەگەزو پێبەندیە چینایەتییەکانی ئەوانەوە نییە.

### ۱۲. ٤. ۲. مۆسیقای لاوان، ئاڵوگۆڕی شێوازو گروپەکان

بەشێکی زۆر لە مۆسیقای دڵخوازی لاوان، مۆسیقای خافڵێنەرە کە بە مۆسیقای "پاپ" دەناسرێت. مۆسیقای "پاپ" پێکهاتەیەکە لە مۆسیقای خێراو "راك". مۆسیقای "راك ئەندرۆل"ی دەیەی ٥٠ی ئەمریکاو مۆسیقای بەناوبانگی خێرای "بیت"ی دەیەی ٦٠و٧٠ی ئینگلیز بە نموونەکانی مۆسیقای "راك"و خێرا دەناسرێن. مۆسیقای راك گەشەی کردووەو بە شێوە جۆراوجۆرەکان، وەك "هارد راك"، "ئیلکتریك راك"، "فۆلك راك"، "جاز راك"، "پۆنك راك"و "بلووز راك" پێشکەش دەکرێت.

ئەو چەمکانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد تەنیا بەشێك لەو هەموو مۆسیقا جیاوازانەن کە لە بواری نێوەرۆکەوە بە دژواری لێك جیا دەکرێنەوە، پیشاندەری جۆراوجۆری‌و بزووتنەوەیەکن کە کولتوری مۆسیقای لاوان لە حاڵی ئەزموون کردنیدایە. لە هەمان کاتدا دەریدەخەن کە لێکۆڵینەوە بە کەرەسەی پرسیارنامەو هەڵسەنگاندنی ئاکامە وەدەستهاتووەکان لەم بوارەدا چەند دژوارە، چونکە ئەوانەی پرسیاریان لێدەکرێت بە زۆری مۆسیقا جۆراوجۆرەکان بە ناوێك، یان جۆرێك مۆسیقا بە چەند ناوی جیاواز دەناسن.

لەم ناوەدا ئەو جۆرە مۆسیقایە، ناوبانگی خۆی وەك "مۆسیقای





ترسێنەر بۆ باوك‌و دایك" لەدەست داوەو تەنانەت جۆرە مۆسیقایەکی خێرا لە حاڵی فۆرم وەرگرتندایە کە گەورەکانیش پێیان خۆشە. لە لایەکی دیکەوە ئابووریش بەدوای بازرگانیکردن بەو مۆسیقایەوە ئێستا بووەتە سەرچاوەیەکی داهاتی گەورە. زۆربەی بیرمەندانی زانستی پەروەردەو فێرکردن‌و رەخنەگرانی مۆسیقاش لە هەوڵی تێگەیشتنی زیاتر لەم مۆسیقایەن، بە کورتی ئەم مۆسیقایەش لە ڕەوتی خۆڕێکخستن لەگەڵ هەموو سیستمەکان‌و هاوسەنگی لەگەڵ بەشەکانی دیکەیدا هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

لە ڕەوتی ئەم ئاڵوگۆڕەدا، هێرشی مۆسیقای لاوان کەمبووەتەوە. گەورەکانیش فێربوون بە شێوەی باشتر رووبەڕووی کولتوری مۆسیقای لاوان ببنەوە، تەنانەت لە پانتایی مۆسیقای خۆیشیاندا لە بەشێك لە مۆسیقای لاوان کەڵك وەردەگیرێت. دیاردەیەکی دیکە گەورەبوونی هەندێك لە لاوانە کە هۆگری خۆیان بە شێوەی رادیکاڵ سەبارەت بە مۆسیقا نەگۆڕیوە. پرۆسەی یەککەوتنی مۆسیقای لاوان‌و گەورەکان لە ڕەوتی بەرەوپێش چووندایە.

بە تێپەربوونی کات، جار بە جار زیاتر "شەپۆلی نوێ" کاردای رابردووی خۆی، واتە ئامرازی جیاوازی نێوان جیهانی گەورەکان‌و لاوان لەدەست ئەدا. کەواتە لاوان ناچارن بۆ پیشاندانی جیاوازی جیهانی خۆیان لەگەڵ جیهانی گەورەکان، زیاتر رووبکەنە دیاردە نوێیەکان. کێشەی نێوان "جیاوازبوون‌و هۆگربوون" دیاریکەری بارودۆخی مۆسیقای لاوانە لە سەردەمی ئێمەدا. ئەگەر دەسکەوتە تەکنیکیە سەرسوڕهێنەرەکانی دەیەی ٥٠ لەم گۆڕەپانەدا وەدەست نەدەهاتن، ئەو جۆرە هەلومەرجە جێگای باوەڕ نەبوو. ئەو دەسکەوتانەی بەرهەمهێنان‌و پێشکەشکردنی مۆسیقای "راك"یان

خستە ژێر کاریگەرییەوە بریتین لە:

_ بەکارهێنانی گیتاری ئەلەکترۆنی لە دەیەی پەنجاوە، بەکارهێنانی تەکنیکی تێکەڵکردنی پارچەکانی مۆسیقا لە ئیستۆدیوکاندا، بەکارهێنانی دەنگدانەوە ئەلەکترۆنییەکان لە دەیەی شەستەمو دۆزینەوەی ئامێرە نوێ تێکهەلکێشەکان، دەرگای نوێیان بۆ دەربڕینی مۆسیقا ئاواڵە کرد.

_ چاکترکردنی تەکنیکی پێشکەشکردنی ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەی مۆسیقا، تەکنۆلۆژی "های فای" لە دەیەی ٦٠دا، بەرهەمهێنانی ئامێرە نوێیەکانی بڵاوکردنەوەی مۆسیقاو پێکهێنانی بوار بۆ کەڵك وەرگرتنی گشتی لە دەیەی ٧٠دا بوونەتە هۆی ئاڵ‌و گۆڕی بنەڕەتی لە هەڵسوکەوتی گوێگرانی مۆسیقادا.

پاش کامڵبوونی "مۆسیقای پانك"، "مۆسیقای ڕاك"و "مۆسیقای دیسکۆکان" لە دەیەی ٨٠دا نۆبە گەیشتە "مۆسیقای تەکنۆ". بە پێچەوانەی مۆسیقاکانی دیکە، دەنگەکانی ئەم مۆسیقایە بەگشتی بەرهەمی ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان بوو. کۆمپیوتەرەکان، ڕێکخەرو تێکەڵکەرەکان، ئامێرەکانی سەرەکی ئەم جۆرە مۆسیقایە بوون. لە ساڵەکانی ١٩٩٦و ١٩٩٧ "ڕێپێوانی خۆشەویستی" نزیکەی ملیۆنێك "لایەنگری تەکنۆ"ی کێشایە شاری بەرلین، ئەمە بووەتە هۆی گۆرانکاری لە هۆکارێکی گرنگی ئابووریدا بە ئامانجی روونەوە کە پیشەسازی خافڵێنەر بەرنامە بۆ ئەو دەدادەڕێژێ.

هەرچەند شێوازی مۆسیقای "تەکنۆ" کە "هاوزە"یشی پێ دەڵێن، لە سەرەتادا لە دەنگە یەك ریتمییەکانی زەڕب بە پێی هەنگاوی چوار تێکەڵکرابوو، ئێستا ئێمە شایەتی شێوازە جۆراوجۆرەکان لە پانتایی مۆسیقای "تەکنۆ"داین. مۆسیقای "تەکنۆ" توانیویەتی سنووری





تایبەت بە خۆی لە جیهانی مۆسیقادا پێکبێنێت. مۆسیقای "ڕاڤ" جێگەی تایبەتی لە شوێنی سەمای تەکنۆدا کردووەتەوە. بەناوبانگترین جۆری مۆسیقای "ڕاڤ"، مۆسیقای "دراك ئیکستیسی"یە.

"بۆیوونگ"[1] لە بەدواداچوونەکانی خۆی سەبارەت بە مۆسیقای تەکنۆ دەگاتە ئەو ئاکامە، کە پێیوایە ئەم جۆرە مۆسیقایە یەکێك لە خۆنوێنییەکانی کۆمەڵگای لە حاڵی پێوەندیو پیشەسازییەو تەنیا لە چوارچێوەی ئەو جۆرە کۆمەڵگایە دەتوانێ سەرهەڵدا، چونکە کۆمپیوتەرو پیشەسازی ئەلەکترۆنی بۆ نەوەی نوێ بە داهێنانە نوێیەکانی کولتوری دەژمێردرێ.

### ١٢. ٤. ٣. جیاوازی لە مۆسیقای لاواندا

نابێت هەموو مۆسیقاکانی لاوان یان ئەو مۆسیقایانەی کە لاوان حەزیان لێیەتی لە چوارچێوەی مۆسیقا "نهێنی"یەکاندا سنووردار بکەین. بۆئەوەی مەبەستمان هەڵسەنگاندن، بڕیاردان یان بەهاپێدان بێت، تەنیا ئاماژە بە وتەیەك دەکەین کە پێشاندەری گۆڕەپانەکانی دیکەی مۆسیقایە کە لاوان بە شێوەیەك پێوەی خەریکن: "پێویستە بوترێت کە بەشە گرنگەکانی مۆسیقای خەڵکی، لە مۆسیقای نەریتییەوە هەتا ئەو مۆسیقایانەی لە کەنیسە لێدەدرێن، بۆ وێنە گروپەکانی کۆر، ئورکستێرو ئامێرە کارەباییەکان، ئاکۆردۆن، گروپە بچووکەکانی مۆسیقای جازو ناوەندە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا، بەرێوە چوونی کێبەرکێ جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا بۆ وێنە "لاوان مۆسیقا لێدەدەن"، یان لەم دوایانەدا "لاوان گۆرانی دەڵێن"، بەرێوەچوونی

1_ Boujong

فستیڤاڵەکانی وڵات و نێونەتەوەیی لە گروپەکانی کۆڕو ئامێرژەنان... هەموو لەو پانتاییەن کە لاوان پێوەی خەریکن."[1]

لێرەدا بە تەواوی لە بابەتی سەما، گرنگی ئەو بابەتە لە ژیانی لاوان، شێوە جۆراوجۆرەکانی لە نێو لاواندا، هاوسەنگی ئەو لەگەڵ تەمەنە جیاوازەکان و سەرەنجام پێوەندی ئەو لەگەڵ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خۆ دەبوێرن، بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە، بەتایبەت گۆڕانکارییەکانی پاش دەیەی ٥٠، بەرهەمی "فیشێر"[2] بخوێننەوە بە تایبەتی ئەو بەشەی کە لە ژێر ناوی "پێوەندی شێوازی سەماکردن لەگەڵ تێگەیشتن لە ژیان و بەها زاڵەکان" نووسراوە.

### ١٢. ٥. گروپە هاوتەمەنەکان وەك نیوە کولتوری شاراوە

### ١٢. ٥. ١. هۆکاری کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانی گروپە هاوتەمەنەکان

گروپە هاوتەمەنەکان، کە پێشتر بە باشی باسمان لێوە کردووە، بەرجەستەکەری فەرمی کولتوری لاوانن. لاوان بۆخۆیان ئەم گرووپانە بە "تاقم" ناو دەبەن. "مارتین شوونکە"[3] گروپە هاوتەمەنەکان بەو شێوەیە پێناسە دەکات:

پێش فۆرمگرتنی کۆمەڵگای پیشەسازی، مروڤەکان لە گروپە تێکەڵەکاندا ژیانیان دەکرد. منداڵان، مێرمنداڵان، لاوان، مام ناوەندییەکان و بەساڵداچووان، هەروەك لە کۆمەڵگای گوندنشینەکان و شوێنەکانی کارکردن باو بوو، لەگەڵ یەکتر ژیانیان تێپەر دەکرد. بەشداری گروپە تەمەنییە هاوشێوەکان لە خوێندنگا، ڕاهێنانی

1_ Reinfandt
2_ Fischer
3_ Martin Schwonke





سەربازی و کار بەرەبەرە لە سەدەی رابردووەوە جێی خۆی کردەوە. کە ماوەی خوێندن درێژتر بووەوە، وردە وردە گروپە هاوتەمەنەکان ماوەی زیاتریان لەگەڵ یەکدا تێپەر کرد. زۆرتربوونی کاتی بێکاری، دەرفەتی زیاتری رەخساند بۆ ئەوەی لاوان بە شێوەی رێکخراوی لاوان و گروپەکانی یاری و هاوتەمەن لەگەڵ یەکتردا بن.

جیاکردنەوەی تەمەن، کە لە هەموو ئاستەکانی کومەڵگا، بە تایبەت لە نێو لاواندا دەبینرێت، هۆکاری جۆراوجۆرن کە لە بەرانبەردا دەبنە هۆی بەهێزکردنی یەکتر:

_ هۆکارەکانی دامەزراوە: خوێندنگا، ناوەندەکانی فێرکردن و دامەزراوە کولتوریەکان کە بەرنامەی تایبەت بە لاوان پێشکەش دەکەن، رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە کۆکردنەوەی لاوانی هاوتەمەندا.

_ هۆکاری دەروونی و دەروونی _ کۆمەڵایەتی: لاوان لە گروپە هاوتەمەنەکاندا کۆ دەبنەوە، هەتا خۆ لە ژێر گوشاری" کۆمەڵگای گەورەکان" دەرباز کەن و لە گرووپی هەلبژێراوی خۆیاندا کات بەسەر بەرن.

هەر ئەو هانانە بۆ دروستکردنی گروپە هاوتەمەنەکان، بوار دەڕەخسێنێت بۆ سەرهەڵدان و گەشەپێدانی وردە کولتوری لاوان. دەبێ وەك بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی چاو لە گروپە هاوتەمەنەکان بکەین کە تێیدا دەرەتانی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی وردە کولتورەکان و تەنانەت "دژە کولتورەکان"یش هەیە. "باکە" بە باشی کولتوری گروپە هاوتەمەنەکان"ی وەك وردە کولتوری شاراوەو وردە کولتورە رادیکاڵەکان وەك "دژە کولتور" پێناسە دەکات.

## ١٢. ٥. ٢. تایبەتمەندی و دەستکەوتەکانی هاوتەمەنەکان

بە سەرنجدان لە بەرهەمەکانی "ئاوس ئوبێل"، "کۆلمەن"، "ئایزنشتارت"، "ماخ ویرت"، "ریزمەن"، "رۆزنمایر"و "تنبێرك" دەتوانین تایبەتمەندییەکانی گروپە هاوتەمەنەکان، وەك وردە کولتورەی شاراوە بەو شێوەیەی خوارەوە بخەینە بەر باس:

_ گروپە هاوتەمەنەکان بە شێوەی شاراوە بوار بۆ "کۆمەڵگەهەڵگری بە دەرهێنانی خۆیانەوە" دەرەخسێنن‌و ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی رەوتی دۆزینەوەی پێناسەی لاوان.[1]

_ گروپە هاوتەمەنەکان بۆ لاوان بە مانای "سەنگەری کۆمەڵایەتی بۆ دژایەتی"ین. لاوان بە هەستی جۆراوجۆر، بێبڕوایی‌و ترس پەنا دەبەنە بەر ئەو سەنگەرانە.[2]

_ کۆمەڵگەهەڵگری بەدەرهێنانی خۆیی، دەتوانێ ببێتە هۆی هەڵسوکەوتی چەوت‌و بەلاڕێدا چوون: سەرکەوتنی لاوان لە کارە چەوتەکاندا بۆ وێنە بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان، بە زۆری بەو شێوەیە دەست پێدەکات کە هاوتەمەنەکانی لاوەکە داوای لێدەکەن بۆ جارێك تاقیکاتەوە. ژیانکردن لە گەرەکە پڕ تاوانەکارییەکانداو بەشداری لە پۆلەکاندا کە تاوانکاران تییدا بەشدارن، دەبنە هۆی پێکهاتنی کۆمەڵگەهەڵگری خراپی ئەوجۆرە گرووپانە.[3]

_ چالاکی گروپە هاوتەمەنەکان بە زۆری لە کاتی بێکاریدا دەکرێت. بۆ کاتی بێکاری‌و لە کاتی بێکاریدا، لاوان حەزیان لییە

1_ Tenberuck
2_ Rosenmayr
3_ Martin Schwonke





سنووری سەربەخۆیی‌و ئازادییەکانی خۆیان بەرینتر بکەن. لە هەمان حاڵدا لە کاتی بێکاریدا، فێری کردەوەی خەرجکردن دەبن.[1]

_ بە بۆچوونی "ماخ ویرت" ئەو پاراستن‌و قورساییەی گروپە هاوتەمەنەکان بە لاوانی ئەدەن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بتوانن لە رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی گەورەکاندا دژ کردەوە پیشان بدەن.

_ گروپە هاوتەمەنەکان، گرنگترین ئۆرگان بۆ بەڕێوەبردنی جیهانی دەرەوەن. ئەم گرووپانە جێگەی ناتەبایی کۆمەڵگەهەڵگری لە پانتایی بنەماڵەو تەواوکەری بۆچوونە یەك لایەنەکان بە هۆی هەڵوێست گرتنی گرووپییەوەن.[2]

_ لایەنی زاڵ لە پێوەندی نێوان هاوتەمەنەکان، چالاکییە گرووپییەکانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش. هەندێك لایەنی هاوبەش لە خوێندنگاکان، وەك خوێندن لە بەشێکدا، گرنگییەکی زۆریان نییە.[3]

_ گروپە هاوتەمەنەکان رۆڵێکی گرنگ لە وەڵامدانەوە بە پێویستی‌و بەدەستهێنانی ئەزموون لە گۆڕەپانی پێوەندی جنسی‌و ئەویندارانەدا دەگێڕن. لانیکەم هەتا کاتی سەرهەڵدانی پێوەندی هەمیشەیی، ئەگەری دروستبوونی جۆرە پێوەندییەکی جنسی لەم گرووپانەدا دەکرێت.[4]

_ چۆنیەتی پێکهاتەی گروپە هاوتەمەنەکان بۆ ئەوان خاوەنی گرنگییەکی زۆرە. بۆ منداڵان گرنگ نییە لەگەڵ کام منداڵ لە چ چین یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی یاری دەکەن، بەڵام لە گروپە هاوتەمەنەکانی

1_ Riesman
2_ Riesman
3_ Ausubel
4_ Rosenmayr

لاواندا، ئەم خاڵە گرنگی تایبەتی پێدەدرێت و هەندێك جار دەبێتە لایەنی زاڵی گرووپ. بۆ لاوانی چینی سەرێ پاراستنی پێکهاتەی چینایەتی گرووپ هەر بەو ڕادەیە گرنگە کە لاوانی چینی کرێکار بایەخی پێدەدەن.

_ گرووپە هاوتەمەنەکان پێوەندی کۆمەڵایەتی ستاندارد لە ئاستێکی سنووردارادا دووبارە پێك دێنن و تێدەکۆشن، بایەخەکانی زاڵ لە بنەماڵەی خۆیاندا بە شێوەیەك لە گرووپە هاوتەمەنەکاندا بپارێزن. بەو پارێزەی کە لە کاتی پێشکەشکردنی بۆچوونە گشتییەکان لە گۆڕەپانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ بکرێت، دەتوانین بڵێین کە بۆ گرووپە هاوتەمەنەکانی چینی نێوەراست تاکبوون، حەزی بەرانبەرو پاراستنی قازانجی تایبەتی گرنگە، لە حاڵێکدا بۆ گرووپە هاوتەمەنەکانی چینی کرێکار زیاتر گرنگی بە وەستان لەسەر پێی خۆ، بەردەوامی هێزو ئامادەیی بۆ بەدەست بەکار بوون دەدرێت.

_ سەرەڕای ئەو پێداگرییە گرووپە هاوتەمەنەکان بۆ سەربەخۆیی خۆیان هەیانەو هەوڵێك کە بۆ جیایی لە بنەماڵەو فەزای بنەماڵەیی دەیدەن، بە هۆی کاریگەری ئەو شتەی کە "رۆزنمایر" بە "پاشماوەی بەهێز" لە پەروەردەی بنەماڵەیی لە کۆمەڵگەهەڵگری ئەواندا ناوی دەبات، هەڵسوکەوتی ئەوان بە بەردەوامی شوێنەواری فەزای بنەماڵەیانی لەسەرە. بە هۆی پێکهاتەی چەندین جۆر لە گرووپە هاوتەمەنەکان، کاریگەری فەزای قوتابخانەو شوێنی ژیان هەروا دەمێنێتەوە.

_ ململانێی نێوان هاوتەمەنەکان و قوتابخانە بەهێزتر لە ململانێی نێوان ئەم گرووپانەو بنەماڵەیە.

_ تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی گرووپە هاوتەمەنەکان زۆر بە کەمی





هاوشێوەی پێکهاتەی گرووپەکانی پێشوو بەگشتی و گرووپە سەرتاییەکان بە تایبەتیە. تایبەتمەندی بنەڕەتی گرووپە هاوتەمەنەکان بەشداری لە چالاکییە پێشهات و لە ناکاوەکانیدایە، کە لە دوو تایبەتمەندی سەرەکی گرووپەکانی پێشوو، واتە بەردەوامی و پێوەندی هەمیشەیی بێبەرین. لە هەرکوێ کە چەند لاوی هاوتەمەن کۆدەبنەوە لە ڕێگای قوتابخانە، لە پۆلەکانی خوێندن، لە یاریگای توپی پێ و لە گەڕەکەکان، کولتوری هاوتەمەنەکان فۆرم دەگرێت.[1]

### ۱۲. ۵. ۳. کاریگەری خۆرێکخستنی نێو گرووپ، گرووپەکانی هاورێیەتی و تەنیایی

ئەم گرووپانە لە هەموو شوێنێك دەبینرێن: لە شوێنی ژیان، لە قوتابخانە، لە دیسکۆو سینەماکان و هتد. بەو ڕادەیەی ئەم گرووپانە لەبەرانبەر دەرەوەی خۆیان سەربەخۆدەبن، هەر بەو ڕادەیەیش خۆرێکخستنی گرووپی و هاوپێوەندی لە نێویاندا بەهێز دەبێت. پێویستی لاوان بە تایبەتمەندییەکانی نێو گرووپ، دەتوانێت یەکێك لە هۆکارەکانی کردەوەی چەوت، تاوانکاری و تیروریستی لە گرووپەکانی لاواندا بێت. گوشار بۆ خۆرێکخستن لە ئاراستەی هەندێك ئامانجی گرووپەکەی پەرەدەستێنێ، پێوەندی بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە هەیەو ناکرێ بڕیاری بۆ دەرکرێت.[2]

یەککەوتنی خۆویستانەی نێو گرووپ، فەزایەکی زۆر گونجاو پێکدێنێت بۆ سەقامگیری ڕوانگەو کردەوە جۆراوجۆرەکان. لە ڕاستیدا گرووپە هاوتەمەنەکان وەك "دامەزراوی نافەرمی کۆمەڵگەهەڵگری" چاو

[1] _ Machwirth
[2] _ Neidhard

لێدەکرێن.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە گرنگی گروپە هاوتەمەنەکان، بۆ کۆمەڵگەهەڵگری منداڵو مێرمندالأن کتێبی "کراپمەن"[1] بخوێننەوە.

پێداگری زۆر لەسەر گروپە هاوتەمەنەکان، نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە گرنگی "کۆڕی هاورێیان"و گروپە دوو کەسییەکان لەبەرچاو نەگرین. وا پێدەچێت، لە ساڵەکانی ١٧٧٠ەوە ئەم مەیلە بەهێز دەبێت کە کۆڕی دوو کەسی هاورێیان بە قازانجی گروپەکان لەبەرچاو نەگیرێت. هەر لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئێمە زانیاری زیاترمان هەیە سەبارەت بە پێکهاتەو گرنگی گروپە گەورەکان هەتا کۆڕە دوو کەسییەکان. بە پێی زانیارییەکان "لاوانی ٩٢"و "لاوانی ٩٧" کۆڕی هاورێیەتی، چ لە نێوان هاوڕەگەزەکانو چ لە نێوان دوو رەگەزی جیاوازدا، خاوەن گرنگییەکی زۆرە. هەروەها دەبێ سەرنج بدرێتە کێشەو هۆکاری تەنیایی دڵخوازانە یان نابەدڵانەی لاوان. نەك هەر بۆ ئەوەی کە بمانەوێ تیۆرییەکی گشتی لەو بارەیەوە دەربڕین، تەنانەت ڕادەربڕینیش کارێکی دژوارە سەبارەت بەوەی، کە تەنیایی لاوان تا چ ڕادەیەك پێویستو ناکرێت خۆی لێ ببوێرێتو لە هەمان حالیشدا هەتا چ ڕادەیەك مەترسیدارو خەسارهێنەرە.

گروپە هاوتەمەنەکان لە دەیەی ٦٠ـەوە لە نێوان لاوانی ١٦ هەتا ١٨ ساڵدا بە شێوەیەکی بەرچاو زۆربووە، بە ڕادەیەك کە بووەتە کارێکی ئاسایی لە کولتوری لاواندا.[2]

گروپە هاوتەمەنەکان وەك "وردە کولتوری شاراوە" لە لایەن لاوان خۆیانەوە دروست دەبنو بەڕێوە دەچن. هەر بەو هۆیە ئەم گرووپانە بۆ

1_ Krappman
2_ Oswald





لاوان زۆر سەرنجڕاکێشو نێوەڕۆکێکی بە تەواوی جیاوازیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی لاوان هەیە کە لە لایەن سەرچاوە فەرمیو حکوومەییەکانەوە دادەمەزرێن. ئەو گرووپانەی کە بە شێوەی بزووتنەوی لاوان یان ڕێکخراوەکانی لاوانەوە دروستکراون، نموونەی جۆرێك لە گروپە هاوتەمەنەکان نیین، چونکە ئەم گرووپانە بە زۆری خاوەنی ڕێبەرایەتی بەتەمەنترن لە نێونجی تەمەنی ئەندامانی گرووپ. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ڕێکخراوەکانی لاوانی ئەڵمانیا، بە شێوەی شێوازێك لە ژیان لە نێوان لاواندا، چاو لە بەرهەمی "زایدڵمەن"[1] بکەن.

هەر بەو هۆیە باشتروایە، بۆ پیشاندانی بارودۆخی لاوان لە هەلومەرجی کۆمەڵگاو پێداگری لەسەر جیاوازی نێوان گروپە هاوتەمەنەکانو ڕێکخراوە فەرمییەکانی لاوان، لە چەمکی "گروپە هاوتەمەونەکان" کەڵك وەرگرین.

## ١٢. ٦. بەرێکخراوەیی بوونی لاوانو کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ لاوان

### ١٢. ٦. ١. پێبەندیو ئەندامەتی لاوان لە ناوەندو ڕێکخراوەکاندا

گروپە پێکهاتووەکانی لاوان، بۆ وێنە ڕێکخراوەکانی خۆبەخشیو یارمەتیدەری لاوان، کە لە لایەن حکومەتەوە پێکدێنو بە هێز دەبن، بەشێکن لە کولتوری لاوان.

ڕێکخراوەکانی لاوان، کە لەسەردەمی بزوتنەوەی لاوانەوە گرنگی زیاتری پێدراوەو هەندێك هەنگاوی پێشتریان لەسەدەی نۆزدەهەمدا بە شێوەی ڕێکخراوە ئایینییەکانو کرێکاری هەیە، ئەندامەکانی خۆیان بە

1_ Karl Seidelmann

شێوەی فەرمی بە پێی یاسایەکی دیاریکراو رادەکێشن. ئەم رێکخراوانە ئامانجی روونیان هەیەو کۆبوونەوەکانیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودایەو راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە لایەن گەورەکانەوە بەرەوپێش دەچێت. توێژە جیاوازەکانی ئەم رێکخراوانە، بەڕادەی توێژە کۆمەڵایەتییەکان جۆراوجۆرن. دەکرێ بڵێین هەر گرووپ و رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، رێکخراوی لاوانی تایبەت بە خۆی هەیە. سەرەڕای ئەم پێبەندییە دەکرێ جۆرە بەردەوامی و پێبەندییەك لەگەڵ نەریتی لاوان لەم رێکخراوانەدا ببینین.

دوازدەهەمین پرۆژەی لێکۆڵینەوەی کۆمپانیای نەوتی شێڵ "لاوانی ٩٧" لەسەر ئەساسی لێکۆڵینەوەی ١٩٩٦، بەو پرسیارە دەست پێدەکات کە ئایا رێکخراوەکانی لاوان کارێکە تایبەت بە رابردوو؟ ئەو هەست و سۆزەی کە لە دەیەی ٨٠دا لە سەر رێکخستنی لاوان هاتبووە ئاراوە، لە دەیەی ٩٠دا باس ناکرێت، بە تایبەت ئەگەر وەرگرتنی بەرپرسایەتییەکانی رێکخراوەیی وەك پێوەر لەبەر چاو بگرین.

لە ساڵی ١٩٩٦دا ٤٤ لەسەدی لاوانی ٢٤ ساڵ، لە ناوەندو رێکخراوەکاندا ئەندام بوون ٤٦ لە سەد لە خۆرئاوای ئەڵمانیاو ٣٠ لە سەد لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا، هەڵبەت بە جیاوازی رێژەیی نێوان کوڕان و کچانی لاو. لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا ٣٢ لەسەد کوڕان و ٢٩ لە سەد کچان بوون. رێکخراوە وەرزشییەکان لایەنی زاڵ بوون لەم پێکهاتانەدا.

جۆری رێکخراو و ڕادەی پێکهاتەهەڵگری لاوان، پێوەندی بە هەندێك هۆکاری جۆراوجۆر وەك رەگەز، پێگەی چینایەتی و شوێنی ژیانیشەوە هەیە. لاوانی دانیشتووی کۆمەڵە خانووەکان لە شارە





گەورەکان و لاوانی دانیشتووی شارە بچوکەکان بە شێوە دروستکراوی گوندییەوە، بە ڕادەیەکی زۆر حەزیان لە بوونە ئەندامی رێکخراوەکان هەیە. لە حاڵێکدا کە لاوانی دانیشتووی کۆمەڵە خانووەکان لە شارە گەورەکاندا بە زۆری لە رێکخراوە وەرزشییەکاندا کۆدەبنەوە، لاوانی دانیشتووی شارە بچوکەکان لە پێکهاتە وەرزشی و رێکخراوە نەریتییەکان، بۆ وێنە رێکخراوەکانی بەرهەمهێنان، پێکهاتەی بەرگری مەدەنی، گروپەکانی ئاورکوژێنەوەو گروپەکانی مۆسیقا کۆدەبنەوە. لە تایبەتمەنییەکانی رێکخراوەکانی لاوانی دانیشتووی شارو گوندەکان، گرنگی سیاسی ئەم گرووپانە لە پانتایی سیاسەتەکانی ناوچەیی، خۆرێکخستن لەگەڵ خەڵك و رۆڵی گرنگە لە بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگەی گوندنشیندا.

### ١٢. ٦. ٢. کۆڕەکانی خۆرێکخستن لە جێگەی رێکخراوە حکومیەکانی لاوان

سەبارەت بە شوێنەواردانان لەسەر گرووپ و رێکخراوەکانی لاوان، تەنانەت لە گۆڕەپانی کۆمەڵگەهەڵگری ئەوان و لە ئاڕاستەی وەرگرتنی بەرپرسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، جیاوازی بیرو بۆچوون لە ئارادایە، لە حاڵێکدا هەندێك لەو باوەڕەدان کە حکومەت دەبێ لەسەر فۆرمگرتنی نموونەو بەرنامەکان رێگر بۆ لاوان دروست نەکات، هەندێك کەسی دیکە پێیانوایە کە راست لەم پانتایەدا بۆشاییەك هەیە کە دەبێ حکومەت پڕی کاتەوە. حکومەت دەبێ یارمەتی لاوان بدات لە ئاڕاستەی وەرگرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، وەرگرتنی بەرپرسایەتی و سەرهەڵدانی دیمەنێکی ئامانجی لە لاوێتی.

هەرچەند بە روونی ئاماژە بەو خاڵە دەکرێت کە زۆربەی لاوان لە

ئێستادا دووركەوتوونەتەوە لە ڕێكخراوە دینییە فەرمییەكان، حیزبە سیاسییەكانو یەكیتیە پیشەییەكان، بەڵام دەبێت سەرنج بدرێتە هەڵوێستگرتنە پێچەوانەكانی ئەم حەزەش لە نێو لاواندا. بەشێك لە لاوان ڕادەكێشرێن بەلای فیرقە سیاسیەكانی چەپو ڕاستی بناژۆدا.

لەهەلومەرجی ئێستای ئەڵمانیادا پێناچێت، نەتوانین لاوان لە ڕێكخراوە حكومییەكان، حیزبە سیاسیو پێكهاتە پیشەیەكاندا كۆ بكەینەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە ڕێكخراوەكانی خۆبەخشی لاوانە.

سەبارەت بە سەرهەڵدان، پێكهاتەو ئامانجەكانی ئەو جۆرە ڕێكخراوانە ئەو بابەتانەی خوارەوە دەخرێتە بەر باس كە لە بەرهەمی بە ناوبانگی "هێرمەن گیزێكە"[1]ـەوە وەرگیراون. هەروەها دەبێ ئاماژەیەك بكەین بە "راپۆرت سەبارەت بە هەوڵو سەركەوتنەكانی ڕێكخراوەكانی فریاكەوتنی لاوان"یش كە بۆ فۆرمگرتنی بوارەكانی بەڕێوەبەری ماددەی ٢٥ی "یاسای خوشگوزەرانی لاوان" بە ویستی پەرلەمانو شوورای پارێزگاكان ئامادە كراوەو سەرنج ئەداتە بوارە تایبەتییەكانی چالاكی فریاكەوتنی لاوان.

"گیزێكە" دوو چەمكی "كار لەگەڵ لاوان"و "فریاكەوتنی لاوان" بە هاومانا دەزانێت. ئەو كار لەگەڵ لاوان بەو جۆرە پێناسە دەكات. "كار لەگەڵ لاوان بریتییە لەو خزمەتگوزارییانە كە كۆمەڵگا بە پێی یاسای خوشگوزەرانی لاوان، بۆ پەروەردەو كۆمەڵگەهەڵگری پێشكەش بە لاوانو مێرمندالانی دەكات. ئەم خزمەتگوزارییانە لە دەرەوەی فەزای قوتابخانەو پەروەردەیی پیشەیی، بەشێوەی ڕاستەوخۆو بێدەست تێوەردانی دایكو باوك پێشكەشیان دەكرێتو ئەوانیش سوودی

1_ Hermann Giesecke





لێوەردەگرن".

هەروەها "بوكارت موولێر"[1] لە دیمانەیەكدا سەبارەت بە "لاوان لە پانتایی دامەزراوە پەروەردەییە كۆمەڵایەتییەكان" دەڵێت، فریاكەوتنی كۆمەڵایەتی بە كۆمەڵێك دامەزراو دەوترێت كە "لە ئاستی حكوومی، ناوچەیی، یان بە شێوەی سەربەخۆو دڵخوازانە بە پشتیوانی حكومەت لە دەرەوەی فەزای ماڵ، قوتابخانەو شوێنەكانی پەروەردەی پێشەیی، لە پێناوی لاواندا كار دەكەن".

پێشەنگەكانی سەرهەڵدانی دامەزراوە حكومییەكانی لاوان، ڕێكخراوو دامەزراوە شارنشینییەكان، كەنیسەو ناوەندەكانی "خوشگوزەرانی كرێكاری" بوون. پێش شەری جیهانی یەكەم، لە ژێر كاریگەری بزوتنەوەی لاوانو چالاكی ئەواندا، لە "پرۆس" هەندێك یاسا لە پێناوی بەرگریو پەروەردەی لاواندا پەسندكران. هەروەها دامەزراوی "پشتگیری لە لاوان" كە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێكهات، لەم بوارەدا ڕۆڵی گێڕا.

لە ئاستی نەتەوەییدا یەكەمین هەنگاو لەم بوارەدا، پەسندكردنی "یاسای وڵات بۆ خۆشگوزەرانی لاوان"[2] لە ساڵی ١٩٢٢دا بوو. پاشان لە شەری جیهانی دووهەمداو پێكهاتنی كۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا، پەسندكردنی "یاسای خوشگوزەرانی لاوان"[3] لە ساڵی ١٩٦١دا یەكەمین كار بوو لەم بوارەدا. بە پێی ئەو یاسایە حكومەتو كۆمەڵگا هەردووكیان بەرپرسایەتی دابینكردنی خۆشگوزەرانی لاوانن. ڕێكخراوی فەرمیو حكومی فریاكەوتنی لاوان "دەزگای لاوان"[4]ـەو بۆ

1_ Bukhard Muller
2 RJWG(Reichs_Jungend_Wohlfathers_Gestetz
3_ JWG (Judend Wohlfa Hertsghestz)
4_ Judendamt

خزمەتگوزاری دڵخوازانە ڕێکخراوەکانی بەستراو بە کەنیسە وەك"ئینێر میسیۆن"[1] و "کاریتاس"[2] و هەروەها "ڕێکخراوی خوشگوزەرانی کرێکاری" لە بەرچاو گیراون.

حکومەت بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە سەر پەروەردەی لاوان پێداگر نییە، بەڵام بە شێوەی ناراستەوخۆ بە دانانی هەندێك پلان کە لە خوارەوە هاتووە لە پوزەیشنێی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان کەڵك وەردەگرێت. یاسا و ڕێساکان، پشتیوانی دارایی و بۆرسەکان، گۆڕینەوەی لاوان لەگەڵ وڵاتانی دیکەو پشتیوانی لە چالاکییە کولتورییەکانی لاوان. بۆ زانیاری زیاتر لە بواری کار لەگەڵ لاواندا بەرهەمی "ئالبێرت شێر"[3] بخوێننەوە.

### ١٢. ٧. لاوانو وەرزش

### ١٢. ٧. ١. تایبەتمەندییەکانی وەرزشی لاوان

پێوەندی لاوانو وەرزش بە ڕادەی پێوەندی لاوانو مۆسیقا لێك نزیکە. لە پەنای مۆسیقادا هیچ دیاردەیەکی دیکە لە ئارادانییە کە لاوان بە ڕادەی وەرزش حەزیان لێی بێتو پێوەی خەریك بن. وەرزش یەکێك لە ڕاگرەکانی سەرەکی هەڵسوکەوتی لاوان لە کاتی بێکاریدایە.

لە نێوان وەرزشو لاواندا جۆرە لێك نزیك بوونێك، ڕاکێشانو پێبەندی بەرانبەر هەیە. قۆناغی لاوی سەردەمی جووڵەو خۆتەیارکردن بۆ فێربوونە. جیهانی وەرزش بە زۆری لە لایەن لاوانەوە دیاری دەکرێت. وەرزشو لاوان بە شێوازەکانی دیکەیش لە پێوەندیدا دەبن.

---
1_ Innere Mission
2_ Caritas
3_ Albert Scherr





جووڵە، هێز، سەرکەوتن، لەش جوانیو ڕەوتی جوانناسانە، بابەتەکانی ئەم سەردەمەی تەمەنو بوارەکانی پێوەندی وەرزشو لاوانن. لەم ڕوانگەیەوە، بارودۆخەکە لە چاخەکۆنەکانەوە هەتا ئێستا نەگۆڕاوە. یارییەکانی ئولەمپیی لە ٧٧٦ ساڵ پێش زایین هەتا ٣٩٤ی زایینی پیشاندەری بابەتی پێوەندی وەرزشو لاوانن.

### ١٢. ٧. ٢. بەشی لاوانی وەرزشڤانو چالاك

لێکنزیکبوونی نێوان وەرزشو لاو بەو مانایە نییە کە لاوان هەموویان وەرزشڤانن. ئەگەر بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە لاوانی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە خوێندنگاو یاریگاکاندا بە بەردەوامی چالاکی وەرزشی دەکەنو هەروەها بەشێك لە لاوان لە چالاکییە وەرزشییەکانی خوێندنگاو یاریگاکاندا بەشداری دەکەن، دەبێ بڵێین کە وەرزش یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کولتوری لاوان.

ئەگەر چاوپۆشی لەو کاتانە بکەین کە لاوان حەزیان لێیە بە تەنیابن، یان ئەو کاتەی کە ئەوان وایان پێباشە پشوو بدەن، وەرزش لە سەرەوەی چالاکییەکانی لاواندایە. هەڵبەت کچانی دانیشتووی بەشی خۆرئاوای ئەڵمانیا نەوازەن.

سەبارەت بە چالاکییە وەرزشییەکانی لاوان لە سەرەتای دەیەی ٥٠دا دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە بکەین:

_ ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی یاریگاکاندا وەرزش دەکەن، نزیك بە ڕێژەی ئەو کەسانەیە کە لە یاریگاکاندا ئەندامن.

_ لە دەیەی پەنجاوە جۆری وەرزشەکان پەرەی سەندووە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە وەرزشەکانی باسکە، بالە، وەرزشە ئاوییەکان، تنیس، خلیسکێنە، ئەسپ سواری، جۆدۆو لەش جوانی بکەین.

لە پەنای دامەزراوە گەورە وەرزشییەکاندا کە لە چەند دەیەی رابردوودا دروستکراون، دەبێ باس لە تایبەتمەندییە کولتورییەکانی کۆمەڵگای سەردەمو پێوەندی ئەوان لەگەڵ وەرزش بکەین، کە پوختەی ئەو بابەتە بە کورتی لە خوارەوە باس دەکەین: داهێنانە جوانناسە نوێیەکان لە پانتایی وەرزشو چۆنیەتی پێشکەشکردنی ئەوان لە راگەیەنە گشتییەکاندا بوارێکی رەخساند کە تێیدا وەرزش بەردەوام لە حاڵی ئاڵوگۆرو گەشەسەندندایە. چالاکییە وەرزشییەکان گۆڕەپانی ئەو وردە کولتورانەیە کە گرنگی بە جوانی لەشو راهێنانی جەستە ئەدەن. بێگومان لاوانو تەنانەت دەکرێ بەشێك لە گەورەکانیش لە ریزی ئەواندا دابنرێن. جەستەی چالاك، باوەڕ بە خۆبوون، پێبەندی کۆمەڵایەتی بە کۆڕیکی تایبەتو ئامادەیی بۆ کردەوە دروست دەکاتو وەك قورساییەك حیسابی بۆ دەکرێت لە بەرانبەر رێکخراوە گەورە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەكو جیهانی بچووکی ژیانی بنەماڵەیی لە لایەکی دیکە.

## ١٢. ٧. ٣. کۆمەڵگەهەڵگری بە یارمەتی وەرزش

کۆمەڵگەهەڵگری وەرزشیو کۆمەڵگەهەڵگری بە هۆی وەرزشەوە لە پەنای کۆمەڵگەهەڵگری سیاسیدا یەکێك لە گۆڕەپانەکانی دژایەتی لە پانتایی کۆمەڵگەهەڵگری گشتیدایە. زۆر بەکەمی کەسانێك هەن کە بایەخی پەروەردەو راهێنانی وەرزش بێ‌نرخ بکەن، ئەگەر بمانەوێت وابکەین دەبێ بەدژی بنەمای پەروەردەی ٢٥٠٠ ساڵەی خۆرئاوا بەڵگە بێنینەوە. هەروەها ئەو پێداویستییانەیش لە وەرزش بۆ پەروەردە لە بەردەستدایە حاشای لێناکرێت. ئەوەی جێگای رەخنەیە، ئامانجی کۆمەڵگەهەڵگرییە کە لەگەڵ وەرزشو کۆمەڵگای سەردەمدا لە





پێوەندیدایە، کە گرنگترینیان بەو شێوەیەی خوارەوەن:

_ بەردەوامیو پاراستنی بناخەی سەرکەوتن.

_ بەردەوامیو پاراستنی بنەمای ململانێ.

_ بەردەوامیو پاراستنی هەندێك "هەڵسوکەوتی پیاوانە" وەك ئامادەیی جەستەیی بۆ کاری سەربازی، رۆحی شەڕخوازی، بەربەرەکانی کردن، پشوو درێژیو ئامادە بۆ خەبات.

لێرەدا ناکرێ تەنانەت ئەو باسانەیش بێنینە ئاراوە کە لە بواری پێوەندی نێوان"بناخەی سەرکەوتن" لە وەرزشو پێکهاتەی کۆمەڵگایەك وەك ئەڵمانیای فیدراڵ ئەدوێت کە "کۆمەڵگایەکی خوازیاری سەرکەوتنە" چ بگات بەوەی کە ئاماژە بکەین بە رۆڵی وەرزش لە کۆماری دێموکراتیکی پێشووی ئەڵمانیا بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگی جیهانیو هەروەها رۆڵی ئەو لە پانتایی کۆمەڵگەهەڵگریدا.

لە پەنای "بناخەی سەرکەوتن" بنەمای ململانێیو لایەنی نێونەتەوەیی وەرزش دادەنرێت، لایەنی نێونەتەوەیی وەرزش لەگەڵ پەرەپێدانی سەرمایەداری لە "کۆمەڵگای بازاری"دا لە پێوەندیدایە. هەروەها بەو هۆیەی کە ولاتی ئینگلیز بۆ دەستپێکردنو رێکخستنی یاسای یارییە مودێرنەکان بەڕادەی گەشەپێدانی کۆمەڵگای پیشەسازی مودێرنی سەرمایەداری رۆڵ دەگێرێت.

سەبارەت بە گرنگی وەرزش بۆ پەروەردە، دەکرێ ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە بکەین:

_ بە چالاکییە وەرزشییەکان دەتوانیین لە توانای خۆمان لە بوارە جۆراوجۆرەکان تێبگەین بۆ وێنە بەردەوامی، هێز، خێراییو جووڵە.

_ وەرزش مرۆڤ فێردەکات کە بە سەر شکستەکانیدا زاڵ بێتو تواناکانی خۆی کۆبکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتەکان.

_ بە چالاكییە وەرزشییەكان، بەهاكان‌و تێڕوانینەكان سەبارەت بە ئەندام، جووڵەی ڕێكوپێك، هەڵسوكەوتی باش‌و هاوڕێیەتی‌و كاری بەكۆمەڵ بە هێز دەبن.

_ كردەوەی وەرزشی دەتوانێ ببێتە هۆی خۆراگرییەكانی مرۆڤ و كەسە وەرزشەوانەكە یارمەتی بدات بۆ خۆدەربازكردن لە گیروگرفتەكانی ڕۆژانە.

بۆچی وەرزش ئەو كاردا ناوبراوانەی لێدەكەوێتەوەو لە ڕەوتی كۆمەڵگەهەڵگریدا ڕۆڵێكی بە نرخ لەو بوارنەدا دەگێڕێت كە كولتوورو كۆمەڵگای ئێمە بە شێوەی پوزیتیڤ پێوانەی دەكەن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە بە چ بیروبۆچوون‌و ڕوانگەی پەروەردەییەكەوە وەرزش دەكەین. دەكرێ وەرزش دووفاقە بێت، هەم دەتوانین كەڵكی بەجێ‌و هەم نابەجێی لێوەرگرین. هەر بەو هویەوەیە كە بۆچوونێكی یەككگرتوو بە نیسبەت وەرزش‌و فەزا وەرزشییەكان لە ئارادا نییە. بە تایبەت ئەگەر سەرنج بدەینە هاندەرانی تیپە وەرزشییەكان، دەتوانین وەڵامێكی ڕوون بەم پرسیارە بدەینەوە كە ئایا وەرزش هۆكاری پەرەگرتنی توندوتیژییە یان دامركاندنی ئەوە.

### ١٢. ٧. ٤. ڕۆڵی دوو فاقەی وەرزش لە پانتایی كۆمەڵگەهەڵگریدا

ڕۆڵی دوو فاقەی وەرزش لە پانتایی كۆمەڵگەهەڵگریدا بەو شێوەیە بەرجەستەبووە كە دەبێتە بەهێزبوونی ڕۆحی باوەڕ بەخۆبوون لە نێو وەرزشڤانە سەركەوتووەكاندا. لە بەرانبەردا لە ئاكامی وەرزش بۆ ئەو كەسانە زانیاریمان كەمترە كە لە گۆڕەپانی وەرزشی لێهاتوویدا لەگەڵ شكست بەرەوڕوو بوون.

باشتر وایە، نموونەیەكی دیكە سەبارەت بە دوو فاقەیی وەرزش





بۆ لاوان بێنینە ئاراوە. كۆمەڵگەهەڵگری وەرزشی دەتوانێت ببێتە هۆی سەركوتی پێویستییە كێشە خولقێنەكانی دیكەو هەواو هەوەسەكانی مرۆڤ.

تەنانەت "فرۆید"یش ئاماژەی بەم بابەتە كردووە، ئەو لە بەرهەمی خۆیدا بە ناوی "سێ ناملكە سەبارەت بە پەروەردەی جنسی" كە یەكەمجار لە نێوان ساڵەكانی ١٩٠٥/١٩٠٤دا چاپ كرا، دەنووسێ: "هەروەك دەزانین، كولتوری پەروەردەیی نوێ لە ئاستێكی بەربڵاودا، لە وەرزش بۆ بەرەوپێشبردنی حەزی جنسی لاوان كەڵك وەردەگرێت. یان بە وتەیەكی دیكە، چێژی جووڵەو بزووتنەوە دەكاتە جێگری چێژی جنسی‌و چالاكییە جنسییەكان هەتا ئاستی پێوەرە خۆشە جووڵەییەكان دادەبەزێنێت".

نەریتی دانانی چالاكییە وەرزشییەكان لە جێی چالاكییە جنسییەكان‌و ئاموژگاری‌و "ئاوی سارد بە خۆداكردن" لە كاتی وروژاندنە جنسییەكاندا لە لایەن باوكی وەرزشەكانی گۆڕەپان‌و مەیدانی ئەڵمانیا، واتە "فریدریش لوودویگ یان"[1]ەوە هاتە ئاراوە. لە ڕاستیدا پێوەندی كێشە خولقێنی سەركوتی حەزە جنسییەكان بە هۆی وەرزشەوە لە كۆمەڵگای پیشەسازی‌و بانگەشە بۆ لەش جوانی لە سەردەمی ناسیونالیزمی زێدەخوازو پرۆسەی پیشەسازی ڕیشەی لەم پەروەدانەدا هەیە.

جێی خۆیەتی زۆرتر سەرنج بدەینە بابەتی دوو فاقەیی وەرزش لە گۆڕەپانی كۆمەڵگەهەڵگریدا. وەرزش بۆ لاوان گرنگتر لەوەیە كە دەیسپێرین بە لێپرساوە پایەبەرزەكانی ڕێكخراوە وەرزشییەكان،

1_ Friedrich Ludwig John (1778_1852)

تیۆری داڕێژانی وەرزش‌و سەرەنجام راهێنەرە وەرزشییەکان.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە، وەرزش بەرە بەرە وەك پانتاییە کولتورییـــەکانی دیکــە خــۆی جیـاکردەوە. وەك ئــەو پێناســـەیەی "هۆیزینگا"[1] لە مرۆڤ دەیکات، واتە "مرۆڤ وەك زیندەوەرێکی یاریکەر" بـۆ خــەڵکی ئــەم ســەردەمە شــتێکی ســەیرە، لــەم پرۆســەیە پــڕ لــە کەموکوڕییەدا وەرزشی مودێرن رۆڵێکی گرنگی هەبووە.

[1]_ Huizinga





## ١٣

## نموونەکانی کردەوەی چەوت لە نێو لاواندا

### ١٣. ١. روونکردنەوەی چەمکەکان

#### ١٣. ١. ١. بەلاڕێدا چوون‌و سزا

کــردەوەی چــەوت بــە ســەرجەم ئــەو هەڵــسوکەوت، کــردەوەو تێڕوانینانــە دەوترێــت کــە لەگــەڵ چـاوەڕییەکانی تـاك، گــرووپ‌و دامـەزراوەکان رێـك ناکـەوێت. تایبەتمەنـدی ئـەم جـۆرە هەڵـسوکەوتانە لەوەدایە کە سزایان بەدواوەیە. سزا (سنکسیون) ئامرازێکە بۆ کونترۆڵ کردنی کۆمەڵایەتی.

"سنکسیون" چەمکێکی لاتینییە کە مانای "چاك کەرەوە" ئەدات. دەکـرێ بـە " هێـزی یاسـا"یش وەریگێـڕین. لـە زانـستی مرۆڤایـەتی‌و زانستی کۆمەڵایەتی بەو کردەوەو تایبەتمەندییانە دەوترێت کە دەبێتە هـۆی پـشت راسـت کردنـەوە یـان بـە درۆخـستنەوە، پـشتیوانی یـان سەرکۆنە، هاندان یان سزادانی کەس. بە پێی ئەو رێژەیەی کە بەدوای کـردەوەی "سنکـسیون"دادێـت دەردەکـەوێت کـە هـەم پۆزتیڤـەو هـەم نیگەتیڤ.

هەربـەو ڕادەیـەی کـە چـەمکی "سنکـسیون"تـوێـژێکی گـەورە لـە کردەوەکان لە خۆ دەگرێت، هەڵسوکەوتی چەوتیش بەربڵاوە. کردەوەی چاوەڕوانی نـەکراو لـە کەسـێك، خـەتاکانی شـوفیرێك یـان وەرزشـکارێك، تاوانە یاساییەکان، کوشتنی خەڵك نموونەی هەڵسوکەوتی چەوتن.

تاوانکاری بەو هەڵسوکەوتە چەوتانە دەوترێت کە بە پێچەوانەی کـردەوە بـاوە یاسـاییەکان بـەرێوە بـچێت‌و سـزای لـە لایـەن دەسـەلاتی

دادپەروەری بەدواوە بێت. بەو شێوەی لەگەڵ ئەژمارەیەك هەلسووکەوتی چەوت ئاشنا بووین، کە لە تێڕوانینی تاوانکارانیشەوە بە کردەوەی خراپ دەناسرێن.

ماناکردنی ئەو جۆرە کردەوە چەوتانە کە لە لایەن خەڵك و گروپەکانەوە بە شێوەیەی ئاگایانە بەڕێوە دەچێت وەك پێشێلکردنی یاساکان، هەست بزواندن و تەنانەت شۆرش کردن زۆر دژوارە. بۆ لاوان و بەشێك لە وردە کولتورەکانی تاکی لاوان، پێشێلکردنی یاسا و بڕیارەکان بە شێوەی جۆراوجۆر رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت.

رێکنەکەوتن لەگەڵ هەندێك کردەوەی باو، بەها، داب و نەریت و دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت پیشاندەری ماوەگرتن، بەرنگاربوونەوە و تەنانەت رەخنەی بەشێك لە لاوان بێت. لێرەدایە کە سنووری نێوان بە لارێدا چوون و داهێنانی نوێ، یاسا شکاندن و ئاڵۆگۆرە کۆمەڵایەتی _ کولتورییەکان تێکدەچێت. لە سەردەمی سەرهەڵدانی وردە کولتورەکانی لاوانەوە، بزوتنەوەی لاوان و گەشەی کولتورە جێگیرەکان، شایەتی نموونەی زۆر لەم کردەوە چەوتانە بوون.

### ۱۳. ۱. ۲. نەگونجاوی و تاوانکاری

"دوورکیم" لە یەکەمین تیۆری دارێژەرانی کردەوە چەوتەکانە، کە بە لایەنی داهێنانی نوێی هەندێك لەم کردەوانە ئاماژەی کردووە. هەروەها ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە هەر جۆرە کردەوەیەکی چەوت و بەتایبەت تاوانە پولیسییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی پێداچوونەوە بە ئاڕاستەی بە هێز کردنی بەها و کردەوە باوەکاندا.

هەروەها "دوورکیم" چەمکێکی بنەڕەتی دێنێتە پانتایی





بیردۆزییەکان سەبارەت بە کردەوەی چەوت کە ئەویش "ئانۆمی"[1]یە. ئەم چەمکە لە زمانی یۆنانی و لە ریشەی "ئانۆمۆس"[2] بە مانای بێ یاسایی یان نەگونجاوی وەرگیراوە . دوورکیم لە راستیدا مەبەستی دەربڕینی نەبوونی یاسا یان کردەوەی لەبار بووە. بە بۆچوونی ئەو سەردەمی گۆڕانی خێرا بو هەندێك لە دیاردە نوێ کۆمەڵایەتییەکان کاری لەبارو یاسای هەڵسوکەوتی متمانەبەخش لە ئارادا نییە و هەر ئەوەیش دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کردەوەی چەوت.

چەمکێکی دیکە، تاوانکاری[3] و کردەوەی تاوانکارانەیە. ئەم چەمکەیش لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە و بە مانای کردەوەی خراپە. ساڵی ١٨٩٩ ئەم چەمکە چووە ناو یاسای سزادانی ئەمریکا بۆ لاوانەوە. مەبەست ئەوە بوو کە لە نێوان تاوانکاری گەورەکان و کردەوەی خراپی لاواندا جیاوازی دابنرێت.

بەو شێوەیە پێوانەیەکی دیکە بۆ تیۆری کردەوەی چەوت کەوتە بەر دەست: کردەوەی جێگەی بەراورد یان تەنانەت وەك یەك بە شێوەی جیاواز هەڵدەسەنگێنران . تەمەن، دووپات کردنەوەی کردەوەی خراپ ، پێبەندی چینایەتی و فەزای کۆمەڵایەتی کە کردەوە خراپەکە تێیدا روویدەدا، نموونەی ئەو پێناسانە بوون کە لەبەر چاو دەگیران و دەبوونە هۆی لێکدانەوە و سزا جۆراوجۆرەکان.

[1] _Anomie
2_a.nomos
[3] _ Delinquenz

## ١٣. ٢. تەمەنی لاوێتی و بەلارێدا چوون

ئەگەر بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە پێناسەسازی، قورس و سووك کردنی کردەوەکان، تاقیکردنەوەی ڕۆڵەکان، پیشاندانی جیاوازی لەگەڵ گەورەکان و لەبەر چاو نەگرتنی هەندێك ڕێسا، لە تایبەتمەندییەکانی تەمەنی لاوییە، دەبێ قەبووڵی بکەین کە بەشێك لە کردەوە چەوتەکان ، نموونەی تایبەت بەو تەمەنەن و دیاردەی چاوەڕوان کراون.

دیاردەی کردەوەی چەوت و تاوانکارییەکانی لاوان، خۆنوێنی یەکێك لە دژایەتییەکانی کۆمەڵگەی جیاوازو گەشەسەندووی مودێرنە. ئەو سزایانەی کە بۆ کردەوە چەوتە قورسەکان لە بەرچاو دەگیرێت، لە شوێنی کۆمەڵایەتی ڕوودانی تاوانەکە جیادەکرێتەوەو لە ئاستێکی خەیاڵی، واتە لە ئاستی سەرجەم کۆمەڵگادا لێکدانەوەیان لەسەر دەکرێت. بەو شێوەیە ئەم هەلە دەفەوتێت کە کردەوە چەوتەکە هەر لەو چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوەی لێبکرێت. لە کۆمەڵگای مودێرنی جیاوازو گەشەسەندوودا، کردەوەی چەوت وەك هەموو هەڵسوکەوتەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی بە ئاڕاستەی جۆرە ونبوونییەکدا دەڕوات.

بێگومان ناکرێت، گرنگی سیستمی یاسای گشتی و هەمەلایەنە بۆ ڕێکخستن لە کۆمەڵگا لەبەر چاو نەگیرێت، بەو حاڵەیش ناکرێت هەموو کارەکان سەبارەت بە هەڵسوکەوتی چەوت بە دەسەڵاتی دادپەروەری بسپێرین. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر دامەزراوە ناوچەییەکان، ماموستایان، قەشەکان و ڕێکخراوەکانی لاوان، بکەینە بەرپرسی پێداچوونەوە بە بەشێك لە کارە خراپەکان، لەوانەیە ببنە هۆی زۆر بوونی بەرچاوی گلەیی و گازەندەو فایلە دادپەروەرییەکان.

بەو هۆیەی فەزای جووڵە لە کۆمەڵگایەکدا کە لە سەرەوە هەتا





خواریّ فۆرمی پێدراوەو ڕێکخراوە، تاقیکردنەوەی لاوان زۆر سنووردارە، هەر بەو هۆیەو هۆکارەکانی سەرەوە شایەتی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی وردە کولتورە سەربەخۆکانین.

لە نێوان فۆرمە جۆراوجۆرەکانی کردەوەی چەوتی لاواندا، دەتوانین ئاماژە بە گرنگترینیان بکەین: خواردنەوەی مەشروبەکان، بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان، زیان گەیاندن بە کەلوپەلی خەڵك و بە کارهێنانی توندوتیژی.

بەسەرنجدان لە شوێنی ڕوودانی تاوان، ڕادەی زیان و کاریگەری تاوان، لەگەڵ ئاستی جۆراوجۆری کردەوە چەوتەکان بەرەوڕووین. توێژی ئەنجامدەری ئەم تاوانانە بە سەرنجدان لە تێڕوانینی ئێمە سەبارەت بە وردە کولتوری لاوان جیاوازە.

ئەم وردە کولتورانە، لە وردە کولتورە زێدە خوازەکانەوە هەتا ئەو گرووپانەی کە بە دوای دۆزینەوەی کولتوری جێگرەوەن، لە لاوانی هەڵاتوو لە ماڵ هەتا بەرەڵاکان لە خۆدەگرێت.

## ١٣. ٣. تیۆرییەکان سەبارەت بە هەڵسوکەوتی چەوت

بۆ شیکردنەوەو سەرهەڵدانی کردەوەی بە لاریدا چوون، تاوان ناسان و کۆمەڵناسان تیۆری جۆراوجۆریان سەبارەت بە هەڵسوکەوتی چەوت داناوە. لێرەدا بە کورتی گرنگترین بیردۆزییەکان دەخەینە بەر باس. بۆ زانیاری زیاتر لەم بوارەدا بەرهەمەکانی "مووزێر"[1] و "لەمنێك"[2] بخوێننەوە.

ئەگەر خۆ ببوێرن لەو تیۆرییانەی کە لە ڕوانگەی زیندەوەر ناسییەوە دارێژراون و هۆکاری سەرەکی کردەوەی چەوتی کەسەکان لە

1_ Moser
2_ Lamnek

تایبەتمەندییە بە میرات پێگەیشتووەکاندا دەخەنە بەر چاو، هەموو تیۆرییەکانی دیکە خاوەنی لایەنێکی هاوبەشن: ئەوان بۆ فەزای کۆمەڵایەتی لە فۆرم گرتنی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا، چ هەڵسوکەوتی چەوت چ گونجاو، گرنگی زۆر دادەنێن.

لە پانتایی ئەم تیۆرییانەدا، کە بە "تیۆرییەکانی ژینگە"یش ناو دەبرێن، دوو هەڵوێستی گرنگ دەبینرێت: ئەو تیۆرییانەی کە بەپێی "ئەتیولۆژی"[1] ( نەخۆشیناسی) دانراونو ئەو تیۆرییانەی بە پێی بیردۆزی کردەوەی بەرانبەر دارێژراون.

چەمکی "ئەتیولۆژی"، بە مانای نەخۆشیناسی، چەمکێکی یۆنانی _ لاتینییە کە مانای "زانستی ناسینی هۆکارەکان" دەدات . لە پزیشکیدا بە هۆکارەکانی نەخۆشی دەوترێت. کۆنترین تیۆری لەسەر بنەمای "ئەتیولۆژی" لەو باوەڕەدایە کە سیستمی نۆرمی هەر کۆمەڵگایەك بە شێوەی بابەتی لە ئارادایە. هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان یان لە چوار چێوەی ئەو سیستمە باوەدایە یان بە پێچەوانەی ئەوە. کەواتە دیاریکردنی هەڵسوکەوتی چەوت بە پێی ئەم تێگەیشتنە کارێکی ئاسانە. تەنیا دژواری ئەم تیۆرییە، دیاریکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییە کە دەبێتە هۆی هەڵسوکەوتی چەوت.

لە نێوان تیۆرییە جۆراوجۆرەکاندا کە بە پێی بەڵگەکانی "رابێرت مرتۆن" لە چوار چێوەی کارداگەریەتی _ پێکهاتەییدا دانراوە، سێ تیۆری "کوهێن"، "کلوارد، ئۆهلین"و "ساترلەند" بە کورتی شیدەکەینەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەو تیۆرییانە بەرهەمی "موزێر" بخوێننەوە.

[1]_ Atiologie





بەرهەمی " ئالبێرت کۆهێن" بە ناوی "کوڕە تاوانکارەکان" بە هۆی روداوەکانی کۆتایی دەیەی پەنجاوە سەرنجی زۆر کەسی بە لای خۆیدا ڕاکێشا. کاکڵی لێکدانەوەی "کۆهێن" ئەوەیە کە بە پێچەوانەی تیۆری "مرتۆن"، هانەی کردەوەی چەوت جووڵێنەرانی قازانجخوازی نیین. پێش ئەو "رابێرت مرتۆن" پێی لەوە داگرتبوو کە بۆچوونەکانی رەسەنایەتی قازانج هانەی کردەوەی چەوتن کە بەسەر بیروڕای گشتی ئەمریکادا زاڵە.

بە بۆچوونی کۆهێن گروپە هاوتەمەنەکانو گروپەکانی لاوان گوشار بۆ ئەندامانی خۆیان دێنن هەتا لەگەڵ گروپەکە خۆ رێکخەنو هەر ئەو" گوشار بۆ خۆ رێکخستن "ە دەبێتە هۆی کردەوەی تێکدەرو چەوت:"کولتوری زاڵ بەسەر گروپەکاندا، تەنیا کۆمەڵێك لە رێساکانی هەڵسوکەوت یان جۆرێك لە ژیان ناگرێتەوە کە گرنگی بە جیهانی باو یان بە واتایەك “رەسەن”ی گەورەکان ئەدات. بەڵکو ئەوان ئەو کردەوە باوانە دەکەنە دژ بە خۆیان. هەڵسوکەوتی لاوی بێدەسەڵات لەگەڵ پێوەرەکانی دژە کولتوری زاڵ هەڵدەسەنگێنرێت. لە چوار چێوەی ئەو دژە کولتورەدا، هەڵسوکەوت “رێك” هەمان هەڵسوکەوتە کە لە کۆمەڵگادا هەڵەیە."

لاوانی بێدەسەڵات بەو هۆیە خۆ بەدەست "گوشار بۆ خۆ رێکخستن "ی گروپەکانەوە دەدەن کە هەستی پێبەندییان بەم گرووپانەی پێکهاتوو لە گروپە هاوتەمەنەکان زیاتر لە هەستی ئەوانە بەرانبەر باوكو دایکیان.

"ریچارد ئ. کلوارد"بە هاوکاری "ل. ئ. ئۆهلین"، "تیۆری پێکهاتەی دەرفەتەکان"یان داناوە. ئەوانیش وەك "کۆهێن" لەسەر گروپەکانی لاوان لێکۆڵینەوەیان کردووە. زۆر کەس لە کۆماری فیدراڵی

ئەڵمانیا گومانیان هەیە کە ئەو جۆرە تیۆرییانە وەك تیۆری کۆهێن، کلۆواردو ئۆهلین بۆ کۆمەڵگایەکی وەك ئەڵمانیا کاریگەرییان هەبێت. چونکە ئەو بیردۆزییانە زیاتر بە پێی هەلومەرجی وڵاتە یەکگرتووەکان و چالاکی ئەو جۆرە گرووپانە لەو وڵاتەدا داڕێژراون. بە بۆچوونی "moozێر"، "تیۆری پێکهاتەی دەرفەتە نایەکسانەکان لە کومەڵگایەکدا کە خاوەن بەهاو ستانداردە نەگۆڕەکانە. جیاوازی لەو پێداگرییەدایە کە دەڵێت دەرفەت بۆ بەدەستهێنانی پلە، خوشگوزەرانی، سەرکەوتن و بەختەوەری بێلەبەر چاو گرتنی تیرە، بیرو بۆچوونی ئایینی یان بارودۆخی کۆمەڵایەتی _ ئابووری پێکدێت. لە حالێکدا وانییە. لاوان بڕوا بەو وتەیە دەکەن و بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەرفەتانە گیرۆدەی گروپە تاوانکارە توندو تیژەکان دەبن.

ئەو لایەنانەی کە دەبێتە هۆی بە هێزکردنی نێگەتیڤانەی هەندێك لەپێکهاتە دیارەکان ئەوەیە کە دەست پێراگەیشتن بە ئامرازە نایاساییەکان لە چوارچێوەی کومەڵایەتی _ پێکهاتەییەوە بە تەواوی بە شێوەی نایەکسان دابەشکراوە.

بە پێی "تیۆری پێوەندییە جیاوازەکان"ی "ئەدوین هـ. ساترلەند" پرۆسەی فێربوونی هەڵسوکەوتی چەوت، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە سەرکەوتنی تاکەکەس وەك کەسێکی تاوانبار. نموونەی ئەو کارانەی کە تاوانکاران لە کردەوەی بەرانبەر لەگەڵ خەڵکانی بەلاڕێداچووی دیکە لە گروپە چووکەکاندا دەبی فێربین بریتین لە: هەڵسوکەوتی تاوانکارانە، لێزانینی تایبەت و هەروەها هانە، هێزی جووڵە، بیرکردنەوەو تێڕوانین سەبارەت بە کردەوەی تاوانبارانە، ئەگەر کەسێك لە کاتی پێوەندی گرتن لەگەڵ گروپەکاندا، کردەوەی چەوت بە کارێکی پوزێتیڤ لێکداتەوە، ئەو کەسە دەبێتە تاوانبارێکی گەورە.





لە پەنای ئەو تیۆرییانەدا کە لە چوارچێوەی تیۆری کارداگەریەتی _ پێکهاتەیی داڕێژراون، لە دەیەی ٦٠ بەدواوە بیردۆزییەك سەبارەت بە هەڵسوکەوتی چەوت، بەپێی تیۆری کردەوەی بەرانبەر فۆرمی گرت. لە زمانی ئینگلیزیدا بەم تیۆرییە دەوترێ "تیۆری ناوخستنەدوا"[١] هەندێك جاریش بە "تیۆری دژکردەوە"[٢] یان "تیۆری شیکردنەوە"[٣] دەناسرێت.

"تیۆری ناوخستنەدوا" جیاوازی هەیە لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانەی کە هەتا ئەو سەردەمە سەبارەت بە تاوانکارییەوە کەوتووەتە بەرباس. ئەم بیردۆزییە بە شیکردنەوەیەکی نوێوە لە چەمکی "لەڕێ لادان" دەست پێدەکات. لە بەرچاونەگرتنی هەڵسووکەتە باوە بایەخدارەکان، نە مەرجی پێویست و نە تەواوە بۆ هەڵسوکەوتی چەوت. تەنیا لە کاتێکدا هەڵسووکەتێك بە لەڕێ لادان دەزانرێت کە لە لایەن خەڵکی دیکەوە وادابنرێت و سزایش بۆ ئەو کردەوەیە لەبەرچاو بگیرێت. کەواتە، چەمکی "لەڕێ لادان" چەمکێکی بارودۆخییەو شتێکی جیا لە تایبەتمەندی ناخی بابەتێك لە شێوەی هەڵسوکەوت نییەو تەنیا بەم هۆیە لە شێوەی هەڵسوکەوتی خۆرێکخەرانە جیاوازە، هەروەك ئەوەی کە لە کاتی داڕشتنی تیۆری نەخۆشیناسانەدا باسکرا. بەو شێوەیە چەمکی "بە لاڕێدا چوون" بەرهەمی "پرۆسەیەکی بەڵگەدار"ـە.

ئەم تیۆرییە جیاوازی دادەنێت لە نێوان کردەوەی تاوانکارانەو ئەو ناوخستنەدوایانە. بۆ پیشاندان و روونکردنەوەی جیاوازی نێوان

1 _ Labeling approach
2 _ Reactions
3 _ Definitions

کردەوەیەکی دیار کە وەك هەڵسوکەوتی چەوت داناسرێتو ئەو ناوەی بۆ ئەم کردەوەیە دادەنرێت، دەبێ جیاوازی دابنرێت لە نێوان دوو ئاستی کردەوەی چەوت واتە "یەکەمین بەلاڕێداچوون"و "دووهەمین بەلاڕێداچوون". یەکەمین بەلاڕێداچوونەکان، سەرەتایینو دەبنە هۆی سەرنجڕاکێشان، ئازارو ڕەخنە. دووهەمین بەلاڕێداچوون بەو کردەوە چەوتانە دەوترێت کە کەسێك پاش ناو بەسەردابڕانە ئەنجامی ئەدات.

"تیۆری شیکردنەوە" گرنگی نادات بەلاڕێداچوونەکانی یەکەم جار. هەڵسوکەوتی دژی یاسا، پێشهاتە یاساییەکان لە ژیانی هەر کەسێك هەن. تیۆری شیکردنەوە یان ناوخستنەدوا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت، کە بۆ چ کەسێكو لە چ هەلومەرجێكدا ناوی لادەر دادەنرێت. ئەم ناونیتکەیە چ ئاڵوگۆڕیك لە هەڵسوکەوتی کەسی ناونیتکەلێدراو چ کاریگەرییەکی بەسەر دژکردەوەی خەڵکی دیکە بەرانبەر بە ئەو دەبێت و ئەو دژکردەوەی خەڵکەیش چ کاریگەرییەکی بەرانبەر دادەنێت لە سەر کەسە ناونیتکە لێدراوەکە.

هەڵسەنگاندنو نرخ پێدان بە شیکردنەوەو ناونیتکەی بەلاڕێداچوونی یەکەم و دووهەم، ئاکامی پرۆسەیەکی بەڵگەدارو ناوخستنەدوایەو هەر بەو هۆیەوە بەرهەمی کردەوەی بەرانبەرە لە نێوان مرۆڤەکاندا. کەواتە نەك پێوەندییەکی سادەی هۆو بەرهۆ، بەڵکو تەنیا تیۆرییەکی داهێنەر دەتوانێ هەڵسوکەوتی چەوت شیبکاتەوە. ئەگەر بە هۆی خستنە ژێر پێی کردەوە باوەکان، یان بە هۆکاری دیکە، ناونیتکەی بەلاڕێداچوو لە سەر کەسێك دابنرێت، لەم حاڵەتەدا پێش مەرجی پێویست بۆ زیاتر هاندانی ئەو وەك کەسێکی بەلاڕێداچوو دەرەخسێت. ئەو کەسە لە ڕوانگەی ئازاردەرانەی خەڵك بە نیسبەت خۆیەوە تێدەگات. ئەو تێڕوانینە وەك ڕوانگەی نیگەتیڤی خەڵك بە





خۆی وەردەگرێتو تێدەکۆشێت لەگەڵ گروپە پێکهاتووە چەوتەکان پێوەندی بگیرێت. بە چڕکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئەو گرووپانە، تەکنیکی پێویست بۆ تاوانکاری، شێوازی بیرکردنەوەو هانە پێویستەکان بۆ تاوانکردن فێردەبێت، بەو شێوەیە لە بواری بەلاڕێداچوونی خۆییدا بەهێز دەبێت.

تیۆری "ناوخستنەدوا" لەبوارە جۆراجۆرەکاندا، تیۆرییەکی سوودبەخش بووە. ئەو لێکۆڵینەوانە کە لە قوتابخانە نەوازەکان، ناوەندەکانی چاودێریکردنی منداڵانی بێدایكو باوكو لە نێو لاوانی تاوانکاردا کراوە، دەریدەخەن کە ناوخستنەدوا دەبێتە هۆی بەهێز بوونی مەیلی بەلاڕێدا چوون لە نێوان ئەواندا.

ئەگەر ئەو میکانیزمانەی کە لە پرۆسەی سەرهەڵدانی تیۆری ناونیتکە لێداندا دۆزراونەتەوە، بکەونە بەر سەرنجی ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخراوو ئیدارەکانی بەرپرسی کاروباری لاوانی تاوانکار کاردەکەن، دەتوانین هیواداربین کە لە ڕێژەی لاوانی تاوانکار کەم بێتەوە.

**١٣. ٤. بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکانو ئەلکهول لە لایەن لاوانەوە**

**١٣. ٤. ١. خواردنەوەی مەشرووب، بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان: بوارە مێژووییەکان**

خواردنەوەی مەشروب لە نێوان لاوانی بەتەمەنتر، یان بە واتایەك "لاوانی بەتەواوی باڵغبوو" بەشێك لە نەریتو مێژووی کولتوری ئەڵمانیایە. هەروەك "سپۆد"[1] ئاماژەی پێکردووە، بەکارهێنانی

[1] _ Hosso Spode

ئەلکهول لە لایەن لاوان‌و خوێندکارانەوە "نەخۆشییەکی بێچارەسەری تایبەت بە لاوانی ئەڵمانیا" بووە. بزوتنەوەی لاوان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، کە پێشتر باسمان لەسەر کرد، دژایەتیان دەکرد لەگەڵ خواردنەوەی ئەلکهول‌و زیاتر لەویش بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان‌و کێشانی جگەرە.

بەڵام بەکارهێنانی ئەلکهول وەك کێشەیەکی لاوانی ئەڵمانیا لە چینە جیاوازەکاندا هەرواماوە، چ لەنێوان لاوانی چینی نێوەراست‌و شارنشین‌و چ لە نێوان ئەو لاوانەی کە چینی کرێکار بوون. ئەوەی کە ئاڵوگۆڕی بەسەر هاتووە، چەندایەتی‌و چۆنایەتی بەکارهێنانی ئەلکهول بە تایبەت لە ڕەوتی بزوتنەوەی لاوان لە دەیەی ٦٠دایەو پەرەگرتنی بەکارهێنانی ماددەسڕکەرەکان لە نێوان لاواندا. "بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان لە نێوان لاوانی ئەڵمانیادا دیاردەیەکی نوێیە" سەبارەت بە پێوەندی نێوان سەرهەڵدانی فیرقە ئایینییەکان لە سەردەمی بزوتنەوەی لاوان‌و خوێندکارانی دەیەی ٦١داو چوونەسەرو پەرەگرتنی بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان پێشتر باسمان کردووە.

بە پێچەوانە لە کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیادا هەتا پێش یەکگرتنەوە لە نوامبر ١٩٨٩دا، بە کارهێنانی مادده سڕکەرەکان بۆ لاوان پێشی پێگیرا.

### ١٣. ٤. ٢. شیکردنەوەو جیاوازی نێوان مادده سڕکەرەکان

ماددەی سڕکەر بەو ماددانە دەوترێت کە لە خوێی کانزایی گیاکان‌و پێکهاتە کیمیاییەکان، وەك LSD، دروست دەکرێن. بە کارهێنانی مادده سڕکەرەکان دەبێتە هۆی ئاڵووگۆڕ لە بارودۆخی دەرونی مرۆڤدا. خەڵك ئاسایی بە زۆری مادده سڕکەرە





قەدەغەکراوەکان بە ماددەی سڕکەر دەزانن.

ماددەی سڕکەر دەتوانێت ببێتە هۆی سوکنایی ئێش، وەك بەکار هێنانی "مۆرفین" لە کاری پزیشکیدا، یان گۆڕینی حاڵەت‌و هوشیاری بەکارهێنەر. مرۆڤ بە کەڵك وەرگرتن لە ماددەی سڕکەر، جەزم، مات یان سەرخۆش دەبێت. گرنگترین تایبەتمەندی ئەو ماددانە، پێ فێربوونییەتی. بەکار هێنەرانی ماددەکانی نیکۆتین‌و ئەلکهول بە باشی نازانن، چ کاتێك لە سنووری بە کارهێنانی ئەو شتانە بۆ رابواردن تێپەریون‌و فێری بوون. مەترسی ماددەی سڕکەرەکان بۆ لاوان لێرەوە دەست پێ دەکات.

لەم سالانەی دوایدا بە کارهێنانی "ئەکستێسی" پەرەی گرتووە کە لە پێکهاتەکانی "ئامفتامین"ەکانەو مەزەندە دەکرێت کاریگەری زیان بەخشی کەمتر بێت بۆ وێنە خەمۆکی‌و زیانە جەستەیەکان. لایەنگرانی مۆسیقای تیکنۆ لە دوو سێ رۆژی کۆتایی حەوتوودا لە دیسکۆ تایبەتەکانی خۆیان "ئەکستێس" بەکاردێنن. زۆربەی بەکارهێنەرانی ئەو ماددەیە، مێرمندالان‌و لاوانی خۆرێکخەر لە کۆمەڵگادان کە ناکرێ ئەوان بە بەلاڕێداچوو ناو بەرین.

### ١٣. ٤. ٣. ڕادەو بەربڵاوی بەکارهێنانی نیکۆتین، ئەلکهول‌و ماددەی سڕکەر

لەسەر لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان سەبارەت بە مادده سڕکەرەکان لە ئەڵمانیای فیدراڵ "رێوباند"[1] لێکدانەوەی کردووە. نزیکەی هەموو لاوانی ئەڵمانیا لە چواردە هەتا ١٥ساڵی لانیکەم بۆ

[1]_ Reuband

جارێـــك خواردنـــەوەی ئـــەلكهولیان تاقیكردووەتـــەوە. زۆربـــەی بەكارهێنەرانی مادده سڕكەرەكان، پێش تەمەنی ١٧ ساڵی پێوەندییان لەگەڵ ئەو ماددانە گرتووە. قوتابخانەكان، خوێندنگا شەوو ڕۆژییەكان، شوێنی پێوەندی لاوان بە مادده سڕكەرەكان لەو تەمەنەدان. لەوەدا كە زۆر كەس سەبارەت بە ڕۆڵی ناوەندە فێركارییەكان لە ئاشنایی لاوان لەگەڵ مادده سڕكەرەكان بێئاگان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێدەنگییە سەبارەت بە ڕوودانی ئەو كێشەیە لە ئاستی ناوەندە فێركارییەكاندا. ئیمكانی سزادانی بەكارهێنەرانیش لە قوتابخانەدا زۆر بەرتەسكە.

هەر چەند بەكارهێنانی نیكۆتینو ئەلكهول لە نێوان كچانو كوڕان لە دەیەی هەشتاوە، هەتا ڕادەیەكی زۆر هاوشێوەیە، هەڵبەت ئەگەر جۆرو ڕادەی بەكارهێنانی لە بەر چاو نەگرین، بەڵام زیاتر كوڕەكانن لە ماددەكانی دیكەیش تاقیدەكەنەوە.

هەروەك پێشتر بە پێی وتەی "ئەسپۆد" ئاماژەمان بە ئەلكهول كرد. وەك "هۆف ئەشتەتێر" دەڵێت، بووەتە بەشێك لە "شتە روونەكان"ی كولتوری ئەڵمانیا. زۆربەی لاوان لە فەزایەكدا پەروەردە دەبن كە تێیدا بەكارهێنانی ئەلكهول كارێكی ئاساییە. ئەو ڕاستییە سەبارەت بە جگەرە كێشانیش لە ئارادایە. لە كۆتایی دەیەی شەستەوە كە لە خوێندنگاكاندا "ژووری تایبەت بۆ جگەرەكێشەكان" دروست كرا _ هەرچەند لە قوتابخانە چەن سەعاتێك دەرس دەوترێتەوە سەبارەت بە زیانەكانی بەكارهێنانی نیكۆنتین، ئەلكهولو مادده سڕكەرەكان _ جگەرەكێشان لە خوێندنگادا بووەتە "كولتورێكی بەڵگەنەویست". پێویستە بوترێت كە تەنانەت بۆ مێرمندالانی دوازدە هەتا سێزدە ساڵان، كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵایەتی سڕاوەتەوە چ لە فەزای گشتیو چ لە نێو بنەماڵەدا.





لە ساڵی ١٩٦٨دا، دادگایی كاروباری كۆمەڵایەتی لە "كاسێڵ" تووش بوون بە ئەلكهولی بە نەخۆشی دانا. كەس ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، كە ئایا بەم بڕیارە، فێربوونی خواردنەوەی ئەلكهول بە كارێكی خراپ زانراوە یان بە "كولتورە بەڵگەنەویستەكان".

جۆری ئەو ماددەیەی كە بۆ لاوان لەم تەمەنەدا وەك "دەستپێكی بەكارهێنانی ماددەكان" یان "یەكەم هەنگاو" لەبەر چاو دەگیرێت، پێوەندی بە فەزای كۆمەڵایەتییەوە هەیە. بە پێی لێكۆڵینەوە ئەنجامدراوەكان، ناتوانین دیاریبكەین كە چ هۆكارگەلێك ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕێت لە فێربوونی لاوان بە ماددەكان. دەبێ ئەوە بزانین كە فێربوون پرۆسەیەكی ماوە خایەنە. بێ گومان گروپە هاوتەمەنەكان، فەزای بنەماڵە، پێگەی كۆمەڵایەتی وردە كولتوری دیار، تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی _ دەروونی قۆناغی باڵغبوونو هۆكارەكانی تەمەن لەو بوارەدا ڕۆڵی گرنگیان هەیە. ڕەوتێك كە بە ئەزموونی گرووپیو گشتی دەست پێدەكات، بە خێرایی بەرەو تەنیایی دەڕوات. هەرچەند لەم ساڵانەی دواییدا هەندێك پێشنیاری پێشگیرانەو كردەوە بۆ باوشكردنەوە بەڕووی تووش بووانی مادده سڕكەرەكان لە كۆمەڵگادا كراوە، بەڵام ئێمە بە زۆری شایەتی ڕەوتێكین كە" باكە" بە "وەرگرتنەوەی دڵخوازانەی مافە كۆمەڵایەتیەكان" ناوی دەبات لە لایەن فێربووان خۆیانەوە.

لێكۆڵینەوەكانی ئەم دواییە دەریدەخەن كە لە ساڵی ١٩٩٣دا، تەنیا ١٧/٢٪ لە بەكارهێنەرانی لاوو بەساڵداچووی مادده سڕكەرە قورسەكان، لە پێش ٢١ ساڵیدا ماددەیان تاقی كردووەتەوەو ئەوانەی دیكە پاش ٢١ ساڵی بۆ یەكەم جار لە ماددەی سڕكەر كەڵكیان وەرگرتووە.

ئەگەر "ئەسپود" لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لە مێژووی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی ئاسایی ئەلکهول بەو ئاکامە گەیشت کە ڕۆیشتن بەسەر لێواری تەسکی نێوان بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان‌و خواردنەوەی ئاسایی ئەلکهول لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مودێرنە، ئەم باوەڕە ڕاست نییە سەبارەت بەو لاوانەی کە ئەلکهول‌و ماددەی سڕکەر بە کار دێنن. بە وتەی"مارگارێت مید"، هەڵسوکەوتی لاوان، هەموو کاتێك هەڵسوکەوتێکی تاقیکاری بووەو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەڵسوکەوتی ڕەخنەگرانە بووە. کەواتە، لاوان‌و گەورەکان لە هەلومەرجێکی گونجاودا نیین بۆ ڕۆیشتن بەسەر لێواری تەسکی نێوان فێربوون‌و بەکارهێنانی ئەلکهول‌و مادده سڕکەرەکان بۆ ماوەیەکی درێژ. کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەر ساتێك بکەونە نێو داوی فێربوونەوە.

### ١٣. ٥. تاوانە قورسەکانی لاوان

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، لە ساڵی ١٩٥٣دا یاسای دادگاکانی پێڕاگەیشتن بە تاوانەکانی لاوان لە ئەڵمانیا پەسند کرا، کە تەواوکەری "یاسا بۆ پێکهێنانی پێڕاگەیشتن بە تاوانەکانی لاوان"ی پەسند کراوی ١٩٢٣ بوو. "یاسای مەدەنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا"ی پەسند کراوی ١٨٧١، تەنیا بەشێك لە ڕێسا تایبەتەکانی بۆ تاوانکارانی لاو لەبەرچاو گرتبوو.

یاسای دادگاکانی پێڕاگەیشتن بە تاوانەکانی لاوان، بۆ مێرمندالانی ١٤ هەتا ١٨ ساڵ‌و هەروەها لاوانی ١٨ هەتا ٢١ ساڵ کارایە. سەبارەت بە لاوانی ٢١ ساڵ، دادگا دەبێت لەو حاڵەتانەدا بڕیار بدات کە بابەتی تاوانەکە لە دادگایەکی ئاسایی یان لە دادگاکانی





تایبەت بە لاوان بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە. خاڵی ١٠٥ی یاسای دادگاکانی لاوان، ئەو بابەتانە دیاریدەکات کە دەبێ لە دادگای لاواندا لێکبدرێتەوە. کردەوەی تاوانکارانە دەبێ نموونەی کردەوەی چەوتی لاوان بێت. ئەو سزایانەی کە یاسا بۆ تاوانبارانی لاوان لەبەرچاوی گرتووە بریتین لە: بەندیخانەکانی پەروەردە کردن، سزاکانی تایبەت بە لاوان.

سەرەکیترین کۆڵکەی مافی سزاکانی لاوان، ئەو ڕوداوانەن کە بۆ دادگاکانی تایبەت بە لاوان هەڵبژێراون. ئەوان دەبێت لە کاروباری فێرکردن بە هێزو لە بواری پەروەردەی لاوانەوە بەئەزموون بن.

ئاماری تاوانەکانی لاوان، تەنیا ئەو کردەوانە دەردەخات کەلە بواری یاساییەوە، بە تاوان دەزانرێن. ئەو تاوانانە بریتیین لە: زیان گەیاندن بە گیان‌و ماڵی خەڵك. لە بەر چاونەگرتنی ئەخلاقی گشتی‌و تێکدانی ئاسایشی گشتی.

ئاماری تاوانە فەرمییەکان، بەردەوام خاوەنی کەموکوڕی‌و کێشە جۆراوجۆرەکانە. "رودیگێر پێوکێرت"[1] هۆکاری کەمبڕوایی ئاماری تاوانە فەرمییەکان بەو شێوەی خوارەوە باسدەکات: یەکەم تەنیا ئاماری ئەو کردەوانە کۆ دەکرێنەوەو دەنووسرێن کە لە ڕوانینی یاساوە بە تاوان دەزانرێن، ئەو کردەوانەی کە بوار بۆ تاوان دەرخسێنن لەم ئامارانەدا لەبەر چاو ناگیرێن‌و سەبارەت بە لاوان سنووری نێوان تاوانکردن‌و خۆ ڕێکخستن زۆر ناجێگیرە، دووهەم، ئەم ئامارە تەنیا زانیارییەکان سەبارەت بەو کەسانە دەخاتە ڕوو کە بەرپرسان لێی ئاگادارن. ڕێژەی ئەو بابەتانەی کە بە نەناسراوی دەمێننەوە، زۆر

1_ Rudiger Peukkert

بەربڵاون، سەرەنجام، ئەگەری دۆزینەوەی کردەوەی تاوانکارانەی هەندێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە گروپەکانی دیکەیە. بۆ وێنە ئەگەری ئەوە هەیە کە تاوانەکانی گروپەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا زیاتر لەوانەی سەرێ بدۆزرێتەوەو سزا بدرێن.

ئامرازی بەراورد کردنی ڕادەی تێوە گلانی لاوان لە تاوانەکان، لە دەزگا پێوەندیدارەکان، هەروەها سەبارەت بە گەورەکان، کۆ کردنەوەی زانیاری بە بەراوردێکی سادە دەکرێت بە ناوی" پێوەری گومانی تاوان". ئەم پێوەرە ڕێژەی کەسانی گومان لێکراو بە تاوان بۆ هەر گرووپێك بە سەد هەزار کەس دیاریدەکات. ئەگەر ئەوە لەبەر چاو بگرین کە لەوانەیە، لاوی تاوانکار، لە ساڵێکدا چەند جار تاوان بکات، دەبێ "پێوەری گومانی تاوان" هەتا یەك لە چوار کەم کەینەوە، هەتا ئاماری لاوانی تێوەگلاو لە کردەوەی چەوت بە شێوەی ڕێژەیی دەرکەوێت. هەموو کات ڕێژەی تاوانەکان کە لە ئاستی هەرێم، وڵات یان گرووپی کۆمەڵایەتی دەردەکەون، لە "پێوەری گومانی تاوان" کەمترە. "ژمارەی مەحکومکراو"ەکان کەمتر لە دۆزینەوەی تاوانەکانیشە. بە پێی ئامارەکانی ساڵی ١٩٥٠، ڕێژەی بەشداری لاوانی پیاوی نێوان ٢١ هەتا ٢٥ ساڵ لە کردەوە تاوانکارانەکاندا، لە هەموو گروپەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی زیاتر بووە.

ئەو گروپە کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاوانی ١٢ هەتا ١٩ ساڵن کە بە شێوەی بەرچاو گیرۆدەی بوون بە دزی کردنەوە بێ ئەوەی چارەنووسی مەترسیدار بیانگرێتەوە. ٥٠ لە سەدی ئەو دزییانە، بڕینی دووکانە گەورەکان دەگرێتەوە. لە پەنای دزیدا، کەڵك وەرگرتنی نایاسایی و بێ مۆڵەت لە پاسکیڵ‌و ماتۆر یەکێك لە گرنگترین کردەوەکانە کە لاوان تووشی دەبن. لەو خاڵانەدا جیاوازی چینایەتی





بەرچاو لە نێوان لاواندا نابینرێت. لاوانی چینی سەرێی کۆمەڵگا بە ڕادەی لاوانی گروپەکانی خوراەوە دزی لە دووکانەکان دەکەن. بە نیسبەت ئەو دزییانەوە کە چارەنووسی مەترسیداری لە ئیش‌و نزیکەی ٣٠ لە سەدی پێوەری گومانی تاوان لە خۆ دەگرێت، زیاتر لاوانی گروپەکانی خوارێی تێوەدەگلێت. بێ گومان ئەم ئامارە، لەگەڵ ڕێژەی بەرزی بێکاری لە نێو لاوانی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییەدا لە پێوەندیدایە.

نزیکەی یەك لە چواری شکاتەکان لە لاوانی تاوانبار، کێشەی دزی دەگرێتەوە. لەم ساڵانەی دوایدا شایەتی روو لە زیاد بوونی ئەو بابەتە بووین. ئاماری تاوانەکان جیاوازییەکی روون لە نێوان کچان‌و کوڕاندا پیشان ئەدەن. لە ساڵی ١٩٩٥دا، ٣٧٦٦٨ خاڵی مەحکومکردن بۆ لاوان هەبووە کە لە نێو ئەم ژمارەدا، تەنیا ٤١٦٨ بابەت، واتە ١١ لە سەد، کچانی دەگرتەوە.

بە زۆری ئەم باسە دەکرێت کە ڕێژەی لاوانی تاوانکاری بێگانە زۆرتر لە لاوانی ئەڵمانیایە. ئەگەر سەرجەمی حەشیمەت لە بەرچاو بێت، ئەو ئیدیعایە راستە، بەڵام ئەگەر لاوانی بێگانە لەگەڵ لاوانی ئەڵمانیا کە لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەدا دەژین، بەراورد کەین، ئەو جیاوازییە زۆر کەمە.

## ١٤

## دوایین وتە، سەدەی لاوان

لاوان‌و مێرمندالان وەك ئوستورە لە پانتایی بزوتنەوە چەپ‌و راستە سیاسییەکاندا، یەکێك لە هۆکارەکانی دیاریکردنی مێژووی کۆمەڵایەتی _ کولتوری سەدەی بیستەم بوون. " ئوستورەکانی لاوان رۆڵێکی بنەڕەتییان لە ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی بیستەمدا بووە. خەباتی ئەوان لەگەڵ نەریت‌و دەسەڵات، فەزای پێك هێنا بۆ ئاڵوگۆڕە بناخەیی، نوێ‌و بە سوودەکان."

خاتوونە نووسەری سوئیدی "ئێلێن کی"[1] لە کتێبە بە ناو بانگەکەی خۆیدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەو سەدەیەی بە "سەدەی مندالان" ناو بردووە، کە دەکرێت بڵێین کۆتاییەکەی "سەدەی لاوان" بوو.

لە سەرەتادا، تەنیا "نیچە" هیوادار بوو بە پەیامی لاوان بۆ سەرکەوتن بەسەر شێوەکانی ژیاندا، کە لە لایەن هێزی مێژووو نەریت دابەسترا بوون. "نیچە" لە "دووهەمین چاوەڕوانی بێوادە" لە ساڵی ١٨٧٤دا دەنووسێت "لێرەدا پەیامی لاو دەبینین، ئەوان جەنگاوەرانی پێشرەوو مەرگ خولقێنەرانن، هەتا پەیامی سەرهەڵدانی بەختەوەری‌و جوانی مرۆڤایەتی بگەیەنن، بێچاوەڕوانی لە جیهانێکی جوان‌و دڵخۆشکەری داهاتوو، جگە لە هەست بە گەیاندنی پەیام." لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بزوتنەوەی لاوان ڕاسپاردەی هەبوو بۆ شێوەی ژیانی

[1]_ Ellen key





لاوان‌و خەبات‌و هیوا بۆ "هزرەکانی ١٩١٤"ی ئەڵمانیا ، سەردەمی دروشمە فریودەرەکان، سەردەمی ئوستوورە کۆن‌و نوێکان، سەردەمێك کە تەنانەت بۆ کەسێك وەك "ڤالتێر بێنجامین"[1]، سەردەمی "جێگەی ئایین خوازی لاوی نوێ" بوو. " فریدریش هێر"[2]، فەیلەسوفی کولتورو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی نەمسا (ئوتریش) لە بزوتنەوەی لاوان‌و دورشمەکانی ئەودا، تۆوی "بزوتنەوەی جیهانی لاوان" دەبینێت. کە بە شێوەیەکی پڕ ئازار گیرۆدە بوون بە هەر دوو شەڕی جیهانی‌و شۆرشەکانی کولتوری ئەم سەدەیەوە.

سەرەڕای هەموو ئوستورەکان، گرێ بەستەکان‌و گرفتەکان دەبێ قەبووڵی کەین، کە لاوانی گیرۆدەی پرۆسەی خەرجی، مۆد، شێوازە تێپەرەکان، یەکێك لە بەشە گرنگەکانی کولتوری‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای سەردەمن.

زۆر دژوارە پێش بینی بکەین کە لاوان‌و مێرمندالان چ رۆڵێك دەگێرن لە داهاتووی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا و ئەوروپا. تەنانەت ئەو کتێبەی کە ئێستا دوایین لاپەرەکانی لەبەرچاوی ئێوەدایەو هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندن‌و پێشکەشکردنی "شێوەی" لاو لە سەردەمی هاوچەرخدا، بە پێی نموونە ماناداەرکان تەواو نییە. ئێمە بۆمان نییە، ئاواتەکانی خۆمان بە لاوان بڵێین‌و چاوەڕوانییەکانی خۆمان لە رۆڵی ئەوان دەربڕین. کەسێك وەك "ماکس وبێر" کە دانەری بڕیاری دادوەری بێبەهادانانە، یان " راڵف دارندرۆف" کە کۆمەڵناسی بە زانستی "رۆشنگەری کارا" دەزانێت، لەم بارەیەوە بێدەنگییان پاراستووە. ئەگەر لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەدا هیواو ئاواتێك هەبێت، بێگومان هیوا

[1]_ Walter Benjamin
[2]_ Friedrich Heer

بە رزگار کردنو تەنانەت باشترکردنی داهاتوو بە هەوڵی لاوان نییە، کە بەشێك لە گروپە تازە دەرکەوتووەکان وەك " بزوتنەوەی سەردەمی نویٚ"یان هەندێك لە لایەنگرانی ژینگە پێی لەسەر دادەگرن، بەڵکو هیوا بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەك کە تێیدا لاوانو مێرمندالأنیش خاوەنی مافی دیاری کردنی چارەنووسو پێگەو بایەخێك بن کە سەرجەم کۆمەڵگا ریزی بۆ دانێت. بە وتەی "هێرمەن گلاسێر"[1] ئەرکی ئێمە "راکێشانی سەر لە نوێی لاوان" بۆ داهاتووە کە تێیدا هیوادارانەتر بیر بکەینەوە، پلان دارێژینو بەرێوەی بەرین.

[1]_ Hermann Glaser